د. یاسین سەردەشتی

هەڵوێستی حزبی توودە

لە حاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران

(١٩٤١-١٩٨٣)

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٥

سەرپەرشتی زنجیرە: سدیق ساڵح

زنجیرە: ٢٥

کتێب: هەڵوێستی حزبی توودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١-١٩٨٩٣)

نووسەر: د. یاسین سەردەشتی

مۆنتاج: ڕێنوار

بەرگسازی: قادر میرخان

خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید

تیراژ: ٧٥٠

ژمارەی سپاردن: ٩٠٦ی ساڵی ٢٠٠٥

شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لە بڵاوکراوەکانی

بنکەی ژین

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی‌و ڕۆژنامەوانیی کوردی

هەرێمی کوردستانی عیراق– سلێمانی, گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی , کۆڵانی٣٩, خانووی ژمارە ١٠,

(بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)

تەلەفۆن: ٣١٣٣١٠٥ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ ژمارەی سنووقی پۆست: ١٤

E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

پێشەکی:

حیزبی تودە، یەکێکە لە گرنگترین رێکخراوە چەپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، کە لە نێو ڕوداوە سیاسییە گرنگ و چارەنووسسازەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، ڕۆڵی دیاری هەبوە و وە ك جیزبێکی جەماوەری مۆدێڕن و پێشەنگی جولآنەوەی دیموکراسی ئێرانی دەرکەوتووە، هەر بۆیە هەڵوێستی ئەم حیزبە سەبارەت بە کێشە سیاسی و دیموکراتیەکانی نێو کۆمەڵگای ئێرانی بایەخی تایبەت و گرنگی خۆی هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەی بەردەست ئامانجی خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەیە لە هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست جولآنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران مەسەلەیەکی وا کە وەك ئاگاداربین پێشتر بە شێوەیەکی بابەتیانە و سەربەخۆ کاری لە سەر نەکراوە و لێی نەکۆڵراوەتەوە، هەر بۆیە لێرەدا بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی رەسەن و دکۆمێنتی بنەڕەتی و لە رێگای بە کارهێنانی شێوازێکی ئەکادیمی لێکۆڵینەوە، هەوڵدراوە وێنەیەکی راستەقینە لە هەڵوێستی مەزنترین هێزی ئۆپۆزیسیۆن و رێکخراوی چەپ لە ئێراندا سەبارەت بە کێشەی کورد لەو ولآتەدا بخرێتە بەرچاو، هەروەها بنەما و سەرچاوەکانی گرتنەبەری هەڵوێستێکی لەو چەشنە، کە بە گشتی سەلبی بوە، لە بەر تیشکی سەرچاوە و ڕوداوەکان لێکداتەوە.

شایەنی باسە، لێکۆڵینەوە کە لە پێشەکی و دووبەش و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا، هەوڵدراوە بە کورتی باس لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکانی ژیانی حزبی تودە بکرێت. هەر لە دامەزراندنیەوە تا لە ناو چونی، جگە لەوە هەوڵدراوە هەرلەم بەشەدا باسێك بۆ گرنگترین کەم و کورتییەکانی ئەو حزبە و بەشێك لەو ڕەخنانە تەرخان بکرێت کە لە تودە گیراون، ئەوەش بێگومان بایەخی خۆی هەیە، چونکە زانینی ئەو ڕەخنە و کەم و کورتییانە پێویستن بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی هەڵوێست وەرگرتنی ئەو حزبە لە کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران، مەسەلەیەکی وا کە تەواوی بەشی دووەمی بۆ تەرخانکراوە.

پێویستە بگوترێت، کە لە بەشی دووەمدا کەمتر لە سەر خودی کێشە نەتەوەییەکەی کورد لە ئێراندا و زیاتر لە سەر هەڵوێستی تودە لەو کێشە قسە کراوە، جگە لەوەی باسێکی سەربەخۆ لەم بەشەدا بۆ ئەو بنەما و سەرچاوانە تەرخانکراوە کە هەڵوێستی سەلبی حزبی تودەیان لە مەڕ کێشە نەتەوایەتییەکەی کورد لە ئێران وێنا کردووە.

دیارە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەهێنی زیاتر قسەی لە سەر بکرێت و جێگای سەرنج و بیروڕای جیاوازە. هەر بۆیە حومێد دەکەم کەسانێك کە زانیاری گرنگ و پڕبایەخیان لایە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بۆچوون و سەرنجەکانیان، نێوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندتر بکەن و لە خزمەتی ڕوونکردنەوەی راستییە مێژووییەکاندا بن.

لەگەڵ هیوای سەرفرازی و تەندروستی بۆ هەمووان.

د. یاسین سەردەشتی

نەورۆزی ٢٧٠٤

سلێمانی

بەشی یەکەم

سەرنجێکی گشتی لە مێژووی حزبی تودەی ئێران و گرنگترین کەم و کورتییەکانی

باسی یەکەم: سەبارەت بە قۆناغە مێژووییەکانی حزبی تودەی ئێران.

ئاشکرایە کە داگیر کردنی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە بەرواری ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٤١ دا، بە خاڵێکی وەرچەرخان و قۆناغێکی نوێ وچارەنووسساز لە مێژووی ئێرانی هاوچەرخ دادەنرێت کە گرنگترین دەرهاویشتەکانی هەڵوەشاندنەوەی کوتوپڕی لەشکری شاهەنشاهی ئێران و روخانی دیکتاتۆری بیست ساڵەی رەزاشا پەهلەوی بوو، لە بەرامبەریشدا ئازادبونی زیندانیە سیاسییەکان، گەڕانەوەی دوورخراوەکان لە دەرەوەی وڵات، دەستپێکردنەوەی ژیانی پارتایەتی و پەرلەمانتاری، پەرەسەندنی جوڵانەوەی دیموکراتی سەرانسەری و تێکۆشانی نەتەوایەتی ئازادیخوازانەی گەلانی غەیرە فارس، روخساری سەرەکی قۆناغە مێژووییە نوێیە کە بوون[1].

لە هەل و مەرجێکی لەو جۆرەدا، ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرە مارکسی و کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکراتەکان و کەسانی میللی و ئازادیخوازی وەك: میرزا سلێمان اسکندری، ایرج اسکندری، رضا روستە،ادشیر آونسیان، د.

مرتضـى يزدى، د. رادمنش، محمود بقراطى و خليل ملكى...هتد، له تشرينى يەكەمى ساڵى ١٩٤١ دا حيزبێكيان به نێوى (حزب توده ايران/ پارتى گەلى ئێران) له تاران دامەزراند[٢].

شايەنى باسه حزبى توده به يەكێك له گرنگترين حيزبه ماركسيسته ئۆپۆزيسيۆنەكانى ئێرانى دادەنرێت كه بۆ ماوەى چوار دەيه له مێژووى ئێرانى هاوچەرخدا، له نێو رووداوه سياسييه گرنگ و چاره نووسسازەكاندا هەڵسووڕاوه، و وەك حيزبێكى جەماوەرى مۆدێرن كاريگەرى خۆى له سەر ئەو رووداوانه هەبووه و قامكى له سەر خەباتى دژى ديكتاتۆرى و كۆنەپەرستى نێو خۆ و ئيمپرياليزم لەو وڵاته دا دياره، ئەوەش راستييەكه نابێ چاوى لێ بنوقێنرێت، چونكه ئەو حيزبه توانى بۆ يەكەمين جار له مێژووى جوڵانەوەى ئازاديخوازى ئێرانيدا، خەباتى چين و توێژه ئازاديخوزەكان و زەحمەتكێشانى ئێرانى دژى ديكتاتۆرى له ڕێكخراوى جياجيادا به ناوى ڕێكخراوى: كرێكارى، جوتيارى، ژنان، خوێندكاران، نوسەران، مامۆستايان...هتد، كۆبكاتەوه و تێكەڵ به سياسەتيان بكات و رايانبهێنێت كه به چ شێوازێك بۆ وەدەستهێنانى خواسته ديموكراتييەكانيان تێبكۆشن و جگه لەوەى سەروەرى وه دەرخستنى تاوانەكانى ئەڵەمانياى نازى له ساڵانى جەنگى دووەمى جيهانيدا، نێوەرۆكى سياسەتى ئيستيخلالى دەوڵەته زلهێزه سەرمايەدارەكان له هەمبەر ئێران، برەو پێدان و زەقكردنەوەى خەباتى چينايەتى لەو وڵاته و ئاراسته كردنى دژى چينه ستەمكار و كۆنەپارێزەكان، ڕەخنه گرتنى بێ پەروا و هەمه لايەنه له گەندەڵى سياسى و ئابوورى و كۆمەڵايەتييه كانى وڵات له سايەى ديكتاتۆرى شاهەنشاهى پەهلەويدا، تێكڕايان بۆ حيزبى تودەى ئێران دەگەڕێتەوه، به جۆرێكى ئەوتۆ كه ئەو حيزبه به درێژايى تەمەنى نەوەيەكى نوێ و بەرجەستەى له نووسەران و ڕەخنه گران و هۆنەران پێشكەش به

کۆمەڵگای ئێرانی کردووە. سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندام و لایەنگرانی بونەتە قوربانی سیاسەتی سەرکوت کردن و داپڵۆسینی ڕژێمی شاهەنشاهی و لەو لایەنەوە زێدەتر لە هێز و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی ئێران بەر شاڵاوی قین و تۆڵەی دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی حکوومەتی تاران کەوتووە.

بە هەر حاڵ، لە ڕووی مێژووییەوە دەتوانرێت بە گشتی تەمەنی پڕ لە هەورازو نشێوی زیاتر لە چل ساڵی حیزبی تودە بە سەر چەند قۆناغی جیاوازی یەك بە دوای یەکدا دابەشبکرێت:

١/١/١/: لە سەرەتای دامەزراندنەوە تا رووخانی دەسەڵاتە میللیەکانی کوردستان و ئازەربایجان تشرینی یەکەمی ١٩٤١ ــ کانوونی یەکەمی ١٩٤٦.

ئەم قۆناغە بە قۆناغی لە دایك بوون و گەشەکردنی پلە بە پلە، و بەڵام خێرای حیزبی تودە دادەنرێت، بە شێوەیەك لە کۆتایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەو حیزبە لە کۆڕێکی رۆشنبیرانی بێ ئەزموونەوە گۆڕدرا بۆ مەزنترین حیزبی جەماوەری و کاریگەرترین هێزی سیاسی سەرشانۆی وڵات و بە هێزترین حیزبی چەپ ، نەك هەر لە ئێراندا بگرە لە تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەندا، بێگومان رووخانی دیکتاتۆری و پەرەسەندنی جوڵانەوەی دیموکراتی گەلانی ئێران لە لایەك و پاشەکشەی فاشیزم و سەرکەوتنەکانی یەکێتی شورەوی و بوونی سوپای سوور لە ناوچەکە لە لایەکی ترەوە، زەمینە خۆشکەری ئەم هەڵتۆقینەی حیزبی تودە بوون، ئەو

www.zheen.org

حیزبەی لەم قۆناغەدا سەرەتا لەلایەن سلیمان اسکندری و پاش مردنی ئەویش لە ساڵی ١٩٤٢ وەو ایرج اسکندری رێبەرایەتییەکەی گرتە ئەستۆ[٣].

پێویستە بگوترێت حیزبی تودە سەرەتا وەك حیزبێکی دیموکراتیکی لیبراڵی ریفۆرمیست، نەك شۆڕشگێڕی رادیکاڵ و کۆمۆنیست هاتە مەیدان و خۆی بە نوێنەری تاقە چینێکی کۆمەڵایەتی دانەدەنا، بەڵکو ناوی (تودە/گەل)ی لە خۆناو وەك حیزبی تێکڕای چین و توێژە ئازادیخوازو پێشکەوتوخوازەکان خۆی ڕاگەیاند، لێرەشەوە سیاسەتەکانی لە مەڕ مەسەلەکانی نێو خۆو دەرەوەی ئەو قۆناغە داڕشت کە لە سەر ئاستی نێوخۆ، بەرگریکردن بوو لە بەرژەوەندی نیشتمانی و یاسای بنەڕەتی و وەدیهێنانی دیموکراسی و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە سەر ئاستی دەرەوەش، خەبات دژی فاشیزم و کۆلۆنیالیزم بوو، ئامانجەکانیشی لە: چەسپاندنی دیموکراسی، پتەوکردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری ئێران، دانانی یاسای کار و گرانتی کۆمەڵایەتی، پاکسازی دەزگاکانی دەوڵەت لە پیاوانی رەزاشاهی و فاشیستەکان و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەرەی دیموکراتیك بوو[٤].

شایەنی باسە پێ بە پێی گەشە کردنی حیزب و دوای بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٢ دا، خواست و دروشمەکانی حیزب شێوازێکی کامڵتر و ئاشکراتریان گرتە خۆ، و خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چینە زەحمەتکێشەکانی وەك: بیمەی بێکاری، بایەخدان بە خانەنشینان، قەدەغە کردنی کاری منداڵان، دابەشکردنی زەوی بە سەر وەرزێران و هەشت سەعات کار...هتد، لە بەرنامەدا جێگیر کران[٥]، ئەو بەرنامەیەی لەم قۆناغەدا بەرجەستەی تەواوی خواستەکانی ئازادیخوازان و تێکڕای چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگای ئێرانی دەکرد، ئەوەش ڕۆڵی مەزنی لە فراوانبوونی پێگەی جەماوەری حیزب، ژمارەی ئەندامانی، فراوانبوونی رێکخستنەکانی و کردنەوەی لق و بارەگاکانی لە زۆربەی شارە

بنکەی ژین
www.zheen.org

گەورەکانی باکوور و دواتر باشووری ئێران دا بینی، ئەو شارانەی شوێنی ژیانی هەزارەها خوێندکار، کارمەند، رۆشنبیر و کرێکار بوون و حیزبی تودە بایەخێکی زۆری پێدەدان و هەوڵی دەدا لە رێگای ئۆرگانەکانیەوە (رهبر)، (مردم/ خەڵك)، (رزم/ خەبات) و (سیاست)ەوە، کە لە تاران دەردەچوون، و بە هۆی بڵاوکردنەوە هەرێمییەکانی دیکەوە، سیاسەت و ئامانجەکانی حیزبی تودەیان بۆ ڕوون بکاتەوە و لە دەوری حیزبیان گرد کاتەوە و لە ڕیزەکانی خۆیدا رێکیان بخات[٦].

لێرەوە پێویستە ئاماژە بە داهێنانی رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی وەك: لاوان، ژنان، پیشەوەران، نووسەران...هتد، بدرێت، کە حیزبی تودە بۆ یەکەمجار مۆدێرنانە دایمەزراندن و چالاکی و کارەکانیانی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو وەختی حیزبدا ئاراستە دەکرد[٧]، بەوەش یەکەمین جارە لە مێژووی ئێراندا حیزبێکی رادیکاڵی غەیرە مەزهەبی وەك تودە، ببێتە حیزبێکی جەماوەری و لایەنگری گشتی کۆمەڵانی خەڵك مسۆگەر بکات.

لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، کرێکاران لە لایەن تودە وە بایەخێکی زیاتریان پێدەدرا، هەر وەك گرنگی دان بە خەباتی کرێکاری و سەندیکا کانیش، لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤دا ئەنجومەنێکی ناوەندی بۆ یەکێتی سەندیکاکانی ئێران بە نێوی (شورای متحد مرکزی) دامەزراند بە رێبەرایەتی کەسایەتی سەندیکایی ناسراوی ئێران (رضا روستە)،ئەو شورایەی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار لە کرێکارانی ئێرانی لە ریزەکانی خۆیدا کۆکردبونەوە و بۆ داکۆکیکردن لە خواستەکانیان و پشتگیریی کردنی سیاسەتەکانی حیزبی تودە جاروبار دەرژانە سەر شەقامەکانی ئێران[٨].

هەروەها حیزبی تودە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، هەوڵی دابوو رێکخراوێکی سەربازی نهێنی لە ئەفسەرە ئازادیخواز و چەپەکانی نێو

www.zheen.org

لەشكری ئێراندا بە نێوی (سازمانی نظامی حزب تودە) دابمەرزێنێت، كە بەرجەستەترین ئەندامەكانی (سرهنگ عزت الله سیامك، سرهنگ محمد علی آذر ، سرگرد علی آكبری اسكندانی و سروان خسرو روزبە)بوون، و لە ڕێگای (عبدالصمد كامبخش)ی ئەندامی ڕێبەرایەتی تودەوە، پەیوەندی نهێنی و توند و تۆڵیان بە حیزبی تودەوە هەبوو، ئەو ڕێكخراوەی ژمارەیەكی بەر چاوی لە ئەفسەرەكانی ئێرانی و لە بەشە جۆربەجۆرەكانی سوپادا لە خۆگرتبوو، ئەوانە وێڕای ئەوەی هەواڵ و جموجۆڵەكانی سوپایان دەگەیاندە ڕێبەرایەتی تودە، دەیانتوانی لە كاتی پێویستدا بە قازانجی حیزب و پشتگیری سیاسەتەكانی دژی چینی فەرمانڕەوا بێنە مەیدان[٩].

شایەنی باسە، حیزبی تودە لەم قۆناغەدا توانی وەك حیزبێكی یاسایی ئۆپۆزیسیۆن، بە كاندید كردنی (٦٢) ئەندامی خۆی، كە(١٠)یان لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بوون، بەشداری هەڵبژاردنەكانی خولی چواردەهەمی مەجلیس بكات، كە لەپایزی ساڵی ١٩٤٣دا، ئەنجامدرا و زیاتر ١٣٪ی كۆی دەنگەكانی ئێران وەدەست بهێنێت و ٨ ئەندامی بە نێوی (فراكسیۆنی تودە) بنێرێتە مەجلیس[١٠].

هەروەها كاتێك جوڵانەوەی ئازادیخوازی میللی لە ئازەربایجان و كوردستاندا لە كۆتایی ساڵی ١٩٤٥ دا پەرەیان سەند و گەلانی كورد و ئازەر حكوومەتی میللی خۆیان لە مەهاباد و تەورێز دامەزراند، نفوز و جەماوەری حیزبی تودە لە ناوەند چەند بەرامبەر بوو، بە تایبەتی پاش ئەوەی لەگەڵ (حیزبی ئێران)دا، بەرەیەكیان بە ناوی (جبهە مؤتلفە احزاب ازادیخواە) لە سەرەتای مایسی ساڵی ١٩٤٦دامەزراند و بانگەشەیان بۆ تێكڕای حیزبە ئازادیخوازە ئۆپۆزیسیۆنەكانی دیكەی ئێران كرد بێنە ناوی، سەر ئەنجام حیزبی سۆسیالیست لە تاران، حیزبی جەنگەڵ لە گەیلان، فیرقەی دیموكراتی

www.zheen.org

ئازەربایجان لە تەوریز، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد، چوونە نێو ئەو بەرەیە و دواتریش (قوام السلطنە)ی کۆنە سیاسەتکار و سەرۆك وەزیرانی ئێرانی، پاش ئەوەی حیزبی دیموکراتی ئێرانی لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٦ دامەزراند، خۆی بە یەکێك لە حیزبە سەرەکییەکانی ئەو بەرەیە ڕاگەیاند[١١].

لە ڕاستیدا نفوز و دەسەڵاتی حیزبی تودە بە وەرگرتنی ٣ پۆستی وەزارەتەکانی (فەرهەنگ، تەندروستی، پیشە و هونەر)، لە حکوومەتەکەی قوام السلطنەدا لە ٢ی ئابی ١٩٤٦ گەیشتە چڵە پۆپە، بەوەش ڕێبەرایەتی تودە لە کاتێکدا لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا بەشدار بوون، کە گەورەترین ڕێکخراوی سیاسی وڵاتیان لە بەردەست بوو، ئەوەی ئەندامە بنەڕەتییەکانی خۆی دەدا لە پەنجا هەزار و لایەنگرەکانیشی سەد هەزار بوون[١٢]، ئەم قۆناغە کە دەکرێت بە چاخی زێڕین لە مێژووی ئەو حیزبە بێتە هەژماردن.

1|1|2 لە دوای ڕوخانی حکوومەتە میللییەکانی کوردستان و ئازەربایجان تا هەوڵی تێرۆر کردنی شاهەنشا کانوونی دووەمی ١٩٤٧ـــ شوباتی ١٩٤٩

لە ڕاستیدا دەتوانرێت دەرچوونی سوپای سوور لە ئێران و بادانەوەی قوام السلطنە بە لای ڕاست، و ڕوخانی هەردوو حکوومەتە میللییەکەی کوردستان و ئازەربایجان لە لایەك و گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ ناوچەکە و نەخشی لە ناکاوی محەمەد ڕەزاشا و پشتیوانی مەزنی ئەمریکا و نێوان گەرمبوونی لەگەڵ ئێراندا، و کێشکردنی خێرای ئەو وڵاتە بۆ ناو بازنەی ململانێی جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە لایەکی ترەوە، بە

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەرچەرخانێکی ڕیشەیی و خەتەرناك لە سەر هەل و مەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێران دابنرێت، هەلو مەرجێك کە تێیدا زەمینەیەکی لەباری بۆ زیندوو کردنەوەی حوکمی دیکتاتۆری و باڵا دەستی ئەفسەرانی ئەرتەش لە سەر شانۆی سیاسی وڵات ڕەخساندەوە و پاشەکشەیەکی مەزنی بە جوڵانەوەی دیموکراتی و ئازادیخوازی گەلانی ئێران کرد(١٣).

دیارە حیزبی تودە بە درێژایی چوار ساڵی ئەم قۆناغە نوێیە، دەورانی زێڕینی خۆی تێپەڕاند و لە ڕووی کار و چالاکی و ڕێکخستنەکان و توانای جەماوەرییەوە گێرفەکەی تا دەهات بەرەو خوار دەکشا و لە زۆر ڕووەوە توشی قەیرانی قوڵ و چاوەڕواننەکراو هات و زیانی مەزنی وێ کەوت.

هەر پاش گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهی بۆ کوردستان و ئازەربایجان و چەسپاندنی حوکمی ڕاستڕەوە کان، تەواوی ڕێکخستنەکانی حیزبی تودە لە شارەکانی باشوور و هەرێمەکانی ئێراندا، تووشی پەلامار و سەرکوت و ڕاوەدوونان و گرتن و هاتن، و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی هەڵوەشان و بارەگاکانیان داخران، و بڵاوکراوە و ئۆرگانەکانی حیزب لەو ناوچەیە قەدەغە کران، و وێڕای ئەوەی لە تاران حیزبی تودە سیفەتی یاسایی خۆی لە دەست نەدابوو، بەڵام بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی سەربازی لە پایتەخت خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی قەدەغە کران و شێوازی حاڵەتێکی نهێنییان گرتە خۆ، و ژمارەیەکی ڕێبەرانی حیزبی وەك (کامبخش، اوانسیان، امیری خیزی وایرج اسکندری) ناچار بوون ئێران جێبهێڵن(١٤).

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە هەل و مەرجێکی وا دا ناکۆکییەکانی نێو خۆیی حیزب ڕوویان لە تەقینەوە کرد، و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی وەك: انور خامە و جلال ال احمد، بە ڕێبەرایەتی (خلیل ملکی) لە ساڵی ١٩٤٧دا، جیابوونەوەی خۆیان

لە تودە ڕاگەیاند و ناوی (هێزی سێیەم) یان لە خۆیان ناو، و کەوتنە بەد ناوکردنی حیزبی تودە و سیاسەتی هەلپەرستی شووڕەوی بەرامبەر بە ئێران[١٥]، بەوەش ئەندام و لایەنگرێکی بەرچاو لە حیزب تەکینەوە، کە لەودەمەدا ژمارەی ئەندامە بنە ڕەتییەکانی بۆ هەزار کەس دابەزیبوو.

شایەنی باسە، حیزبی تودە لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٤٨دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قۆناغی نوێ، کۆنگرەی دووەمی خۆی بە شێوەیەکی نیمچە نهێنی لە شاری تاران گرێدا و هەوڵی دا ڕیزەکانی خۆی ڕێك بخاتەوە، بۆ ئەومەبەستەش ڕێبەرایەتیەکی نوێ هەڵبژێردرا،و (د. رادمنش) بووە سکرتێری یەکەمی حیزب، لە کۆنگرەدا مەسەلەکانی: ڕێز گرتنی یاسای بنەڕەتی و ئازادییە سیاسی و دیموکراتییەکان، ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بۆ ئێران، لایەنگری لە خەباتی ئازادیخوازانی گەلانی چین ڤێتنام و یۆنان، قسە و جەختیان لە مەڕ کراو لە مەرامنامەی حیزبدا چەسپێندران[١٦].

لە ڕاستیدا حیزبی تودە پاش کۆنگرە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کاریگەرییە سلبییەکانی قۆناغە نوێیەکە لە سەر خۆی کەمکاتەوە و سەر لە نوێ کەسانی ئازادیخواز و ئۆپۆزیسیۆن لە ڕیزەکانیدا ڕێك بخاتەوە و بێ ئەوەی بە شێوەیەکی راستە و خۆ لەگەڵ حکوومەت و دەربار دا ڕووبەڕوو بێتەوە، بێتەوە مەیدان و ڕێبەرایەتی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران بگرێتەوە دەست، بۆ ئەو مەبەستەش لە سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٤٧دا پلنیۆمی سێیەمی خۆی بەست. دیارە ئەوەی لەم قۆناغەدا هومێدی وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبی تودەی ڕێدەتر دەکرد، ئەوە بوو کە وێڕای بەردەوامی پشتگیری مادی و مەعنەوی یەکێتی شووروەوی بۆ حیزب، هەل و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێرانیش تا بڵێی لە خراپی و ئاڵۆزیدا بوو[١٧].

www.zheen.org

بەڵام ڕووداوی هەوڵی تیرۆر کردنی شای ئێران لە زانکۆی تاران لە ٤ی شوباتی ١٩٤٩دا[١٨]، نەك هەر هومێدکەی حیزبی تودەی کاڵ کردەوە، بگرە حیزبیشی لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی چارەنووسی مەترسیدار کردەوە، پاش ئەوەی دەربارو حکوومەتی ئێران، حیزبی تودەیان وەك ئاگادتار و بەرپرسی پیلانی تیرۆرەکە تاوانبار کرد بڕیاری نایاسایی بوون و هەڵوەشاندنەوەی حیزبی تودەیان ڕاگەیاند، ئاکامی ئەوەش پۆلیسی ئێرانی پەلاماری بارەگای ئەو حیزبەیان لە تاران دا و پارە و کەل و پەلی حیزبیان تالانکرد و زیاتر لە ٢٠٠ ئەندامی ڕێبەرایەتی و کادرە تودەییەکان دەستگیر کران، ئەوانەی راپێچی دادگا سەربازییەکان کران و بە تاوانی ئاژاوە گێڕی و پیلان گێڕان حوکمی توند و جیاوازیان بە سەر دا سەپێنرا، شایەنی باسە ژمارەیەك لەو ئەندامە ڕێبەرایەتییانەی حیزب وەك: (د. رادمنش، احسان طبری،فریدون کشاورز) کە سزای مەرگیان بە سەردا درا بوو، و دەستگیر نەکرابوون ئێرانیان بەرەو شوورەوی بە جێهێشت، بەوەش چالاکی و هەڵسووڕانی حیزبی تودە بە ڕادەیەکی زۆر لە کار کەوت[١٩].

٣/١/١ : حیزبی تودە لە دەورانی پەرەسەندنی بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و حاکمییەتی مصدق دا تموزی ١٩٤٩ ـ ئابی ١٩٥٣

ئەم قۆناغە قۆناغێکی گرنگ و ئاڵۆزی مێژووی ئێرانی هاوچەرخ پێکدەهێنێت، کە تێیدا خەباتی بورجوا دیموکراتی نیشتمانی ئێرانی بە شێوەیەکی زۆر خێرا بە ڕێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی بە سەر کردایەتی (د.محمد مصدق) پەرەی سەند، پاش ئەوەی دروشمی چەسپاندنی ئازادییە دیموکراتییەکان و ڕیفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها خۆماڵیکردنی

بنکەی ژین www.zheen.org

نەوتی ئێران و بە گڕا چوونەوەی نفوزی بەریتانیای لە ئێراندا بەرزکردەوە و شێلگیرانە بۆ وەدیهێنانیان کەوتە خۆ، ئەوەش بوە هۆی پاشەکشەی دەربار و لایەنگرانی سیاسەتی بەریتانیا لە وڵات و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی فەرماندەکانی لەشکر و دەزگا سەرکوتگەرەکانی رژێمی پەهلەوی، لە بەرامبەریشدا کۆنترۆڵکردنی مەجلیس ودامەزراندنی حکوومەتێکی نیشتمانی لە لایەن بەرەی نیشتمانی و مصدق ەوە هێنایە دی. مەسەلەیەکی وا کەسەر چاوەی وەدیهێنانی فەزایەکی ئازاد و ئاوەڵای لێکەوتەوە و هێزە نیشتمانی و ئازادیخوازەکان بە دژی شا و دەربار و کۆمپانیای نەوتی ئێرانی ــ ئینگلیزی لە سەنگەرێکدا یەك خست و شەقامی ئێرانی خستە خزمەتی هەنگاوەکانیان[٢٠].

سەبارەت بە حیزبی تودە لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا، دەکرێ بگوترێت کە پێشتر ڕاگەیاندنی مردن و پێچراوەبوونی حیزب لە لایەن رژێمی پەهلەوییەوە ڕاستیەکی چەسپاو نەبوو، پێچراوە بەڵێ، بەڵام مردوو نە خێر، چونکە وێڕای پەلاماردانی تودە و گرتنی ئەندامانی و نایاسایی ڕاگەیاندنی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەڵام حیزب توانیبووی کە بەشێك لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی خۆی بپارێزێت، بە تایبەتی ڕێکخراوی سەربازی، ئەو ڕێکخراوەی کە توانیبووی لەم قۆناغەدا دزە بکاتە نێو (ڕێکخراوی هەواڵبەری سوپای ئێران)ەوە.ڕێبەرایەتی تودە لە زینداندا کۆمیتەیەکی ڕێبەرایەتی کاتییان دامەزراند و چونکە دەستیان بە دەرەوەی زینداندا دەگەیشت، کاری تەواویان بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و پێکهێنانی شانەی نهێنی و دەرکردنی ئۆرگانەکانی وەك: رزم، مردم، ظفر،....هتد داو، کەوتنە خۆ و چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبار بوون[٢١].

www.zheen.org

لە ڕاستیدا بە نێوبانگترین ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە کە بە مەزنترین سەروەری بۆ حیزبی تودە لە قەڵەم دەردێت، هەڵاتنی (١٠) کەس لە ڕێبەرایەتی حیزب بوو لە زیندانی ڕژێمی شاهەنشاهی و دامەزراندنی کۆمیتەیەکی ڕێبەرایەتی (٨) کەسی نوێ بوو لە سەردەمی حکوومەتی (جنرال رزم ارا)دا،[٢٢] ئەو سەرۆك وەزیرانەی کە ئاستەنگێکی گەورە بوو لە بەردەم بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و بە تیرۆکر کردنی لە ٧ی ئاداری ١٩٥١ دا،[٢٣] ڕێگا بۆ بەرەی نیشتمانی و مصدق خۆش بوو تا لە نیسانی ١٩٥١دا دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و حکوومەت دابمەرزێنن، مەسەلەیەکی وا کە ئەو دەرفەتەی بۆ حیزبی تودە هێنایە پێش کە چاوەڕێیان دەکرد.

شایەنی باسە حیزبی تودە بێ دوا کەوتن دەستی بە چالاکی فراوان کردەوە و بڵاوکراوەکانی حیزبی پەرەپێدان و مۆڵەتی یاسایی بۆ بڵاوکراوەی (بە سوی اینده/ بەرە و داهاتوو) وەدەستهێنا. ئینجا لە جیاتی ڕێکخراوە پیشەییە هەڵوەشاوەکان، چەند ئەنجومەنی: لاوان، ژنان، ڕۆژنامەنووسان، یاساناسان...هتد دیموکراتیکی دامەزراند و یەکێتییەکانی: مامۆستایان، خوێندکاران، ئەندازیاران..هتد پێکهێنا. ئەمانە و وێڕای ئەنجومەنەکانی (کمك بە دهقانان/ هاوکاری وەرزێران) و (مبارزە با بیسوادی/ خەبات بە دژی نەخوێندەواری) و انجمن هواداران صلح/ کۆمیتەی ئاشتیخوازان) و (انجمن ملی مبارزە با استعمار/ کۆمیتە نیشتمانی بە گژدا چوونەوەی کۆلۆنیالیزم[٢٤].

بەم چەشنە حیزبی تودە بێ ئەوەی یاسای هەڵوەشانەوەکەی ڕەتکرابێتەوە، لە ماوەیەکی کەمدا توانی ببێتەوە حیزبێکی جەماوەری و وەك مەزنترین هێزی سیاسی سەر شانۆی وڵات خۆ نیشاندا، لە کاتێکدا پاش پێنج ساڵ قەدەغە کردن، ئاهەنگی مەراسیمی ١ی ئایاری جەژنی کرێکارانی جیهان لە ساڵی ١٩٥١دا رێگەی درا. حیزبی تودە خۆپیشاندانی لە شارەکانی ئێران

پێکهێناو له تارانی پایتەختدا زیاتر له(٢٥) هەزار کەسی هێنایە سەر شەقامەکان، جگە لەوەی له کاتی توند و تیژبوونی روداوەکاندا، حیزبی توده زوو زوو خۆپیشاندانی جەماوەری و مانگرتنی کرێکارانی ساز دەدا و لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس و پیاوانی شاهەنشاهیدا ڕوو بە ڕوو دەبوونەوە و شەقامەکانی تارانیان سوور دەکرد[٢٥].

شایەنی باسە نفوز و جەماوەری حیزبی توده له دوا ساڵەکانی حوکمڕانییەتی مصدق دا هێندە پەرەی سەندبوو، کە بە پێی هێندێك بایەخداران ژمارەی ئەندامەکانی ئەو حیزبە خۆی دەدا له (٢٥٠٠٠) و لایەنگرانیشی نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) دەبوون، هەروەك هەواڵنێرێکی بێگانە ڕادەگەیەنێت کە نفوز و پاڵپشتی جەماوەری حیزبی توده هێندە زۆرە کە "زوو یا درەنگ، بێ ئەوەی ڕێگای توند و تیژی بگرێتە بەر، دەتوانێت دەسەڵاتی وڵات بگرێتە دەست"[٢٦].

٤/١/١: حیزبی توده له نێوان کودەتای زاهدی و ڕوخاندنی ڕژێمی پەهلەوی ئابی ١٩٥٢ ـ شوباتی ١٩٧٩

ئاشکرایە کودەتای ١٩ی ئابی ساڵی ١٩٥٣ و ڕوخاندنی حکوومەتی مصدق بە پیلانی دەربار و ئەفسەرە شاپەرستەکان بە سەر کردایەتی (سرلشکر فیزالله زاهدی)و بە ڕێنمایی دەزگای سیخوڕیی (CIA)، بە ڕووداوێکی خەتەرناك و خاڵێکی وەرچەرخان له مێژووی ئێرانی هاوچەرخدا دادەنرێت، چونکە بە سەرکەوتنی کودەتا و چەسپاندنی حکوومەتی زاهیدی، گورزێکی مەزن بەر جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی کەوت و تووشی پاشەکشەیەکی سەر سووڕ هێنەری کرد، له بەرامبەریشدا هێزە شاپەرستەکان

www.zheen.org

بوژانەوە، ژیانی پارتایەتی و پەرلەمانتاری سەر لە نوێ لە ئێراندا پێچرایەوە و فەزایەکی سەرکوت و توندوتیژی بە جۆرێك لە وڵاتدا دەستپێکرد کە زەمینەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری میلیتاریستی تۆتالیتێری لە ئێراندا ڕەخساند کە نزیکەی چارەکە سەدەیەکی خایاند، ئەو دەوڵەتەی تا دەهات زیاتر لە ڕووی سیاسی، سەربازی، ئابووری و فەرهەنگییەوە خۆی بەرەو بلۆکی سەرمایەداری جیهانی و ئەمریکا دەکوتا و بەرەو وابەستەیی دەڕۆیی(٢٧).

لە ڕاستیدا حیزبی تودە لەم قۆناغەدا گیرۆدەی، چارەنووسێکی نالەبار و خەتەرناك هات، پاش سەرکەوتنی کودەتا، قۆناغی سەرکوت و ڕاوەدونان تا ڕادەی ڕیشەکێشکردنی حیزب دەستپێکرد، دیارە تودە زێدەتر لە تێکڕای هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی ئێران وە بەر شاڵاوی ڕق و تۆڵەی حکوومەتی کودەتا و دەربار کەوت، پاش ئەوەی ڕژێمی شاهەنشاهی لە ڕێگای دەزگا هەواڵبەرەکانی فەرمانداری سەربازی لە تاران و بە یارمەتی دەزگای (CIA) هەواڵی وردی لە سەر ڕێکخستنەکان و شوێنی نهێنی و ئەندامە چالاکەکانی حیزب چنگ کەوت، زنجیرەیەك شاڵاوی ڕاونان و گرتنی تودەییەکانی دەستپێکرد و لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣ ــ ١٩٥٨ زیاتر لە سێ هەزار کەسی لە کادر و ئەندامە چالاکەکانی حیزبی تودە گرت و ڕەوانەی زیندانە تاریك و شکەنجەخانەکانی کردن، کە هێندێك لەوانە پلەی ڕێبەرایەتییان هەبوو،وەك (بهرامی، یزدی، علوی و شرمینی)(٢٨).

مەزنترین گورز کە لەم قۆناغەدا حیزبی تودەی لە بناغەوە هەڵتەکاند، ئاشکرابوونی ڕێکخراوی سەربازی حیزب بوو لە ساڵی ١٩٥٥ و گرتنی زیاتر لە حەفتا ئەفسەری پایە بەرزو پلە جیای تودەیی بوو لە سوپای ئێراندا، کە

بەشێکی زۆریان لە لایەن دادگا سەربازییەکانەوە بە تاوانی خیانەت بە مەرگ سزادران و گوللە باران کران[٢٩].

دیارە لە هەل و مەرجی شالاَوی توند و پەلاماری بەرفراوانی لەو چەشنەدا، ئەو ئەندام و ڕێبەرانەی تودە کە تا ئەو دەمە لە ئێراندا مابوونەوە و دەستگیر نەکرابوون وەك (کیانوری، جودت..هتد) ناچار بوون ڕێگای شورەوی بگرنە بەر و لە ئێران بچنە دەر و تەواوی ڕێبەرایەتی تەسلیم بە (خسرو روزبە) بکەن، ئەو خسرەوەی پاش یەك دوو ساڵ کەوتە بەر پەلاماری پۆلیسی نهێنی شاهەنشاهی و دوای ئەوەی بە بریندار دەستگیر کرا، لە ساڵی ١٩٥٨دا گوللە باران کرا[٣٠].

بەمجۆرە حیزبی تودە لە بەریەك هەڵوەشا و لە ئێران ڕیشەکێشکرا، ئەوانەشی پێشتر چووبوونە دەرەوە، لەگەڵ ڕێبەر و ئەندامە ڕاکردووەکانی پاش کودەتای ئابی ١٩٥٣، لە مۆسکۆی پایتەختی یەکێتی شوورەوی یەکیان گرتەوە و بە ناوی حیزبی تودە درێژەیان بە کاری حیزبایەتی لە تاراوگەدا، ئەوانەی لە ساڵی ١٩٥٩ بنکەیان گواستەوە بۆ شاری (لایپزیك)ی ئەلمانیای خۆر هەلات، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر ڕووداوەکانی ئێران هەبێت.

هەر لێرەدا پێویستە بگوترێت کە حیزبی تودە لە پلنیۆمی یازدەهەمیدا لە ساڵی ١٩٦٤، تووشی پەرتبوونێکی تر هات ، کە لە مێژووی حیزبدا بە (پەرتبوونی ماوییەکان) و مەزنترین جیابوونەوە دادەنرێت، کاتێك دوو ئەندامی چالاکی کۆمیتەی ناوەندی بە ناوی (احمد قاسمی، د.غلام حسینی فروتن) جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و چوونە ئەوروپای خۆرئاوا و تەواوی ڕێکخراوە خوێندکارییە ئێرانییەکانی سەر بە تودەیان لە خۆیان کۆکردەوە و سەرەتا (سازمانی انقلابی حزب تودە/ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە) و دواتر ڕێکخراوی توفان/ لافاو)یان دامەزراند[٣١].

www.zheen.org

ئەو ڕووداوانە کاردانەوەی خراپیان لە سەر باری نالەباری حیزبی تودە لە تاراوگە بە جێهێڵا، پۆستی ڕێبەریش کە نزیکەی بیست ساڵێك بوو لە دەستی د.رادمنش دابوو، لە پلنیۆمی سیازدەهەمی حیزبدا لە ساڵی ١٩٦٩ کەوتەوە دەست ایرج اسکندری، کە ئەویش پاش دە ساڵ واتە لە شوباتی ١٩٧٩ دا بۆ نورالدین کیانوری بە جێهێڵا، ئەو کاتەی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ ڕوخانی ڕژێمی شاهەنشاهی لە گەرمەیدا بوو.

٥/١/١ : لە ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهیەوە بۆ گورزی گورچکبڕی کۆماری ئیسلامی. شوباتی ١٩٧٩ ـ ١٩٨٣

ئەم قۆناغە بە دوا قۆناغی ژیان و چالاکی سیاسی حیزبی تودە دێتە ژماردن، کە سەرەتاکەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوییە، و نێوەندەکەشی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و ململانێی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جۆربە جۆرەکانی ئێرانییە لە پێناوی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیدا ، و دوا بەشیشی چەسپاندنی دەسەڵاتی باڵی ئاخوندە بونیاد گەراکانی نێو دەزگای ئاینی ئێران و ڕاگەیاندنی دیکتاتۆرییەتی مەزهەبی و شاڵاوی لە ناکاو بەرفراوانی دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی ئیسلامییە بۆ سەر حیزبی تودە و دەستگیر کردنی زیاتر لە هەزار ئەندامی ئەو حیزبەیە بە خودی (کیانوری) ڕێبەریشەوە.

لە ڕاستیدا بە سەر کەوتنی شۆڕش و ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی، فەزایەکی ئازاد و ئاوەڵا لە ئێران هاتە ئارا، بەوەش ڕێبەرە ئاوارەکانی ئەورووپای خۆرهەڵاتی حیزبی تودە هەل و مەرجی گەڕانەوەیان بۆ ڕەخسا، ئەوانەی کاتێك گەڕانەوە ئێران وێڕای ڕێکخراوێکی بچوکی نهێنی لە

تاران كه به ناوی (نوید) و له لایەن (محمد مهدی پرتوی) و (رحمان هاتفی) وه سەرپەرشتی دەكرا، تەشكیلات و نفوز و جەماوەرێكی دیاریكراویان نەبوو، بەڵام هەر زوو ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە كەوتە خۆ كە سەر لە نوێ بە چەشنێكی ئاشكراو نهێنی، ڕێكخستنەكانیان زیندوو بكەنەوە و هەوڵبدەن پێگەیەكی كۆمەڵایەتییان لە نێو كۆمەڵگای ئێراندا هەبێت[٣٢].

شایەنی باسە حیزبی تودە بە پشتبەستن بە سیاسەتی لایەنگری و پشتگیری بێ قەید و شەرتی باڵی ڕادیكاڵی مەزهەبی، و بەستنی پەیوەندی توند وتۆڵ لەگەڵ شورەویدا، و هەوڵدان بۆ نەخشاندنی ڕووی شۆڕش وەك شۆڕشێكی دژی ئەمریكا و بلۆكی سەرمایەداری، توانی تا ڕادەیەك و بە شێوەیەكی كاتی شوێنی خۆی لە سەر شانۆی سیاسی وڵات بكاتەوە و وەك ئۆپۆزیسیۆنێكی وەفادار و یاسایی لە پێشەوەی خەتی (ئیمام)دا خۆ بنوێنێ، بێ ئەوەی حیسابێك بۆ ئەو ڕاستییە بكات كە باڵی ڕادیكاڵی مەزهەبی و حكوومەتی ویلایەتی فەقێ هەروا بە ئاسانی مەسەلەكانی ڕاگرتنی ئۆپۆزیسیۆن و وەفاداری حیزبێكی ماركسی و چوونە نێو بلۆكی سۆسیالیستی پێ هەرس ناكرێت، هەر بۆیە هێندێك نووسەر ناوی (سەمای مەرگ) یان لە سەر ئەم قۆناغەی ژیانی حیزبی تودە و سەرجەم هێزە ماركسی و چەپەكانی ئێران داناوە[٣٣]، ئەو مەرگەی كە لە سەرەتای بەهاری ١٩٨٣دا بووە میوانی حیزبی تودە، ئەویش پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢دا (ڤلادیمیر كوزیچكین) دیپلۆماتی شورەوی و ئەفسەری (K.G.B)ی باڵیۆزخانەی شورەوی لە تاران، لە ڕێگای توركیاوە پەنای بردە بەریتانیا، و لیستێكی ناوی سیخوڕەكانی یەكێتی شوەوی لە ئێراندا پێشكەش بە دەزگای هەواڵبەری (ئینتلجنس سێرڤایس)ی بەریتانیا كرد، كاربەدەستانی بەریتانیاش لە ڕێگای پاكستانەوە ئەو زانیاری و ناوانەیان خستە بەردەست

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، ئەو رژێمەی کە لە شوباتی ساڵی ١٩٨٣دا، کتوپڕ گورزێکی گورچکبڕی سرەوانده حیزبی تودەو تا نیسانی ئەو ساڵە تەواوی ئەندام و ڕێبەرەکانی قۆڵبەست کردن و مەرگی دووبارە و هەتا هەتایی ئەو حیزبەی ڕاگەیاند[٣٤].

بەمجۆرە حیزبی تودە کە دەتوانرێت وەك دایکی ڕێکخراوە مارکسی و چەپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی هاوچەرخ دابنرێت و لە تێکڕایان بە تەمەنتر و نفوز دارتر بوو، لانی کەم لە قۆناغی یەکەم و سێیەمی مێژووی ژیانیدا، لە وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی تەواو و فەرمانڕەوایی ئێران ناکام بوو، لە کاتێکدا هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی وەك: نیشتمانییە لیبراڵەکان یامەزهەبییەکانی زیاتر لە تودە بە ختیان لە حاکمییەت و گرتنە دەستی دەسەڵاتدا یار بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

باسی دووەم:

بەشێك لە كەم و كورتییەكان و ئەو ڕەخنانەی لە حیزبی تودەی ئێران گیراون

سەرەتاپێویستە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بكرێت، كە كەم ڕێكخراو و حیزبی سیاسی لە ئێراندا هەن ئەندازەی حیزبی تودە قسە لە سەر هەڵە و كەم و كورتییەكانیان كرابێت و مێژوو و تێكۆشان و هەڵوێست و ئاكار و كەسایەتی ڕێبەرەكانیان وەك تودە، بەر نەشتەری تیژی ڕەخنە گران درابێت، كە بەشێكی ئەوانە ، وێڕای دەزگا ڕاگەیاندنەكانی دەسەڵاتی حاكم و لایەنگرانیان، یان لە نێو هێز و گروپە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەكانن، یا خود كۆنە ئەندام و دۆستی دێرینی ئەو حیزبەبوون و پاشتر لە قۆناغە جیاوازەكانی ژیانی دواتری حیزبدا لێی جیابونەتەوە یان وازیان لێ هێناوە و لە سیاسەت دوور كەوتوونەتەوە. شایەنی باسە بەشێكی بەرچاوی نووسراوە ڕەخنە ئامێزەكان بۆ ئەو سەركردە و ڕێبەرە پلەیەكانەی حیزب دەگەڕێتەوە كە پاش گرتنیان و هەڵوەشانەوەی حیزب وەك بیرەوەری و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەكانی تودە و نیشاندانی هەڵوێستیان بڵاویان كردۆتەوە، هێندێكی دیكەشیان وەك (احسان طبری) تیۆریستەی حیزبی تودە لەوەشی تێپەڕاندووە و مەسەلەی ڕەخنە گرتن و باسكردنی كەم و كورتییەكانی حیزبی تودەی وەك پەشیماننامە و نەفرەتنامەیەك لە ڕابردوو و تێكۆشانی چەند ساڵەی بە چاپ گەیاندووە و تا توانیویەتی لە ڕیسوا كردنی پێشینەی خۆی و

هاوڕێکانی و سیاسەت و هەڵوێستەکانی تودە بەرامبەر ڕووداوە مێژووییەکانی ئێران کەمتەرخەمی نەکردووە.

بە هەر حاڵ دەکرێت سەرەکیترین ئەو کەم و کورتی و ڕەخنانەی ئاراستەی حیزبی تودە کراون، بەم شێوەی خوارەوە بخرێنە بەر چاو:

١/٢/١ : وابەستە بوون بە شوورەوی و خولانەوە لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی بلۆکی سۆسیالیستدا :

زۆربەی سەرچاوەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە حیزبی تودەی ئێران بە درێژایی مێژووی هەڵسووڕانی وەك حیزبێکی سەربەخۆی چەپی نیشتمانی نە جوڵاوەتەوە و چالاکییەکانی لە پێناو پشتگیری و لایەنگریکردنی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ڕۆژی یەکێتی شورەوی لە ئێران و ناوچەکەدا بووە، بە جۆرێك ئەو حیزبە بە تەواوی تەسلیمی ئیرادەی ئەنتەرناسیونالیزمی کۆمۆنیست (کۆمێنترن) بووە و وەك ئامرازێکی دەستی ئەو زلهێزە لە ئێراندا هەڵسووڕاوە،ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبی تودە لە قۆناغی حوکم و باڵادەستی ستالینییەتدا تروکاوە و لەو ڕووەوە چ وەك حیزبێکی کۆمۆنیستی دەورانی ستالین کە دەبوایە گوێڕایەڵی پارتی کۆمۆنیستی شورەوی بێت و پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵیدا هەبێت، یا خود لە ڕێگای بەشێك لەو ڕێبەرە تودەییانەی وەك (کامبخش و کیانوری...هتد) کە پەیوەندی ڕاستەوخۆو ژێر بە ژێریان لەگەڵ دیپلۆمات و دەزگا هەواڵبەرو سیخوڕییەکانی یەکێتی شورەویدا هەبوون، مەسەلەیەکی وا کە خودی ئەو ڕێبەرانە بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕادەیەك دانیان پیاناوە و لە بایەخداران شاراوە نییە.

www.zheen.org

شایەنی باسە وابەستەیی حیزبی تودە بە یەکێتی شورەوییەوە لە قۆناغی هەڵاتنی ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە ئێرانەوە بۆ شورەوی و مانەوەی چەند ساڵەیان لە ئەوروپای خۆرهەلات بە ڕادیەکی بەرچاو توندتر بوو، دیارە لە تەواوی مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی حیزبی تودەدا چەندین نموونەی زەق بەرچاو دەکەون کە ئەو ڕاستییەی سەرەوە بسەلمێنێت لەوانە: ڕێگرتن لە مانگرتنە کرێکارییەکانی کارگە وکۆمپانیاکانی شارەکانی باشووری ئێران لە سەرەتای ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بادانەوەی سەدو هەشتا پلەی فراکسیۆنی تودە لە مەجلیسی چواردەهەمدا و لایەنگری لە بەخشینی ئیمتیازی نەوتی ئێران بە شورەوی و خۆپیشاندان دژی حکوومەتی (ساعد) کە ئامادە نەبوو داواکانی شاندەکەی شورەوی بە سەرۆکایەتی (کافتارزادە) لەو بارەیەوە بسەلمێنێت، هەروەها دژایەتیکردنی ئەمەریکا و گەرمکردنی پێش وەختی پەلاماری پڕۆ پاگندەیی لە کاتێکدا بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی ئێرانی لەگەڵ بەریتانیادا سەنگەریان لێکتر گرتبوو، جگە لە دژایەتیکردنی توندی هێزە مارکسییە ماوییەکان، یان ئەو هێزە چەپ و ئازادیخوازانەی ئامادە نەبوون وەك تودە جڵەوی خۆیان لە دەستی کاربەدەستانی شورەوی بنێن و لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژی شورەویدا نەدەخولانەوە و ڕەخنەیان لە شورەوی دەگرت[٣٥].

شایەنی باسە بیرەوەرییەکانی سەرانی حیزبی تودە بە ئاشکرا ڕاستی وابەستەیی بێ قەیدو شەرتی ئەو حیزبەمان بە یەکێتی شورەوییەوە دەخەنە بەر چاو، لەو بارەیەوە تێوریستەی چواردەیەی حیزبی تودە (احسان طبری) لە بیرەوەرییەکانیدا حیزبی تودە بە حیزبێکی بێگانە پەرەستی جاسووسپەروەر، و ئامرازی دەستی کۆمێنترن، و نۆکەری یەکێتی شورەوی لە ئێراندا دەناسێنێت و لە یەکێك لە لاپەڕەکانیدا نوسیویە "حیزبی تودە

www.zheen.org

ئەنتەرناسیونالیزم و سۆڤێتیزمی واتە شورەوی پەرەستی بە یەك شت دەزانی و دەیگوت: هەر کارێکی دژی شورەوی کارێکی دژی کۆمۆنیزمە"[٣٦]. هەروەها کاتێك باسی پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزب و گرتن و هێنانە سەر شاشەی تەلەفیزۆنی ئێرانی سەر کردە تودەییەکان بە تاوانی جاسوسی بۆ شورەوی دەکات دەڵێت "حیزبی شەیتان (مەبەستی تودەیە/ل) سەرئەنجام ڕووی ڕاستە قینەی خۆی بۆ تێکڕای خەڵکی ئێران و جیهان ئاشکرا کرد (مەبەستی سیخوڕییە بۆ شورەوی ــ ل)"[٣٧].

هەروەها (فریدون کشاورز) کە ئەندامێکی دیکەی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بووە دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و باس لەوە دەکات کە پارتی کۆمۆنیستی شورەوی ئەو هەلەیان بە خراپی قۆستۆتەوە کە زۆرینەی ئەندامانی حیزبی تودە بڕوایەکی پتەویان بە ئەنتەرناسیونالیزم هەبووە، تا ئەو ڕادەیەی بە کرێگرتە و سیخوڕانی خۆیان بە سەر حیزبدا سەپاندووە و "ئەوانەی گەیشتنە پلە باڵاکانی حیزب و هێدی هێدی حیزبی تودەی ئێرانیان گۆڕی بۆ ئامرازێکی وەدیهاتنی سیاسەتەکانی شورەوی"[٣٨] دیارە گەر لە نوسینەکانی (خلیل ملکی و ایرج اسکندری) و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی تودە بڕوانین زۆر زیاتر سەبارەت بە وابەستەیی ئەو حیزبە بۆ شورەوی بەر چاو دەکەوێت(٣٩). ڕاستییەکی بەو چەشنە کە سەرچاوەی ڕاستەقینەی زۆربەی کەم و کورتییەکانی دیکەی حیزبی تودە بوو.

٢/١/١: ڕاڤە کردنی چەواشەکارانە و گرتنە بەری هەڵوێستی چەوت لە حاست جوڵانەوەی دیموکراتی ئێراندا

بنكەی ژین
www.zheen.org

یەکێك لە توندترینی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی حیزبی تودەی ئێران کراون، بریتییە لە هەڵنەسەنگاندنێکی واقیعبینانە بۆ ڕووداوە چارەنووسسازەکانی ئێران لە کاتی خۆیدا و گرتنە بەری سیاسەتێکی ئوپۆرتۆنیستی و چەواشەکارانە و هەڵوێستی چەوت وناشۆڕشگێڕانە لە حاست خەباتی ئازادیخوازی و دیموکراتی گەلانی ئێران و دژی یکتاتۆری و نفوزی بێگانە لە وڵاتدا، کە ئاکامەکەی بە زیانێکی مەزن بۆ ئەوخەباتە کۆتایی هاتووە و ئاوی بە ئاشی ڕژێمە دیکتاتۆر وسەرکوتکەرەکانی ئێراندا کردووە، بۆ نموونە:

١/٢/٢/ ١: زەمینە خۆشکردنی بۆ (قوام السلطنە)ی فریودەر

ئاشکرایە حیزبی تودە بە درێژایی تەمەنی و بە تایبەتی لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە کلاوڕۆژنەی قازانج وبەرژەوەندییەکانی شورەوییەوە، ڕووداوەکانی هەڵسەنگاندووە و هەڵوێستی لێگرتوون، هەربۆیە کاتێك مەسەلەی جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلانی غەیرە فارس، بە تایبەتی لە کوردستان وئازەربایجان بە دامەزراندنی دەسەڵاتی میللی خۆیان هەنگاوێکی مەزن چونە پێش، و پێویستی ئەوە لە بەردەمدا بوو، کە لەگەڵ جوڵانە وەی دیموکراتی سەراسەری ئاوێتە بکرێن و زەمینەی دیموکراتیزەکردنی ئێران بڕەخسێنرێت، ئەو کاتە حیزبی تودە لە سۆنگەی شورەو یخوازی و بێ ئەزمونی و هەڵنەسەنگاندنی ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی مەسەلەکان، سیاسەتێکی چەوت و مانۆڕێکی سەرە ڕۆیانەی گرتەبەر، ئەویش بە چەواشەکردنی هێزە دیموکراتخوازەکانی ئێران و کۆکردنەوەیان بوو لە بەرەیەکدا بە ناوی (جبهە مؤتلفە احزاب ازادیخواه) و تەسلیمکردنی جڵەوی

بنکەی ژین www.zhen.org

ئەو بەرەیە بوو بە فێڵبازترین و بێگانە پەرەستترین و کۆنەپەرەستترین سیاسەتکاری ئێران واتە (قوام السلطنە).

شایەنی باسە قوام وەك پاداش و بۆ فریوکاری، سەرەتا سێ کورسی وەزارتەکانی حکوومەتەکەی بە سێ ئەندامی هەلپەرەستی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بەخشی، و مانۆڕێکی ڕیاکارانەی گرتە بەر تا خۆی وەك ئازادیخوازێکی شورەویخوازی ڕاستەقینە بێنیتە بەرچاو، ئەوەش زەمینەی چوونە دەرەوەی هێزەکانی شورەوی لە ئێران و ڕوخاندنی هەر دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان، و گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهی بۆ ناوچە ئازادەکانی ئێران ڕەخساندەوە وگورزی توند لە جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێران وەشێنرا، مەسەلەیەکی وا کە خودی کیانووری لە بیرەوەرییەکانیدا بە داخێکی زۆرەوە باسی لێوە دەکات و بە هەڵەیەکی مەزنی دادەنێ لە مێژووی حیزبی تودەدا[٤٠].

٢/٢/٢/١ : هەڵوێست لە خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و حکوومەتی بەرەی نیشتمانی

وەك دەزانرێت جوڵانەوەی دیموکراتی نیشتمانی ئێرانی لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای پەنجاکانیدا بوژانەوەیەکی خێرای بە خۆوە بینی، بە جۆرێك پاشەکشەی بە دەربار و هێزە شاپەرەستەکان لە وڵاتدا کرد و بۆ ڕیشە کێشکردنی نفوزی سیاسی و ئابووری پیرە ئیستیعماری بەریتانیا کەوتە خۆ، و توانی دەسەڵات بگرێتە دەست و دروشمی (خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران) بکاتە دروشمێکی جەماوەری، حیزبی تودە کە هەڵوێستێکی نادروستیان دژی بەرەی نیشتمانی و د. مصدق و دروشمی

www.zbeen.org

خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران گرتەبەر، گیروگرفتێکی گەورەیان خستە بەردەم جولانەوەی دیموکراتی نیشتمانی، و بەوەش بەشێکی مەزنی لێپرسراوێتیان سەبارەت بە شکستی جولانەوەکە لەو قۆناغە دا و سەرکەوتنی کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣ی شاپەرەستەکان کەوتە سەر شان.

شایەنی باسە حیزبی تودە لە کلاوڕۆژنەی ئەو باوەڕەی کە کۆمۆنیستە شورەوییەکان قسەیان لێوە دەکرد، گوایە چینی بۆرجوا لە خەباتی گەلانی کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنیدا پشتی لە دروشمی دیموکراسی وەرگێڕاوە و مەبەستێکی وا تەنیا لە ڕێگای ئینتەر ناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریاوە ئەگەری سەرکەوتنی دەبێت، لێرەوە بەرەی نیشتمانییان بە جەریانێکی پەیوەست بە چینی بۆرجوا و موڵکداری لیبراڵ دەدایە قەڵەم، کە تێکۆشانی سرۆشتێکی ریفۆرمیستانەی چەواشە کارانەی هەیە و دەیەوێت بە پشتبەستن بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا شوێنێکی لە دەسەڵاتدا چنگ کەوێت و لە بنەڕەتدا کار بۆ چەسپاندنی نفوز و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ئێراندا دەکات. هەر بۆیە حیزبی تودە لە تەواوی ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی خۆیدا ناوی (بەرەی ئیمپریالیستی)، (بەرەی دژی میللی) و (نۆکەرانی ڕیسوای ئیسیعماری) لە جیاتی بەرەی نیشتمانی بە کار هێناو بە سووک ترین شێوە نێوی ڕێبەرەکانی دەبردن و، لەقاودانی دروشمەکانی بەرەی نیشتمانی وهەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی جەماوەر لەو بەرەیەی لەم قۆناغەدا کردبووە ئەرکی پلەیەکی خۆی[٤١].

ئنکەی ژین
www.zheen.org

حیزبی تودە هەوڵی دەدا واڵە خەڵك بگەیەنێت، کە دروشمی خۆماڵیکردنی نەوت دروشمێکی فریودەرانەیە لە لایەن بەرەی نیشتمانییەوە بەرز کراوەتەوە، و لە کاتێکدا حکوومەتێکی دیموکراتیکی شورەوی دۆست لە ئێراندا دەسەڵاتدار نەبێت، وەدیهاتنێکی راستەقینەی دروشمێکی وا ئیمکانی نابێت،

لە بەر ئەوە حیزبی تودە لە بەرامبەر ئەو دروشمەی بەرەی نیشتمانیدا، دروشمی (ڕەتکردنەوەی بێ قەید و شەرتی ئیمتیازی نەوتی باشور) هەڵبڕیبوو[٤٢].

دەبێ بگوترێت، ویڕای ئەوهەڵوێستە سەرسەختەی حیزبی تودە دژی بەرەی نیشتمانی و بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران، کەچی ئەو بزووتنەوەیە تا دەهات زیاتر فراوانتر و جەماوەری تر خۆی دەنواند ولە ئامانجەکانی نزیك دەکەوتەوە، بە چەشنێکی وا پاشەکشەیەکی کاتی بە دەربار و هێزە شاپەرەستەکان و کۆمپانیای نەوتی ئێرانی ـــ ئینگلیزی کرد و هەنگاوی بەرەو دیموکراتیزە کردنی ئێران دەهاوێشت[٤٣].

لە هەل و مەرجێکی بەو جۆرە و پاش بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆر، ئینجا حیزبی تودە سەد وەشتا پلە لە هەڵوێستی پێشووی بایداوەو کەوتە لایەنگری بەرەی نیشتمانی، و زۆربەی کات جەماوەری خۆی بۆ پشتگیری مصدق دەڕژانە سەر شەقامەکان و لەگەڵ پۆلیس وهێزە شاپەرەستەکاندا ڕووبەڕوو بوونەوەی خوێناوی دەقەوماند، جگە لەوەی دروشمی قەبە و توندڕوانەی ناوەختی وەك: دابەشکردنی بێ بیمەی زەوی موڵکداران بە سەر جوتیاران، دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتێکی گەلی، میللەتی ئێران کودەتا بە دژە کودەتا وەڵام دەداتەوە...هتد یان بەرز دەکردەوە و ئاکاری ئانارشیستانە و ئۆپۆرتۆنیستانەیان ڕۆڵی لە ئاڵۆز کردنی بارودۆخەکەدا دەبینی[٤٤].

کەچی لە ڕۆژی کودەتاکەی زاهدی و ڕوخانی حکوومەتی مصدق دا، وێڕای ئەوەی حیزبی تودە لە توانایەکی جەماوەری مەزن و ڕێکخراوێکی تۆکمەی سەربازی بەرخورداربوو، نەك هەر دژە کردەوەیەکیان بەرامبەر کودەتا و پیلانی شاپەرەستەکان لێ نەبینرا، بگرە ئەندام ولایەنگرانیشیان لە ماڵ نەهاتنە دەر،

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوەشی قسەیان لێدەکرد گوایە لە (٢٠)ی ئابدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و چەکداری و ڕێکخراوەیی بەرفراوان بە دژی کودەتا دەستپێدەکا، درۆ دەرچوو، پاساویشیان بۆ ئەو مەسەلەیە ئەوە بوو "ئەگەر کارێکی چەکدارانەمان کردبا، شکست و سەرکوت توندتر دەبوون و پێشقەڕە و لانمان بێ ئامادە باشییەکی گشتی لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نابەرامبەردا لە دەست دەدا"[٤٥]!!.

پاشتریش حیزبی تودە لە بڵاوکراوەیەکدا بە ناوی (دربارە ٢٨ی مرداد) کە ڕۆژی کودەتاکەیە، هەوڵی دابوو لە سایەی لێکدانەوەیەکی ستالینی بۆ شۆڕشی دژی ئیمپریالیستی گەلانی جیهانی سێ، گوایە لەو شۆڕشانەدا ڕێبەرایەتی لە ئەستۆی چینی بورجوایە، ئۆباڵی هەر بەرپرسیارییەکی شکستی جولانەوەی دیموکراتی نیشتمانی ئێران لە ئەستۆی خۆیان داماڵن و هەمووی بهاوێنە سەرشانی بەرەی نیشتمانی و مصدق[٤٦]. ئەو جولانەوەیەی لە دەورانی شۆڕشی مەشرووتە خوازییەوە دەرفەتی بەو شێوەیە گونجاوی لە ئێراندا بۆ نەڕەخسا بوو.

٣/٢/٢/١ : حیزبی تودە و دامەزراندنی ڕژێمێکی تیۆکراتی لە ئێران.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخانی ڕژێمی شاهەنشاهی لە شوباتی ساڵی ١٩٧٩دا، هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە پێناو پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی و گرتنە دەستی دەسەڵات لە ململانێیەکی توندا بوون، تێکڕای مەسەلەکەش بەو ئاقارەدا دەڕۆیی کە باڵی ڕادیکاڵی مەزهەبی و ئاخوندە بونیاد گەراکان بەرابەری (خومەینی) لە پەیجوری پێکهێنانی حکوومەتێکی تیۆکراتی پاوانخواز و دەرپەڕاندنی تێکڕای هێزە

بنکەی ژین www.zheen.org

سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران بوون لە سەرشانۆی سیاسی وڵات، بە تایبەتی هێزە لیبراڵ و چەپ و سیکۆلارەکان[٤٧].

حیزبی تودە لەم قۆناغە چارەنووسسازەشدا سیاسەت و هەڵوێستێکی هێندە چەوت و نالەباری گرتەبەر کەنەك هەر ڕۆڵێکی خەتەرناکی لە باربردنی شۆڕش و بەلاڕێبردنیدا دیت، بەڵکوو سەری خۆشی پێوە خوارد، ئەویش بە پشتکردنە نێوەرۆکی سیکۆلاری هەر حیزبێکی مارکسی و چەپی ئەم حیهانە و بوونە ماسکی هێزێکی مەزهەبی و ڕێگا خۆشکردن بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی تیۆکراتی لە ئێراندا.

حیزبی تودە لە سایەی بیرۆکەی (راه رشد غیر سرمایداری/ ڕێگای گەشەکردنی ناسەرمایەداری) دا پێی وابوو ئێران لە قۆناغی شۆڕشی دیموکراتیکە و دەبێ پشتگیری بێ قەید وشەرتی ڕێبەرایەتی شۆڕشەکە بکرێت کە نوێنەری چینی بۆرجوای نێوەنجی و شۆڕشگێڕە و لە ڕێگای پەیوەندی توند و تۆڵ لەگەڵ یەکێتی شورەوی و بلۆکی سۆسیالیستی جیهانیدا، دەتوانرێت شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئێراندا وەدی بهێنرێت[٤٨]. ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو حیزبی تودە هەر لە سەرەتاوە لێکدانەوەیەکی نازانستیانە و کوێرانەی لە مەڕ شۆڕشەکە و ماهییەتی باڵی ڕادیکاڵی مەزهەبی هەبوو، تێکڕای هەڵوێستە چەوتەکانیش لێرەوە سەرچاوەیان دەگرت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

کیانوری سکرتێری یەکەمی حیزب و ئاراستەگەری سیاسەتەکانی تودە، لەم قۆناغەدا پێی وا بوو ڕێبەرایەتی ئاخوندی و باڵی توندڕەوی مەزهەبی لە ڕووی چینایەتیەوە بەشێك نین لە بۆرجوای مەزن و موڵکدارە گەورەکان و

پەیوەستیکیان بە هێزە کۆمپرادۆرەکانی ئێرانەوە نییە، بەڵکوو ئەوانە نوێنەری راستەقینەی زەحمەتکێشان و بورجوای شار و سەرمایەداری بچووك و ناوەندین، و هەوڵەکانیان بۆ ڕاوەدوونانی پیاوان و لایەنگرانی ڕژێمی شاهەنشاهی و دەست بە سەرا گرتن و تالانکردنی موڵك و ماڵیان، هەروەها بانگەواز کردن بۆ ڕزگاری لانەوازانی جیهان و هەڵبڕینی خەبات دژی ئەمەریکا و ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا بەسن بۆ سەلماندنی ئەو دیده[٤٩].

کیانوری بێ ئەوەی ڕێزێك بۆ سیکۆلار بوونی کۆمۆنیزم و هەر ڕێکخراوێکی مارکسی لە جیهاندا دابنێ، بە چاولێکەری (ڤلادیمیر ونیوگرادۆڤ)ی سەفیری شورەوی لە ئێران کە لێرەو لەوێ ڕایدەگەیاند "شۆڕشی موستەزعەفینی خومەینی هەمان شۆڕشی پرۆلتاریایە کە مارکس پێشبینی کردووە"[٥٠].

دەیگوت "زۆر ئاسایی دێتە پێش چاو ئەگەر گروپێك مەزهەبی بن و مارکسی ـ لێنینی نەبن، بەڵام هاوکات و بە پراکتیك لە خزمەت چینە زەحمەتکێشەکان و وەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا بن"[٥١].

شایەنی باسە حیزبی تودە ئەو باوەڕەی لا دروست ببوو، کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕێبەرایەتی خومەینی و باڵی توندڕەوی مەزهەبی دەتوانێت لە دژایەتیکردنی کۆنەپەرەستی نێو خۆی وا بەستەی ئیمپریالیزم هەنگاوی مەزن بهاوێت و سەربەخۆیی سیاسی و ئازادی نیشتمانی وەدی بهێنێ، ئەو ڕێبەرایەتییەی کە بۆ سەرخستنی شۆڕش و وەدیهێنانی ئامانجەکانی لە ئایندەدا جگە لە نزیکبوونەوە لە شورەوی و پەیوەست بوون بە بلۆکی سۆسیالیستی جیهانییەوە پەناگاو چارەیەکی دیکەی نابێت، دیارە حیزبی تودە خۆی بە زەمینە ڕەخسێنەر و ڕێگە خۆشکەری ئەو ئایندەیە دەزانی و یەکێتی شورەویشی بە دۆستی ستراتیژی وەدیهاتنی بیرۆکەی گەشەکردنی

www.zheen.org

ناسەرمایەداری ئێران بەرەو سۆسیالیزم دەدایە قەڵەم، بۆ ئەوەش دروشمی (تثبیت، تعمیق و گسترش انقلاب/ چەسپاندن، قوڵکردنەوە و پەرەپێدانی شۆڕش)ی هەڵبڕیبوو[٥٢].

لێرەوە حیزبی تودە هەر لە سەرەتا و پشتگیری بێ قەید و شەرتی خۆی بۆ باڵی مەزهەبی توندڕەو ڕاگەیاند و ڕۆڵێکی پڕۆپاگندەی بەرچاوی لە هاندانی زەحمەتکێشان و چەواشەکردنی کۆمەڵانی خەڵك دا هەبوو، تادەنگ بۆ ڕژێمێکی تیۆکراتی و دەستورێکی مەزهەبی لە ئێراندا بدەن و لە ڕێگای ئۆرگان و بڵاوکراوەکانییەوە هێرشی توندی دەکردە سەر مەزهەبی لیبراڵ و نیشتمانییە دیموکراتخواز و چەپەکانی ئێران و تێکڕای ئەو ڕێکخراوانەی ئامادە نەبوون لە پشتی ئیمامی خومەینی یەوە بۆ دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و چەسپاندنی سوسیالیزم لە ئێراندا سەنگەر بگرن[٥٣].

حیزبی تودە ئەو هێزانەی دەرەوەی خەتی ئیمام بە (جبهه متحد ضد انقلاب/ بەرەی یەکگرتووی دژی شۆڕش) نێوزەد دەکرد وهەوڵیدا لە بەرامبەریاندا (جبهه متحد خلق/ بەرەی یەکگرتووی گەل) و (اتحاد همەنیروهای ضد امپریالیستی/ یەکێتی هەموو هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی) بۆ لایەنگری و پاڵپشتی ڕژێمی خومەینی دابمەزرێنێت[٥٤].

لە ڕاستیدا حیزبی تودە کە ڕۆڵی حیزبێکی بەر هەڵستکاری وەفادار ویاسایی دەبینی، وێڕای ئەوەی ئاکاری توندڕەوانە وسەرەڕۆیانەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی نوێی پاساو دەدا و بە کاری شۆڕشگێڕانە و دژی ئیمپریالیستیانەی نێوزد دەکردن، لە پەیجوری ئەوەشدا بوو درز بکاتە نێو ڕێکخراوە چەپەکانی دیکەی ئێران و لەو ڕێگایەوە بیانهێنێتە خەتەوە و لایەنگر بۆ سیاسەتەکانی بدۆزێتەوە، یا خود هانی پەرت بوون و جیابوونەوە

www.zheen.org

لە نێو ئەو ڕێکخراوانە بدات و ئەوانە بگرێتە خۆی کە هاودیدی حیزبی تودەن و ڕێگای ناسەرمایەداری گەشە سەندییان بەڕێبەرایەتی ئیمام قبووڵە.

لەوەش بترازێ، دەمێکی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە هێزە ئازادیخوازە لیبراڵ و چەپ و کۆمۆنیستەکان ڕاپەڕی و هەموویانی لە سەرشانۆی سیاسی وەدەرناو شاڵاوی سەرکوتی بردنە سەر و کەوتە پاوانکردنی دەسەڵاتی وڵات، حیزبی تودە وێڕای پشتگیریکردنی هەنگاوەکانی ڕژێم، تێدەکۆشا لە ڕێگای جاسووسەکانییەوە زانیاری تەواو لە سەر ئەو ڕێکخراوانە، بیروباوەڕیان، لایەنگر و ئەندامانیان، سەرچاوەی یارمەتی و جۆری چەکیان...هتد، کۆبکاتەوە بیخاتە بەردەست دەزگا سەر کوتکەرەکانی ڕژێمی نوێ، بگرە لە هێندێک شۆنیشدا، حیزبی تودە بە پراکتیك ڕاستەوخۆ لە سەرکوتکردنی ئەو هێزانەدا بەشداربوو، ئەوەش مەسەلەیەکە پێشتر لە هیچ جێگایەك و لە مێژووی ئێراندا نەدیتراوە کە ڕێکخراوێکی مارکسی ببێتە هاوکار و پاڵپشتی ڕژێمێکی مەزهەبی بۆ سەرکوتکردنی هێزە کۆمۆنیست و چەپەکانی ئەو وڵاتە.

هەر بۆیە ڕێکخراوێکی مارکسی ئێرانی سەبارەت بەم هەڵوێستەی حیزبی تودە لەم قۆناغەدا نووسیویە:

"حیزبی تودەی ئێران..... کە تا ئەم قۆناغە لە ژێر پەردەی ئەنترناسیۆنالیزمی پرولیتری دا و ئەوەی کە لە چەرخی تێپەرین لە سەرمایەدارییەوە بۆ سوسیالیزم وردە بورجوازی ناوەرۆکێکی نوێی گرتووە و ئیسلامی یان بە "شۆڕشگێڕ و دژی ئیمپریالیست" دایە قەڵەم و لایەنگری یان لێ کرد، ئەم هەلپەرستانە.... بە ڕەچاو کردنی ڕێبازێکی ڕیفۆرمێستی ودژی شۆڕشانە، بەڕاشکاوی و بە کردەوە دەستیان خستە ناو دەستی ئۆرگانە سەر کوتگەرەکانی حکوومەتەوە و بە جاسووسی کردن بۆ کۆماری ئیسلامی و بە چەوتی کێشان و هەڵداشتی بەشێك لە هێزی چەپ، یاریدەدەر و سەلمێنەری

www.zhen.org

سەرکوتی دڕندانە و دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی بوون، کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران هیچ کات خەیانەتی ئەم ڕێکخراوە لە دەورەی سەرکوتی فاشیستانەی حکوومەتی ئیسلامیدا لە بیر ناکەن"(٥٥).

٣/٢/١: حیزبی تودە و ساواکی بوو

کاتێك لە سەر ڕێبەرایەتی حیزبی تودە قسە بکرێت راستییەك هەیە پێویستە بدرکێنرێت ئەویش ئەوەیە، بە بەراورد کردنی ڕێبەرایەتی ئەوحیزبە لەگەڵ زۆر حیزبە کۆمۆنیستەکانی ناوچەکانی دیکەی خۆرهەلأتی ناوەڕاستدا، ئەندامەکانی ڕێبەرایەتی تودە زیاتر لەو لاوە خوێندەوارە فارسانە پێکهاتبوون کە لە بنەماڵەی داراو بووە چاویان هەڵهێنابوو، و بە نازیش پەروەردە کرابوون و تاڵ و سوێری ژیانیان نەچێشتبوو،هەر بۆیە ئەوانە زۆرکەمتر لە ئەندامەئاساییەکانیان ئامادگی قوربانی و بەرگە گرتنی هەل ومەرجە نائاساییەکان و ڕووبەڕووبونەوەی قۆناغە سەخت و پڕ نەهامەتییەکانی ژیانی حیزبیان هەبوو، ئەوانە ئامادەبوون بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ومانەوەیان بە ئاسانی پشت لە بیر و باوەڕ و ڕەوشتی حیزبایەتی بکەن و لەژێر فشاری دەزگا سەرکوتەکەرەکانی رژێمدا بە ئاسانی تەسلیمی خواستەکانی بن و ئامادەیی هاوکاری و جاسوسیکردن بن.

دیارە پاش کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣ و گرتنی بەشێك لە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە لایەن فەرمانداری نیزامی تاران، کەسانی وەك (محمد بهرامی، نادر شرمینی، امان الله قریشی و دوکتور مرتضی یەزدی بۆ ڕزگار کردنی گیانی خۆیان ئامادەی هاوکاری تەواو بوون (٥٦)، پاش ئەوەش کە ئەو

www.zheen.org

فەرماندارییە لە ژێر سەرپەرەشتی تەیمور بەختیاردا ناوەکەی لە ساڵی ١٩٥٧دا گۆڕدرا بۆ (ساواك) واتە (سازمان امنیت و اطلاعات كشور/ ڕێکخراوی ئاسایش و هەواڵ کۆکردنەوەی وڵات) وبووە ترسناکترین و بەدناو ترین دەزگای سەرکوت و تۆقاندن لە جیهاندا و ئەرکی یەکەمی ببووە ڕاوەدونان و گرتن و لێدانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، بە تایبەتی حیزبی تودە و ئەندامانی[٥٧]، ئەم ڕێکخراوە بە درێژایی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چەندەها کەسایەتی ناسراوی تودەیی وەك (ارسلان پوریا، متقی، قدرت الله نادری، برادەران یزدی (حسین و فریدون) و عباس علی شهریاری) کڕی و لە ڕێگای ئەوانەوە توانیویەتی نەك هەر ئەندامانی حیزبی وەك (خسرو روزبە، محمد حسین معضوم زادە، حسین رزمی، پرویز حکمت جو) بخاتە ڕاوەوە و گوللەباران و بێ سەرو شوێنیان کات، بەڵکوو کۆنترۆڵی تەواوی چالاکییەکانی حیزبی تودەشیان لە ئێران کرد و بەویست و قازانجی خۆیان ئاراستەیان دەکرد، بە تایبەتی ڕۆڵی بەر چاوی شهریاری لەو بوارەدا ئاشکرایە، ناوبراو دۆستی نزیك و جێی باوەڕی پلەیەکی د. رادمنیشی سکرتێری یەکەمی حیزب و بەرپرسی یەکەمی کۆمیتەی تاران و تێکڕای ڕێکخراوە هەرێمییەکانی تودە بوو لە نێو ئێراندا. مەسەلەیەکی وا کە زیاتر چالاکییەکانی حیزبی لە ئێراندا ئیفلیج دەکرد و تۆوی بێ بڕوای لە دڵی ئەندام و لایەنگرانی حیزبدا سەوز دەکرد[٥٨].

بنکەی ژین
www.zheen.org

٤/٢/١ : کەم و کووڕییە نێوخۆیییەکان

١/٤/٢/١: فراکسیۆنگەرایی و دووبەرەکی

ئاشکرایە حیزبی تودە بە درێژایی مێژووی خۆی بە دەست دیاردەی فراکسیۆنگەرایی و دووبەرەکی سەختی ڕیزەکانییەوە ناڵاندوویەتی، کە

جیاوازی بیرو ئایدیا فاکتەرێکی لاوازی ئەو دووبەرەکییە پێکدێنێت و مەسەلەکانی رق و کینە تۆزی شەخسی و ململانێی نابەجێ و ئاکاری پاشقولگرانە و خۆبردنە پێشەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی ڕێبەرایەتی سەرچاوە سەرەکییەکەی بوون، شایەنی باسە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بۆ سێ باڵی جیاواز دابەش ببوو، باڵی ڕاستڕەو کە (خلیل ملکی، انور خامە، محمد رضا قدە و عباس نراقی) نوێنەرایەتییان دەکرد و ساڵی ١٩٤٧ لە تودە جیابوونەوە و ڕەوتێکی سۆسیال دیموکراتیان گرتەبەر و (حزب سوسیالیست)یان پێکهێنا، باڵی مەیانەڕەو کە (ایرج اسکندری، د. رادمنش، فریدون کشاورز، نادر شرمینی، حسین جودت و مرتضی یەزدی) بوون، لەگەڵ باڵی توندڕەو و بە نوێنەرایەتی (کامبخش، کیانوری، طبری، احمد قاسمی، غلامحسین فروتن)[٥٩].

دووباڵی دواییان واتە میانەڕەو و توندڕەو، بە درێژایی تەمەنی حیزبی تودە، بە تایبەتی لە تاراوگە، لە ناکۆکی و دووبەرەکییە توندوتیژی لە ئاشتی نەهاتوودا بوون، بێ لەوەی کە پاش گرژبوونی پەیوەندی و توندوتیژ بوونی ململانێیەکانی نێوان حیزبی کۆمۆنیستی چین و شورەوی و بڵاوبوونەوەی (ماویزم)، چەند ئەندامێکی باڵی توندڕەو لە حیزب جیابوونەوە و ڕێکخراوێکی سەر بە خۆیان پێکهێنا، ئەوەش لە مێژووی حیزبی تودەدا بە گەورەترین ڕووداوی جیابوونەوە دادەنرێت.

ناکرێ ئەوەش لێرەدا لە بیر بکرێت کە پاش یەکگرتنی حیزبی تودە و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٦٠دا، ڕێبەرایەتی فیرقە کە (غلام یحیی دانشیان) نوێنەرایەتی دەکرد وەك فراکسیۆنێکی تایبەت لە تودەدا حیسابی بۆ دەکرا، ئەمە و جگە لە (رضا روستە)ی ئەندامی کارگێڕی (شورای

متحده مرکزی) کە ئەویش لە زۆر ڕووەوە شوێنێکی تایبەت بە خۆی هەبوو لە سەرکردایەتی و بڕیاردان لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا.

لە ڕاستیدا دیاردەی فراکسیۆنگەرایی مەنفی و دووبەرەکی و ناکۆکی سەخت و ئەو شێوازانەی پێی بەڕێوە دەچوون، وەك: چاڵ بۆ یەکتری هەڵکەندن، یەکتری ڕیسوا کردن، ئۆباڵی چەوت و چەوێلییەکانی حیزب خستنە ئەستۆی یەکتری، ڕاپۆرت لە یەکتری بەرز کردنەوە بۆ دەسەڵاتدارانی شورەوی ڕیز کردنی دەیان تۆمەتی/ بێ هەڵوێستی، سستی لە بەجێگەیاندنی ئەرکی حیزبین و تا جاسووسی، دزی ، بەرتیلخۆری، بەدڕەوشتی و داوێنپیسی...هتد، مەسەلەیەکی بەو جۆرە فاکتەرێکی سەرەکی ئیفلیج بوونی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی پێکدەهێنا، بە جۆرێك نەتوانێت لە مەڕ ڕووداوە گرنگ و چارەنووسسازەکان بڕیاری لێبڕاوبدات و هەڵوێستی خێراو گونجاو وەرگرێت[٤٠].

٢/٤/٢/١ : پەتای ستالینگەرایی

ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە، حیزبی تودە وەك زۆربەی پارتە کۆمۆنیستەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە دەورانی حوکمی ستالین دا و بە هاوکاری کۆمێنترن تروکابوون، بە سەختی گیرۆدەی پەتای ستالینگەرایی بوون و دیاردە دزێوەکانی ئەو (مامۆستا و خوێندنگا) یەی بە سەر دا زاڵ بوون وەك: دەردی خۆ بە پێشەنگ و پێشڕەو و تاکە ڕێکخراویی شۆڕشگێڕ زانین لە ئێراندا، سەرکردەپەرستی، کارکردنی بە پرنسیپی (مرکزیت دیموکراتیك/ ناوەندگەرایی دیموکراتی) کە ناوەندگەرایییەکی بێ سنوور و دیموکراتییەکەی بێ نێوەرۆك بوو، دژایەتی لیبراڵی و بڕوانەبوون بە ئازادییەکانی تاکەکەس، دوگمایی و چەقبەستویی هزر، پشتبەستن بە وشکە تیۆری سواو و تێکستگەرایی بێ ڕادە و سەپاندنی بە سەر واقیعدا،

دەمکوتکردنی جیابیران و سەرکوتکردنیان لە ڕێگای پاکتاوکردنی فیزیکییەوە وەك کوشتنی چەند تودەیی وەکو (حسام لنکرانی، محسن صالحی، داریوش نهادی، پرویز نوایی و آقابدار فاطمی...هتد بە تۆمەتی جیا جیا[٦١]، خوێندنەوەی فەلسەفەی مارکسیزم و تێڕوانین بۆ مێژووی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی جیهان و ئێران لە کلاوڕۆژنە و دیدی قوتابخانەی ستالین و سەرچاوەکانی شورەوییەوە ئەوەش ڕێبەر و تیۆریستەکانی تودەی تووشی نامۆیی بە مارکسیزم و لاوازی ئاستی فەلسەفی و نەبوونی رۆشنبیرییەکی قووڵی سیاسی و ناکارامەیی و بێ لیاقەتی سیاسی و ڕێکخراوەیی کردبوو، جگە لە نامۆبوون بە کۆمەڵگای ئێران و تێنەگەیشتن لە ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی گرفتە مێژوویی و سیاسییەکانی[٦٢].

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١. بۆزیاتر:

عبدالهادي كريم سلمان، ايران في سنوات الحرب العالمية الثانية، مركز دراسات الخليج العربي، البصرة،١٩٨٦.

٢. نورالدين كيانورى، خاطرات نورالدين كيانورى، موسسه تحقيقات و انتشارات ديدگاه، تهران، ١٢٧٢ش، ص ٦٧. ٦٨.

٣. محمود تربتى سنجابى، قربانيان باور و احزاب سياسى ايران، چاپ أول، انتشارات آسيا، تهران، ١٢٧٥ش، ص ٣٢٠.

٤. د. طاهر خلف البكاء، التطورات الداخلية في ايران ١٩٤١ـ ١٩٥١، بغداد،٢٠٠٢، ص ٩٣.

٥. يرواند آبراهاميان، ايران بين دو انقلاب، ترجمه: كاظم فيروزمند، حسن شمس آورى و محسن مدير شانه ، چاپ چهارم، نشر مركز، ١٢٨٠ش، ص ٢٥٦.

٦. محمود تربتى سنجابى، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٠.

٧. نورالدين كيانورى، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

٨. احسان طبرى، كژراهە. خاطراتى از تاريخ حزب توده، چاپ أول، انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٦٦، ص ٥٠.

٩. بۆ زیاتر:

تيمور بختيار، كتاب سياه (درباره سازمان افسران توده)، چاپ مطبوعات، تهران، اسفند ماه ١٣٢٤.

١٠. نورالدين كيانورى، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

١١. يرواند ابراهاميان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١.

١٢. هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٤.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٣. بۆ زیاتر:

پیتر آوری، تاریخ معاصر ایران، ترجمە: محمد رفیعی مهرآبادی. جلد دوم، چاپ چهارم، انتشارات عطائی، تهران، ١٣٧٧ش، فصل نهم.

١٤. نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥.

١٥. احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨ . ٨٢.

١٦. یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨١ . ٢٨٢.

١٧. د. طاهر خلف البكاء ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٣ – ٢٢٤.

١٨. ئەم هەوڵە لە لایەن (ناصر فخرآرائی) ەوە ئەنجامدرا کە سەر بە ڕێکخراوی (فدائیانی اسلام)بوو، ئەو ڕێکخراوەی لە ساڵی ١٩٤٦دا لە لایەن خوێندکارێکی ئاینی بە ناوی (مجتبی نواب صفوی)یەوە دامەزراو یەکێك بوو لە سەرسەختترین گروپە مەزهەبییەکان کە لە ڕووی سیاسییەوە ئەندێشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبوو، ترۆری سیاسیشی پراکتیزە دەکرد بۆ لە ناوبردنی نەیارەکانی، ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٥٦دا بە لە سێدارەدانی دامەزرێنەرەکەی کۆتایی هات. بڕوانە:

جمعی از نویسندگان، سلسله پهلوی و نیروهای مذهبي به روایت تاریخ کمبریج، ترجمە: عباس مخبر، چاپ دوم، تهران، ١٢٧٢، ص ٢٩٥ . ٢٩٧.

١٩. احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢ . ٨٦، نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣ . ١٨٥.

٢٠ . بۆ زیاتر:

سپهر زبیح، ایران در دوران دکتر مصدق، ترجمە: محمد رضا رفیعی مهرآبادی، تهران، ١٢٦٣.

٢١ . یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٧ . ٢٨٨.

٢٢ . هەڵاتووەکان بریتیبوون لە (بقراطی، مهندس علوی، کیانوری، شاندرمنی، جوادی، صمد حکیمی، خسرو روزبه، قبادی، نوشین، دکتور یزدی و احمد قاسمی)

که له کاتی خۆیدا دەنگۆکە وا کەوتبوو گوایا ڕەزم آرا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شورەوی ئەم دەرفەتەی داونێ. بڕوانە:

پیتر آوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٠.

٢٣ . خلیل طهماسبی سەر ب ڕێکخراوی فدائیانی اسلام هەستا بە کوشتنی ڕەزم ئارا، ئەو (خەلیل)ی کە ساڵی ١٩٥٥د گیراوپاشتر گوللەباران کرا. بڕوانە:

ابراهیم صفایی، رهبران مشروطه، فرهنگ و هنر، تهران، ١٣٥٦.

٢٤. یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٨٨ . ٢٨٩.

٢٥. نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢ . ٢٤٥.

٢٦. ح.ارسنجابی، یادداشتهای سیاسی، تهران، ١٣٣٥، ص٤.

٢٧. بۆ زیاتر:

مارگ.د.گازیورسکی، سیاست خارجی أمریکا و شاه، بنای دولت دست نشانده در ایران، ترجمه: فریدون فاطمي، چاپ أول، سعدی، نشرمرکز، تهران، ١٢٧١.

٢٨ – یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٤.

٢٩– نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥– ٣٣٧.

٣٠– هەمان سەرچاوە، ل ٣٥١– ٣٥٢.

٣١– احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤– ٢٣٨.

٣٢– نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٤– ٤٧٥.

٣٣– مازیار بهروز،شورشیان آرمانخواه، چپ در ایران، ترجمه: مهدی پرتوی، تهران، ققنوس، ١٣٨٠، ص١٧٠.

٣٤– هەمان سەرچاوە، ل ٢١٩،٢١٨.

٣٥–بۆ زیاتر:

خلیل ملکی، برخورد عقاید و آرا، ویرایش و مقدمه: محمد علی همایونی کاتوزیان، امیرپیشداد، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٦.

٣٦– احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣٧- هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

٣٨- فریدون کشاورز، من متهم می کنم کمیته مرکزی حزب توده ایران را، انتشارات رواق، تهران، ص ٧٩- ٨٠.

٣٩- خلیل ملکی، سەرچاوەی پێشوو" اسکندری، "حزب توده و شوروی" در فصلی در گلی سرخ. شماره ٣، پاییز ١٣٦٥.

٤٠- نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦- ١٣٧.

٤١- گذشته چراغ راه آینداست، ل ٥٨٢- ٥٨٥.

٤٢- مردم، شماره ٦٧، ٢٣ دیماه ١٣٢٩.

٤٣- سپهر زبیح، سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٤وه.

٤٤- نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢- ٢٤٧؛ مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥- ٤٦.

٤٥- گذشته چراغ راه آینداست، ل ٧٠٣.

٤٦- درباره ٢٨ مرداد، نشریه کمیته مرکزی حزب توده ایران، بهمن ١٣٣٢.

٤٧- بۆ زیاتر:

جمعی از نویسندگان، انقلاب اسلامی و چرایی و چگونگی رخداد آن، چاپ أول، قم؛ ١٣٧٨، د. آمال السبكي، تاريخ ايران السياسي بين ثورتين (١٩٠٦- ١٩٧٩)، سلسلة عالم المعرفة ٢٥٠، الكويت، ١٩٩٩.

٤٨- بۆ زیاتر: احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.

٤٩- کیانوری، نورالدین، پرسش و پاسخ درباره مشی سیاسی حزب توده ایران، (٢)، چاپ أول، شرکت سهامی، تهران، ١٢٥٨، ص ٢٤- ٢٥.

٥٠- وەرگیراوە لە: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، سیاست خارجی ایران در دوران پهلوی ١٣٠٠- ١٣٥٧، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٥، ص ٤٨٤.

٥١ ـ نورلدین کیانوری، پرسش و پاسخ....، ل ٢٥.

٥٢ ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

www.zheen.org

٥٣ . شایەنی باسە کیانوری ئەوەندە بە توندی و بیّ قەید و شەرت لایەنگری باڵی مەزهەبی توندڕەوی دەکرد کە لە لایەن (د. کریم سنجابی) یەوە ناوی (آیة الله کیانوری) بە سەردا دابڕا. بڕوانە:

دکتر کریم سنجابی، امیدها و نا امیدی ها، چاپ اول، لندن، ١٢٦٨، ص ٣٧٠.

٥٤ . مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥.

٥٥ . سازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران (راهی کارگەر) . کۆمیتەی کوردستان، کورتەیەك بۆ ناسینی سازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران (راهی کارگەر)، بیّ ش، بیّ م، ل ١٨ . ١٩.

٥٦ . مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

٥٧. بۆ زیاتر:

ارتشبد حسین فردوست، ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، جلد أول،چاپ دوم، تهران، ١٣٧٠،ص ٢٧٩ . ٤٧١.

٥٨. احسان طبری،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨– ١٨٩، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٥٤ "

نوالدین کیانوری، خاطرات....،ل ٤٤٣– ٤٦١.

٥٩– مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥– ٦٠.

٦٠– بۆ زیاتر، احسان طبری ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٧– ٢٩٤.

٦١– بۆ زیاتر: محمد رضا پهلوی، پاسخ به تاریخ، به کوشش: شهریار ماکان، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٧، ص ٣٤٨– ٣٤٩.

٦٢– بڕوانە: خلیل ملکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢، ١٢٤؛ مازیار بهروز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣– ٢٦٩.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی دووەم:

بەدواداچونێکی مێژوویی هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران ١٩٤١ ـــ ١٩٨٣.

١/١/٢: هەڵوێستی حیزبی تودە لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و دەورانی حکومەتی کوردستاندا ١٩٤١ ـ ١٩٤٦

وەك بەڵگە و سەرچاوە مێژووییەکان دەریدەخەن، بە درێژایی ساڵەکانی پاش دامەزراندنی حیزبی تودە و جەنگی دووەمی جیهانی، ئەو حیزبە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران بە گشتی، و سەبارەت بە کێشەی کڵپەسەندووی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران، تەواو بێ هەڵوێست بووە، شایەنی باسە نە یەکەمین بەیاننامەی ڕاگەیاندنی حیزبی تودە، و نە مەرامنامەی کۆنفراسی یەکەمی ساڵی ١٩٤٢، و نە ئەو بەرنامەیەی لە لایەن فراکسیۆنی تودەوە پێشکەش بە مەجلیسی چواردەهەم کرابوو، باسێکی لە سەر کێشەی نەتەوایەتی و خواستەکانی هەرێمە غەیرە فارسەکانی ئێران تێدا نەبوو، لە ڕاستیدا تودە بە چەسپاندنی (حفظ استقلال و تمامیت ایران / پاراستنی سەربەخۆیی و یەکێتی خاکی ئێران) وەك ئامانجێکی پلە یەکی لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا و جێگیر نەکردنی بەندێك سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی (٦٣)، جگە لەوەی چاوی لە ستەمێکی گەورەی دەورانی

بنکەی ژین www.zheen.org

دیکتاتۆری ڕەزاشاهی پۆشیبوو، و لەگەڵ ناسیۆنالیستانی فارسدا خۆی لە سەنگەرێك نابوو، بەوە خۆی لە ئاڵۆزترین و مەزنترین مەسەلەکانی ئێران دزیبووەوە.

چونکە پاش داگیر کردنی ئێران لە ئابی ١٩٤١ و هەڵوەشانەوەی لەشکری شاهەنشاهی و ڕووخاندنی دیکتاتۆری ڕەزاشا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە، جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران لە پێناو وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان و ڕەتکردنەوەی ستەمی دەزگا سەرکوتگەرەکانی نەتەوەی سەردەستەوە بە خێرایی پەرەی گرت، ئەوانەی خوازیاری دامەزراندنی میکانیزمێکی نوێ بوون بۆ پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاکانی ئێران کە لە سەر بنەمای (دیموکرتی، دادپەروەری و یەکسانی) بێتەدی.

پێویستە بگوترێت کە لەو لایەنەوە جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد دژی زۆرداری نەتەوەیی و دامودەزگاکانی دەوڵەتی ناوەندی بە هۆی چەند تایبەتمەندییەوە لە نەتەوە غەیرە فارسەکانی دیکەی ئێران بە هێزتر بوو، شایەنی باسە کوردستانی ئێران بە درێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی شوێنی ڕوودانی چەندین ڕاپەڕینی چەکدارانە و سیاسیانە بوو بە دژی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ناوەندی، ئەو ڕاپەڕینانەی لە ناوچەکانی بانە، ورمێ، هەورامان و مەریواندا دەقەومان، بە شێوەیەك ئامانجی سیاسی، نەتەوایەتی، ئیداری و فەرهەنگییان هەبوو، و دژی سیاسەتی سەنتڕالیسیت و توندوتیژ و فارسگەرایی بوون(٦٤).

پەرەگرتنی حیزبی تودە و دامەزراندنی بنکە و بارەگاکانی لە هەرێمە غەیرە فارسەکان و زۆربوونی ئەندام و لایەنگرانی، بە پراتیك کێشەی نەتەوایەتی کێشایە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە، ئەو کێشەیەی لە کۆنگرەی

یەکەمی حیزبدا لە ساڵی ١٩٤٤ زۆر بە زەقی ڕووبەڕووی ڕێبەرایەتی حیزب بووەوە، پاش ئەوەی ژمارەیەك لە نوێنەرە تودەییە غەیرە فارسەکان دەنگی ڕەخنە و گازندەیان هەڵبڕی، شایەنی باسە یەکێك لەو ٤٤ نوێنەرە ئازەرییانەی بەشداری کۆنگرە بوون لە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە ڕاپەڕی و بە تورکی ئازەری ڕەخنەی توندی لەوە گرت، کە بە گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە ئاوڕ لە خواست و نەهامەتییەکانی هەرێم و ناوچە غەیرە فارسەکان ناداتەوە و گوێی خۆی لێ خەواندوون. نوێنەرێکی گەیلانیش ڕایگەیاند، کە حیزب بە مەبەستی ڕێکخستنی کرێکاران و وەرزێرانی ناوچەی گەیلانی ئازەری نشین و تورك زمان، چەند ڕۆشنبیرێکی فارسیان ناردۆتە ئەو ناوچەیە کە فریان بە زمانی ئازەرییەوە نییە و خەڵکی لێیان تێناگەن[٦٥].

هەروەها لە دوادانیشتنەکانی کۆنگرەی یەکەمدا، ئەو مەسەلەیە هاتبووە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە پێویستە حیزب حیسابێك بۆ تایبەتمەندێتی و داواکارییەکانی هەرێمە غەیرە فارسەکان بکات و بە خانەی فەرامۆشییان نەسپێرێت، بەڵام وەك سەرچاوەیەکی هەواڵ سەفارەتی بەریتانیای لە تاران ئاگادار کردۆتەوە، کۆنگرە لە دانیشتنە نهێنییەکانی خۆیدا، بە توندی دژی هەر مەیلێکی جیاخوازانەی هەرێمەکان وەستاوە، و قسە کردنی لە سەر هەر مەسەلەیەك کە ببێتە هۆی لاواز کردنی یەکێتی خاکی ئێران و کەلەبەر دروستکردن لە نێوان فارس و غەیرە فارسدا ڕەتکردۆتەوە[٦٦]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تودەش وەك بورجوازی حاکم، قسە کردن و ئاوڕدانەوە لە خواستی هەرێم بە نەتەوە غەیرە فارسەکان بە هەڕەشە لە سەر یەکێتی خاکی ئێران و جیاخوازای و کەلەبەر دروستکردن لە نێوان فارس و غەیرە فارسدا دەداتە قەڵەم، بێئاگا لەوەی کە بێدادی نەتەوایەتی لە ئێران لە جیاتی

www.zheen.org

کەلەبەر، دەلاقە و شەبەقێکی مەزنی لە پەیوەندییەکانی نێوان گەلی فارسی سەردەست و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێراندا دروستکردووە.

هەر بۆیە لە مەرامنامەی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی تودەدا هیچ ئیحتیبارێك بۆ کێشەی نەتەوایەتی و خواستی هەرێم و نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران دانەنرابوو، بە چەشنێك بەرنامەی حیزب تەنیا ئەسڵێکیشی لەو باریەوە لە خۆنەگرتبوو، ئەوەش کە سەبارەت بە "ئازادی تەواوی کەمینەکان لە ڕووی ئاینی و فەرهەنگییەوە" یا خود "یەکسانی تەواوی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەموو ئەندامانی میللەتی ئێراندا بێ جیاوازی ئاینی و نەژادی تاکەکان"[٦٧] قسەی لێکرابوو، مەبەست لێی کەمینە ئاینییەکانی وەك (جوو، زەردەشتی، ئاسووری...هتد) بوو، نەك نەتەوە غەیرە فارسەکانی وەك (کورد، ئازەر، بلوچ، عەرەب....هتد).

لە لایەکی دییەوە، حیزبی تودە کە لە سالآنی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە خێرایی پەرەی دەسەند، لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیش نفوز و لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات و چالاکی بنوێنێ، بەڵام ئەو هەوڵەی بە سەختی شکستی هێنا، و جگە لە شاری کرماشان[٦٨] و شارۆچکەی بۆکان و میاندوئاو، نەیتوانی لە شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانی ئێراندا خۆنیشاندا، ئەوەش وێڕای بافتی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانی عەشیرەتی کۆمەڵگای کوردەواری، کە وەك پێویست چینی کرێکار و کارمەندە حکومییەکان و خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی تێدا نەبوون، لە بێ هەڵوێستی حیزبی تودە سەبارەت بە کێشەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران بە گشتی، و کێشەی کورد بە تایبەتی، سەرچاوە دەگرێت، جگە لەوەی کە تودەییەکان لە کوردستاندا بە کۆمۆنیست و بێگانە پەرەست دەناسران و زۆرینەی خەڵك لەو لایەنەوە لێیان بە گومان بوون[٦٩].

www.zheen.org

لەو بارەیەوە کونسوڵی بەریتانی لە تەورێز، پاش ئەوەی گەشتێکی بە ناوچەی ئازەربایجانی خۆرئاوا و ناوچەی موکریاندا لە ساڵی ١٩٤٢دا کردووە، نووسیویە "خێڵەکانی کورد بە هاندانی سەرکردەکانیان بە توندی دژایەتی حیزبی تودە دەکەن، بە جۆرێك ڕێگەیان نەداون تەنانەت بارەگاش لە ناوچەکانیاندا بکەنەوە"(٧٠). هەروەها (هێمن موکریانی)ش لە (تاریك و ڕوون)دا باس لەوە دەکات کە لە کوردستاندا ژمارەیەکی کەم لە ئەرمەنی و کورد لایەنگری حیزبی تودە بوون و هەوڵەکانی ئەو حیزبە بۆ بارەگا کردنەوە و ڕاکێشانی ئەندام و لایەنگر لە هەرێمی موکریاندا بە گشتی بێ بەر بوو(٧١).

شایەنی باسە هەرێمی موکریانی کوردستانی ئێران ڕاستەوخۆ پاش ڕوخاندنی دیکتاتۆری ڕەزاشا و هەڵوەشانەوەی دەزگا سەرکوتگەرەکانی دەسەڵاتی ناوەندی و نەمانیان لە ناوچەکە، هەروەها بە هۆی هێندێك تایبەتمەندی جوگرافی و کۆمەڵایەتی، و کاریگەری جوڵانەوەی ئازادیخوازی کوردەکانی کوردستانی عێراق لە سەری، هەل و مەرجێکی ئاوەڵا و لەباری تێدا هەڵکەوت و پاش ماوەیەکی کەم بووە سەنتەری چالاکی ڕێکخراوەیی و سیاسی و نەتەوەیی کوردەکانی ئێران. لەو ڕووەوە، دەتوانرێت (حیزبی ئازادی کوردستان) بە ڕێبەری (عزیز زەندی) بە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا بدرێتە قەڵەم، ئەو حیزبەی کە پەیڕەو و پرۆگرامێکی نەتەوەیی دیموکراتی پێشکەوتووخوازانەی هەبوو، و بە گەرمیش تێدەکۆشا لە ساڵانی ١٩٤١ ــ ١٩٤٢دا جوڵانەوەی سیاسی و چەکدارانەی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی ئاوێتە و ئاراستە بکات، ئەو تێکۆشانەی ڕووبەڕووی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئێران و هاوپەیمانەکان بووە و نەیتوانی ئامانجەکانی بێنێتە دی. بە تایبەتی روسیای شورەوی کە هاوکارییەکی باشی حکوومەتی ئێرانی کرد تا ڕاپەڕینە

چەکدارییەکەی ورمێ دابمرکێنێ، ئەو ڕاپەڕینەی چارەنووسی حیزبی ئازادی پێوە گرێدرابوو[٧٢].

دیارە وێڕای ئەوەی هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەکی مێژوویمان لە بەردەستدا نییە پەیوەندییەك یا خود هەڵوێستێکی موسبەت و دۆستانەی حیزبی تودەی ئێران بەرامبەر حیزبی ئازادی کوردستان و ڕاپەڕینەکەی کورد لە ورمێ بخاتە بەرچاو، دەگونجێ لە سۆنگەی خۆ بە پێشڕەو زانینی حیزبی تودە و بێ هەڵویستیان سەبارەت بە مافی نەتەوە غەیرە فارسەکان و خواستی هەرێمەکان، هەروەها بە هۆی لایەنگرییان لە سەنترالیزم و فارسگەرایی لە لایەك و پشتگیرییان لە پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ڕێگای گواستنەوەی هاوکارییە جەنگییەکانی هاوپەیمانەکان بۆ یەکێتی شورەوی لە لایەکی دییەوە، نە پەیوەندییەکیان لەگەڵ حیزبی ئازادی دا هەبوو بێ و نە کەیفیشیان بە ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ هاتبێ، بەڵکوو ڕێی تێدەچێ کاتێکی شورەوییەکان دژی ڕاپەڕینەکەی ورمێ بە قازانجی حکوومەتی ئێران هەنگاویان هاوێشت، حیزبی تودە بێ ئەرك و گرتنە بەری هەڵوێستی نەیار بەرامبەر حیزبی ئازادی و ڕاپەڕینەکەی ورمێ دانەنیشتبێ و بێ لایەن نەبووبێ، مەسەلەیەکی وا کە دکۆمێنت و بەڵگەی مێژوویی دەوێت تا وەك ڕاستییەکی مێژوویی بچەسپێت، کە تا نوکە بەردەست نەکەوتوون، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا بێ هەڵوێستی حیزبی تودەیە لەو ڕاپەڕینە کوردییە چەکدارانەیەی کە بە تەنیا لە سەر هەل و مەرجەکەی ئەودەمی ئێران کاریگەری نەبوو، بەڵکوو ببووە جێگای مشتومڕی زلهێزەکان و دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە ناوچەکەدا[٧٣].

بە هەر حاڵ بێ هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی کورد و جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی کوردەکانی ئێران لە ساڵانی جەنگی

www.zheen.org

دووەمی جیهانیدا، بگرە دوژمنایەتیشی لەگەڵ ڕێکخراوە نەتەوایەتیەکانی کوردستانی ئێراندا ڕاستییەکی مێژووییە. (مەدەنی) سەبارەت بە هەڵوێستی تودە بەرامبەر بە (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد/ ژ.ك) کە وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردستانی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا لە مەهاباد دامەزراوە، نووسیویە "حیزبی تودە لە موخالیفانی سەر سەختی کۆمەڵەی ژ.ك بوو، خۆی بڕوای بە فرە گەلی و مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران نەبوو، لەم بارەوە هیچ شتێکی لە بەرنامەکەیدا نەگونجاندبوو، بەردەوام لە لای سۆڤیەتیەکان بۆ ژ.ك ی تێ دەچاند، زۆری هەوڵ دا لاوازی بکا و بی توێنێتەوە، حیزبی تودە وەکوو ڕێکخراوێکی سەرانسەری لە ئێراندا، حەقی بە ڕێکخراوێکی سەر بەخۆی کوردی لە کوردستان نەدەدا، ئەویش بە دروشمی سەربەخۆیی قیت بێتەوە و سەروەری خاکی ئێران تێك بدا"[٧٤].

بێگومان کاربەدەست و دیپلۆماتەکانی شورەوی کە لە ئێراندا بوون و پەیوەندی ڕاستە وخۆیان بە (ڕێبەرایەتی تودەوە هەبوو، خوازیاری ئەوە بوون بە قازانجی تودە لە کوردستاندا دەخاڵەت بکەن و بنکەی جەماوەری بۆ داتاشن و خەڵکی لە کۆمەڵەی ژ. ك دوور خەنەوە و گەر بلوێت ژ.ك یش لە مۆرکە نەتەوایەتییەکەی دابڕن و بیکەن بە حیزبی تودەی پێشڕەودا، وەك (هەژار) نووسیویە: "حیزبی تودە کە سەر بە ڕوسان بوو لە ئێراندا زۆر بەهێز بوو، نەیتوانیبوو لە موکریان خۆی دیاربدا، ڕۆژێك قازی لە تەورێز گەڕاوە و کۆی کردینەوە (واتە ئەندامانی ژ.ك/ل)، و گوتی: قولی یۆف (لێپرسراوی شورەوی لە تەورێز/ل) گوتوویە ئێمە جگە لە تودە هیچ حیزبێك قبوڵ ناکەین، دەبێ خۆتان حەل کەن و ببنە تودە"[٧٥].

لە ڕاستیدا شورەوییەکان کە بە درێژایی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی، سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرایان لە حاست کێشەی کورد و بە قازانجی

www.zheen.org

جولانەوەی نەتەوایەتی کوردستانی ئێراندا نەبووە، و لەوبارەیەوە زۆر بە وریایی جولاونەتەوە تا هاوپەیمانەکانی وەك (تورکیا، ئێران، ئەمەریکا و بەریتانیا)یان لیٚ نەورووژیٚ، لە سایەی ڕاپۆرتەکانی حیزبی تودەدا، تێڕوانینێکی خراپیان لە بارودۆخەکەی کوردستان و ئامانجەکانی ئازادیخوازانی کورد (هەبووە، وەك لە نووسینێکی (مۆلۆتۆف)ی وەزیری دەرەوەی شورەویدا دەردەکەویٚت کە دەڵێت "نابیٚ بڕوا بە سەرۆکە کۆنەپەرەست و خۆفرۆشەکانی کورد بکریٚ، دەبیٚ دان بەوەدا بنێن کە پشتیوانی کردن و یارمەتی دانی کوردەکان بۆ وەدیهێنانی خودموختاری و دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد دروست نییە، چونکە لە هەل و مەرجی ئێستای ئێران دا ئەوە داوایەکی بیٚ بناغە و دواکەوتوانەیە"[٧٦].

بە هەر حاڵ، تێکڕای هەوڵەکان بۆ وەدەستهێنانی پێگەیەکی جەماوەری تودەیی بەر فراوان لە کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا شکستی خوارد، کۆنگرەی یەکەمی حیزبیش بە باشی بەرجەستەی ئەم ڕاستییە دەکات، چونکە لە کۆی ٦٨/ نوێنەری بەشدار، کەمترینیان کە هەشت کەسە لە کوردستانەوە هاتبوون، واتە بە ڕێژەی ٤/٧٪ی بەشداربووان، بە چەشنێك بەشێکی ئەو هەشت کەسەش ئاسووری و ئەرمەنی بوون و سەرچاوەیەکمان لە بەردەستدا نییە باس لە بوونی کوردێك بکات لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا، جگە لەوەی لە تێکڕای ٢١ ئەندامی ڕێبەرایەتی و کۆمسیۆنی ڕاوێژکاری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکەم تاکە کوردێکیشی تێدا نەبوو[٧٧].

پێویستە بگوترێت کە لەو ئاخاوتنە سیٚ کاژێرییەی کە فریدونی کشاورز د.رادمنش لە بەرامبەر نوێنەرانی مەجلیسی چواردەهەم لە ٢٥و ٢٦ ئایاری ساڵی ١٩٤٥ دا وەك نوێنەری فراکسیۆنی تودە کردیان، جگە لە باشکردنی ڕیفۆرمی ئابووری و تەندروستی و مەسەلەکانی هەڵبژاردن و کێشەی وەزیران،

www.zheen.org

شتێك به ناوی كێشەی نەتەوایەتی و ناڵەی نەتەوە غەیرە فارسەكانی وڵات باسی لێنەكرا، له كاتێكدا زۆرینەی ڕۆژنامەكانی ئێران ئەو دەمە قسەیان له سەر ڕووداوەكانی ئازەربایجان و كوردستان دەكرد و پەلاماری لەشكری شاهەنشاهییان بۆ سەر ناوچەكانی مەریوان و هەورامان ڕیسوا دەكرد[٧٨].

هەروەها ڕێبەرانی حیزبی توده له كۆنفرانسی دووەمی حیزبدا كه له ١٩ـ ٢٢ی ئابی ١٩٤٥ له تاران بەسترا، نەك هەر باسێكیان له مافی نەتەوەیی و فەرهەنگی گەلانی غەیرە فارس له ئێراندا نەكرد، بەڵكوو بڕیارێكی عەنتیكەیان به سەر كۆمیتەی هەرێمەكان و ناوچە غەیرە فارسەكانی حیزبدا سەپاند، ئەویش ئەوەیه كه پێویستە كۆمیتەكان چەند پۆلێكی خوێندن به زمانی فارسی بۆ كرێكارە نەخوێندەوارە غەیرە فارسەكان بكاتەوە تا فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی فارسی بن[٧٩]!!.

له ڕاستیدا حیزبی توده هەروەك لێپرسراوانی شورەوی و نوێنەری زلهێزەكان له ئێران وخودی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ناوەندی له تاران، تێكڕای جوڵانەوەی ئازادیخوازانی هەردوو گەلی كورد و ئازەریان به مەسەلەی ئازەربایجان ناو دەبرد و زۆر كەم نەبێت بڵاوكراوەكانیان به لای ڕووداوە گرنگەكانی كوردستان و دەسەڵاتە میللییەكەی دا نەدەچوون، بەڵكوو توده زیاتر سەبارەت به ڕووداوەكانی تەورێز و هەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات دەهاتە قسە و له تەواوی ئۆرگان و بڵاوكراوە و وتاری ڕێبەرەكان و فراكسیۆنەكەیان له مەجلیسی چواردەهەمدا هەوڵی دەدا خۆ له هەموو داخوازی و دەستكەوتێكی نەتەوەیی كورد و ئازەری وەك: زمان، دەسەڵاتی نەتەوەیی له شێوەی خودموختاری، هێزەكانی فیدایی و پێشمەرگە...هتد، به دوور بگرێت، و زیاتر مەسەلە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان زەقكاتەوە.

www.zheen.org

کاتێکیش دووەمین کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە نێوان ١٦ـ ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا لە مۆسکۆ بەسترا، و مەسەلەی ئێران و چۆڵکردنی هێزەکانی هاوپەیمانەکان لەو وڵاتەدا بووە تەوەرەیەکی سەرەکی گفتووگۆکان، (بیڤن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، بە مەبەستی دەرکردنی هێزەکانی سوور لە ئێران وڕێگرتن لە زیاتر ئاڵۆز بوونی هەل و مەرجەکەی نێو خۆی ئەو وڵاتە و ڕۆیشتنی بە ئاقارێکی دژی ڕۆژئاوادا، پێشنیارێکی خستە بەردەم ئامادە بووانی کۆنفرانسەکە کە تێیدا باسی لە دامەزراندنی کۆمسیۆنێك دەکرد لە نوێنەرانی هەر سێ زلهێزەکە (شورەوی، بەریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) لە پێناوی ڕێنمایی کردنی حکوومەتی ئێرانی وهاندانی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران بۆ ئەنجامدانی چەند ڕێفۆرمێکی نێو خۆیی تا ڕەوشە ئاڵۆزەکەی ئێران ئاسایی بکاتەوە، بەو مەرجەی ئەو هەنگاوە ڕێفۆرمیستانەیە لە ژێر چاوەدێری کۆمسیۆنەکەدا بەڕێوە بچێت، ئەو پێشنیارەی کە تێکڕای ئامادە بووان ڕەزامەندییان بەرامبەر دەربڕی[٨٠].

سەبارەت بە ڕێکخستنی پەیوەندی هەرێمەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران، بیڤن گوتی "لە ڕاستیدا تا ئێستا یاسای بنەڕەتی لە ئێراندا جێبەجێنەکراوە، بە پێی ئەو یاسایە کاروباری هەر پارێزگایەك پێویستە بە دەستی خەڵکی پارێزگاکە خۆیەوە بێت، دواتر هەموو پارێزگاکان لە سایەی بەڕێوە بەرایەتی حکوومەتی ناوەندیدا کۆببنەوە، بە شێوەیەك ئێران ببێتە حکوومەتێکی فیدراڵی"[٨١]، دیدێکی وا کە لە بەندی چواری بەیاننامەی کۆمسیۆنەکەدا جێگیر کرابوو، دیارە باس لەوەش کرابوو کە دەسەڵاتدارانی هەرێمەکانی لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن و خودی کۆمسیۆنەکەش سەرپەرەستی هەڵبژاردنەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

www.zheen.org

هەروەها وەك هەواڵێك بۆ هێور كردنەوەی كێشەی نەتەوایەتی لە ئێران و ڕازیكردنی نەتەوە غەیرە فارسەكان و لابردنی ستەمی فەرهەنگی لە سەریان، كۆمسیۆنی سێ لایەنە لە بەندی ٧ی بەیاننامەكەیدا پێی لە سەر ئەوە داگرتبوو كە پێویستە غەیرە فارسەكان بە تەواوی ئازاد بن لە بەكارهێنانی زمانی میللییاندا، چ لە كاروباری خوێندن، یا خود لە هەر كاروبار و بوارێكی تردا، شایەنی باسە زمانی (كوردی)یش وەك زمانێكی سەربەخۆ لە پاڵ زمانەكانی دیكەی توركی و عەرەبی دا لەو بەندەدا جێگیر كراوە(٨٢).

شایەنی باسە، هەر ئەوەندەی هەواڵی كۆمسیۆنەكە و پێشنیارەكانی لە لایەن ڕادیۆی(B.B.C)ەوە لە ١٥ی كانوونی دووەمی ١٩٤٦دا بڵاوكرایەوە و بەرگوێی خەڵكانی ئێرانی كەوت، حیزبی تودە هێرشێكی توندی دەستپێكرد و دژی كۆمسیۆنەكە و تەواوی پێشنیارەكانی وەستا، ڕۆژنامەی (مردم)ی زمانحاڵی تودە لە وتارێكدا بە ناونیشانی (ما كمسییونی سە جانبە/ ئێمە و كۆمسیۆنی سێ لایەنە) نووسیبووی: "ئێمە بێ پەردە و ئاشكرا دەڵێین كە لە هەر حاڵەتێكدا دامەزراندنی كۆمسیۆنێكی بەو چەشنە پێچەوانەی قازانج و بەرژەوەندییەكانی میللەتی ئێرانە و ماف حاكمییەتی میللەتی ئێران زەوتدەكات و هەموو ئەو ڕەنج و ماندوو بوونەمان بە فیڕۆ دەدات كە میللەتی ستەمدیدەی ئێران لە پێناوی ئامانجی هاوبەشی سەركەوتنی گەلانی هاوپەیماندا داویەتی.... ئێمە بە ڕاشكاوی ڕادەگەیەنین كە ڕازیبوون بە وەها كۆمسیۆنێك میللەتی ئێران تارادەی كۆلۆنییەك یان وڵاتێكی ماندێتی دێنێتە خوار و بۆ ئێمەش شكستێكی سەرتاسەری دەبێت... ئێمە پڕ بە دەنگ هاوار دەكەین كە میللەتی ئێران ڕێگە بە هیچ دەوڵەتێكی بێگانە نادات بیخاتە ژێر ماندێتەوە یا خود لە جێگای ئەو بڕیار بدات"(٨٣).

دیاره ئەم هەڵویستە دژەی حیزبی تودە لە کاتێکدا بوو، کە خودی لایەنێکی کۆمسیۆنەکە کە شورەوی بوو بەرامبەر بە پێشنیارەکەی بیڤن و ئەرکەکانی کۆمسیۆنەکە خانە گومان بوو، هەر بۆیە زوو بە زوو خۆی لێ دزییەوە و پێی وابوو هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە سوپای سوور لە باکووری ئێران ببرێتە دەرەوە و وا چاکیشە شورەوی لە ڕێگای دوور خستنەوەی ئەمەریکا لە مەسەلەکە و بە هیوای وەدیهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە ڕێگەی دانیشتنی دوو لایەنەوە کێشەکان یەکلا بکاتەوە[٨٤]، ئەو حاڵەتەی کە لەگەڵ تێکڕای فاکتەرەکانی دیکەدا بوونە هۆی شکستی هەنگاوەکەی بیڤن و پیادە نەکردنی کاری کۆمسیۆنەکە، کارێکی وا کە گەر کرابا دەگونجا تا ڕادەیەکی زۆر بەهرەی بە جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی گەیاندبا و لایەنێکی ستەمی سەر نەتەوە غەیرە فارسەکانی وڵاتی نەدەهێشت.

پاش ئەوەی جوڵانەوەی نەتەوایەتی هەر دوو گەلی کورد و ئازەر بە تەواوبوونی جەنگ پێی خستە قۆناغێکی نوێ وە، و لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ زەمینەی دامەزراندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی ئەو دوو گەلە لە ئازەربایجان و موکریانی کوردستانی ئێراندا ڕەخسا، و مەسەلەی ئازەربایجان و خەباتی ئازادیخوازانی گەلی کورد بوونە هومێدی ئازادیخوازانی تەواوی ئێران و ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا توندوتیژ بوو، حیزبی تودە بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە لینینییەی کە دەڵێت: "سۆسیالیستەکان پێویستە بوێرانە و بە ورەیەکی بەرزەوە پشتگیری جوڵانەوەی بورجوا دیموکراتیکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە وڵاتە (کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنییەکان)دا بکەن و لە حاست ڕاپەڕینی ئەوانە یا خود جەنگی پارتیزانی ئەوانە دژی هێزە ئیمپریالیستە زۆردارەکان، هاوکاری بکەن"

ئامادە نەبوو هیچ کاتێك بە پراتیك بە قازانجی ئەو جوڵانەوەیە هەنگاوێك باوێژێ.[۸۵]

شایەنی باسە ئازەرییە تودەییەکان کە لە نێو حیزبی تودەدا ژمارەیان زۆربوو، لە ڕێبەرایەتیشدا بوون و لە پاش فارسەکان پلە دوو بوون، بە هۆی ئەو بێ هەڵوێستییەی حیزبەکەیان بڕیاریاندا ڕیزەکانی حیزب جێبهێڵن و بێ ئاگاداری حیزب بچنە نێو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە، و بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان تێبکۆشن، مەسەلەیەکی واو پاشان دامەزراندنی حکومەتە نەتەوایەتییەکانی ئازەربایجان و کوردستان بۆ ڕێبەرە فارسەکانی حیزبی تودە خەمێکی گەورە و خورپەیەکی دڵتەزێن بوو[۸٦].

ڕێبەرە فارسە تارانییەکانی حیزبی تودەی وەك: خلیل ملکی، احسان طبری، کیانوری، د.رادمنش ....هتد، زۆر لە خواستە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و ئازەر دەسڵەمانەوە، و هێندەی لێپرسراوانی دەسەڵاتی ناوەندی لە دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فیداییەکانی ئازەربایجان، دەنگۆی یەکگرتنەوەی هەر دوو ئازەربایجانی ئێرانی و شورەوی، کۆماری دیموکراتی کوردستان و هاتنی بارزانییەکان و ئەگەری سەربەخۆیی...هتد بێزار و شپرزە بوون ، و لە پەیجۆی ئەوەدا بوون جوڵانەوە نەتەوایەتییەکانی کوردستان و ئازەربایجان لە خواستە نەتەوایەتی و سیاسییەکانیان دا بڕن و بەرگێکی ئابووری ــ کۆمەڵایەتی ڕووتی لە بەرکەن.

بۆ نموونە، ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی سەر بە حیزبی تودە زنجیرە وتاریان سەبارەت بە (مەسەلەی ئازەربایجان) بڵاو دەکردەوە و تیایاندا ئەوەیان دەورووژاندا کە ئێران نابێ پەرت بکرێت و میللەتی ئێران یەك میللەتە و ناکرێت لە پاڵ زمانی فارسیدا کە زمانی ڕەسمی تێکڕای میللەتی ئێرانە، زارێکی هەرێمی قوتبکرێتەوە[۸۷].

www.zheen.org

له چەند وتارێکی (رهبر)ی ئۆرگانی حیزبی توده دا، کەسانی وەك: خلیل ملکی و انور خامه بە خۆ گێلکردن لە فاکتەری نەتەوەیی، هەوڵیاندا بوو ئەوە بسەلمێنێنن کە مەسەلەی ئازەربایجان زادەی سیاسەتی فشاری ئابووری و گەندەڵی چینی فەرمانڕەوای ئێرانە و ئازەربایجان لەگەڵ هەرێمە فارسنشینەکانی دیکەی ئێراندا جیاوازییەکیان نییە، چونکە خەڵکی ناوچە فارسنشینەکانیش وەك ئازەرییەکان فشاریان لە سەرە و لە سیاسەتی حکومەتی ناڕازین و کەس لە کەس چەوساوەتر نییە(٨٨).

هەروەها د.رادمنش لە دانیشتنێکی مەجلیسدا و لە گەرمەی ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا، هەوڵیدا لە قسەکانیدا ئەوە بسەلمێنێت، لە بەر ئەوەی حکوومەتی ناوەندی ڕێفۆرمی زەوی ئەنجامنەداوە، خۆی لە ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتی بە دوو گرتووە، یاسای کاری دانەڕشتووە، خەڵکی لە برسێتی و گرانیدا جێهێشتووە، هەر بۆیە قەیرانی ئازەربایجان وا بە زەقی دەرکەوتووە. ئەو دەیگوت "بیرکەنەوە، ئایا ئەم قەیرانە تەنیا تایبەتە بە ئازەربایجان؟!، چونکە دانیشتووانی باشووریش (مەبەستی هەرێمی فارسە ــ ل) لە ڕووی بێ خۆراکی و بێ پۆشاکی و نەبوونی پێویستییەکانی دیکەی ژیانەوە زێدەتر لە ناڕەحەتیدان، پێویستە حکوومەت بە خێرایی و بە ئاشتی بە فریای چارەسەری ئەو مەسەلەیەوە بێت، گەرنا سبەینێ ڕێکخراوێکی دیکە دادەمەزرێت و دەڵێت: بەڵێ قوربان، ئێمەش عەرەبین و عەرەبستانمان دەوێت، ئەوسا جەنابتان چ وەڵامێکتان دەبێ؟"(٨٩).

شایەنی باسە لەم قۆناغە ناسك و ئاڵۆزەی ئێران و لە گەرمەی پەرەگرتنی خواست و دەستکەوتە نەتەوایەتییەکانی گەلانی غەیرە فارس، بە تایبەتی کورد و ئازەر، بۆیەکەم جار لە مێژووی حیزبی تودەدا شتێك بە ناوی کێشەی نەتەوایەتی لە لایەن ڕێبەرێکی تودەی وەك (اردشیر اوانسیان)ەوە قسەی لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەر دەکرێت، اوانسیان لە وتارێکدا چەمکی نەتەوەی بە شێوە ستالینیەکە پێناسە کردووە کە لە کۆمەڵە کەسانێك پێکدێن: زمان، فەرهەنگ، ئابووری و زەوی هاوبەشیان هەیە، بێ ئەوەی هیچ باسێك لەوە بکات کە ئایا لە ئێراندا فرە نەتەوەیی یا خود کێشەی نەتەوەیی هەیە یان نییە(٩٠). دیارە ئەوەش تەنیا بۆ سەلماندنی ئەو دیدە تودەییە بوو، کە لە بەر ئەوەی خەڵکانی وەك کورد، ئازەر، بلوچ و عەرەب ی ئێران لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیاندا لە سەر زەوییەکی هاوبەش، بە هۆی ئابوورییەکی هاوبەشەوە پێکەوە نەبەستراونەتەوە و لەو لایەنەوە لە سەر خاکی ئێران و بە ناوەندەوە گرێدراون، ئیتر نابێت بە پێی پێناسەی ستالین بۆ نەتەوە، حیسابی نەتەوەیان بۆ بکرێت و بەوەش چ مافێکی نەتەوایەتییان پێ ڕەوا نابینرێت.

کاتێکیش قوام السلطنە ی سیاسەتکار و زۆرزانی ئێرانی لە ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٤٦دا، توانی شورەوی بە کشانەوەی سوپای سوور لە باکووری ئێراندا قایل کات، و بکەوێتە ئەوەی مەسەلەی ئازەربایجان بە شێوەیەکی (ئاشتیخوازانە و خێر خوازانە) کۆتایی بهێنێ، وەك تاکتیك دەرگای دانوساندنێکی ماراسۆنییانەی بە ڕووی سەرانی کورد و ئازەردا کردەوە، بەوەش مەسەلەکانی: هێشتنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی و پەرەپێدانی ئیدارە نەتەوایەتییەکان، بە ڕەسمی ناساندنی زمانی نەتەوەیی و پەرەپێدانی دەستکەوتە فەرهەنگییەکان....هتد لە لایەن سەرانی کورد و ئازەرەوە وەك داواکاری پێشکەش کرا لەو کاتەدا ئەندامانی فراکسیۆنی تودە لە مەجلیسی چواردەهەمدا بێ ئەوەی پشتگیری هیچ ماف و دەستکەوتێکی نەتەوەیی کورد بکەن، یان مەسەلەی زمانی کوردی وەك مافێکی فەرهەنگی، نەك لە تەواوی کوردستانی ئێراندا، بگرە بۆ خەڵکی مەهابادیش بە ڕەوا بزانن، ئەوانە

هەڵوێستی ڕاستەقینەی حیزبی تودەیان ئاشکرا کرد، ئەوەی کە ڕازی دەبێت تەنیا زمانی ئازەری لە سێ پۆلی سەرەتاییدا بخوێنرێت و هیچی تر[٩١].

لە کاتێکدا وەك دەزانین قەدەغە کردنی خوێندن و نووسینی زمانی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ئێراندا بڕیارێکی شۆڤێنیستانەی ڕەزا شا پەهلەوی بوو. هەموو پشتگیرییەکی حیزبی تودە لە جوڵانەوە نەتەوایەتییەکەی کورد و داواکارییەکانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، یەك دوو چاوپێکەوتن بوو کە ڕۆژنامەکانی (رهبر) و (مردم) لەگەڵ پێشەوا قازی لە تاران کردبوویان[٩٢]، تا خەڵکی ئێران دڵنیا بکەنەوە کە جوڵانەوەکەی کوردستان جوڵانەوەیەکی سەربەخۆ خوازی نیشتمانی نییە و بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران زیانێکی نییە و لە بنەڕەتدا بەشێکە لە جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی دژی کۆنەپەرەستی، مەسەلەیەکی وا کە بەشێکی ڕێبەرانی باڵی ڕاستی نێو حیزبی تودەی دڕدۆنگ کرد، ئەوانەی پاشتر حیزبیان لە سەر ئەو (هەڵە)یەی بە توندی سەرزەنش کرد[٩٣].

لە ڕاستیدا حیزبی تودە لەم قۆناغەدا، بەو هەموو هێز و توانا ڕێکخراوەیی وتەبلیخاتی و نفوزە جەماورییەی کە هەیبوون گەر هەڵوێستێکی ڕاست و موسبەتیان سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا هەبوایە و بڕیاری ڕاست و سەر بەخۆیان لێبدایە، دەیانتوانی جوڵانەوە ئازادیخوازانەی نەتەوەیی ئازەر و کورد و شەپۆلی دیموکراتیخوازی لە ئێران و ناوچەکەدا بە جۆرێکی وا گرێبدەن کە خزمەتێکی مێژوویی بە تەواوی گەلانی ئێران و ناوچە بکەن و مەزنترین قەیران بۆ شاپەرەستەکان و بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم پێکبهێنن، بە چەشنێك نەتوانن ڕەوتی مێژوو لەو ناوچەیەدا بە قازانجی خۆیان و دەسەڵاتە بە کرێگیراوە زۆردارەکان ئاراستە بکەن.

وەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، حیزبی تودە لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا بەرەیەکی بە ناوی (جبهه موتلفه احزاب ازادیخواه) دامەزراند،

تیشکەی ژین www.zheen.org

کارێکی وا که له دوو لاوه زیانی مەزنی لێکەوتەوە، یەکەمیان: حیزبی توده بێ ئەوەی هیچ مافێکی نەتەوەیی بۆ نەتەوە غەیرە فارسەکان، بە تایبەتی کورد و ئازەر لە ئێراندا بسەلمێنێت، بە دامەزراندنی ئەو بەرەیە و ڕاکشانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان و چەند ڕێکخراوی ئازادیخوازی دیکە بۆ نێو بەرە، توانی شەرعییەتێکی ڕەها بداتە خۆی و وەك پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری جوڵانەوەی دیموکراتی و ئازادیخوازی سەرتاسەری ئێرانی خۆ بنوێنێت و لە گەمەیەکی سیاسیدا بەرە بخاتە خزمەتی وەدەستهێنانی زۆرینەی کوردسییەکانی مەجلیسی پازدە(٩٤)، ئەو مەجلیسەی کە دوو سێ مانگی مابوو هەڵبژاردنەکانی بۆ ئەنجامبدرێت. لە لایەکی دییەوە ئەو بەرەیەی حیزبی توتدە دایمەزراند، لە ئەنجامی کەمفامی حیزبی توده و فێڵبازی قوام السلطنه دا کرایه ئەسپی تەڕوادە بۆ قوام و حیزبە (دیموکرات)ەکەی، بە چەشنێك تەواوی دیموکراتخوازانی ئێرانی و ئازادیخوازانی کورد و ئازەری پێ لە خشتە بڕان و زەمینەی سەرکەوتنی شاپەرەستەکانی ڕەخساندەوە.

قوام کە کەوڵی چەپێکی پێشکەوتووخوازی کردبوە بەر، ئاڵای بەرەی دیموکراتخوازانی گرتبۆدەست و لاف ئاشتیخوازی و ڕیفۆرمیستی لێدەدا و هات وچۆی تودەییەکانی دەکرد، و وێڕای ئەوەی ٣ وەزارەتی لە حکوومەتەکەی دابونێ، لە بارەگای حیزبی تودەوە لە تاران لە ئەیلولی ١٩٤٦دا ڕایگەیاند کە دیموکراتخوازەکان وەك بەرەیەك بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی خولی پازدەهەمی مەجلیس خۆ ئامادە دەکەن(٩٥).

شایەنی باسە قوام بە چەشنێك لە گێڕانی ڕۆڵە چەواشەکارانە کەیدا سەر کەوتوو بوو، تێکڕای ئازادیخوازانی مەست کردبوو، سەبارەت بە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، کاتێك شاندێکی کوردی بە ڕێبەری پێشەوا بۆ دانوساندن

سەردانی تارانیان کرد و ئاغای قوام بە بیانووی نەخۆشییەوە خۆی لێدزینەوە، شاندەکە بە دەستی بە تاڵ بۆکوردستان گەڕایەوە، و پێشەوا ڕایگەیاند "نەزەری ئاغای سەرۆك وەزیرانم زۆر تێکەڵ و حوسنی ظه ن و چاك نیەتی دیوە، داخەکەم بەر هەڵستێکی کە گفتوگۆی ئێمەی وەدواخست نەخۆشی جەنابی ئاغای قوام السلطنه بوو، لە خودام تەلەبە زووتر چابێتەوە تا موزاکەرە بە خێروخۆشی و نەفع و قازانجی ئازادی دوایی بێت... من دواڕۆژێکی زۆر چاك تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانی دیموکراسی بە هەموو ئێران دا بڵاو بکاتەوە"[96].

لە ڕاستیدا قوام نەك هەر بوارێکی دیکەی بۆ موزاکەرە و چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کورد نەڕەخساند، بەڵکوو زۆر بە خێرایی سەد و هەشتا پلە بە دژی ئازادی و بەڵێنەکانی پێشووی بایداوە، و بە فەرمانی شا حکوومەتێکی نوێی بێ بەشداری هیچ تودەییەك دامەزراند و بە بیانووی ناردنی هێز بە مەبەستی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی داهاتوو، زەمینەی ڕوخاندنی هەر دوو حکوومەتە میللییەکەی کورد و ئازەر، و گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهی بۆ ئازەربایجان و کوردستان ڕەخساندەوە.

پێویستە بگوترێت، حیزبی تودە کە لە حاست گۆڕانە کتوپڕەکەی هەل و مەرجەکە و بادانەوەکەی قوام دا دۆش دامابوون و هەڵوێستێکیان نەگرتە بەر کە لە ئاستی مەترسیداری مەسەلەکە دا بێت، کەوتنە بیانوو داتاشین گوایە "هەر بەر گرییەك بکرابا، جەنگی نێو خۆیی لێدەکەوتەوە، ئەوەش دەرفەتی بە هێزە ئیمپریالیستەکان دەدا دەست وەردەنە کاروباری ولاتەکەمان.... کشاندنی جەنگ و بەرگری بۆ سنورەکانی شورەوی، ئاسایشی پێگەی سوسیالیستی دەخستە مەترسییەوە..... چەك دانان و بەرگری نەکردن لە پێناو داکۆکی لە ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا دایە"[97]!!

بیّ هەڵویّستی و بڕوبیانووی بەو شیّوەیەی حیزبی توده دواتر له لایەن کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوه که له تشرینی دووەمی ۱۹۶۴دا بەسترا، به توندی ڕەخنەی لیّگیرا، بەیاننامەی کۆنگره له ژیّر سەردیّڕی (رابردووی ح. د.ك) له کاتی جمهووری کوردستان دا گاڵتەی به هەڵویّست و بیانووەکانی ئەودەمی حیزبی توده هاتووه گوایه ڕوخاندنی دەسەڵاته نەتەوایەتییەکانی ئازەربایجان و کوردستان و پاشەکشەی شورەوی له ئیّران له پیّناوی سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی چین بووه!!، ئینجا بەیانەکه دەڵیّت "لەو لاشەوه حیزبی تودەی ئیّران ویستیان بەو دەلیله پڕوپووچانه خۆحەشار دەن وەك کەوەکه سەریان له بەفر گرتبوو لەشیان به دەرەوه بوو، دەیانویست ئەو ڕاستیه بشارنەوه که لەو کاتەدا تەواوی هیّزی ڕەش و بەدفەڕی شا ـ ئیمپریالیزم و دوژمنه سویّندخۆرەکان کلکیان لیّك بەستبوو له تارانەوه به "دڵنیایی" ڕوویان کرده کوردستان"[۹۸].

۲/۱/۲ : هەڵویّستی حیزبی توده له پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان تا پەلاماری ساواك ۱۹۴۷ ـ ۱۹۵۹

ئاشکرایه که ڕوخاندنی حکوومەته نەتەوایەتییەکانی ئازەربایجان و کوردستان به خاڵیّکی وەرچەرخان له میّژووی ئیّران به گشتی و له میّژووی حیزبی توده به تایبەتی دادەنریّت، ویّڕای ئەوەی ئەو شکسته بووه هۆی پاشەکشەی جوڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەری له ئیّران، و گیانیّکی نویّی به هیّزه کۆنەپاریّز و شاپەرستەکان به خشییەوه، سیاسەتی یەکیّتی شورەوی له ئیّران و هەڵویّستی حیزبی تودەی بەرامبەر سەرجەم خەباتی ئازادیخوازانی ئیّران خسته ژیّر پرسیارەوه، چونکه مەسەلەکه هەر به پەلاماری هیّزه شاپەرستەکان بۆ سەر بارەگا و ئەندامانی حیزبی توده له باشوور و هەریّمەکانی دیکەی ئیّراندا نەوەستا، بەڵکوو

www.zheen.org

لە ڕووی جەماوەریشەوە حیزبی تودە زیانی مەزنی وێ کەوت و بەشێکی زۆری خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی لێ تەکییەوە.

هەروەها مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران و ساغکردنەوەی هەڵوێستی حیزب لەو مەسەلە گرنگە فاکتەرێکی گرنگی ڕوودانی یەکەمین پەرتبوونی ڕیزەکانی حیزب بوو، چونکە باڵی ڕاستی حیزب کە خلیل ملکی و هاوڕێیانی بوون و لەو ڕووەوە کیانووری و احسان طبریشیان دەگەڵدابوو، بە توندی دژی هەر جۆرە پشتگیری و لایەنگرییەکی حیزب بوون لە هەر خواستێکی تایبەتی نەتەوە غەیرە فارسەکان و دژی دابەشبوونی دەسەڵات بوون لە ئێراندا، و مەسەلەیەکی وایان بە فاکتەری لاواز بوونی ناوەند و بە هێز بوونی زمانی کەمینەکان لەسەر حسابی زمانی فارسی دادەنا.

ئەوانە کە هەر لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبەوە سەبارەت بە خواستی هەرێمەکان دڕدۆنگ بوون، و لە پەرەگرتنی جوڵانەوەی نەتەوایەتی هەر دوو گەلی کورد و ئازەر تەواو هەراسان بوون، دواتریش ڕەخنەی توندیان لە حیزب ئەوە بوو کە چۆن ڕێکخراوە میللییەکانی ئازەر و کوردی لەبەرەدا قبوڵ کردووە و جوڵانەوەکانی ئازەربایجان و کوردستانی بە بەشێك لە جوڵانەوەی دیموکراتی گشتی نێوبردوون. هەر بۆیە حیزبی تودە لە پاش ڕووخاندنی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان هەتا کۆنگرەی دووەم لە بەهاری ساڵی ١٩٤٨ دا چ هەڵوێستێکی ئاشکرا و ڕەسمییان سەبارت بە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا نەبوو، حاڵەتێکی وا کە تا جیابوونەوەی باڵی ڕاست و خۆ ئامادە کردن بۆ بەستنی کۆنگرەی دوو وەك خۆی مایەوە و تەنیا خواستە ئابووری و کێشە چینایەتییەکان جێگای مشتومڕ بوون[٩٩].

لە ڕاستییدا مەسەلەی جیابوونەوەی خلیل ملکی و هاوڕێیانی لە حیزبی تودە، ژمارەی ئەندامە فارس ڕەگەزەکانی لە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە دا

کەمکردەوە و سەنگیانی دابەزاند، لە بەرامبەر ئەوەشدا چەند ئەندامی ئازەری توانییان بگەنە پۆستی ڕێبەرایەتی، بە چەشنێك لە کۆنگرەی دووەمدا ٤٤٪ ڕێبەرایەتی حیزبی تودە ئازەری زمان بوون، ئەوەش هەل و مەرجێکی وای سەپاند کە ڕێبەرایەتی کە لە دەستی باڵی مەیانڕەودا مابووەوە، بە لە بەرچاو گرتنی ڕووداوەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی و خەباتی نەتەوەیی هەردوو گەلی کورد و ئازەر، ئاوڕێك لە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا بداتەوە و هەوڵی ئەوە بدات ئەو کێشەیە بخاتە خزمەت خەباتی چینایەتی و سەرتاسەری دژی دەربار و موڵکدارە کۆنەپارێزەکان و ئیمپریالیزم لە ئێراندا، بەوەی کە حیزبی تودە، لە ڕووی تاکتیکەوە، بە قسە و نووسین، نەك بە پراکتیك، لایەنگری لە وەڵامدانەوە بە لانی کەمی مافی فەرهەنگی و ئیداری سنورداری نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران بکات.

لێرەوە یەکێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی دووی حیزبی تودە، بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ فیرقەی دیموکرتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەو پێیەی ئەو دوو ڕێکخراوە "ڕێزیان لە یاسای بنەڕەتی ئێران گرتووە و لە پێناو چەسپاندنی هێزە پێشکەوتووخوازەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێراندا تێکۆشاون"، هەروەها زەمینە خۆشکردن بۆ یەکگرتنی حیزبی تودە و ئەو دوو ڕێکخراوە هەرێمییە، هەر بۆیە حیزبی تودە لە کۆنگرەی دوودا چەند دروشمی وەك: (زنده باد جنبش ملی آذربایجان و کردستان/ بژی جوڵانەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان)، (از حق خود مختاری ملی کردستان و آذربایجان حمایت می کنیم/ پشتگیری مافی خودموختاری نەتەوەیی کوردستان و ئازەربایجان دەکەین)و (نابود باد همه اشکال ستم ملی/ ڕیسوا بێت هەموو شێوازێکی چەوساندنەوەی نەتەوەیی) لەگەڵ دروشمەکانی دیکەی حیزبدا بەرز کردەوە[١٠٠].

هەروەها لە یادی دەیەمینساڵوەگەڕی مەرگی (د.ارانی)دا، ژمارەیەکی (مردم) کە تایبەت بوو بە یادی شەهیدانی مەزنی ئێران، ناوی ئەو ڕێبەرە نەتەوەییانەی کورد و ئازەری بە تێکۆشەر و شەهیدی ڕێگای ئازادی ئێران ناو بردوو، کە بە دەستی لەشکری شاهەنشاهی هەڵواسران و گوللە باران کران[١٠١].

شایەنی باسە تودە لە سایەی تێزی نەتەوایەتی ستالین و ئەزمونی شورەویدا بەو شێوەیە قسەی لە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا دەکرد، کە ئێران لە چەند میللەتی جیاواز پێکدێت، هەریەکەیان زمانی تایبەتی خۆی هەیە و لەوی دیکە جیاوازە، بەڵام تێکڕای ئەو میللەتانە لە پێناو هێنانەدی فەرەهەنگێکی دەوڵەمەند و خەباتێکی هاوبەش دژی فیوداڵیزم و زۆرداری و ئیمپریالیزم و بێ جیاوازی لە سەنگەرێکدا تێدەکۆشن. هەروەها ئەو باوەڕەی لا دروست ببوو، کە پێویستە مارکسیستەکانی ئێران دان بە فرە گەلی ئێراندا بنێن و هەوڵبدەن لە پێناوی بە هێز کردن و سەرخستنی خەباتی چینایەتی و دژی ئیمپریالیستیدا، دژایەتی ستەمی میللی لە ئێراندا بکەن، و ئەو ستەمە بە ڕوویەکی قێزەونی سیستەمی سەرمایەداری کۆمپرادۆری لەو وڵاتەدا بزانن، و بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا بکەن کە ببێتە هۆی لاواز کردنی پایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی چینی فەرمانڕەوا و ئیمپریالیزم لە ئێراندا.

بێگومان ئاوڕدانەوەی حیزبی تودە و دانپیانانی بە کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران و ستەمی سەر گەلانی غەیرە فارس مەسەلەیەك بوو کە بۆشاییەکی گەورەی لە بەرنامەی حیزبێکی مارکسی وەك تودەدا پڕ کردەوە، بەڵام خوێندنەوەیەکی ئابووری چینایەتی ئەو کێشەیە و گرێدانی بە سەرکەوتنی خەباتی چینایەتی و دژی ئیمپریالیستی گەلی سەردەستەوە و بە زۆر کۆکردنەوەی چینە زەحمەتکێشەکانی تێکڕای گەلانی فارس و غەیرە فارس لە سەنگەرێکدا، ئەوەیان مەسەلەیەك بوو کە گیروگرفت و دوو فاقییەکی ئێکجار

تکەی ژن www.zhenop.org

زۆری لە پراکتیکدا دەهێنا گۆڕێ، و ستەمی نەتەوایەتی بە تەواوی بنبڕ نەدەکرد و یەکسانی و دادپەروەری نەتەوەیی وەدینەدەهێنا.

هەر بۆیە هیچ کاتێك حیزبی تودە مافی چارەنووس و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە گەلە غەیرە فارسەکانی ئێران ڕەوا نەدەبینی و باسیشی لێوە نەدەکرد، و بگرە دژیشی دەوەستان و کارێکی وایان بە زیانی خەباتی (یەکگرتووی) چینە زەحمەتکێشەکانی ئێران بە دژی کۆنەپەرەستی و ئیمپریالیزم دەزانی، و پێیان وا بوو ئەو مافە هەل و مەرجی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە لایەن چینی بورجوراو نیمچە دەرەبەگی ناسیۆنالیستی نەتەوەی غەیرە فارسەوە فراهەم دەکات و ئێرانی (یەکپارچە) دەکاتە چەند دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی دژ بە یەك. مەسەلەیەکی وا کە زۆر بۆ پاشەوەی دەگێڕانەوە[١٠٢].

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە دید و لێکدانەوەیەی حیزبی تودە سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی و چۆنیەتی چارەسەر کردنی، و وێڕای ئەوەی فاکتەرێکی بنەڕەتی ناڕوونی و دژ بەیەکی هەڵوێستەکانی ئایندەی بوون لە مەڕ ئەو مەسەلەیە لە ڕووی تیۆر و پراکتیکەوە، کە لە باشترین حاڵەتیدا خۆی لە دانیانان بە مافی (خودگردانی)[١٠٣] دەبینیەوە، ئەوەی کە نەك هەر کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا لە بەین نەدەبرد، بگرە شێوازێکی دیکەی لە پەیوەندی نا بەرامبەر و ستەمگەرانە لە نێوان ناوەندێکی بە هێزی فارسنشین و هەرێمە غەیرە فارسەکانی کوردستان، ئازەربایجان، عەرەبستان، بلوجستان....هتد، دەهێنایە گۆڕێ.

ئەوەش ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە حیزبی تودە لەو پەڕی توانا و هێز و نفوزی جەماوەریدا، ئامادە نەبووە هاوکاری و لایەنگری هیچ حیزب و ڕێکخراو و گروپێکی سیاسی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێراندا بکات، ئەگەر

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو حیزب و ڕێکخراوە پێشڕەوی و پێشەنگی حیزبی تودەی قبوڵ نەبێ و لە ژێر ئاڵای ئەنتەرناسیۆنالیزمی تودە دا لە سەنگەری دژ بە کۆنەپەرەستی و ئیمپریالیزمدا لە ئێرانێکی یەکپارچەی ناوەندگەرادا تێنەکۆشێ.

بۆ نموونە، کاتێك چەند لاوێکی شاری مەهاباد لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٨دا خوازیاری ژیاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، بە هومێدی ئەوەی حیزبی تودە هاوکارییان بکات بەیاننامەیەك بە زمانی کوردی چاپ و بلاّودەکەنەوە و تێیدا بلّێن "حیزبی دیموکرات نەمردووە و زیندووە و بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد درێژە بە خەبات دەدات"[١٠٤]، کەچی حیزبی تودە خۆی تێنەگەیاندن، ئاکامەکەشی وە بلوریان دەڵێت "پاش ئەوەی لە حیزبی تودە نا ئومێد بووین، بڕیارماندا دووکەس بنێرین بۆ کوردستانی عێراق و لە پارتی دیموکراتی کوردستان یارمەتی وەرگرین"[١٠٥].

بە هەر حاڵ پاش پەرەگرتنی جوڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەری و بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران بە ڕێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی و د.مصدق لە سەرەتای پەنجاکاندا، حیزبی تودە توانی ئەم دەرفەتە بۆ خۆ ڕێکخستنەوە و پەرەپێدانی چالاکییە سیاسییەکانی بقۆزێتەوە، لێرەشەوە ڕێبەرایەتی حیزب بە لە بەر چاو گرتنی پێشینەی ئازادیخوازانە و هەل و مەرجی تایبەتی کوردستانی ئێران، لە هەوڵی ئەوەدا بوو خەونی کۆنی لە پەیدا کردنی نفوزی جەماوەری و کۆنتڕۆڵکردنی جوڵانەوەکەی کوردستان بێنێتە دی، ئەویش لە ڕێگای خۆنزیککردنەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لەو قۆناغەدا سەر لە نوێ لە لایەن ژمارەیەك لاوانی خوێنگەرمی مەهابادی دامەزرابووە ولە نێوخەڵکیشدا ڕیشەی داکوتابوو، لە ڕاستیدا حیزبی تودە خوازیاری داماڵینی سروشتی کوردایەتی و نەتەوەیی حیزبی

www.zheer.org

دیموکراتی کوردستان و گۆڕینی بوو لە ڕێکخراوێکی سەربەخۆوە بۆ شاخەی حیزبی تودە لە کوردستاندا.

بلوریان دەڵێت: "حیزبی تودە زانی حیزبی دیموکرات لە نێو خەڵکدا ڕیشەی هەیە و ئەندامانی بە نهێنی خۆیان ڕێکخستۆتەوە داوای پەیوەندی لێکردین"[١٠٦]، سەرەتای ئەو پەیوەندییەش لە ڕێگای صارم الدینی صادق وەزیری) خەڵکی سنە و دانشتووی تاران و وەکیلی پایەی یەکی دادوەریی و بە هۆی سەدیقی ئەنجیری ئازەر کە کارمەندی ئەو کاتەی باڵای ئیدارەی فەرهەنگ بوو لە تاران، ئەنجامدا تا دواتر لە بەهاری ١٩٥٣دا حیزبی تودە چوار کادری پلە دووی خۆی نارده کوردستان بە ناوی (عبدالرحمن قاسملو، بهنام، ئیحسانوڵڵا و جەوهەری) کە بە مەبەستی بارهێنانی ڕێبەران و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بیری چەپی تودەیی و ئێرانچێتی و شورەویپەرەستی.

جۆری پەیوەندییەکەش وەك قاسملو نووسیویە "بەڕێوەبەری حیزبی تودە ئەو کاتە لەو بڕوایە دابوو کە هەم لە باری تەشکیلاتی و هەم لە باری سیاسییەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات لە کوردستان دەبێ بە گشتی پەیڕەوی بەڕێوەبەری حیزبی تودە بێ، لە ڕاستیدا بەشێك بن لە تەشکیلاتی حیزبی تودە، بەڵام ناوی حیزبی دیموکرات بپارێزن و هەر بەو ناوەش درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن کە بە کردەوەش هەر وای لێهات"[١٠٧].

ئەم قسەیەی قاسملو ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەدا حیزبی دیموکرات لە ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە سەربەخۆیی خۆی لە دەستدا و بە پراکتیك بووە شاخەی حیزبی تودە لە کوردستان بە ناوی حیزبی دیموکرات، لە ڕووی ئیدۆلۆژیشەوەی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات پشتیان لە ناسیۆنالیزم و کوردایەتی کرد و لە ڕێگای کلاسی تایبەتەوە بوونە هەڵگری ئاڵای

ئەنتەرناسیۆنالیزم به ڕێبەرایەتی و شێوازە تودەییەکەی. مەسەلەیەکی وا کە تەسلیمکردنی ئالآی جولآنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردە بە ژمارەیەك مارکسیستی شۆڤێنستی فارس لە تاران، ئەوانەی لە بەر زۆر هۆ لە ڕەهەندە ڕاستەقینە سیاسی و مێژووییەکانی کێشەی کورد لە ئێران نەدەگەیشتن، و نە دەیانتوانی و نە مەبەستیشیان بوو لە پێناو ئامانج و ئاواتەکانی کۆمەلآنی خەڵکی کوردستانی ئێراندا تێبکۆشن، جگە لەوەی بۆ چەند ساڵ دەست و پێی حیزبی دیموکرات و ئازادیخوازانی کوردیان زنجیر کرد و تەواوی ماندووبوون و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانیان کردە قوربانی سیاسەتی ناجێگیر و هەڵوێستە دژ بە یەکەکانی حیزبی تودە لە تاران.

بۆ نموونە، حیسامی نووسیویە "کاتێك قونسڵخانەی ئینگلیزی لە خوزستان بەسترا و ئالآی ئێران لە ساختومانی شیرکەتی نەوت هەڵکرا، لە سەرانسەری ئێران تیلگرافی پشتیوانی بۆ مصدق لێ درا، منیش لە نەغەدە تیلگرافی پشتیوانی و پیرۆزباییم بۆ دوکتۆر مصدق نارد... پاش ماوەیەك لە مەهاباد نامەیەکم بۆ هات نووسرابو براەرانی سەرو (واتە ڕێبەرانی حیزبی تودە لە تاران -ل) لە تیلگرافی پیرۆزبایی تۆ ڕەخنەیان گرتوە...تیلگرافی پشتیوانی ئەو دەبێتە هۆی ئەوەکە خەڵك حکوومەتی مصدقیان پێ باش بێ"[١٠٨].

وەك لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کراوە، وێڕای ئەوەی حیزبی تودە لە کۆنگرەی دووەمییەوە دانی بە فرەگەلی ئێراندا نابوو، و مافێکیشی بە ناوی (خودگردانی) ییەوە پێ ڕەوا بینیبوون و دژایەتی هەر شێوازێکی ستەمی نەتەوەیی لە ئێراندا ڕاگەیاندبوو، کە چی بە پراکتیك و لە کوردستان نە شتێك لەو بارەیەوە ڕەچاو کرابوو، نە تاقە هەنگاوێکیش نرابوو کە لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە، یا لە بارەی مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان و هۆشی نەتەوایەتیەوە خزمەت بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بکات، نەك هەر خۆی، بگرە حیزبی دیموکراتی

کوردستانیشی لەو ئەرکە هەڵپە ساردبوو، وەك حیسامی گوتوویە "ئێمە بە ناوی حیزبی دیموکرات کار و تەبلیغاتمان دەکرد، بەڵام لە واقیع دا وەك بەشێك لە ڕێکخراوی حیزبی تودەی ئێران بووین، بە تایبەت کادری بەڕێوەبەری خۆیان بە تودەیی دەزانی، برادەرانمان بە تاوانی تودەیی دەگیران... خەباتی نەتەوایەتی، تەبلیغات بۆ مەسەلەی کورد یا وەدەست هێنانی ماڤی نەتەوایەتی، هەر باس نەدەکرا، ئەساس و بناغەی تێکۆشانمان لە سەر خەباتی چینایەتی دامەزرابوو، بە هیچ جۆر سەرەڕای ئەو هەموو ئیمکاناتە بیرێك لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی نەدەکراوە، ڕێبەرایەتی حیزبی تودە مەسەلەی نەتەوایەتییان جارێکیش نەهێنا گۆڕێ"[109].

هەروەها حیسامی لە شوێنێکی دیکەشدا ئاماژەی بەو ڕاستییە داوە و دەڵێت "ڕاستە لە نێو خەڵك تێکۆشان بە ناوی حیزب دیموکرات بوو، بەڵام هیچ بەرنامە و سیاسەتێکی نەتەوایەتی و کوردستانیمان نەبوو، دەستورات و ئەوامیری حیزبی تودە دەهاتن و بە گوێرەی ئەوان تێکۆشان بەڕێوە دەچوو"[110].

(سەعید کاوە)ش لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە چۆنێتی بیر کردنەوەی نانەتەوەییانەی ڕێبەرانی ئەودەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان کردووە و گوتوویە "لە بیرمە لە کۆبوونەوەی کادر و مەسئولاندا کاتی مەسەلەیەك دەهاتە پێش بیری حیزبی تودە بە سەر هەست و مێشکی کوردە سیاسییەکاندا زاڵ بوو، بە زاهیر ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، بەڵام مەسەلەی میللی و ڕزگار بوونی کورد هەر باسیشی لێ نەدەکرا"[111].

www.zheen.org

لەوەش زیاتر کاتێکی ناڕەزایەتی وەرزێرانی کوردستان دژی زوڵم و ستەمی دەرەبەگە شاپەرەستەکان پێ بە پێی خەباتی دیموکراتیکی

سەرتاسەری دژی دەربار و ئیمپریالیزمی بەریتانی بە ڕێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی لە گەشە کردندا بوو، ململانێ چینایەتییەکان لە ناوچەی بۆکان گەیشتە ڕادەی تەقینەوە و ڕاپەڕینی وەرزێران لەو ناوچەیە بە سەرکردایەتی (حاجی قاسم) کە لایەنگری بەرەی نیشتمانی بوو، دەستیپێکرد[112]، بە داخەوە کۆمیتەی سەرکردەیی لە مەهاباد (واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان - ل)و ڕێبەرانی حیزبی تودەش نەیانتوانی ڕاپەڕین بە هێزکەن و بۆ لای شۆڕشێکی ڕاستەقینە پاڵی پێوەبنێن"[113].

هەروەها (هێمن) وێڕای ئەوەی داخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشی کە حیزبی دیموکرات درەنگ جوڵاوەتەوە و وەك پێویست لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە ڕەسەنەدا مامەڵەی نەکردووە، گازندەشی لە هەڵوێستی خۆ گێل کەرەی حیزبی تودە لە مەڕ ئەو ڕاپەڕینەوە کردووە و ڕەخنەی ئەوەی لێگرتوون، کەلەگەڵ ئەو هەموو توانا و ئیمکاناتەی هەیانبووە، چ یارمەتییەکیان بە جوتیارە ڕاپەڕیوو دواتر وەدەرنراوەکان نەکردووە[114]. جگە لەوەش هەوڵدرا شێوازی سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕینەکە بکرێتە بیانوویەك بۆ هێرشکردنە سەر مصدق و حکوومەتی بەرەی نیشتمانی، وەك ئەوەی لێپرسراوی کۆمیتەی وەرزێرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە ناوچەی نەغەدە، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا بە خەڵکی ڕاگەیاند: "برایانی بەڕێز، زەحمەتکێشانی شاروگوند، وەك دەبینن حکوومەتی دوکتۆر مصدق لە هەموو شوێنێ پشتیوانی لە دەرەبەگەکان دەکات، ئێستا بە پشتیوانی لەشکری مەهاباد و بە تانك و تۆپەوە چونە سەر وەرزێرانی ناوچەی بۆکان و فەیزوڵڵابەگی"[115].

بەم چەشنە، لە بیرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد، وەڵامنەدانەوە بە پێویستییە واقعییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، دیارینەکردنی سنوور و ڕێ و شوێنێك بۆ پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی دیموکرتی کوردستان و

حیزبی توده،دوور کەوتنەوە لە کوردایەتی و خۆ بەستنەوە بە حیزبی تودەی پێشەنگی چینی (پرۆلیتاریا)ی ئێران و سیاسەتە دژ بە یەکە سەرەڕۆکانی لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، نەك هەر زەمینەی بۆ دەرکەوتنی چەند حیزبی دیکەی وەك (حزب سادات)و (حزب سعادت ملی) لە کوردستان ڕەخساند[١١٦]، و بەشێکی چینەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە حیزبی دیموکرات دوورە پەرێز ڕاگرت، بگرە بووە ماکێکی خراپ و پەتایەکی درێژخایەن لە بەدەنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و گیانی چەپگەرایی و ئێرانچێتی بە سەر گیانی نەتەوایەتی و کوردستانی بووندا زاڵکردو بووە بەردی بناغەی تەواوی پەرت بوون و ناکۆکییە ئایندەییەکای ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دابەشبوونی ئەو ڕێبەرایەتییە بە سەر چەپ و ڕاست، ناسیۆنالیست و ئەنتەرناسیۆنالیست، شۆڕشگێڕ و سوپەر شۆڕشگێڕ ...هتد کە جگە لە زیان قازانجێکی بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران نەگەیاندووە.

لەوەش بترازێت، حیزبی تودە لێرە بە دوا هیچ کات ئامادە نەبووە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك حیزبێکی سەربەخۆی خاوەن ڕێبازی کوردایەتی بناسێت، و هەمیشە وەك شاخەیەکی خۆی لە کوردستاندا تێی ڕوانیوە و هەوڵی ئەوەی داوە حیزبی دیموکرات ئەو ئەشکەوتە بە تاڵە بێت سەدای تودەی تێدا دەنگبداتەوە، مەسەلەیەکی وا کە بۆ خودی حیزبی تودە و بۆ جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردیش لە ئێران زیانێکی بێ قەرەبوو کردنەوەی گەیاند.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بە هەر حاڵ، بە سەرکەوتنی کودەتای ئابی ١٩٥٣ و ڕوخاندنی حکوومەتی مصدق، لە کوردستانیش وەك ناوەند و زۆربەی هەرێمەکانی دیکەی ئێران لەشکر و هێزە شاپەرستەکانی دەسەڵاتیان گرتەوە دەست و بە ئاسانی

خۆیان سەپاندووە، ڕابەر و کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە چاولێکەری و وەك وابەستەیەکی ڕێبەرایەتی تودە لە تاران بێ هەڵوێست دۆش دامابوون، حیزبی تودەش وەك گوترا لە هەوڵی تیۆر داتاشیندا بوو تا شکستی جوڵانەوەی دیموکراتی بخاتە گەردنی بەرەی نیشتمانی و خۆی لە هەر لێپرسراوییەك بدزێتەوە، ئەوەش چ لە سەر حیزبی تودە و چ لە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان گران کەوت، لە کوردستان ژمارەیەکی زۆری خوێندکار و لاوە خوێنگەرمەکان و کادرەکانی پلەی خوارەوەی حیزبی دیموکرات یا بە تەواوی وازیان هێنا، یا خود ڕوویان لە پاشماوەی بەرەی نیشتمانی کرد(١١٧).

لە لایەکی ترەوە، شالاوی بەرفراوانی دەزگا سەر کوتگەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی بۆ سەر ڕێکخراو و بارەگا و ئەندامەکانی حیزبی تودە لە تاران و گرتنی بەشێکی بەرچاوی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە و بڵاوکردنەوەی پەشیماننامەکانیان لە ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی میریدا، هەروەها سەرقاڵبوونی ڕژێم بە لێدانی ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەری وەك ڕاوەدوونانی ئەندامانی بەرەی نیشتمانی و کەسایەتییە مەزهەبییەکان لە شارە گەورەکاندا، هەل و مەرجێکی بۆ ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایە پێش کە بڕیار لەوە بدەن بۆ پاراستنی ڕێکخستنەکانی خۆیان و بە کەڵك وەرگرتن لە فەزای تا ڕادەیەك ئاوەڵای گوندەکانی کوردستان، سەربەخۆ لە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە کە زۆربەیان یا بەرە و شورەوی هەڵاتبوون، یا خود گیرابوون و بەڵێنی هاوکارییان بە دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێم دابوو، لە سەر کاروچالاکی خۆیان بەردەوام بن.

هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥دا ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تاران کۆبوونەوە و بڕیاریاندا پەیوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودە دا بپچڕێنن

www.zheen.org

و نامەیەکی ڕەخنە ئامێزیش سەبارەت بە بێ هەڵوێستی حیزبی تودە لە مەڕ کودەتای ١٩ی ئاب بنووسن و حیزبی کۆمۆنیستی شورەوی لێ ئاگادار بکەنەوە، ئەو بڕیارەی لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا لە ناوچەی (لاجان) لە مایسی ١٩٥٥دا جەختی لە سەر کرایەوە و هەنگاوی بۆنرا[١١٨]، شایەنی باسە پاش دابەشکردنی ئەرك و ڕێکخستنەوەی ڕێبەرایەتی، حیزبی دیموکرات چالاکییە کانی خۆی لە کوردستانی ئێراندا پەرەپێدا، و سەرلەونوێ ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی حیزبی بە زمانی کوردی بە چاپ گەیاندەوە، هەروەك قاسملو لە نامەیەکیدا بۆ مەلامستەفای بارزانی نووسیوە: "کاری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەت پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٣ پەرەی سەند چونکە حیزب دەستی کرد بەوە سەربەخۆ کار بکات و کاری کوردستان هەر خۆی بەرێتە پێش"[١١٩].

بەڵام جێگای سەرنجە، خودی قاسملو کە پێشتر وەك ئەندامێکی ڕەسمی حیزبی تودە سەرپەرەشتی پەیوەندییەکانی حیزبی تودەی ئێران و ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی دەکرد، بڕیارەکەی کۆبوونەوەی تاران و کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی لە بەرچاو نەگرت و لە سەر پەیوەندییەکانی خۆی بە ڕێبەرایەتی حیزبی تودەوە بەردەوام بوو، ئەوەش هەل و مەرجێکی هێنایە کایەوە کە دەزگا سەر کوتگەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی پاش ئەوەی خودی قاسملۆیان خستە داو، ئاوڕێکی جیددی تر لە چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامەکانی بدەنەوە و خۆبۆ ئەوە ئامادە بکەن گورزێکی توندی لێوەشێنن، ئەو گورزەی کە پاش جێگیر بوونی لقەکانی دەزگای (ساواك) لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٥٧دا پلانی بۆ داڕێژراو لە شەوی ٣/٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ بە جۆرێکی وا سرەوێندرایە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە

www.zhebn.org

بناغەوە هەڵیتەکاند و زیاتر لە ٢٠٠ ـ ٣٠٠ ئەندامی ڕێبەرایەتی و کادر و لایەنگری حیزبی راپێچی زیندانە تاریکەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی کرد[١٢٠].

٣/١/٢: هەڵوێستی حیزبی تودە لە قۆناغی ئاوارەییدا

گەر بمانەوێت سەبارەت بەهەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد و ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران لە دەورانی ئاوارەیی ڕێبەرایەتی تودە لە شورەوی و ئەورووپای ڕۆژهەڵات قسە بکەین، ئەوا سەرچاوە و دکۆمێنتە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەو هەڵوێستە هەر وەك پێشوو نادیار و تەم و مژاوی و زۆرجار هەلپەرەستانەبووە، دیارە وەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە ئەم قۆناغەی مێژووی حیزبی تودەی ئێران قۆناغێك بوو کە مەسەلەکانی: وابەستەبوونی یەکجارەکی حیزب بە سیاسەتی شورەوی، توندوتیژ بوونی ناکۆکییەکانی نێو ڕێبەرایەتی و پەرتبوونی ماوییەکان، دزەکردنی بەکرێگیراوانی ساواك بۆ نێو ریزەکانی حیزب...هتد، ئەوانە ڕوخساری سەرەکی قۆناغەکە بوون و مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتنی جیدی لە حاست ڕووداوەکان و پراکتیز کردنی تێکۆشانی ڕاستەقینە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی لە پەراوێزدا بوون.

بە گشتی دەتوانرێت بگوترێت، هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران بە گشتی، و سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد بە تایبەتی، لە قۆناغی ئاوارەیی دا هەروەك ئەو هەڵوێستەیان وابوو کە لە پێش کۆنگرەی دوودا لە ساڵی ١٩٤٨ سەبارەت بەو کێشەیە گرتبوویانە بەر، واتە خۆگێلکردن و بایەخنەدان و ئاوڕنەدانەوە. لە ڕاستیدا حیزبی تودە سەرەتا لە پەیجوی ئەوەدا بوو هەل ومەرجی ئاوارەییەکە لە ئەورووپا بقۆزێتەوە تا ڕێکخراوە هەرێمییە غەیرە فارسە چەپەکانی وەك فیرقەی دیموکراتی

www.zheen.org

ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تەواوی لە نێوخۆیدا بتوێنێتەوە و بە فیعلی خۆی وەك پێشەنگ و پێشڕەو و تاکە حیزبی چینی کرێکاری ئێران و لایەنگری بەرەی پێشکەوتووخواز و بلۆکی سۆسیالیزم ڕاگەیەنێت، لەم لایەنەشەوە حیزبی تودە توانی لە کۆنفرانسی حەوتەمدا کە بە ناوی (یەکگرتن) لە ١٩ ـ ٢٨ تەمووزی ١٩٦٠دا لە مۆسکۆ بەسترا فیرقەی دیموکرات ڕاکێشێتە نێو حیزبی تودەوە[١٢١]. بەوەش فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کۆتایی هات.

بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان چارەنووسێکی دیکەی لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان گرتە بەر، چونکە ڕێبەرایەتییەکەی پاش پەلامارەکەی ساواکی ساڵی ١٩٥٩ بە تێکڕا هەڵنەهاتنە ئەوروپا، بەڵکوو ئەوانەی بەر پەلامارەکە نەکەوتن، کشانەوە سەر سنوورەکانی کوردستانی ئێران و ئاودیوی خاکی کوردستانی عێراق بوون، بەوەش نەکەوتنە ژێر ڕەحمەتی ڕێبەرایەتی هەڵاتووی حیزبی تودە و دەسەڵاتدارانی شورەوییەوە.

لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییە بدرکێنرێت، کەوێڕای ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٥ەوە بڕیاری پچڕانی پەیوەندی تەشکیلاتی خۆی لەگەڵ حیزبی تودەدا، بەڵام تا ساڵی ١٩٦٠ یش زیاتر عەقڵییەتێکی چەپی دوور لە نەتەوایەتی بە سەر ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتدا زاڵ بوو، جگە لەوەی ئەو حیزبەی بە تودە لە قەڵەم دەدا و باسی لە (بەرەی یەکگرتوو) دەکرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەوەتا بەیاننامەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە بۆنەی یادی سێزدە ساڵەی ڕووداوی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی لە ١٠ی خاکە لێوەی ١٣٣٩/ ٢١ ئاداری ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت "بەر قەرار بێتەوە بەرەی یەکگرتوو لە نێوان (حیزبی دیموکراتی کوردستان) و (حیزبی تودەی

ئێران)و (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) و (حیزبی ئێران) و حیزبەکانی تری نیشتمانی پێشکەوتوو بۆ ئازادی ئێران"[١٢٢]!!.

بەڵام پاشتر، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سایەی ڕێبەرایەتی (عبدالله اسحاقی) ناسراو بە (ئەحمەد توفیق)، و لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و هەستی هەڵچووی نەتەوایەتیدا، بە تایبەتی پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی کوردستانی عێراق و پەرەگرتنی کوردایەتی، لە ڕێبازی چەپگەرایی و ئێرانچێتی بای داوە و ڕێبازی نەتەوایەتی و کوردستانیی‌یەتی گرتە بەر، وپەیوەندی لەگەڵ پارتە کوردییەکانی وەك (پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق) و (پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا) دامەزراند، و هەوڵیدا سەربەخۆ و لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوایەتی گەلی کورد، نەك چینی پرۆلیتاریای ئێران، پەیوەندی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی شورەویدا هەبێت[١٢٣]. ئەوەش بە تەواوی لە حیزبی تودەی دوور خستۆتەوە، ئەو ئەندامانەش کە لە بەر عەقڵییەتی تودەییان ئەم ڕێبازە نەتەوایەتییەی ئەحمەد تۆفیقیان قبووڵ نەبوو، ڕێگای ئەورووپای خۆرهەڵاتیان گرتە بەر و گەڕانەوە بۆ لای حیزبی تودە.

حیزبی تودەش لە ئەورووپای خۆرهەلات، لەم قۆناغەدا تاقە ئیشێکی کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت کردی ئەوە بوو، کەدوای ڕاکشانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ نێو حیزبی تودە، بڵاوکراوەی (کوردستان) یان هەڵگرت کە بە لاپەڕەیەك و بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی (آذربایجان)ی ئۆرگانی فیرقەدا بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە باکۆ بڵاوکرایەوە، ئینجا وەك حیسامی دەڵێت "هەموو هەوڵ و تەقەلایان هەر ئەوە بووکە بە هۆی کاك عەلی گەلاوێژ و کاك ڕەحیمی قازی (دوو کوردی ئەندامی سەرکردایەتی فیرقە بوون و تێکەڵاوی تودە بوون ـ ل).... وە بە هۆی دوکتۆر قاسملو وکاك حەسەنی

قزڵجی و من (واتە حیسامی . ل)... حیزبی دیموکرات وەك فیرقەی ئازەربایجان بکەن بە ڕێکخراوی حیزبی تودەی ئێران لە کوردستان"[١٢٤].

پێویستە بگوترێت، گەرمبوونی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١و ئەو هەواڵ و هەڵوێستە ئیجابییانەی زۆربەی هێزە ئازادیخواز و چەپەکانی ناوچەکە بە حیزبی شیوعی عێراقیشەوە (لە ڕاستیدا پاش ئەوەی بەعسییەکان قەسابخانەیان بۆ دانان) بڵاویان دەکردەوە و گرتیانە بەر،نەبووە هۆی ئەوەی حیزبی تودە بە قازانجی کورد هەڵوێستێك وەرگرێت، یا هەر هیچ نەبێت لە ڕادیۆ کەیانەوە کە بە ناوی (پەیکی ئێران)ە وە لە سۆفیای پایتەختی بولگاریاوە بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکرد، هەواڵی ڕووداوەکانی کوردستان و لەشکرکێشی و وێرانکارییەکانی سوپای عێراق بڵاوبکاتەوە، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئەحمەد تۆفیقی سکرتێریانەوە لەو شۆڕشەدا پێشمەرگە بوون دژی پەلامارەکانی سوپای عێراق لە سەنگەری بەرگریدا بوون[١٢٥]، ئەوەش بۆ کوردەکانی ناو حیزبی تودە کەسەرێکی گەورە بوو، هەر بۆیە دوکتۆر ڕەحیمی قازی لە نامەیەکیدا سەبارەت بە بەشە کوردییەکەی ڕادیۆی پەیکی ئێران نووسیویە "پەیکی ئێران بە کوردی نەبوونی لەمە باشترە"[١٢٦]، یا خود وەك حیسامی دەڵێت "هیچمان لە سیاسەتی حیزبی تودە سەبارەت بە مەسەلەی کورد ڕازی نەبوین"[١٢٧].

هەر بۆیە حیسامی کە ئەو دەم بێژەری بەشە کوردییەکەی ڕادیۆی پەیکی ئێران بوو، سەبارەت لەو بێ هەڵوێستی و خۆگێلکردنەی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە مەڕ کێشەی کڵپەسەندووی نەتەوەیی گەلی کورد، نامەیەکی ڕەخنە ئامێزی ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران کردووە کە تێیدا هاتووە "هەر لە ڕیفۆرمی شاوە بگرە تا ڤێتنام و هاڤانا... لە کونگوو انگولا و

امریکای لاتین وه بگره تا پاکستان و عەدەن و عومان و بەحرەین باسدەکرێت کەچی باسێك لە بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلی کورد لە ئێران ....نییە، دیارە ئەوەش شتێکی لە خۆڕا نییە، چونکە کاتێك کە بە فەرمانی ڕێبەرایەتی حیزب و لە یادی بیست ساڵەدا دروشمەکەی (بژی گەلی کورد)ی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بسڕێتەوە، مەعلومە کە یادەوەری بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلی کورد لای ڕێبەرایەتی حیزب شوێنێکی نابێ""(١٢٨).

هەروەها عەلی گەلاوێژ لە نامەیەکیدا سەبارەت بەو بێ هەڵوێستییەی حیزبی تودە لە حاست ڕووداوەکانی کوردستاندا گوتوویە "هیوادارم خەباتی پیاوانەی میلەتی کورد بلاخرە ئەم بێ خەبەرانە حاڵی بکات کە لە گوێی گادا نەنستوون و چاو لە حقیقت نوقاندن ناتوانێ صدمە بە کوردان بگەینی، بەڵکوو ماڵی ئەو کەسە وێران ئەکات کە چاوی نوقاندووە و گوێی خۆی ئاخنیوە"(١٢٩).

شایەنی باسە زیاتر توندوتیژ بوونی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و شۆڕشی چەکدارانەی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا لە لایەك، و پەرەسەندنی ڕەوتی چەپی نوێ و بیرۆکەی خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە بە پشت بەستن بە ئۆردووی چینی جوتیاران و زەحمەتکێشان لە ژێر تیشکی خەبات و ئەزموونەکانی گەلانی ژێر دەست لە کوبا و ڤێتنام و جەزائر، و لەسایەی ڕێبازی (ماویزم)دا، لە نێو ڕۆشنبیرە ئێرانییە چەپەکان و خوێندکارە لاوە کوردە مارکسیستەکانی کوردستانی ئێراندا لە لایەکی دییەوە، هەل و مەرجەکەیان بەرەو ئاقاری هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینێکی چەکدارانە بە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی لە کوردستانی ئێراندا برد، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە بەشێکی ئەو لاوە کوردە مارکسیستانە بە چاولێکەری (مهدی خانبابا تهران، بیژن حکمت، کورش لاشائی، محسن رضوانی)لە ساڵی ١٩٦٣دا لە حیزبی

www.zheen.org

توده جیابوونەوەو ماویزمیان کرده ڕێباز و به ناوی (سازمان انقلابی حزب توده/ ڕێکخراوی شۆڕشگێرانی حیزبی توده) هەڵدەسوڕان، ئەوانیش لەگەڵ بەشێکی کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا له ١٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٦دا (سازمان انقلابی حزب دمکرات کردستان)یان پێکهێناو، له بەهاری ساڵی ١٩٦٧دا ڕاپەڕینی چەکدارانەیان له کوردستانی ئێراندا تەقاندەوە، ئەو ڕاپەڕینەی نزیکەی هەژده مانگی خایاند و پاش به کارهێنانی سەرکوت و توندوتیژییەکی کەم وێنه له لایەن ڕژێمی شاهەنشاهییەوە دامرکێنرا(١٣٠).

له ڕاستیدا هەر چەنده حیزبی توده لەم قۆناغەدا مەسەلەی نەتەوایەتی له ئێران به خانەی فەرامۆشی سپاردبوو، و بایەخێکی ئەوتۆشی به کێشەی پەرەگرتووی کورد نەدەدا، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەستن و پتەوبوونی پەیوەندییەکانی و نزیکبوونەوەی ڕێبەرایەتی له سازمانی ئینقلابی حیزبی توده، وکەوتنەوەی هەواڵی ئەگەری هەڵگیرساندنی جوڵانەوەیەکی چەکدارانه دژی ڕژێمی شاهەنشاهی له کوردستانی ئێران، حیزبی توده لەگەڵ ئەوەی بڕوایەکی به خەباتی چەکداری شۆڕشگێڕانه نەبوو(١٣١)، کەچی به پەله هەڵپەرەستانه کەوتەخۆ، و د.رادمنشی سکرتێری حیزب لەگەڵ چەند ئەندامێکی کوردی تودەیی به هەڵەداوان خۆیان گەیانده بەغدای پایتەختی عێراق و له ٩ی شوباتی ١٩٦٨دا، لەگەڵ چەند ئەندامێکی ڕێبەرایەتی سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کۆبوونەوە و پاش گفتوگۆ ڕێکەوتننامەیەك له نێوان هەر دوو لادا بەستراو بەیاننامەیەکی هاوبەشیان به زمانی فارسی دەرکرد(١٣٢).

شایەنی باسه، حیزبی توده مەبەستی لەم کۆبوونەوەیە، هەروەك له بەیاننامەکشدا دەردەکەوێت بریتیبوو له:

بنکەی ژین
www.zheen.org

أ ـ به پەراوێزکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران و لە قەڵەمدانی جوڵانەوە چەکدارانەکەی کوردستان لە بەشێك لە خەباتی گەلانی ئێران و نیشاندانی وەك جوڵانەوەیەکی چینایەتی بە دژی کۆنەپەرەستی شاهەنشاهی و ئیمپریالیزم.
ب ـ قسە کردن لە بەلشەفە کردنی ئێران وەك تاکە چارەسەرێکی کێشەی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە بە کوردیشەوە، مەسەلەیەکی وا کە ئەزموونێکی شکستخواردوو و بێئاکام بوو، جگە لەوەی چاولێکەری و تێنەگەیشتن بوو لە هەردوو واقیعەکەی شورەوی و ئێران و زیاتر بەزیان بۆ کێشەی نەتەوایەتی و چارەسەر کردنێکی زانستیانە و ئازادانەی ئەو کێشەیە کۆتایی دەهات.
ج ـ هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناو و کارەکتەری سەربەخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە فیرقەیی کردنی، تا لە ئایندەیەکی نزیکدا لە نێو حیزبی تودەی دایك و پێشڕەودا بتوێتەوە.
ع ـ نیشاندانی حیزبی تودە وەك دۆستێکی ستراتیژ و دابینکەری پێویستییە مادی ومەعنەوییەکانی جوڵانەوە چەکدارانەکەی کوردستانی ئێران، ئەوەش لە لایەکەوە جوڵانەوەکەی لە سازمانی ئینقلابی حیزبی تودە دوور دەخستەوە، لە لایەکی تریشەوە کز کردن و هێشتنەوەی ئەو ڕاپەڕینە چەکدارییە بوو لە کوردستانی ئێران و هومێدی گەیشتنی هاوکارییەکانی حیزبی تودە کە هیچ شتێکی دیار نەبوو.

دیارە کۆمیتەی ئێرانی حیزبی تودە لەو دەمەدا نەك هەر بە قازانجی جوڵانەوەکە و پێشکەشکردنی هاوکاری و زەمینە خۆشکردنی سەرکەوتنی کارێکی پێ نەدەکرا، بەڵکوو ڕێبەرایەتییەکەی بە دەست کەسایەتییەکی ساواکی وەك (عباس شهریاری) یەوە بوون کە زۆر دوور نییە زانیاری زۆر ووردی لە سەر دەستە چەکدارەکانی سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەش بە دەزگای جاسووسی و سەرکوتی ساواك نەکردبێت،

www.dleen.org

چونکه هێندێك هەواڵ دەگەیشتنە ئەو دەزگایە کە تەنیا ڕێبەرەکانی سەرکردایەتی حیزبی تودە و چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی لێ ئاگادار بوون، بۆ نموونە هەر خودی کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکی ٩ی شوباتی ١٩٦٨ لە بەغدا، کە پاش دوو هەفتەی تەواوی خواس و باسەکانی بە ڕاپۆرتێك گەیشتوونەتە ساواك(١٣٣).

ئەوەی جێی تێڕامانە، یەکێکە لەو ڕاپۆرتانەی کە لە بەرواری ٢٥ی شوباتی ١٩٦٨ و لە ژێر ناونیشانی (دژایەتی حیزبی تودەی هەڵوەشا و لەگەڵ ڕاپەڕینی چەکداری لە کوردستانی ئێراندا) گەیشتۆتە ساواك، لەم ڕاپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە دەوڵەتی شورەوی مەسەلەی جوڵانەوەیەکی چەکدارانە لە کوردستانی ئێراندا بەفیکی ماوییەکان دەداتە قەڵەم و ئێستاکێ بە بوونی چەکدارە کوردەکان لە ئێراندا خۆشحاڵ نییە، هەر بۆیە د.رادمنش، ڕەحمان قاسملو و کریم حیسامی چوونەتە بەغدا تا پەیوەندی بە نوێنەری چەکدارە شۆڕشگێڕەکانەوە بکەن و تێیان بگەیەنن کە ئەمێستا کاتی شۆڕش نییە و جارێ لەو مەسەلەیە خۆ بپارێزن و هەوڵدەن لە بەغدا بمێننەوە(١٣٤).

هەواڵێکی لەو جۆرە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێی تێدەچێت، چونکە دژایەتیکردنی شورەوی لەگەڵ هەر هەوڵێکی هەڵگیرساندنی جوڵانەوەیەکی چەکدارانە لە ئێراندا بە دژی ڕژێمی شاهەنشا و نفوزی ئیمپریالیزم لە چەند ڕاستییەکەوەسەرچاوەی دەگرت، لە لایەکەوە یەکێتی شورەوی لەو سەردەمەدا سیاسەتی سنگ دەرپەڕاندن و خۆ گیڤکردنەوەی دەورانی ستالینییەتی لە بەرامبەر بلۆکی سەرمایەداریدا لە گۆڕنابوو، و سیاسەتێکی نوێی بە ناوی (پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە) لە بەرامبەردا کردبووە ئەلتەرناتیڤ(١٣٥)لە لایەکی تریشەوە پەیوەندییە ئابووری و هونەری و بازرگانییەکانی نێوان ئێران و شورەوی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەوە تا دەهات باشتر و

www.zheen.org

گەرمتر دەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ١ی مارتی ١٩٦٧دا ڕێکەوتننامەیەکی ئابووری لە نێوان هەر دوو دەوڵەتدا بەسترا، ئەو ڕێکەوتنەی کە نرخی کاڵای نێردراوی ئێرانی لە ٢٠ ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٧٠ ملیۆن دۆلار لە ماوەی یەك ساڵدا بەرز کردەوە و زۆری پێنەچوو شورەوی بووە بازاڕێکی چاکی ساغکردنەوەی کاڵای ئێرانی، و خۆشی کانزا وئاسن و چیمەنتۆی دەدایە ئێران و لە چەند ساڵی داهاتوو دا ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو دەوڵەت لە ملیارێك زیاتر تێدەپەڕی"[١٣٦].

هەر بۆیە حیزبی تودە کە لە بنەڕەتەوە بڕوایەکی بە کێشەی نەتەوەیی کورد و جوڵانەوەی چەکداری لە ئێراندا نەبوو، هەروەها لە سەر سفرەوخوانی شورەوی و وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات میوانی بوو، چاوەڕێی ئەوەی لێ نەدەکرا کە بەڵێنەکانی سەبارەت بە یارمەتی چەك، پارە، دەرمان و دەزگای چاپ...هتد بۆ جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران بێنێتە دی، بە قەوڵی حەسەنی قزڵجی "ئەو نووسین و بێرە و بەرە و کۆبوونەوە هەمووی ڕاوی سەر کاغەزە و هیچی تر"[١٣٧].

بێگومان ئەوەش بە فاکتەرێکی شکستی جوڵانەوەکەی ساڵانی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ دادەنرێت، فاکتەرێك کە لەگەڵ سەرجەم کەمووکورتییەکانی دیکەی حیزبی تودە دا کاریگەرێکی مەزنی کردە سەر ڕۆحییەتی ئەندامە کوردە تودەییەکان و لە بێ هەڵوێستی و سیاسەتی هەلپەرەستانەی ئەو حیزبە هەراسان بوون، ئەوەتا یەکێك لەو ئەندامانە لە نامەیەکی ڕەخنە ئامێزیدا بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی تودەی نووسیوە "بەڵام بە داخەوە کاری هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی لەم بارەیە(واتە سەبارەت بە جوڵانەوەکەی کوردستانی ئێران ـ ل) وەك کارەکانی پێشوویان بریتیبوو لە: سستی، خۆدزینەوە، بڕیارنەدان و سەرەئەنجام بێ بەرنامەیی... دەربارەی هاوکاری

نەکردنی هەڤاڵان، هەڤاڵانێ کە گەیونەتە ئەو بڕوایەی کەحیزبی تودە بە نرخی ڕۆژ نان دەخوا، کاتێك جوڵانەوەکە لە گەرمەیدایە و ڕێکخراو و چەکداری زۆری هەیە، ئەو حیزبە خۆی وە پێش دەخا و گفت و بەڵێن دەبەخشێتەوە، بەیاننامەی هاوبەش پەخش دەکات، بەڵام پاشتر کە ژمارەیەك دەکوژرێن و جوڵانەوەکە سەرکوت دەکرێت، ئەوا بە چەشنێکی دیکە ڕەفتار دەکات و تەواوی بەڵێنەکانی بە خانەی فەرامۆشی دەسپێرێت"[١٣٨].

لە ڕاستیدا حیزبی تودە لەو ڕووەوە بییەك نەبوو بەو چەشنە بایانە بلەرزێ، زاراوەکانی (ناسیونالیست)و (منحرف)یان دەدا بە ڕووی هەر کوردێکی تودەییدا داوای هەڵوێستی ڕوون و شیاوی لە مەڕ مەسەلەی نەتەوایەتی و

کێشەی کورد لێبکرانایە[١٣٩]، ئەوەش مەسەلەکەی گەیاندە مریشکە ڕەشە، پاش ئەوەی ژمارەیەك لەو کوردانە ڕیزەکانی حیزبی تودەیان جێهێشت و هەوڵیاندا لەگەڵ ئەندامە پەرتەوازەکانی دیکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سازمانی ئینقلابی حیزبی دیموکراتدا، سەر لە نوێ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ڕێبازێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخوازی سەربەخۆ بنیاتبنێنەوە.

٤/١/٢: هەڵوێستی حیزبی تودە پاش گەڕانەوە بۆ ئێران تا ڕا پێچکردن بۆ زیندان شوباتی ١٩٧٩ ـــ شوباتی ١٩٨٣

ئاشکرایە بە سەوکەتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا، هەل و مەرجی کوردستانی ئێران گۆڕان و وەرچەرخانێکی مەزنی بە سەر داهات، بەوەی جوڵانەوەی ڕێکخراوەیی و ئازادیخوازی نەتەوەیی لەو پارچەیەی کوردستاندا بە ڕادەیەك

بوژایەوە کە سەرەتای قۆناغێکی نوێی بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هێنایە کایەوە.

دیارە جگە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پاش سی و دووسالْ خەباتی نهێنی و ژیانی ئاوارەیی سەر لە نوێ ئاشکرا خۆی ڕاگەیاند و جەماوەری کوردی لیْ کۆبووەوە، ڕێکخراوی دیکەی وەك (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) کە بە دواتر هەر بە کۆمەڵە ناوی دەرکرد، هەروەها چەند کەسایەتی سیاسی وەك (شێخ عزالدین حسینی) هاتنە سەر شانۆ و دەستیان دایە چالاکی سیاسی و نەتەوەیی لە پێناوی دیمۆکراتیزە کردنی ئێران و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد کە لەو قۆناغەدا دروشمی (خودمختاری)یان بۆ کردبووە ستراتیژی(١٤٠).

لە لایەکی دیەوە، ململانێی ڕەوت و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەر شانۆی سیاسی ئێرانی لە ناوەند و بە ئاقارێکدا دەڕۆیی کە هەلی دەسەڵات گرتنە دەستی بۆ باڵی ئاینی توندڕەو و ئاخۆندە بونیاد گەراکان ڕەخساند، ئەوانەی بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تیۆکراتی بە ناوی (کۆماری ئیسلامی) لە ئێران کەوتنە پراکتیزەکردنی دید و بۆچوونە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانیان، ئەو ئایدۆلۆژییەی نەك هەر بڕوایەکی بە دیموکراتی، فرەمینبەری، خەڵکسالاری و مافی نەتەوە غەیرە فارسە ستەملێکراوەکانی لە ئێراندا نەبوو، بگرە تێکڕای ئەو مەسەلانەی بە ئاژاوەگێڕی و پیلانی ڕۆژئاوا و پێچەوانەی فەلسفەی ئیسلامەتی دەزانی و لایەنگرانی بە (عدوالله، مفسد فی الارض، ضد انقلاب و عوامل امپریالیزم) نێوزەد دەکرد و خوێنیانی حەڵاڵ دەکرد. هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی نویْ لە جیاتی دیموکراتی بۆ ئێران و چەسپاندنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی غەیرە فارس، دیکتاتۆرییان بۆ ئێران و سیاسەتی سەرکوت ولەشکرکێشییان لە حاست ئەو کێشە گرنگەدا گرتەبەر، سەبارەت بە کوردستانی ئێرانیش فتواکەی خومەینی بۆ جیهاد

دژی گەلی کورد لە ١٩ی ئابی ١٩٧٩ دا سەرەتای پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەتە بوو[١٤١].

سەبارەت بە حیزبی تودە، هەروەك پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، ڕێبەرایەتی حیزب لەگەڵ ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی ئەوروپای خۆرهەلاتیان جێهێشت و گەڕانەوە ئێران و سەرلە نوێ چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەییان دەستپێکردەوە، و لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە سایەی تێزی (ڕێگای نا سەرمایەداری گەشە کردن) و بە پشتبەستن بە تاکتیکی (کۆکردنەوەی تەواوی هێزە دیموکرات و پێشکەوتووخوازەکان لە پشتی ئیمام خومەینی)یەوە، و لە بەر تیشکی بەرژەوەندی بلۆکی سۆسیالیستی، بە بەرزکردنەوەی دروشمی (چەسپاندن، قوڵکردنەوە، فراوانکردنەوەی شۆڕش)، پایەی سیاسی و نفوزی کۆمەلایەتی لە دەست چووی چەند ساڵەیان قەرەبوو بکەنەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی پەرەگرتووی نەتەوەیی کوردستانی ئێران لەم قۆناغەدا، وەك سەرجەم سەرچاوەو بەڵگەنامە مێژووییەکان نیشانمان دەدەن هەر بە هەمان شێوازی پێشوو لە سایەی سیاسەتێکی هەلپەرەستانەوە سەرچاوەی دەگرت، و لە پێناو وەدیهاتنی خەونە زڕەکانی ئەو حیزبەدا هەڵدەسووڕا.

(بهالدین نوری) کۆنە سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی، کاتێك لە ساڵی ١٩٧٩دا سەردانی شاری مەهابادی کردووە، سەرنجی خۆی لە مەڕ مەسەلەیەکی وا لە بیرەوەرییەکانیدا تۆمار کردووە و دەڵێت "شاری مەهاباد بۆ یەکەم جار لە دوای ڕوخاندنی کۆمارە ساواکەیەوە لە ساڵی ١٩٤٦دا تامی ئازادی ڕاستەقینەی دەچێژت و دەسەڵاتی ناوەندی تێدا نەبوو، ڕێکخراوی سیاسی دەسەڵاتدار بریتیبوو لە حیزبی دیموکراتی کوردی (کوردستانی ئێران ڕاستترە ـ ل) بەرابەری عەبدولڕەحمانی قاسملو.... وێڕای ئەوەی

ژمارەیەك لاوی ماركسیستی هەبوو، كەچی حیزبی تودە بچووكترین و لاوازترین ڕێكخراوەكانی كوردستان بوون هۆكاری لاوازی و نەبوونی ڕێكخراوێكی تودەی بەم چەشنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە هەر لە كۆنەوە تا ئەو دەمەش (مەبەستی ساڵی ١٩٧٩یە - ل) ئەوەی ڕەتدەكردەوە كە ڕێكخراوێكی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت، و گرەوی لە سەر گۆڕینی حیزبی دیموكرات بۆ شاخەیەكی حیزبی تودە لە كوردستاندا دەكرد، ئەو بۆچوونە پڕوپووچەی كە حیزبی تودە پێی لە سەر دادەگرت و چ پەیوەندییەكی نە بە ماركسیزم و نە بە دیموكراتییەت و نە بە هیچ لۆجیكێكی سیاسییەوە هەبوو، بەڵكوو بەرجەستەی خواستێكی خۆبەزلزانانە و شۆڤێنیستانەی فارسی دەكرد كە دەیویست بە سەر هەموو ژیانی سیاسی كوردستانی ئێراندا زاڵ بێت"[١٤٢].

هەروەها (بانیخێلانی)كە ڕێبەرێكی شیوعی دیكەی عێراقییە لەو قۆناغەدا لە ئێران بووە و هەر لەو بارەیەوە نووسیویە "لەو كاتەدا حیزبی تودە لە هەندێ لە شارەكانی ئێراندا خەریكی ڕێكخراو دروستكردن بوون، بەڵام لە كوردستاندا شتێكی ئەو تۆیان نەبوو، چونكە ئەوان سەرمایەگوزارییان لە سەر حیزبی دیموكرات دەكرد و حیزبی دیموكراتیان بە لقی حیزبی تودە دەزانی، بە بێ ئەوەی هیچ ڕایەكی حیزبی دیموكراتیان وەرگرتبێت، تەنیا پشتیان بەوە دەبەست گوایە پاش تێكچوونی كۆماری مەهاباد بە چەند ساڵێك ڕێكەوتنێكی لەو چەشنە لە نێوان حیزبی تودە و ژمارەیەك لە ئەندامانی سەركردایەتی حیزبی دیموكراتدا بووە كە حیزبی دیموكرات بە بەشێك لە تودە بزانرێت.... بەڵام لەو وەختەوە تا شۆڕشی ئێران چەند جار

www.zheen.org

سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات گۆڕاوە و ئاڵوگۆڕ بە سەر ئەم حیزبەدا هات و حیزبی دیموکرات بە هەق حیزبێکی نیشتمان پەروەر و ڕزگاریخواز و نەتەوەیی بوو، کەچی حیزبی تودە وای دەزانی هێشتا مەڵیك ماوە، دەیانگوت حیزبی دیموکرات بیەوێ و نەیەوێ هەر لقێکە لە حیزبی تودە"(١٤٣).

پێویستە بگوترێت کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی د.قاسملو لەو قۆناغەدا بە ڕادەیەکی زۆر خێرا گەشەی دەکرد و تا دەهات زیاتر لە کوردستانی ئێراندا خۆی دەچەسپاند، ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە لەو کاتەدا پەرۆش بوو لەگەڵ حیزبی تودەدا لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی سەربەخۆی یەکتر و ئامانجە هاوبەشەکان پەیوەندی لەگەڵ حیزبی تودەی ئێراندا دابمەرزێنێت، چونکە بە بڕوای ئەوان بوونی پەیوەندی باش لەگەڵ تودەدا، پشتگیری زلهێزێکی وەك یەکێتی شورەوی مسۆگەر دەکرد, بەڵام حیزبی تودە و کیانوری سکرتێری کە د.قاسملوی ڕێبەری دیموکراتیان بە نەیاری سەر سەختی خۆیان دەزانی و تەواو لە پەرەگرتنی نفوزی جەماوەری حیزبی دیموکرات لە کوردستانی ئێراندا هەراسان بوون، تاقە مەرجێکیان بۆ پەیوەندی و هاوکاری وەلانانی د.قاسملو بوو لە پۆستی ڕێبەرایەتی دیموکرات، ئەو مەرجەی کە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بە نامەیەك خستییە بەردەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات و لە لایەن عەلی گەلاوێژی بەرپرسی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی تودە وە خوێندرایەوە (١٤٤)، کارێکی دوور لە ئسووڵ و ڕەوشتی حیزبایەتی بەو شێوە جگە لە

www.zheen.org

ئاکاری خۆبە زلزانانە و نەخوێندنەوەی بەرامبەر لە لایەن سەرانی حیزبی تودەوە شتێکی دیکەی نەدەگەیاند.

وەختێکیش بە دەرکردنی فەتوای جیهادی خومەمینی لە ١٩ی ئابی ١٩٧٩دا لەشکرکێشی پاسداران و هوروژمی سوپای ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ قەتڵوبڕی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەستی پێکرد، ئەوەی کە بە شەڕی سێ مانگە ناو دەبرێت، بەشێکی بەرچاوی ڕێکخراوە ئێرانییەکان ئەو لەشکرکێشییە و تاوانەکانی پاسداران لە: پاوە، دووئاو، قاڕنێ...هتد، هەروەها کۆمەڵکوژییەکانی (خالخاڵی) سەرۆکی دادگای سەرپێی ئینقیلابی ئیسلامییان ڕیسوا کرد، و هەوڵە پاوانخوزییەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیان لە کوردستان، بە سەرەتای لادان لە ئاراستەی شۆڕش و وەك هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی مەزهەبی لە ئێران دا دایە قەڵەم، کەچی حیزبی تودە کە خۆی وەك حیزبێکی وەفادار بە خەتی ئیمام و قوڵکەرەوەی (شۆڕشی ئیسلامی) دەناساند، لە پەیجوی ئەوەدا بوو ئەم لەشکرکێشییە وەك هەلێك بفۆزێتەوە، تا لە لایەك خۆی لە خومەینی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نزیك بکاتەوە، ولە لایەکی دیەوە نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێراندا بەرێتە پێش.

لە ڕاستیدا حیزبی تودە دەیویست وا نیشانبدات کە بەشێکی زۆری هێزو ڕێکخراوە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی ئێران داردەستی ئەمەریکا و زایۆنیزم و ئەڵقە لە گوێی ڕژێمی بەعسی عێراقن، و لەو هەرێمەشەوە پیلانێك بۆ لە نێو بردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران جێبەجێدەکرێت، ئەو

هێزانەی حیزبی تودە بە (دژی شۆڕش) ناوی دەهێنان ، و گوایە مەسەلەی ستەمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانیان بۆ پیلانگێڕان و ئاژاوەنانەوە دژی شۆڕش قۆزتۆتەوە، هەر بۆیە ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئیسلامی پێویستە بە حیکمەتی خۆیان جیاوازی لە نێوان خەڵك و ئەو جۆرە هێزانەدا بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن خەڵك بە دژی (دژی شۆڕش) ڕاپەڕێنن، خەڵکی کوردیش پێویستە ناسکی قۆناغەکە و ئەرکی گرنگی دژی ئیمپریالیزمی شۆڕشی ئیسلامی لە بەر چاو بگرن و لەو پێناوەدا قەناعەت بە وەدیهاتنی لانی کەمی مافەکانیان بکەن و خۆیان لە مەسەلەی پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی برا پاسدارەکاندا بپارێزن و بۆ سەرکەوتنی شۆڕش بە ڕابەری ئیمام بچنە سەنگەرەوە.

(مردم)ی ئۆرگانی ناوەندی حیزبی تودە کە لەو قۆناغەدا بە کوردی دەستی بە بڵاوکردنەوە کردبوو، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (براکوژی لە کوردستان...) نووسیویە "وەکوو دەزانین حیزبی تودەی ئێران هەوەڵین ڕێکخراوەیەکی سیاسی بوو، کە نادروست بوونی ڕێگای چارەسەرکردنی نیزامی هێنا گۆڕێ و تێکۆشا کە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەمان لەو کارەساتە خوێناویەی کە بە دەستی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و کۆنەپەرەستی لە کوردستان هەڵگیرساوە، یارمەتی ڕابەرایەتی شۆڕش و دەوڵەتی کاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بدات، ئەوا جارێکی دیکەیش بە گیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و پەیوەندییەوە لەگەڵ شۆڕشی ئێران و پتەوکردن و بە قەوەت کردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرنجی بەر پرسیارەکانی وڵات بۆ لای ئەم مەسەلەیە ڕادەکێشین.... ئێمە دەزانین کە هێزەکانی ئیمپریالیستی و

www.zheen.org

سەهیۆنیستی و پاشماوەی ڕژێمی ڕووخاوی پەهلەوی کارەساتی کوردستان دنە دەدەن و ئاگرەکەی خۆش دەکەن"[١٤٥].

هەروەها لە وەڵامێکی ڕۆژنامەی (اطلاعات) دا کە باسی لەوە کردووە گوایە بۆچی لە کوردستان کەڵە پیاوێك نایەتە مەیدان کە تا ڕادەیەك شعور و لێزانینی هەبێ و ڕێگا چارەیەکی عاقڵانەی وا پێشکەش بکات کێشەکە بڕێنێتەوە؟ حیزبی تودە بێ ئەوەی نفوزێکی لە کوردستانی ئێراندا هەبێت، هەوڵدەدات خۆی وەك دەمڕاستی گەلی کورد نیشانبدات و لە ڕێگای (مردم)ەوە دەڵێت: "پێویستە بڵێین، بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم کارە خێرە نەك تەنیا (کەڵە پیاوێك)ی داخواز، بەڵکوو هێزێکی سیاسی داخوازی خاوەن نفووز و بایەخداری وەکوو حیزبی تودەی ئێران هەیە"[١٤٦].

شایەنی باسە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لە بڵاوکراوەیەکیدا بە ناونیشانی "کوردستان چ ڕادەبرێ و مەسەلەی کوردستان چۆن شایەنی چارەکردنە"، پاش ئەوەی تێکڕای ناتەواوییەکان و ئاڵۆزی هەل و مەرجەکەی ئێران و کوردستانی خستۆتە ملی "ئاغای موهەندیس بازرگانی بورژوا لیبراڵ"ی سەرۆکی حکوومەتی کاتی و ئۆباڵی تاوانەکانی کوردستانی لە ئەستۆی ڕابەری شورای ئینقیلاب و باڵی مەزهەبی توندڕەو دوورخستەوە، ئینجا هاتۆتە سەر ڕیزبەند کردنی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕەسەنەکانی کوردستانی ئێران و لە ژێر سەردێری (٢ ــ دژی شۆڕش)دا دەڵێت:

"ئەمڕۆ کوردستان بۆتە گرنگترین سەنگەری هەڵسوڕانی ئاشکرای دژی شۆڕشی ئێران، ئەم دژی شۆڕشە پێکهاتووە لە دەستە و تاقمەکانی سیاسی و

(مەزهەبی) و قەومی و عەشیرەتی، وە هەروەها دەستە و تاقمەکانی ڕێکخراوی سەر بە حکوومەتی بەعسی عێراق.... ڕێکخراوی چەپ نوێنی کۆمەڵە، ڕێکخراوی ڕزگاری، دارودەستەی سەرهەنگ عەلیار و هاوکارەکانی بە ناوی (ئارا)، تاقمە کۆنەپەرەستەکانی سەر بە شێخ عوسمان و شێخ جەلالی حوسەینی لم ڕیزەدان.... ئەم دژی شۆڕشە کە لە لایەن هەموو ئیمپریالیستەکانەوەن بە سەرکردەیی ئەمەریکا، ئیسرائیل، میسر و حکوومەتی بەعسی عێراق بە هەموو چەشنێ پشتیوانی لێدەکرێ، توانیویەتی لەم مانگەنەی دوایی دا جێگای خۆی لە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران قایم کات.... مەعلوماتی بڕوا پێ کراو نیشان دەدات کە ئەشرەفی پەهلەوی، ئووەیسی، بەختیار، پالیزبان و ئەردەشێری زاهیدی بە کۆمەکی حکوومەتی بەعسی عێراق، چەند جار هاتوونەتە کوردستان و بە چالاکی لە وروژاندن و ڕێکخستنی دژی شۆڕش دا هاوبەشی دەکەن"[١٤٧].

سەبارەت بە کۆمەڵەش کە وەك ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی لەو قۆناغەدا لە کوردستانی ئێران تێدەکۆشا، بڵاوکراوەکەی حیزبی تودە گوتوویە "سەرنج دانی بەخشی کاولکاری کۆمەڵە، لەم لایەشەوە گرنگە، کە ئەم ڕێکخراوەیە بە هەڵکردنی ئالای کۆمۆنیزم (دیارە کۆمۆنیزمی ئەمەریکایی) هەوڵی داوە یەکێ لە پایە گرنگەکانی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە دژی ئێران..... بە جێ بگەیەنێت، بەم مانایەی کە لە هەر ڕێگەیەکەوە بۆی دەلوێ، ئاگری کێشە و ناکۆکی نێوان هێزەکانی لایەنگری ئیمام خومەینی و هێزە شۆڕشگێڕەکانی لایەنگری ڕاستەقینەی سوسیالیزمی عیلمی و

www.zheen.org

تێکۆشەرە ڕەسەنەکانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی ئێران هەڵگێرسێنێت، کۆمەڵە لە درۆ بە حیسابێکی دیاری لە (کۆمۆنیزم) دەدوی وە لە تەنشت شای لیکەوتوو، بەختیار، ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە لە دژی شۆڕشی ئێران شەڕ دەکا، بۆ ئەوەی موسوڵمانانی تێکۆشەری دژی ئیمپریالیزم لە حاست کۆمۆنیزمی ڕاستەقینە و ڕەسەن بەد بین بکات"[(١٤٨)]!!!

لە بارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە دەڵێت: "گرنگترین تایبەتی ئەم حیزبە، نا هوچەشنی ئەوە لە هەڵوێست گرتنی سیاسیدا... دوو دەستە لەو کەسانەی کە لەگەڵ شۆڕشی ئێران دوژمنایەتی دەکەن، خۆیان تێ خزاندووە و لە کاتی زۆر ناسك و بە هەستدا سیاسەتی حیزب دەخەنە ژێر تەئسیری دیاریکەرەوە، ئەم دوو دەستەیە بریتین لە:

أ ـ نەتەوە پەرەستەکانی بەرچاو تەنگی کورد: کە بە لای ئەوانەی خەباتی دژی ئیمپریالیستی تەواوی خەڵکەکانی ئێران لە کردەوەدا بە تەواوەتی یان بە لانی زۆرەوە لە دەستوور و بەرنامەی ڕۆژدا خراوەتە لاوە....

ب ـ کەسانی سەر بە ئیمپریالیزم و کوردە کۆنەپەرەستەکانی ئێران و بەعسی عێراق، هەوڵ دەدەن بە کەڵك وەرگرتن لە دروشمەکانی بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕی و میللی خەڵك هەڵخەڵەتێن، کارێکی وا بکەن هەر جۆرە تێکۆشانێك بۆ چارە کردنی هێمنانەی مەسەلەی کوردستان و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی دژی ئیمپریالیستی و دژی کۆنەپەرەستی لە کوردستان سەرنەگری"[(١٤٩)].

www.zheen.org

سەیرتر ئەوەیە (کیانوری) سکرتێری حیزب پاش دە ساڵ زیندانی و ئەو هەموو ڕیسوایی و ئازار و مەینەتییەی لە لایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە بە سەریدا هێنرا، ئینجا لە بیرەوەرییەکانیدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی کۆمەڵ' بە (خەمیری سوور) لە کەمبۆدیا و (کۆنترا) لە نیکاراگوا دەشوبهێنێت و دەڵێت لەو شوێنانەی حکوومەتی میللی و دژ بە ئیمپریالیزم دێنە سەرکار، هێزە کۆنەپەرەستەکانی وابەستە بە ئیمپریالیزم بۆ خراپەکاری و ئاژاوەگێڕی و ڕێگرتن لە هەر بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانە و نوێخوازی لەو وڵاتانەدا هانی جوڵانەوە چەکدارانە تێکدەرەکان بە دژی حکوومەتە شۆڕشگێڕ و نیشمانییە دژ بە ئیمپریالیستەکان دەدەن، کیانوری دەڵێت "لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە تا ئێستا (واتە ساڵی ١٩٩٢ ـ ل) ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەماندا بە سوود وەرگرتنی لە جۆرە (کۆنترا)یەك، بەرەنگار بوونەوەی چەکدارانەی بە دژی کۆماری ئیسلامی خولقاندووە و دەیبینین، واتە مەبەست لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دیموکراتی کوردستان، تاقمی کۆمەڵە.... کە لە دەرەوەی مەرزەکانی وڵات و لە ژێر سایەی دەوڵەتی عێراقدا و لە خاکی ئەو وڵاتەدا شوێنیان بۆ کراوەتەوە و لەوێوە بە ئۆپەراسیۆنی تێکدەرانە و هێندێك کاری تیرۆریستی هەڵدەسن"[١٥٠].

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەروەها (احسان طبری)یش لە تێکڕای بیرەوەرییەکانیدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە: دارودەستەی قاسملو، خائینان، ئاژاوەگێڕ، خۆپەرەست، نامەسئوول و دژی شۆڕش ...هتد ناودەبات[١٥١].

شایەنی باسە لە کاتێکدا لەشکری کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداران، لە زەوی و ئاسمانەوە ئاگریان بە سەرکۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێراندا دەباران، خومەینی لە وتاری هەینیدا، کێشەی کوردستانی بە پیلانی وڵاتی بێگانان دایە قەڵەم ، و یەکێتی شورەوی بە هاندەری ڕاپەڕینی گەلی کورد لە ئێران تاوانبار کرد و دەیگوت "دەیانەوێت حکومەتی کۆمۆنیستی لە کوردستاندا بەرپا کەن"[١٥٢].

لێرەدا حیزبی تودە بۆ بەرگریکردن لە شورەوی، لە ئۆرگانی خۆیدا وتارێکی بە ناونیشانی (اتحاد شوروی در حوادث کردستان دخالت ندارد/ یەکێتی سۆڤێت پەیوەندی بە ڕوداوەکانی کوردستانەوە نییە) بڵاوکردەوە، کە تیایدا جگە لەوەی هەوڵی دابوو ئەوە بسەلمێنێت کە بەرژەوەندییەکانی شورەوی لە بەرقەرار بوونی ئارامی و ئاسایش، و لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندایە، بە پشت بەستن بە قسەیەکی (حجت الاسلام حسین عمادی) نوێنەری دەفتەری ڕاگەیاندنی ئیمام خومەینی، ئۆباڵی شەڕ و ڕوداوەکانی کوردستانی ئێرانی خستبووە گەردنی ئەمەریکا و ئیسرائیل، و دەست و پێوەندەکانی ئیمپریالیزم لە ئێران"[١٥٣].

لە ڕاستیدا باڵی ئاینی توندڕەو پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە لەشکرکێشییە سێ مانگییەکەی بۆ سەر کوردستان بە پراکتیك شکستی خوارد، و پاش ئەوەی پێشمەرگە کوردەکان گورزی گەورەیان لە پەلاماردەران وەشاند، و لە هەموو شارەکانی کوردستانی ئێرانیشدا خەڵکی پەلاماری دەزگا

سەرکوتگەرەکانی ڕژێمیان داو پیاوەکانیان ڕاوە دوودەنان، لە هەل ومەرجێکی بەو شێوەیەی کوردستان و پاش قووڵ بوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکانی وڵات، و توندوتیژبوونی ناکۆکی باڵە سیاسییەکان لە ناوەند، ئەو باڵە بۆ خۆکۆکردنەوە و وەك تاکتیکێك فەرمانی وەستاندنی لەشکرکێشییان ڕاگەیاند ولەو بارەیەوە خومەینی وتارێکی ئاراستەی (خەڵکی کورد) کرد، ئەو وتارەی کۆمەڵێك هەڵە و چاوبەستی گەورەی تێدابە دی دەکرا، و نە باسێکی لە ستەم و مافێکی نەتەوایەتی کورد و نە دانێکی بە ڕێکخراو و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا نابوو[١٥٤]، ئەوانەی وێڕای تێکڕای ئەو کەم وکورتیانەش هێشتا هومێدێکی زۆریان بە وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژەوە هەبوو، هەر بۆیە داواکارییەکانیان فۆرمەڵە کرد و دەستەیەکی گفتوگۆیان پێکهێنا.

حیزبی تودە وێڕای ئەوەی وتارەکەی خومەینی ناونا "پەیامی مێژوویی"، بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی گفتوگۆ لە نێوان کورد و دەوڵەتدا هەیە، هێرشێکی تەبلیغاتی توندی دژی هێندێك لە هێزە کوردییەکان دەست پێکرد بوو، و داوای لە حکومەت دەکرد سەرکوتیان کات، لەوە ڕووەوە (مردم) نووسیویە: "بیروڕای حیزبی تودە لە بەیان نامەکان و وتارەکان.... بە ڕاشکاوی دیارە، نەتیجە وەرگرتنمان لە نرخاندنەکانمان ئەوەیە کە هێزە نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە لە کوردستان دەبێ زۆر بە خێرایی و زۆر بە ڕۆشنی بەرەی کاری سیاسی خۆیان لە بەرەی هیزەکانی سەر بە ئیمپریالیزم، دژی شۆڕش و بەعسی عێراق، لە کۆمەڵ، شێخ جەلال (باری شێخ عزالدین ـ ل)،

ڕزگاری، شێخ عوسمان و هی دیکە جیا بکەنەوە، وە بکەونە سەر ڕێگەی نەهێشتنی ئەم دوژمنانەی شۆڕشی ئێران...ئێمە جارێکی دیکە تەئکید دەکەین و بە ڕاشکاوی دەڵێین کە سەرکوت کردنی دژی شۆڕش لە کوردستان، دژی شۆڕشی سەر بە بەعسی عێراق، پاشماوەکانی ڕژێم و بەردەستەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و سەهیونیزم کارێکی پیویست و فەوری یە"[١٥٥].

لەوەش زیاتر حیزبی تودە بێ ئەوەی ڕێزێك لە دستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بگرێت کە داوای ماف خودمختاری بۆ کورستان دەکرد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا، ئەوان لە بەرامبەر ئەو مافە، چەمکی (خودگردانی)یان زەقکردەوە، ئەو چەمکەی کە دواتر دەوڵەتیش لێرە و لەویَ نێویان دەبرد، لە خودگردانیدا بێ ئەوەی باس لە کێشەی نەتەوایەتی و دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانی ئێران بکرێت و زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێت، تەواوی کاروبارەکانی: سنوورەکان، سیاسەتی دەرەوە، بازرگانی و گومرگ، بەرنامە ڕێژی ئابووری سەرانسەری، تەنزیمی مالییات، پۆست و تەلەگراف، ڕێگاکانی ئاسنی و هەوایی و دەریایی، کاربەدەستانی ئیدارەکانی ناوچەی خودگەردان، کارمەندانی دادگاکان، سەرۆکایەتی شارەبانی و ژاندارمەری، بەڕێوەبردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن....هتد لە دەستی دەسەڵاتی ناوەندیدا، ئەوەش کەمترین ماف بۆ هەرێمەکە دەهێشتەوە کە لانی کەمی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردیان لە کوردستانی ئێراندا دەستەبەر نەدەکرد، هەر بۆیە ئەو چەمکە لە نێو کورد دا بە (سەرگەردانی) ناوی دەرکرد[١٥٦].

بنکەی ژین www.zheen.org

شایەنی باسە لە گەرمەی وتوویژی نیوان نوینەرانی گەلی کورد و حکوومەتی ئیراندا، حیزبی تودە بەردەوام لە بلاوکراوەکانیدا بەرپیوەچوونی پیلانگیرانی (دژە شۆرش)ی بە گویی خەلك و حکوومەتدا دەدا و لە هەولی ئەوەدا بوو چارەسەری کیشەی گرنگی نەتەوایەتی و گەلانی غەیرە فارس و کیشە ئالۆز و وەختییەکانی دیکەی ئیران بکات بە قوربانی مەسەلەی بە هیز کردنی رژیمی کۆماری ئیسلامی بە ناوی خەبات دژی ئیمپریالیزم و ئەمەریکا.

بۆ نموونە لە ئاهەنگیکدا کە ریکخراوی مەهابادی حیزبی تودە لە رۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٨٠دا لە خویندنگای ناوەندی (شەهید عەزیزی یوسفی) گیرای،(عەلی گەلاویژ)ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە لە وتاریکیدا گووتی "مەسەلەی گرنگی ئەورۆی ئیران نەجات دانی شۆرش و شاندنی ئیمپریالیزمە، مەسەلەکانی دیکە لە چاو ئەم دووە ناگرنگن... مەسەلەی ئەمرۆکەی ئیمە یەکیەتییە، یەکیەتی ئسوولی لە سەربنچینەی هاوکاری تەواوی هیزەکانی مەردمی لە ژیر رابەرایەتی ئیمام خومەینیدا، کە ئسپاتی کردووە دەتوانی تەواوی میللەت لە دژی شەیتانی گەورە یەکگرتووکات... ئەمرۆ کە حیزبی تودەی ئیران حیزبی چەشنی نویی چینی کارگەری ئیران بە میژووی پر لە شانازی خۆیەوە ل خەتی مەردمی و دژی ئیمپریالیستی ئیمام خومەینی بە هەموو توانای خۆیەوە پشتیوانی دەکات، دەبیٚ هەموومان دەست بدەینە دەستی یەکترەوە لەم خەتە قاتیمەی ئیمام پشتیوانی بکەین"[١٥٧].

www.zheen.org

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە حیزبی تودە دانی بە هیچ یەك لە ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێراندا نەدەنا و وەك دیترا بەشی زۆریانی بە دەسکەلای دەستی ئیمپریالیزم دەزانی، دیارە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە لایەن تودەوە هەر بە هەمان چاو سەیر دەکرا، هەر بۆیە کاتێکی ئەو حیزبە لە شوباتی ساڵی ١٩٨٠دا کۆنگرەی چوارەمی خۆی بەست و بەشێکی زۆری حیزبە ئێرانی و چەپەکانی جیهانی وەك: جەبهەی میللی، موجاهدینی خەڵك، سازمانی چریکە فیداییەکان، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی شیوعی فەرەنسا، ...هتد، بروسکەی پیرۆزباییان ئاراستەی کۆنگرە کردبوو، کەچی حیزبی تودە نەك هەر ئەوەشی نەگرتبووە ئەستۆ[١٥٨]، بەڵکوو لە بنەوە بۆ ناکۆکی نانەوە و پەرتبوونی حیزبی دیموکرات بە توندی تێدەکۆشا.

لە لایەکی ترەوە، شکستو بیٚ ئاکامی گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی گەلی کورد و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، پاش ئەوەی باڵی ئاینی توندڕەو لە دەسەڵاتدا خۆی چەسپاند و بڕیاری دا کێشەی کوردستانی لە ڕێگای ئاگر و ئاسن و پەلامارێکی سەرتاسەرییەوە یەکالا بکاتەوە، هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٩٨٠دا شالاوی بەرفراوانی لەشکر و سوپای پاسداران بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد و لە هەموو لایەکەوە شەڕ هەڵگیرساو وێرانکاری کەوتەوە[١٥٩].

بنکەی ژین
www.zheen.org

حیزبی تودە بە مەبەستی خۆنزیکردنەوە لە ئیمام و سەلماندنی خۆشخزمەتی بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە لایەك، و لە پێناو وەدیهێنانی پایە و نفووزی کۆمەڵایەتی و میوەچینی ڕاحەت لە سەر حیسابی دەرپەڕاندنی

ڕێکخراوە هەرێمی و چەپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە لایەکی دییەوە، هەوڵی دەدا ڕۆڵی چالاکانەتر بگێڕێت، ئەو حیزبەی دەمێك بوو تاکتیکی دروستکردنی ستونی لاری سەر بە خۆی لە نێو ئەو ڕێکخراوانەدا گرتبوبەر، کە جگە لە سازمانی چریکە فیداییەکان، حیزبی دیموکراتی کوردستانیشی گرتبووەوە، ئەو حیزبەی کە بەشێکی ڕێبەرایەتیەکەی (غەنی بلوریان و هاوەڵانی) پێشتر ژێربە ژێر لە لایەن تودەوە لە خشتە برابوون و لە و قۆناغە ناسکەدا دوو بەرەکی و ئاڵۆزییەکی مەزنیان لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا پێکهێنا، و ئاکامەکەشی بە پەرتبوونی حیزب و جیابوونەوەی حەوت کەس لە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە بە ڕابەری بلوریان کۆتایی هات، ئەو ڕووداوەی کە لە مێژووی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە (خیانەتی تاقمی حەوت نەفەرە) ناودەبرێت[١٦٠].

لە ڕاستیدا پیلانی حیزبی تودەی بۆ قوتدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان یا خود پەرتکردنی ڕیزەکانی، مەسەلەیەکی زۆر ڕوون وئاشکرایە و جگە لە ڕابەرەکانی تودەی وەك (احسان طبری) و (کیانوری) کە وەك بەشێك لە سیاسەتی حیزب دانی پێدا دەنێنو (عەلی گەلاوێژ)یش دەکەنە جێبەجێکەری ئەو پیلانە[١٦١]، لە لایەن خودی لایەنگرانی ئەو تاقمە و سەرجەم ئەو کەسانەی لەم مەسەلەیە دوواون سەلمێنراوە، ئەو تاقمەی کە هەر بە پەرت بوون وازیان نەهێنا، بەڵکوو لە پاڵ حیزبی تودە و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دژی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چەکی ڕژێمیان کردە شان.

www.zheen.org

لەو بارەیەوە (سەعید کاوە) لە ژێر ناونیشانی (زەربێکی کوتووپڕ)دا نووسیویە:

"بەدنەدان و پیلانی حیزبی تودە، نەك هەر حیزبیان بە جێ هێشت، بەڵکوو بە پێی بەرنامەی داڕێژراوی حیزبی تودە خۆیان بۆ بەربەرەکانی دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادە کرد.....کاتێکی فرە ناسك بوو....داڵبڕاوەکانی حیزبی دیموکرات بیانەوێ و نەیانەوێ، کردەوەکەیان خەنجەرێك بوو لە بڕبڕەی پشتی نەتەوەی کوردی دا و بە قازانجی لە سەداسەدی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی تەواو بوو... لە شارەکانی کوردستان بە گەرمی خەریکی گێرەشێوێنی و کاری تێکدەرانە بوون و دژی حیزب بە سوودی کۆماری ئیسلامی هەڵدەسووڕان"(١٦٢).

شایەنی باسە چەکدارەکانی سەر بە بلوریان چالاکانە لەگەڵ هێزی پاسداراندا پەلاماری سەنگەری پێشمەرگەیاندەدا و ناوچە ئازادکراوەکانیان تەسلیم بە هێزەکانی ڕژێم دەکردەوە. وەك لە ناوچەکانی پیرانشار و سەرگردە کردیان، هەر بۆیە (سرهنگ علی صیاد شیرازی)ی ئەفسەری پایە بەرزی ئێرانی لە نامەیەکدا سوپاس و ستایشی ڕەفتاری (قارەمانانە)ی بلوریان و چەکدارەکانی بە قازانجی حکوومەتی ئیسلامی ئێران دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دووپاتکردۆتەوە(١٦٣).

دەبێ بزانرێت کە پەلاماری سەر لە نوێی لەشکری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانی ئێران بە تانك و تۆپ و فڕۆکەی ڤانتۆم، شێوازێکی ترسناکی بە خۆوە گرت و ڕژێم سەرباری ئەوەش گەمارۆیەکی ئابووری سەختی بە سەر

بنکەی ژین
www.zheen.org

ناوچەکەدا سەپاندبوو کە هەل و مەرجێکی دژواری بۆ گەلی کورد پێکهێنابوو، لەو کاتەدا واتە لە ناوەڕاستی ئەیلولی ١٩٨٠دا، (حمید درویش)ی سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتووخوازی سوریا هاتبووە ناوچە ئازاد کراوە سنورییەکانی ئێران - عێراق و ئەو مەسەلەیەی هێنابووە گۆڕێ، کە بە بەشداری پارتە کۆمۆنیستەکانی تورکیا، سوریا، عێراق و ئێران کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لە سەر هەل و مەرجی ئالۆزی کوردستان و شێوازەکانی خەبات ببەسترێت، بەڵام (فاتح رەسووڵ)ی ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزبی شیوعی عێراقی سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی تودەی ئێران لە مەسەلەیەکی وا (حەمید درویش)ی تێگەیاندبوو کە "حیزبی تودەی ئێران... نەك هەر بەشداری لەم جۆرە کۆنگرەدا ناکەن، و یارمەتی نادەن، بەڵکوو بە پێچەوانەشەوە پڕۆپاگەندەی توند دژی فکرەکەش بڵاو دەکەنەوە، کۆسپیش دەخەنە پێش، چونکە لە ژێر کارتێکردنی ئایدۆلۆژیای ڕەگەز پەرەستی نەتەوەی گەورەو دوگماکانی ستالینیزم دا ڕزگاریان نەبوون"[(١٦٤)].

هەروەها لە کاتێکدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەوڵی ئەوەدا بوو لەرزەی جیابوونەوەی تاقمی حەوت نەفەرە هەڵمژێت و لەو هەل و مەرجە ئالۆزەی کوردستاندا سەنگەری بەرگری چۆڵ نەکات و هەوڵبدات ڕاستیەکان، کاولکارییەکانی سوپای پاسداران، ئەهامەتییەکان بۆ نێو خۆ و جیهانی دەرەوە ڕوونکاتەوە. حیزبی تودە وەك ئەوەی بە تەواوی جەنگی لە دژی گەلی کورد و جولانەوە نەتەوایەتییەکەی ڕاگەیاندبێت، خەریکی چەواشە کاری و درۆهەڵبەستن و پڕۆپاگندە بوو دژ بە کورد.

www.zheen.org

(مردم) له یەکێك له ژمارەکانیدا نووسیبووی "دوکتۆر قاسملو ٩ ملیۆن دۆلاری له ناتۆ وەرگرتووە"، ئەو هەواڵە که بڵاوکراوەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی به مانشێتی گەورە بڵاویان دەکردەوە و وایان نیشانی خەڵکی سادە دەدا گوایه جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردستان دەسکەلای ناتۆ و ئیمپریالیزمە(١٦٥)، ئینجا هەواڵێکی دیکەیان بڵاوکردەوە گوایه د.قاسملو و شاپور بەختیاری دوا سەرۆك وەزیرانی شا له شارۆچکەی قەڵادزێ له کوردستانی عێراق، یەکتریان بینیوەو دژی شۆڕشی ئیسلامی پیلانیان داڕیشتووە، یا خود هەواڵێکی دیکەیان بڵاوکردبۆوە گوایه (سەلاحودینی موهتەدی) به پووڵی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە ستونێکی سوپای ئێرانیان له ڕێگای کرماشان – پاوە ڕووتکردۆتەوە و نەیانهێشتووە بۆ بەرگریکردن له مەرزی ئێران بگاتە شوێنی خۆی(١٦٦).

شایەنی باسە د.قاسملو له نامەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەی (اطلاعات) له ١١ی تەمووزی ١٩٨٠دا، هەواڵی وەرگرتنی پارەی له ناتۆ به درۆ خستبۆوە و سەبارەت به حیزبی تودەش نووسیبووی: "حیزبی توده بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستی سیاسەتە ناڕاستەکانی خۆی له کوردستاندا، تاوی داوەتە ساز کردنی ئەم درۆ بێ شەرمانەیە... بەم شێوەیە تاوانبار کردنی سکرتێری گشتی حیزبی ئێمە به هاوکاری کردن لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکا، تەنیا به مەبەستی خۆش خزمەتی و دەربڕینی نۆکەرایەتی له لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی تودەوە... جگه له تاوانێکی ناڕەوا... ڕق و قینی ڕێبەرایەتی حیزبی توده دەرهەق به بزووتنەوەی میللی و دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان نیشان دەدا

و سووکایەتی یەکی ڕاستەوخۆیە دەرحەق بە خەباتی ڕەسەنی گەلی کورد"[١٦٧].

سەبارەت بە بینینی بەختیاریش، د.قاسملو لە کورتەی ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی کە لە ١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠دا پێشکەشی کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد گووتی "دیارە ئێمە ئەگەر بمانەوێ بەختیار، ببینین، ئەوە کوردستانمان دەدەستدایە و بەختیار دەتوانێ بێتە کوردستان، پاشانیش شارەکەیان خراپ هەڵبژاردووە، چونکە من نزیکەی هەموو شارەکانی عێراقم دیوە "قەڵادزێ" نەبێ!!... پێویستیش ناکا بڵێم کە هەرگیز لە ژیانمدا لەگەڵ بەختیار دانەنیشتووم..."[١٦٨].

لەوە دەچێ بەرگری و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تەواوی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێرانی هەراسان کردبێت، بۆیە (مردم) لە پێناوی کۆتایهێنانی ئەو بەرگرییە و توندتر سەرکوتکردنی بە قەولی خۆی (دژی شۆڕش)، ئامۆژگاری دەوڵەتی کردووە و نووسیویە "جمهوری اسلامی باید پاسداران انقلاب برای دفاع از انقلاب به سلاح های سنگین مجهز کند/ کۆماری ئیسلامی پێویستە پاسدارانی شۆڕش بۆ بەرگریکردن لە شۆڕش بە چەکی قورس ئامادە بکات"[١٦٩]!!

www.zheen.org

لە ڕاستیدا هەڵوێستی نابار و هەلپەرەستانەی حیزبی تودە لە حاست ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران و جوڵانە نەتەوایەتیەکەی گەلی کورد لەو

پارچەیەی کوردستاندا شێوازێکی خەتەرناکی لە خۆگرتبوو، هەر وەك (فاتح ڕەسول) دەڵێت " ڕۆژنامەی (مردم) ئۆرگانی حیزبی تودە بە فارسی و بە کوردی گەلێك لە خومەینییەکان گەرم و گوڕتر بەرگرییان لە ڕژێمی ئاخوندەکان و پەیڕەوی ئیمام دەکرد...هەڵوێست و ڕێبازی سەرکردەکانی تودە، دەربارەی خاپورو و وێرانکردنی کوردستان وەك هەڵوێستی حیزبەکان شۆڤێنست تووشی گومڕا هاتبوون، گوێیان قوڕقوشمی تێکرابوو، دەویان لۆك کرابوو، دەنگێکی ناڕەزایی، هاوارێك، پروتستویەکیان دەرنەچوو، نە بە ناوی مافی مرۆڤایەتی و دیموکراتیەت، یا ئایدیۆلۆژیەتی ئینتەرناسیۆنالی کە بە درۆ و سەرزارەکی فشەفشیان پێوە دەکرد، کەمێك داکۆکی لە نەتەوە لێقەوماوە ماف ژێر پێ خراوی کوردی کوردستانی ئێران بکەن... بە هیچ جۆرێك لەم جۆرە هەڵە زلانە شەفاعەت کردن وخۆڕزگار کردن سانانیە!"(١٧٠).

پێویستە بگوترێت کە سیاسەتی هەلپەرەستانە و خۆشخزمەتی حیزبی تودە و ئەو هەڵامەزنەی سەبارەت بە یەکگرتنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە پشتی ئیمامەوە بە دژی ئیمپریالیزم نابویەوە نەیانتوانی یەکێتیەکی ڕاستە قینە و هەتاسەر لە نێوان بە قەوڵی خۆیان "موسوڵمانانی ڕاستەقینە و مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان" بێنێتە دی، چونکە پاش ئەوەی سەرەی سەرکوتکردنی حیزبی تودە گەیشت، دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە بەهاری ١٩٨٢دا شاڵاوێکی لە ناکاویان کردە سەر حیزبی تودە و نزیکەی تەواوی ڕێبەرایەتی و ئەندامانی ئەو حیزبە دەستگیر کران، بە (کیانوری) سکرتێریشەوە، کە یەك بە دوای یەك هێنرانە سەر شاشەی

www.zheen.org

تلفیزۆن و دانیان به تاوانەکانیان (دژی شۆڕش) دەنا، بە تایبەتی جاسووسی کردن بۆ دەوڵەتی شورەوی[١٧١]، بەوەش حیزبی تودەی ئێران، بۆ دووەم جار لە مێژووی ژیانیدا ڕیشەکێش کرا.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە کاتی خۆیدا بەیاننامەیەك بە مجۆرە ڕیشەکێشکردنی حیزبی تودەی ئێرانی لێکدایەوە "شك لەوەدا نییە کە کارنامەی تێکۆشانی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران لە ساڵەکانی پاش شۆڕشدا ڕەشە وسیاسەتێك کە لەو ماوەیەدا پەیڕەوی یان لێ دەکرد، لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە مەحکوومە، پشتیوانی بێ ئەم لاولا لە تەواوی کردەوەکانی کۆنەپەرەستانە و دژی گەلی ڕژێم...دەنگدان و نیزامی چەرخەکانی نێوەڕاستی ویلایەتی فەقیهی، پەسەند کردنی جینایەتەکانی ڕژێم دژی تەواوی خەباتی ڕێگای ئازادی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکاندا... بەشێك لە کارنامەی تێکۆشانی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێرانە.... هاندانی ڕژێم... بۆ درێژە پێدانی شەڕ لە کوردستاندا، هەوڵی سەرنەکەوتوو بۆ پێك هێنانی دوو دەستەیی (انشعاب) لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، پاڵدانی تۆمەتی ناڕەوا بە ڕێبەرایەتی حیزبی ئێمە، جاسووسی کردنی ئەندامان و هەوادارانی حیزبی تودە دژی تێکۆشانی حیزب و پێشمەرگە قارەمانەکان لە نێو شارەکانیشدا، بەشێك لە کارنامەی ڕەشی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بە حیساب دێ، لە هەمووی سەیرتر

www.zheen.org

ئەوە بوو کە تەواوی ئەو کردەوانە لە ژێر سەرپۆشی خەبات دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکادا دەکرا.

ڕێبەرایەتی حیزبی تودە... ئەو ڕاستییە سادەیان دەرک نەکرد کە هەر حیزبێك کە بە نرخی ڕۆژ نان دەخوا، ئوسووڵ فیدای تاکتیك دەکا، ئۆپۆرتونیسم و هەلپەرەستی دەکاتە بناغەی سیاسەتی خۆی و ماکیاولیزم تا ڕادەی سیاسەتی ڕەسمی خۆی بەرز دەکاتەوە، داهاتوویەکی بێجگە لە تێ شکان و لە دەست دانی نفووز و ئیعتباری خۆی لە نێو کۆمەلانی خەلك دا نابی"(١٧٢).

د. قاسملۆی سکرتێری حیزبی دیموکرات کە سالانێکی دوورودرێژی لە هەلسووڕان و تێکۆشانی سیاسی لە نێو حیزبی تودەدا هەبوو، سەبارەت لەو چارەنووسەی تودە لە نامەیەکیدا بۆ سەعید کاوەی نووسیوە "زۆر کەس ئێستا چارەنووسی حیزبی تودەی پێ خۆشە، من پێم ناخۆشە، بەلام هەر وەك لە اطلاعیەی دەفتەری سیاسی دا هاتووە، سیاسەتی دوور لە ئوسووڵ ئاکامی هەر ئەوەیە"(١٧٣).

٢/٢: ئەو فاکتەرانەی هەلوێستی سەلبی حیزبی تودەیان لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێراندا وێنا دەکرد.

لە ڕاستیدا هەلوێستی سەلبی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێراندا بە درێژایی سالانی ١٩٤١ ـ ١٩٨٢ لە چەند فاکتەر و بنەماوە سەرچاوە دەگرێت کە دەکرێت بە گشتی وەك لای خوارەوە ڕیزبەند بکرێن.

www.zheen.org

١/٢/٢: پێکهاتەی دامەزراندنی حیزبی تودە و پەروەردەبوون لە سایەی شۆڤێنیەتی ڕەزا شادا:

پێش هەر شتێك پێویستە بگوترێت کە زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەری حیزبی تودە لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە لەو خوێندەوارە فارسە تارانییانە بوون کە تەمەنی لاوێتییان لە قۆناغی دیکتاتۆری بیست ساڵەی ڕەزاشا لە ئێران بردبووە سەر و لە سایەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی فارسگەرای پەهلەویدا لە خوێندنگا و زانکۆو دەزگا فەرهەنگییەکانی حکوومەتی شاهەنشاهیدا لە تاران پەروەردە ببوون(١٧٤)، ئەوەش کاریگەرییەکی زێدە خراپی لە سەریان جێهێلابوو، بە چەشنێك نەتوانن درك بەو ڕاستییە بکەن، کە ئێرانی نوێ دەوڵەتێکە بە دەستی ڕەزاشا وبە قازانجی ئیستعماری بەریتانیا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە هێنراوەتە بوون، ئەویش بە گرتنەبەری سیاسەتی کودەتا و پیلانگێڕان و لە ڕێگای پەلاماری سەربازی و سەرکوت و گۆڕینی ئیمپراتۆری قاجاری فرە گەل، جوگرافیا، کلتور و فەرهەنگەوە، پاش سەرپێدانەواندنی گەلانی غەیرە فارس و لە خوێنا گەوزاندنی جولانەوە نەتەوایەتییەکانی و گرتن وکوشتنی ڕێبەرانیان و هەوڵدانێکی بێوچان بۆ بە فارسکردنیان و وەدیهێنانی سیستمێکی سەنترالیستی میلیتاریستی فارسگەرا و تۆتالیتێر(١٧٥).

بنکەی ژین
www.zheen.org

بە واتایەکی تر، ئەوانە لە ڕەهەندە مێژووییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێرانی نوێ و پێکهاتە نەتەوەیی و کۆمەلایەتییەکانی نە دەگەیشتن و خوێندنەوەیەکیان بۆ نابەرامبەری پەیوەندییەکانی نەتەوەی سەردەستی

فارس لەناوەند لەگەڵ نەتەوە ژێر دەستەکانی هەرێمەکان نەبوو، ئەوانە هەروەك پیاوانی ڕەزاشا و ناسیۆنالیستی تەنگەتیلەی فارس ئێرانی بوون و فارس بوونیان بە شێروخەتی دراوێك دەزانی، لێرەشەوە شتێکیان بە ناوی (کێشەی نەتەوایەتی) لە ئێران بە عەقڵدا نەدەهات، هەر لە بەر ئەوەش بوو چەمکی (ملت ایران/ نەتەوەی ئێران)، و ئامانجی (حفظ و تمامیت خاك ایران/ پاراستن و یەکێتی خاکی ئێران)ی ڕەزاشا و دەوڵەتی شاهەنشاهیان بە ڕاستیەکی ڕەها و ئەزەلی دەزانی و لە ناخەوە بڕوایان بە سەنترالیزم و فارسگەرایی هەبوو، و لە پێناویدا تێدەکۆشان.

بێ سوود نییە گەر لێرەدا (دکتۆر تقی ارانی) بکرێتە نموونە، ئەو ڕۆشنبیرە مارکسییە ئێرانییەی کە تێکڕای دامەزرێنەرانی تودە بە سەرچاوەی ئیلهام و پێشەنگی خۆیان دەزانی و بە مامۆستا و ڕێبەرێکی مەزنیان لە قەڵەم دەدا و ساڵانە یادیان دەکردەوە.

ئارانی وێڕای ئەوە لە تەورێز لە دایك ببوو، بەڵام پەروەردەی تاران بوو، ئەویش وەك زۆرینەی ڕۆشنبیرانی هاوکاتی خۆی لایەنگرێکی سەنترالیزمی دەوڵەتی و فارسگەرایی بوو، ئەو دوو پایەیەی ڕەزاشا ئێرانی نوێی لە سەر دامەزراندن، نێوبراو لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (آذربایجان مسأله حیات و ممات برای ایرانیان/ ئازەربایجان مەسەلەی مردن و ژیان بۆ ئێرانییەکان)، ئازەربایجانی هەرێمی ئازەرنشینانی تورك زمانی بە لانکی ئێران نێو بردووە و دەڵێت کە ئەو ناوچەیە لە ئاکامی هێرشی مەغۆلە دڕندەکانەوە زمانی فارسی لە دەستدا، ئینجا بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئازەرییەکان بە هەڵە خۆیان بە تورك لە قەڵەم دەدەن و خۆ

له فارس جیادەکەنەوە، ئارانی خواستی لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەرێمەکان و خۆ بە فارس نەزانینی گەلانی غەیرە فارسی بە هەڕەشەیەکی خەتەرناك لە سەر ئێران دەداتە قەڵەم، و بۆ ڕێگرتن لە هەر هەڕەشەیەکی مەترسیداری بەو شێوەیە لە ئایندەدا، ئارانی داوا لە دەوڵەت دەکات تاکو لەو نێوچەیەدا واتە لە ئازەربایجان زمانی تورکی بنبڕ بکات و زمانی فارسی برەو پێبدا(١٧٦).

دیدێکی بەو چەشنەی ئارانی کە دەکرێت ناوی شۆڤێنییەتی لە سەر دابنرێ، لەگەڵ هیچ بیرێکی پێشکەوتووخوازانەدا یەکناگرێتەوە ئەو دیدەی کە لە مێژووی هاوچەرخدا لە لایەن ڕۆشنبیرە فارسە مارکسیستەکانی ئێران بە گشتی و ڕێبەرانی حیزبی تودە بە تایبەت، باو و بڕواپێکراو بوو.

٢/٢/٢ : تێڕوانینێکی ئابوریانەی چینایەتی سیاسییانە بۆ کێشەکانی نێو خۆی ئێران :

لە لایەکی ترەوە بەشێکی بەرچاوی دامەزرێنەران و ڕێبەرانی حیزبی تودە، لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە بۆ خوێندن نێردرابوونە ئەوروپا، بە تایبەتی ئەڵەمانیای نازی، بەشێکی ئەوانە سەرەتا لە ژێر کاریگەری بیری فاشیزمدا بوون(١٧٧)، پاشان هەر لەوێ بە مارکسیزم ئاشنا ببوون، مارکسیزمێك کە زادەی قۆناغێکە تێیدا جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی کۆلۆنییەکان و کێشەی نەتەوەکانی تێدا نەخەملیبوون، وێڕای تێڕوانینی ئەو فیکرە و لێکدانەوەی دیاردەکان لە کلاوڕۆژنەی ململانێی چینەکانی کۆمەڵگا و بەرژەوەندی مادی و سیاسی چینی پرۆلیتاری جیهان، ئەوەش مانای نەبوونی

www.zheen.org

هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و هەڵوێستێکی دیار و ئاشکرای تەواوی کێشەی نەتەوایەتی لە مارکسیزمدا دەگەیەنێت[١٧٨]، ئەوەش بۆ خۆی گرێیەکی گەورە و کەم و کورتییەکی دیکەی لە لای ڕێبەرایەتی حیزبی تودە پێکدەهێنا، چونکە ئەوانە ئاگادارییەکی ورد و خوێندنەوەیەکی زانستییانەیان ل سەر ئەو زیادەکاری و داهێنانە نەبوو کە (ڤلادیمیر ایلتش لنین) سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی و جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی چەوساوە و مافی چارەنووسی گەلان بە مارکسیزمی بەخشیبوو، جا هەر چەندە لینینیش تێکڕای ئەو مەسەلانە هەر لە بەرژەوەندی خەباتی پرۆلیتاریاوە شەن و کەو دەکات و بە مەسەلەی خەباتی دژی ئیمپریالیزمەوەی دەبەستێتەوە و بە تەواوی مافی خۆی نەداوەتی[١٧٩]، بەڵام لە چەند شوێندا زۆر بە باشی مەسەلەکانی شیکردۆتەوە و داکۆکی لە مافی چارەنووسی گەلان کردووە و ئەوەندەی خستۆتە بەردەست کە حیزبی تودە گەر ئاگایەکی کەمی لێ بوایە، دەبوایە لە سەرەتادا بە ناوی مافی نەتەوەکان و گەلانی بندەست بۆ ناویش بوایە بەندێکی لە مەرامنامەکەیدا بۆ تەرخان بکردایە.

بۆ نموونە لینین گوتوویە "هەموو نەتەوایەتییەکی بۆرجوازی گەلانی چەوساوە، چەمکێکی دیموکراتی گشتی دژ بە چەوسانەوەی هەیە، ئەو نێوەرۆکەی کە ئێمە بێ قەید و شەرت پشتگیری لێدەکەین"[١٨٠] یان لە جێگایەکدا نووسیویە "ئەو چەوسانەوە درێژخایەنەی کە هێزە ئیمپریالیستەکان بە دژی گەلە کۆلۆنیکراو و خاوەن ئابوورییە دواکەوتۆکان گرتوویانەتەبەر، جگە لە ڕق و بێ بڕوایی، هیچ شتێکی دیکەی لە دڵی جەماوەری زەحمەتکێشی ئەو هەرێمانە، بە

www.zheen.org

پرۆلیتاریاشەوە، ناڕوێنیٚ، ئەو گومان و بێزارییەی کاتێك زێدەتر دەبێت، کە هێزە سوسیالیستە دیموکراتەکان خیانەت لە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار دەکەن و خۆیان وەك خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی بورجوای ئیمپریالیستی دەردەخەن، بەوەی (مافی) چەوساندنەوەی کۆلۆنی و هەرێمە بە زۆر بەستراوەکانی پیٚ ڕەوا دەبینن"[181].

٣/٢/٢: لە سایەی تیۆری نەتەوایەتی ستالیندا.

ئاشکرایە کاتێك حیزبی تودە دەمی لە کێشەی نەتەوایەتی دا، وێڕای دەوڵەمەندی لینینیزم لەو بارەیەوە، یەکسەر تیۆری تەنگەتیلەی ستالینی لە مەڕ کێشەی نەتەوایەتییەوە کردە بنەمای دید و بۆچوون و سەرچاوەی مامەڵە کردنی لەگەڵ ئەو کێشەیە و هەڵوێست وەرگرتن لە حاستیدا، شایەنی باسە تیۆری ستالین بۆ پێناسە کردن و چۆنێتی پەیدا بوونی نەتەوە و نەتەوایەتی و دانانی (ئابووری هاوبەش) بە مەرجێکی بنەڕەتی پەیدا بوونی هەر نەتەوەیەك[182]، دەگونجێت بۆ گەلانی ئەوروپا تا ڕادەیەکی زۆر گونجاوبێت، بەڵام بۆ نەتەوایەتی گەلانی رۆژهەلات و جیهانی سێهەم کە لە هەل و مەرجی پێش سەرمایەداری پیشەسازیدا دەژین راستیەکی چەسپاو نییە، چونکە نەتەوایەتی ئەو گەلانە لە بازاڕی هاوبەشی سەرمایەداری سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو هەل و مەرجی خەبات دژی داگیرکاری و لە سەنگەری ڕووبەڕوو بوونەوەدا خوڵقاوە، ئەو راستیەی حیزبی تودە بە تەواوی تەمەنی دەرکی نەکرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەمە لە لایەك و لە لایەکیترەوە بە چاولێکەری حیزبی کۆمۆنیستی روس کە خوازیاری ئەوە بوو بە پێکهێنانی نەتەوەی رووسی مەزن و لە قاڵبدانی

تێکرای چیه پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشەکانی هەموو نەتەوە و ڕەگەزە جیاوازەکانی نێو یەکێتی شورەوی بە هۆی پارتە کۆمۆنیستە وابەستراوەکانەوە، شێوازێکی نوێ و چینایەتی پێوەری نەتەوایەتی بێنێتە دی، حیزبی تودەش لە خەیاڵی دامەزراندنی ئێرانێکی سۆسیالیستدا بوو بە پێشڕەوی خۆی، کە تێیدا ڕەگەز و زمانی نەتەوەی غەیرە فارسەکان شوێنێکی لەو پرۆسەیدا نەبێت، بەڵکو نەتەوەیەکی چینایەتی ئێرانی بە زمانێکی فارسی ڕەسەن و بە ئیدۆلۆژییەکی ئینتەرناسیۆنالیستی مارکسی و لە پێناو بنیات نانی کۆمۆنیستیدا ئامانج و ئاوات بێت. مەسەلەیەکی وا نە لە شورەوی و نە بۆ حیزبی تودە، بگرە لە هیچ کوێیەکی ئەم جیهانەدا نەهاتۆتە دی.

٤/٢/٢: لە سایەی وابەستەیی فیکری و سیاسی بە ئەنتەرنالسیۆنالیستی کۆمۆنیستەوە (کۆمێنترن).

ئەوەی نابێ لێرەدا لە یاد بکرێت ئەوەیە، وابەستەیی حیزبی تودە وەك هەر حیزبێکی کۆمۆنیستی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی سەردەمی جەنگی سارد بە کۆمێنترن و یەکێتی شورەوییەوە کاریگەری خۆی هەبوو، لە سەر مەسەلەی بایەخدان یان بایەخنەدان بە کێشەی نەتەوایەتی و مافی گەلانی غەیرە فارس لە ئێران، چونکە حیزبی تودە لە سایەی ئەو وابەستەییەدا زیاتر هەڵوێستی جیددی لەو مەسەلانە وەردەگرن کە لە بەرنامە و جێگەی بایەخی کۆمێنترن بوون، دیارە مەسەلەی نەتەوە غەیرە فارسەکان بە گشتی و کێشەی کورد لە ئێران بە تایبەتی ئەوەندە شوێنی گرنگی پێدان و بایەخی کۆمێنترن نەبووە و نەبۆتە پایەیەك

بنکەی ژین
www.zheen.org

مەسەلەی ستراتیژی لەو وڵاتەدا پێوە گری بدات، ئەوەش سەرچاوەیەکی دیکەی خەمساردی ئاوەڕنەدانەوەی حیزبی تودەیە لە کێشەیەکی ئاڵۆزی بەوە شێوەیە.

لە لایەکی دیکەوە خولانەوەی حیزبی تودە لە بازنەی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی شورەوی لە ئێران و ناوچەکەدا، ببووە سەرچاوەی گرتنە بەری سیاسەت و خیتابێکی دەق گرتوو بە مەسەلەکانی: پێشکەوتنخوازی و کۆنەپەرەستی، دژایەتی ئەمریکا و ئیمپریالیزمی خۆرئاوا، هاندانی نزیك بوونەوە لە شورەوی و بەپیرەوە چوونی بەرژەوەندییەکانی لە ئێران، تێکڕای ئەو مەسەلانە کە حیزبی تودەیان لە مەڕ مەسەلەکانی مافی مرۆڤ، دیموکراتی، پەیوەندی دەوڵەت و تاك، دەوڵەت و هەرێمەکان، نەتەوەی فارس و نەتەوەی غەیرە فارسەکان، فەرهەنگی گەلانی ئێران ...هتد ,دوور و بێئاگا راگرتبوو، ئەوەش نامۆ بوونی تودەییەکانی بە واقیعی کۆمەڵگای ئێران و گرفتەکانی تۆختر کردبووە و رەگەزەکانی رۆشنگەری و داهێنانی لە لای رێبەرانی ئەو حیزبەدا مردار کردبۆوە[١٨٣].

پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم

٦٣- گذشته چراغ راه آیندەاست، ل ١٥١، ٢٠١.

٦٤- بۆ زیاتر:

د.یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران. لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩- ١٩٧٩)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٦٧- ١١٠.

٦٥- یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٨.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٦٦- British charged Affaires to the Foreign office,Memorandum the Tudeh Congress ,F.O 371\ persia \644\ 34 -40187.

٦٧- گذشته چراغ راه آينداست، ل١٥١، رهبر، ١٤- ١٦ شهريور ١٣٢٣.

٦٨- حیزبی توده له سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا لقی خۆی له شاری کرماشان کردەوه که ناسراوترین ئەندامەکانی: محمد حسن خسروی، سید محمد کزازی، عبدالعظيم دزفولی، حسن سالمین، حسین جمشیدی، حشمت سبحانی،فاضل بحرالعلوم و حمید سالمی بوون، وله لایەن ئاغای شهاب پورەوە ڕابەری دەکرا، دوای ئەویش محسن علوی سەرپەرشتی کۆمیتەی کرماشانی حیزبی تودەی گرتە ئەستۆ، شایەنی باسە ڕۆژنامەی (بێستون) که له لایەن ئاغای مهدی فرهپور هەر له ساڵی ١٩٤٢ەوە له کرماشان به زمانی فارسی دەردەکرا، بووە ئۆرگانی لقی کرماشانی حیزبی توده، ئەو ڕۆژنامەیەی که تا ساڵی ١٩٤٩ بەردەوام بوو، بڕوانه:

محمد علی سلطانی، احزاب سیاسی و انجمن های سری در کرمانشاه، جلد دوم، تهران، ١٣٧٨، ل ٣٢٩- ٣٠٤.

٦٩- عمویی که یەکێکه له ئەفسەره تودەییه ناسراوەکانی لەشکری ئێران، و خەڵکی کرماشانه، باس لەوە دەکات که خەڵکی ئەودەمی کرماشان تودەیی بوون و کۆمۆنیستی و خوانەناسییان به یەك شت دەزانی. بڕوانه: محمد علی عمویی، درد زمانه، انتشارات انزان، تهران، ١٣٧٧، ل ١٦.

٧٠- British Ambassador to the Foreing office, 25 September 1945 F.O. 371\ Persiq 1945\ 34 – 45 451.

٧١- هێمن، تاریك و ڕوون، گوڵبژێرێك له شیعرەکانی هێمن، له بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ل ٢٠.

٧٢- (کریس کۆچێرا) تێکدانی حیزبی ئازادی کوردستان دەخاتە ئەستۆی شورەوییەکان و به سەرەتای هاوکاری ئێرانی – شورەوی دادەنێت به مەبەستی

www.zheen.org

دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی گەلی کورد لە ورمێ. بڕوانە: کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠– ١٩دا، وەرگێڕانی: محمد ریانی، تاران، ١٣٦٩، ل ٢٥٧.

٧٣– د. یاسین سەردەشتی، سەبارەت بە حیزبی ئازادی کوردستان، بەدرخان– مانگنامەیەکی هونەری ڕۆژنامەوانی گشتی ئازادە، ژمارە ٣٨، ٣٩، سلێمانی، ٢٢ تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣.

٧٤– حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، بێ شوێن، ١٣٨٠، ل ٢٣٢– ٢٣٣.

٧٥– هەژار (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی)، چێشتی مجێور، ئامادە کردن و سەرپەرشتی کردنی چاپ: خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ل ٧٢.

٧٦– وەرگیراوە لە: حوسێنی مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢.

٧٧– بڕوانە: یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤.

٧٨– هەمان سەرچاوە، ل ٣٦١.

٧٩– رهبر، ٢٨– ٢١ مرداد ١٣٢٤.

٨٠– علی دهقان، سرزمین زردشت، رضائیه، چاپ أول، انتشارات ابن سینا، ص ٧١١– ٧١٢.

٨١– گذشته چراغ راه آیندەاست، ل ٣٥٠.

٨٢– هەمان سەرچاوە، ل ٣٥١– ٣٥٢.

٨٣– مردم، ١٨ دی ١٣٢٤.

٨٤– پیتر آوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٨.

٨٥– لینین، کلیات آثار، جلد ٢٢، چاپ مسکو، ص ١٦٤.

٨٦– نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧– ١٢٩.

٨٧– ایران مان ٢٠ آبان، ١٠ آذر ١٣٢٤.

٨٨– رهبر، ٣و ٦ اردیبهشت ١٣٢٥.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٨٩- د.رادمنش، صورت جلسات مذاكرات مجلس، مجلس چهاردهم٤ دی ١٣٢٥.

٩٠- رهبر، ٤ شهریور ١٣٢٥.

٩١- ایران ما، ٢٩ اسفند، ١٣٢٤.

٩٢- رهبر، ١٢ آبانماه ١٣٢٥" مردم، ١١ بهمن ١٣٢٤، ١١ دیماه ١٣٢٥.

٩٣- بۆ زیاتر:

احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦- ٦٩؛ خلیل ملکی، سەرچاوەی پێشوون ل ١١٦- ١٢٢.

٩٤- کوهستان، ١٣ ابان ١٣٢٥.

٩٥- احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢- ٧٧. شایەنی باسە کیانوری لە بیرەوەرییەکانیدا بە ڕاشکاوی دان بەو هەڵە مەزنەدا دەنێت کە حیزبی تودە ئەو کاتە تێیکەوتبوون هەروەها باسی لەوە کردووە کە وەزیرە تودەییەکان ژێر بە ژێر هاتوچۆی شاهەنشایان کردووە و پەیوەندییەکان بە دەربارەوە هەبووە: بڕوانە:

نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦- ١٣٩.

٩٦- وەرگیراوە لە کتێبی نەوشیراون مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤- سەرماوەزی ١٣٢٥، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٣، ل ٢٣٧.

٩٧- گذشته چراغ راه آینداەست، ل ٤٨١- ٤٨٢.

٩٨- بەیان نامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکرتی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندی، سەرماوەزی ١٣٤٣ (نوامبری ١٩٦٤).

٩٩- یرواند ابراهامیان، سەرچاوەی پێشوون ل ٢٧٨- ٢٧٩.

١٠٠- کمیته مرکزی حزب توده، شعارهای حزب توده، رزم، ٨ دی ١٣٣١.

١٠١- مردم، ١٤ بهمن ١٣٢٧.

١٠٢- لە ڕاستیدا بەستنەوەی کێشەی نەتەوایەتی گەلانی غەیرە فارس بە خەباتی دژی ئیمپریالیستی لە ئێراندا وەک دیدێکی زاڵ و کارپێکراو لای سەرانی حیزبی تودە تا دوا تەمەنی ئەو حیزبە بەردەوام بوو، بە جۆرێك قسەکردن لەو

بنکەی ژین www.zheen.org

کێشەیە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی چووبووە خانەی فەرامۆشییەوە، بۆ نموونە لە یەکێك لەو کۆبوونەوانەی لە باکۆی ئازەربایجانی شورەوی گرێدران و سەرانی حیزبی تودەی لێ ئامادە بوون، کاتێك قسە لە کێشەی کورد و نەتەوە غەیرە فارسەکان هاتە گۆڕێ، ئیرج اسکندری، گوتی "ئێمە فارس و ئازەر و کورد وەك سێ مندالّی بێ باب واین، نانەکەمان لە سندووقێك دایە، لاسارێکی مل ئەستور قفلّی داوە و لە سەری دانیشتووە، دەبێ هەر سێکمان پێکەوە لە سەر سندوقی فڕێ دەین و ئەوسا نانەکەمان دەست کەوێ و پێکەوە تێرببین، ئێستا باسی جیابوونەوەی ئازەربایجان و کوردستانێك نابێ بکرێ". بڕوانە: هەژار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٥.

١٠٣- خود گەردانی چەمکێکی فارسییە کە لە دوو بەش پێکدێت، ئەویش (خود/خۆ) و (گردان/گێڕان)ە، لە ڕووی سیاسییەوە واتە مافی خەڵکانی هەرێمێکی دیاریکراوی وڵاتێك کە کاروباری خۆیان لە سایەی ئەو یاسا و دەستورانەی دەسەڵاتێکی ناوەندی بە هێز بە سەریاندا دەسەپێنێت، بەرن بەڕێوە، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەو تۆیان لە داڕشتنی ئەو یاسا وپەیوەندییانەدا هەبێت کە ناوەند بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دەیگرێتە بەر، چەمکێکی وا کە ناتوانرێت وەك سەرەتاییترین چەمکەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بە دیهێنەری لانی کەمی یەکسانی نەتەوایەتی لە وڵاتێکدا لە قەڵەم بدرێت.

١٠٤- غەنی بلوریان، ئاڵە کۆك. بە سەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٧٨.

١٠٥- هەمان سەرچاوە، ل ٧٩.

١٠٦- هەمان سەرچاوە، ل ١١١.

١٠٧- دکتور عبدالرحمان قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، فەسڵی سێیەم، ل ١٧.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٠٨- كەریمی حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، سوید، ١٩٨٦، ل ١٨٦- ١٨٧.

١٠٩- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٤.

١١٠- هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦.

١١١- سەعید کاوە، ئاوڕێك لە بە سەرهاتەکانی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، بێ ش، ١٩٩٦، ل ١٩.

١١٢- بۆ زیاتر: د. یاسین سەردەشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨- ٢٧٢.

١١٣- کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧.

١١٤- هێمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

١١٥- کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١.

١١٦- حیزبی یەکەمیان لە مەهاباد دامەزرا و سەر بە بەرەی شاپەرەستەکان بوو، ئەوی دیکەشیان لە شاری سنە لە لایەن (شێخ معتصم حیسامی) پێکهێنرا و پشتگیری بەرەی نیشتمانی و موسەددەقیان دەکرد.

١١٧- جەلیل گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، بێ ش، ٢٠٠٠، ل ١٩.

١١٨- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣؛ غەنی بلوریان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥- ١٥٦.

١١٩- وەرگیراوە لە:

مسعود البارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، الكرد و ثورة ١٤ اتموز١٩٥٨ ١٤|تموز|١٩٥٨- ١١ أيلول| ١٩٦١، كردستان، ١٩٩١، ص ٢٥٣.

١٢٠- غەنی بلوریان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦؛ د.یاسین سەردەشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧- ٣٠٨.

١٢١- احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢- ١٩٦.

١٢٢- بەیان نامەی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی جەمهوری دیموکراتی کوردستان، کۆمیتەی سەرکردەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٣٩.

www.zheen.org

١٢٣- بۆ زیاتر: مسعود البارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٥- ٢٩٢.

١٢٤- کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٨، ل ٧.

١٢٥- بڕوانە: هەژار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٦، ٣٨٨، ٤٠٢.

١٢٦- کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، سوید، ١٩٨٧، ل١٥٤.

١٢٧- هەمان سەرچاوە.

١٢٨- هەمان سەرچاوە، بەرگی سێیەم، ل ١٧- ١٨.

١٢٩- هەمان سەرچاوە، ل ١٢- ١٣.

١٣٠- بۆ زیاتر:

یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی جوڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٦٧- ١٩٦٨دا، ئامادە کردنی بەڵگەنامە و بڵاوکردنەوەی: شازین هێرش، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٣١- نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٣.

١٣٢- بۆ دەقی ڕێکەوتننامەکە بڕوانە:

کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل ٩٦- ١٠٠.

١٣٣- شماره گزارش: ١٨٩/ ١٢ه، موضوع: ایجاد تشکیلات حزبی در ایران با اتلاف تودەایهای ایران وعراق و حزب دمکرات کردستان ایران، تاریخ ١٢/٥/ ٤٦ در: چپ در ایران، به روایت اسناد ساواك حزب دمکرات کردستان، جلد اول، تهران، ١٣٧٨، ص ٤٥١.

١٣٤- هەمان سەرچاوە، شماره گزارش: ١٩٧٦، موضوع: مخالفت حزب منحله توده با شورش کردستان ایران، تاریخ: ٤٦/١٢/٦، ص ٤٥٢.

١٣٥- احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٣٦- عبدالرضا هوشنگ مهدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٤- ٤١٩؛ محمد رضا پهلوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦- ٢٦٢.

١٣٧- کەریمی حیسامی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی سێیەم، ل ١٢٦.

١٣٨- هەمان سەرچاوە، ل ١٨١.

١٣٩- حیسامی دەڵێت "ڕێبەرایەتی حیزبی توده نەك هەر بۆ یارمەتی برادەران و بە جێ گەیاندنی قەوڵ و قەرارەکانیان هەنگاویان نە هاوێشت، بەڵکوو کەوتبوونەپەڵپ و بیانوش، ڕۆژێك لە پڕ نامەیەکیان بۆ ڕادیۆ نار بوو کە گۆیا بەشی کوردی پەیکی ئێران حکوومەتی عێراقی پەلامار داوە، لە کاتێکدا سرف درۆ بوو، کاك حەسەنی قزڵجی گوتی: ئەوە سەرەتای پەڵپ وبیانووە، پیاو ئەگەر بە دەستی خۆی پەت بکاتە ملی خۆی ئاوا دەبیٚ" هەمان سەرچاوە، ل ١٨٤.

١٤٠- بۆ زیاتر: د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران....، ل ٣٨١- ٣٩٩.

١٤١- هەمان سەرچاوەن ل ٤٢٢.

١٤٢- بهاءالدین نوری، مذکراتي، الطبعة الثانية، سليمانية، ١٩٩٣، ص ٣٤٩.

١٤٣- ئەحمەد بانیخێڵانی، بیرەوەرییەکانم، سوید/ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٣٤٣- ٣٤٤.

١٤٤- جلیل گادانی، سەرچاوەی پێشوون ل ٥٠- ٥١.

١٤٥- مردم، ژمارە١، خەزەڵوەری ١٣٥٨ بەرامبەر /٢٣ی ئوکتوبەری ١٩٧٩.

١٤٦- هەمان سەرچاوە.

١٤٧- مردم، ژمارە ٢١، ١٨ی جوزردانی ١٣٥٩.

١٤٨- هەمان سەرچاوە.

١٤٩- هەمان سەرچاوە.

١٥٠- نورالدین کیانوری، سەرچاوەی پێشوون ل ٤٦٣.

١٥١- احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣، ٣٠١، ٣٠٣، ٣٠٧.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٥٢- سند شماره ٣٠، موضوع: موقعيت كردها، تاريخ: ٢سپتامبر ١٩٧٩ در: اسناد لانه جاسوسى. كردستان (١)، ص ١٧٥.

١٥٣- مردم، (مهرماه ١٣٥٨.

١٥٤- بۆ زياتر:

د.ياسين سەردەشتى، سەرچاوەى پێشوون ل ٤٣٩- ٤٤٠، ٤٦٢- ٤٦٣.

١٥٥- مردم، ژمارە ٢١، جوزردانى ١٣٥٩.

١٥٦- بۆ زياتر:

مردم، ژمارە ٢، ١٣ى بەفرانبارى ١٣٥٨؛ عبدالله حسن زادەن نيو سەدە تێكۆشان، بڵاوكراوەى كۆمسيۆنى چاپەمەنى حيزبى ديموكراتى كوردستانى ئێران، گەلاوێژى ١٣٧٤ى هەتاوى، ل ١٩٣- ١٩٧.

١٥٧- مردم، ژمارە ١٥، ٧ى بانەمەڕى ١٣٥٩. شايەنى باسە حەسەنى قزڵجى لە دانيشتنێكدا بە جەفەنگ دابووى بە ڕووى كيانوريدا و پێى گوتبوو "هاوڕێ كيانورى تۆش بەم خەتى ئيمامەت سەرمان دەدەى بە فەتارەت .... ئاخير قوربان موللاو ئينقلابى". بڕوانە: حەسەنى ماوەرانى، بە يادى نووسەر و ئەديب وتێكۆشەرى شەهيد مامۆستا حەسەنى قزڵجى، هيوا - گۆڤار، سويد، ژمارە ٩، ل ٣٧.

١٥٨- بڕوانە: گزارش كميته مركزى كنگره چهارم حزب دمكرات كردستان ايران. توسط دبير كل رفيق دكتر عبدالرحمان قاسملو، ١ اسفند ١٣٥٨/ فوريه ١٩٨٠.

١٥٩- بۆ زياتر: د.ياسين سەردەشتى، كوردستانى ئێران...، ل ٤١٩- ٤٤١.

١٦٠- ئەو حەوت كەسە بريتيبوون لە: غەنى بلوريان، فەوزيە قاضى، فاروق كيخسروى، ئەحمەد عەزيزى، نويد معينى، دكتور رحيم، سەيفى قاضي، مامۆستا هێمن، شايەنى باسە مامۆستا هێمن هەڵەيەكى مەزنى كرد كە پاڵى بەو بەرەيەدا، بەڵام نەكەوتە داوى خيانەتەوە، چونكە هەر زوو خۆى لەو تاقمە جيا كردەوە و شێوازێكى ديكەى بۆ خەبات هەڵبژارد.

www.zheen.org

١٦١- احسان طبری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩؛ نورالدين كيانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٣.

١٦٢- سەعید کاوە سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤- ٢١٥.

١٦٣- مجاهد. نشریه سازمان مجاهدین خلق ایران. مردادماه ١٣٦٤.

١٦٤- فاتح رسول، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان. ڕووداو بەڵگەنامە، بەرگی دووەم، سوید، ١٩٩٢، ل ١٨٨.

١٦٥- جلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات.کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، بی م، ل ٢٤٨.

١٦٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك سەلاحودینی موهتەدی، سلێمانی، ٢٠٠٣/١٠/٤.

١٦٧- جلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ٢٤٩.

١٦٨- کورتە ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی، کە لە لایەن سکرتێری گشتی حیزب، دکتۆر عبدالرحمن قاسملوەوە لە ڕۆژی ١٠ی مانگی خەزەڵوەردا (١٣٥٩- ل) پێشکەش بە کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کراوە.

١٦٩- مردم، شماره ٢٤٣، ٤ خرداد ١٣٥٩.

١٧٠- فاتح رسول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

١٧١- بۆ زیاتر:

اعترافات کادر مرکزی حزب توده، سازمان تبلیغات اسلامی، تهران، ١٣٦٢.

١٧٢- بڕوانە: جلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ٢٨٨- ٢٩١.

١٧٣- سەعید کاوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

١٧٤- شایەنی باسە ٨٠٪ی ڕێبەرە دامەزرێنەرەکانی حیزبی تودە لە ڕۆشنبیرە فارسەکانی دانیشتووی تاران پێکدەهاتن کە ناوەندی تەمەنی تێکڕایان ٣٧ ساڵ دەبوو. بڕوانە: یرواندابراهامیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٠، ٢٩٨.

١٧٥- بۆ زیاتر:

www.zheen.org

ياسين خالد سردشتى، لمحات عن الاوضاع السياسية و الاقتصادية و الاجتماعية في شرق كوردستان ١٩٣٠- ١٩٣٩، مه تين- مجلة سياسية ثقافية، الصدد ٥٨، تشرين الثاني ١٩٩٦.

١٧٦- وەرگیراوە لە: يرواند ابراهاميان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٤.

١٧٧- نورالدين كيانوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠- ٧٠.

١٧٨- بۆ زیاتر: جورج طرابيشي، الماركسية و المسألة القومية، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٦٩.

١٧٩- بڕوانە: ايڤان غروشيڤ، المسأ لة القومية في الاتحاد السوفيتي. تجارب و حلول، تعريب: فارس عضوب، بيروت، ١٩٧٣.

١٨٠- ڤلاديمير ايلتش لنيين، المؤلفات الكاملة، باريس، موسكو، المجلد٢٠، ص ١٦١.

١٨١- هەمان سەرچاوە، المجلد ٢٠، ص ١٥١.

١٨٢ بۆ زیاتر: الياس مرقص، الستالينية و المسألة القومية، عن كتاب: الفكر السياسي، الطبعةالاولى، دمشق، ١٩٦٣.

١٨٣- بۆ زیاتر: مازيار بهروز، سەرچاوەی پێشوو.

بنكەی ژین
www.zheen.org

پاشكۆكان

بنكەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

کیا نووری

ئەنوەری خامە

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕادمنش

خەلیلی مەلەکی

عەباسی شەهریاری نەژاد



ئیحسانی طـەبەری

عەبدولڕەحمان قاسملۆ

ئەحمەدی تۆفیق

www.zheen.org

غەنی بلوریان

بەیاننامەی "حزبی دیموکراتی کوردستان" بەبونەی:
١٠ ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی جەمهوری دیموکراتی کوردستان

بەرە بەیانی ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ سەرباز و پولیس و ژاندارمی سوپای داگیرکەری تاران وەک هارو مێرو بە کوڵان و شەقام و سەربانەکانی شاری "مەهاباد" وەرسوون. بەستێنی چومی مەهاباد هەموو سەنگەر بەندی کرابوو. چەند توپی گالیبری ١٠٥ و ٧٥ م لە تەپکی "تاباتی" بەرەو مەهاباد دابەسترابوون [illegible] "عەلیاوا"، "گراوان" و "داشا مەجید" کەوا شاری مەهاباد [illegible] شاری قارەمانی "مەهاباد" [illegible]

[illegible] "قازی محەممەد" [illegible] جەمهوری دیموکراتی کوردستان [illegible] جەمهوری کوردستان و صدری اسلام [illegible] "حزبی دیموکراتی کوردستان" [illegible]

[illegible] (١٧ - ١ - ٢٦) [illegible] "حزبی دیموکراتی کوردستان" [illegible] (١١) [illegible] (٤) [illegible]

[illegible] "حزبی دیموکراتی کوردستان" [illegible] (جەمهوری دیموکراتی کوردستان) [illegible] ڕێگای ئازادی [illegible]

[illegible] "قازی محەممەد" [illegible] کوردستان [illegible]

[illegible] ساڵی ١٣٢٥ [illegible] ٢٣ [illegible] مەهاباد [illegible] حکومەتی میللی دیموکراتی ئازەربایجان [illegible] کوردستان [illegible]

(۲)

[illegible]

سلاو، سلاوی کوردی تیکۆشەر، سلاوی ئەندامانی "حزبی دیموکراتی کوردستان" سلاوی تیکۆشەرانی ریگای ئازادی و
رزگاری نەتەوەکانی جیهان بۆ ئیوە ئەی شەهیدانی نەمری جەمهوری دیموکراتی کوردستان

شادبێ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان.
شادبێ گیانی پاکی شەهیدانی ریگای ئازادی و سەربەستی گشت نەتەوەکانی جیهان.
بمرێ ئیمپریالیزمی تاران قاتلی شەهیدانی کوردستان وئازەربایجان
بمرێ شای ئاغەی ... دەولەتی ...
نەمان بۆ ئیستعمار و ئیمپریالیزم دوژمنی ... گەلان.
سەرکەوی خەباتی گەلی کورد لەژیر رابەری "حزبی دیموکراتی کوردستان"
سەرکەوی تیکۆشانی ئیگرانی نەتەوەکانی فارس و ئازەربایجان وکوردستان بۆ ئازادی ئیران
بەرقەرار بیتەوە بەرەی یەکگرتوو لە نیوان "حزبی دیموکراتی کوردستان" و "حزبی تودەی ئیران" و
فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" و "حزبی ئیران" و حزبەکانی تری نیشتمانی پیشکەوتوو بۆ ئازادی ئیران

کومیتەی سەرکردەیی
حزبی دیموکراتی کوردستان

(۱۰ی خاکەلیوەی ۱۳۳۹)

www.zheen.org

رفقای عزیز
کمیته مرکزی «حزب کمونیست اتحاد شوروی»

همراه تقدیم سلامهای رفیقانه،
بهترین تبریکات کمیته مرکزی حزب دمکرات کوردستان را بمناسبت جشن کبیر انقلاب
اکتبر بسر فصل تازه و نوین زندگی زحمتکشان جهان، پیروزی و مظهر قدرت و عظمت شوراها
بر دستگاه پوسیده تزاریسم و بورژوازی، بشما و بوسیله شما به همه ملل اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی
تقدیم میداریم.

ملت کورد که ملت ستمدیده و محرومی است خیلی خوب عظمت و اهمیت انقلاب کبیر
آزادی و نجات ملل قهرمان شوروی را درک میکند، و بهمین مناسبت لازم میدانیم که شعف
و سرور ملت کورد در کوردستان ایران و بویژه اعضاء «حزب دمکرات کوردستان» را
بمناسبت حلول جشن کبیر انقلاب اکتبر منعکس و تقدیم داریم.
شادیم از اینکه رهبر مبارزه ملت کورد رفیق مصطفی بارزانی بنام ملت کورد در
جشن کبیر ملل شوروی شرکت میکند.

فرخنده باد جشن انقلاب کبیر اکتبر
پیروز باد اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی دژ مستحکم و خلل ناپذیر
درود ملت کورد به ملل اتحاد شوروی دوست باوفای همه ملل
زنده باد صلح پایدار.

با هم تبریکات و احترام: از طرف
کمیته مرکزی «حزب دمکرات کوردستان»

[signature]

«زاگروس»

س ۹۱ / ۱۰/۱۱/۱۹۶۰

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەڤاڵانی ئازیز
کۆمیتەی نێوەندی "حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی شورەوی"
دوای پێشکەشکردنی سڵاوی دۆستانە.

بەبۆنەی جەژنی ئۆکتۆبەری مەزن, سەرەتای وەرزێکی نوێی ژیانی زەحمەتکێشانی جیهان, دەرکەوتنی دەسەڵاتی شوراکان و سەرکەوتنی بەسەر دام و دەزگاکانی تزاری و بۆرجوازی داڕزاودا, حزبی دیموکراتی کوردستان باشترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکات و لە ڕێگای ئێوەشەوە بۆ تێکڕای گەلانی یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستەکانی شورەوی.

میللەتی کورد کە میللەتێکی ستەمدیدە و بەشخوراوە, زۆربەباشی مەزنی و بایەخی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ئازادی و ڕزگاربونی گەلانی شورەوی قارەمان درک پێدەکات و هەر بەم بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانین خۆشی وشادمانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هاتنی جەژنی مەزنی شۆرشی ئۆکتۆبەرتان ڕاگەیەنین و پێشکەشتانی بکەین.

شادین بەوەی رابەری خەباتی میللەتی کورد هەڤاڵ مستەفا بارزانی بەناوی میللەتی کوردەوە لە جەژنی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبەر.

سەرکەوتو بێت یەکێتی گەلانی شورەوی سۆشیالیستی قەڵای خۆڕاگری لەشکان نەهاتوو.

سڵاو لەگەڵی کوردەوە بۆ گەلانی یەکێتی شورەوی دۆست و وەفاداری هەموو گەلان.
بژی ئاشتی و لێهاتوو.

دوبارە پیرۆزبایی و ڕێز: لەلایەن
کۆمیتەی نێوەندی "حزبی دیموکراتی کوردستان"ــەوە
"زاگرۆس"
س ٩١/ ١٠/١١/١٩٦٠

بنکەی ژین
www.zheen.org

مردم

ارگان مرکزی حزب تودۀ ایران

(بەزبان کردی)

سالی یەکەم ـ ژمارە ۱
سیشەممە ۱ مانگی خەزەلوەری
۱۳۵۸
۲۳ ئوکتوبری ۱۹۷۹
دانەی بەتمە ئیك

حیزبی تودەی ئیران ریگای چارەکردنی هیمنانە و لەسەر بنچینەی نەهیشتنی زولمی میللی لەسەر خەلکی کورد، بە تاقەریگای چارەکردنی مەسەلەی کوردستان دەزانی. وە ئامادەیە لەم ریگەیەدا بە هەموو توانا و دەرەتانی خویەوە، بە دلسوزی یارمەتی دەولەتی کاتی کوماری ئیسلامی بدات.

براکوژی لە کوردستان، دەبی بەخیرایی ببریندریتەوە

زور بەداخەوە کارە ساتی کوردستان هەراوتر دەبی. ئەوخوینانەی کە بە سە رئەم خاکە دادەرژین ـ چخوینی پاسدار و سەرباز، چخوینی پیشمەرگە ـ خوینیکە کە لەدلی هەمووخەلکی ئیران دەتکی. برایان لەهیچ وخورایی بەربوونەتەگیانی یەکتر. مەرگە، خوینە، لاشەیەو لافاویك لەخەبەرودەنگو باسی بەقاووقیز و پترندەدر. وەبەداخەوە ولەوپەری سەرسورمان دا دەبینری کە هیشتامەقاماتی بەرپرسیار لە رەوتی رووداوەکانی کوردستان نەتیجەیان وەرنەگرتووە، ئەگەر وەریشیان گرتبی، هیشتالە کردەوە داوە رسورانیك لە سیاسەتی دەولەتدا لە کوردستان پیك نەهاتووە.

لەزە رووزەت و پیویست بوونی چارە کردنی خیر اتر و ئوسولیتری کوردستاندا، هیچکەس نابی کەمترین دوودلی وتەردید یکی هەبی. هەر وەها پیوستە بەتەواوەتی قەبوول بکری کە ئەتوپ و ئەتانك و ئەفروکە و ئەهەلسورانی نیزامی هوی چارە کردنی ئەم مە سەلەیە نیە.

پاشماوە لەلاپەرەی ۲

ئاگاداری کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران بەبونەی سی‌وهەشتمین سالی دامەزرانی حیزبی تودەی ئیران

راپورتی تەکاندەری نوینەری ئیمام خومەینی لەبارەی رووداوەکانی کوردستان

حیزبی تودەی ئیران لەگەل هەست کردنی قوول بە بەرپرسیاری، لەگەل بریاری قەتعی لەبارەی پاراستنی دەسکە وتەکانی شورشی کەورەی ئیران وپتە و کردنی بنەمەی کوماری ئیسلامی ئیران لەسەر ئوسولی دژی ئیمپریالیستی، دیموکراتیك وکەلی، وە سەبارەت بەپتە وکردن وبەقەوەت کردنی رابەرایەتی شورش وکومەك بە رابەری شورش، لەکار بە دەستانی ولات وبە رپرسیارەکانی ئاروبار، داوادەکاکە بەخیرایی وبەقوولی بە راپورتی ئاغای مەهدی بەهادوران، نوینەری ئیمام خومەینی لەبارەی روداوەکانی کوردستان، رابگەن.

«مردم» ئەم راپورتەی ئاغای مەهدی بە هادوران بوئیمام خومەینی، سەبارەت بەوگرنگیە زورەی کەهەر راپورتە بوتیکە یشتنی نهینیەکان و بەرووبوی رووداوە خویناویەکانی کوردستان هەیەتی (بەگیراتەوەلە روژنامەی ئینقلابی ئیسلامی، بەرواری ۲۳ مانگی رە زبەری ۱۳۵۸) لەخوارەوە بلاودەکاتەوە. ئەومەسەلانەی کە لەم راپورتەدا هینراوەتەگوری جاریکی دیکەش بەئاشکرانیشان دەدا کە کارەساتی کوردستان کەهەمووروژی دەها لاوی تازە لەبەند رزگاربوی ئەم ولاتە قوتدەدا، نەك بوپیشگری‌یە «دژی‌شورش»، «نەك بودیفاع لە «تەواوەتی ئەرزی ئیران»، نەك بو «خەبات لەدژی دارو دەستەی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم» وەنە بەدست خەلکی‌کورد، بەلکو بە ئەنقەستەو «راستەوخو» بوشیواندنی شورشی گەورەی ئیران وله ریشەدەر هینانی کوماری ئیسلامی ئیران، بەچەشنیکی‌لە سەداسەد دە سکردوهەلگیر ساوە.

حیزبی تودەی ئیران بەپیی‌ئەو مەعلوماتەی کەیوی، وەئە سلەن بەپیی‌مە نتقی ئینسانی، لەهەوەلین روژی‌ئەم کارە ساتە میللیەوە تیگەیشتو وریایی داکەئەوەی خەلکی کورد دەیەوی ولەسەداسەداحەقە (یانی مافی‌بەریوە بردنی کاروباری مەحەللی‌خوی‌و مافی‌کەلك وەرگرتنی لەفەرهەنگی میللی خوی) ئەو تاوانە گەورە یەنیە کە بوپیشگرتنی ئەوتانك وهلیکوپتروفانتوم‌بکە ویتەکار، وەئەم‌هەلسورودا سورەو، ئەم لافاوی‌قین‌و‌تورە ییەلەولاتەکەمان بکەویتەری. حیزبی تودەی ئیرانیش بە شاهیدی میژوو، وبەپیی‌مەنتقی ئینسانی بەروشنی دەزانی کەمەسەلەن ترکەکانی نەغەدەو سندوس لەگەل کوردەکانی دراوسیی خویان‌هەمیشە دوست وبراوهاوچارەنووس‌وهاوسەنگەربوون، بەهەزاران هەوێ‌ی دوستایەتی وخیزانیەوە بەیەکەوە بەستراون وهیچ‌کیشە و هەرایەك لەنیوان ئەوان دانیە، تابگاتەکارەساتەکەی نەغەدە و کوشتارەکەی قارنا وکارە ساتەکانی دیکەی وەك ئەمانە. لەعنەت لەوە دەستە چە پەل و تاوانبارانە بی‌کەلە هیچ وخورایی ئەم مەینەتەبەسەر خەلکی بهینن!

هەول دەدەن دیسانەکەش بەسەری بهینن!

راپورتی تەکاندرەی ئاغای مەهدی بەهادوران دەبی چاوی هەمووان بکاتەوە. ئیمەپەنجەبو ئەم وئەوراناکیشین، بەلام‌پەنجە بوبنچ‌وبناواتی تاوانباری‌و لەسەداسەددەسکردی کارە ساتەکەی کوردستان رادەکیشین. چونکە تەنیا چارە نووسی خەلکیکی‌زولم لیکراوکە دوای نیوسەدەی پشوبرینی سەردەمی‌پەهلەوی دەیەوی پشویەکی ئەئاسودەیی بوات. لەگوری دا نیە، چارە نوسی تەواوی شورشی ئیران لە گوری دایە.

راگەیاندنی کومیتەی‌ناوەندی حیزبی تودەی ئیران لە بارەی کوردستان

دوای‌ئە و بەسەرهاتانەی لەکوردستان رووی‌دا، ئیستا کور وکومەلە جیاوازەکانی سیاسی وکومەلایەتی بیرلەوەلامی ئە و پرسیارە دەکەنەوەکە چ‌بکری بوئەوەی شەری‌براکوژی ببریتەوە، مەسەلەکەبە چەشنی‌بنەرەتی چارەبکری ودەرەتانی رووداني کارەساتی دیکە لەکوردستان نە مینی؟

ئاغای موهەندیس بازرگان لەم دواییانەداکە چوومەهاباد لەئوتقیك داکوتی:

«چاوە روانیمان لەهەموان ئـەوە یەکە یارمەتی ئیمە بدەن و هاوکاریمان لەگەل بکەن تا لە وکارە داکە خودایی رازیە وخیری‌خەلکی تیدایە سەرکەوین، وئەم پەلەشورەییەی میژووکە ناکوکی نیوان سوننی و شیعە و عەرەب و فارس و کورد و تورکە لە ناوبەرین».

پاشماوە لەلاپەری ۳ دایە

مەتنی راپورتەکەی مەهدی بەهادوران

راپورتی ئاغای مەهدی بە هادوران کەبەئەسپاردەی نوسراوی ئایەتوللا مونتەزیری بوراگە یشتن بەوەزعی کوردستان و ئازربایجان روژئاوا چوبوە ئـەولایانە. بەم جورەیە:

بسمە تعالی

حەزرەتی ئیمام خومەینی دام‌ظلە

لەتیکرای بیزاوەکان وموتالاکراوەکانی ۲٥ روژە لەنەغەدەودەوروبەری‌ئەوی‌وجیگاکانی دیکەی ئازربایجانی روژئاوا وکوردستان، کەمەدرەك و مەنەدی ئەوانە لەگەل راپورتەکە پیشکەش‌دەکری:

۱ـ هیندی دەلیل وشاهید بەدەستە وەیەکەلەکوردستان و ئازربایجانی‌روژئاوا پیلانیکی مەرموزلەکاردایە، چونکە ئە وفیئودال ومالکانەی کەلە ریژیمی رابردودا بەجی‌کە بینەری ئەمرو‌فرمانی‌شا لەناوچە کانداببوون، لەلایەنکەسانی‌وەکودوکتور چەمران، تیمسارظهیرنژاد فەرماندەی لەشکری ٦٤، سەرهەنگ شەبازیان وباقی فەرماندەکانی ئەرتەشی وژاندارمریەوە تایبتی ددان چەکدارکراون، وەلە ولاشەوە خەلکی مستضعف وبی‌پەتا، کە چەندسالی دوروودریژ لەدەست فیئودالەکان جەزرەبەیان دیوە، کە وتونەتە مەینەت وشپرزە ییەوە.

۲ـ هیندی کەسی ئەرتەشی وەك فەرماندەکانی ئیستای کوردستان و ئازربایجانی روژئاوا پاوە لەپرسنلی ژیر فەرمان، لەبەرنەبوونی روئکەی مەزهەبی‌وئینقلابی لەگەل کارە موسبەتەکانی خویان روحی دوژمنایەتی و عوقدەیان لەنیوان‌تورك‌وکوردی‌ناوچەکەدائەوەندەهەلگیرساندووەکە بوهە میشەکیشە وناکوکی دەمینیتەوە، وەزورلە وانەیە توشی جەنگیکی‌چەریکی بین‌لەگەل دیموکراتەکان. هەرئەم کارە یە بوتە هوی‌بی‌زاری خەلکی بی‌تاوان لە کوماری ئیسلامی و بەدبینی لەحاست ئیوەکەلەنەتیجەدا خەلك بولای دیموکراتەکان راوەدە نیرین.

۳ـ بەپیی تەحقیقاتی‌دوورودریژوئە و راپورت وئە وارانەی کەهن، جوانمردانی بەخزمە تگیراوی‌ژاندارمری وزرە مجاهدی نەغەدە لەژیرسەرپە رشتی ئاغای معبودی وەس‌گرد نجفی‌دا، لەقارنا لەناوچەی نەغەدە بەلانی‌کەمەوە (٤٥) کە سی بی‌تاوانیان لەگوندەکەی خویان قەتلی‌عام کـردوە، پاشان کوژراوەکانیـان لەبیابان فری‌داوە،

پاشماوە لەلاپەرەی ۲ دایە

سیی وهەشتسالخەباتی‌شیلگیر بووە دەستهینانی سەربەخویی نیشتمانی، ئازادی و دابین‌کـرانی مافی رەنجبەران

لەژیانی پر لە خەباتی حیزبی تودەی ئیران ـ حیزبی چینی کریکار وتەواوی رەنجبەرانی ئیران ـ ۳۸ سال تی‌پەر بوو، وەسیی ونوهەمین سالی ئەم ژیانە هەربەو خەبات و تیکوشانە شیلگیرەوە لە هەل و مەرجیکی‌گراندا دەستی‌پی‌کرد. پاش سیی‌سال بی‌بەشی‌لەدە رفەتی تیکوشانی ئاشکرا و ئازاد و تووش بوونی تاوانبارترین زەربەی ریژیمی دەس نیژودژی کەلیی حەمەرە زای پەهلەوی، حیزبی ئیمە ۳۸ەمین سالی دامەزرانی خوی‌لە هەل ومەرجی پر لە شەلەژانی سالی یەکەمی پاش سەرکەوتنی شورشی میژوویی دیموکراتیك وکومەلایەتی ودژی ئیمپریالیستی ئیراندا جیژن دەگری.

حیزبـی ئیمەلەم ریگادوور و دریژە میژووییەدا ـ هەرچەندئەشەری نابەرانبەر لەگەل دوژمندا تووشی‌شکست وناکامیی زورکەورە بووە، بەلام‌دەتوانیت بەسەربەرزیەوە کارنامەیەکی پرلەفیداکاری وخوبخت‌کردن‌لەخەباتی دژی ئیمپریالیستی دا بەگەل پیشکەش‌کات.

حیزبی‌ئیمەتاقە حیزبیکەکەلە ماوەی نزیك بەچل‌سال لەئالوزترین سەردەمی میژووی ولاتەکەماندا شەپول و توفانی زور بەسامی تووش‌هاتودە، بەلام‌لەسایەی‌ئەمەدا کە ریکاکەی درووست بووە بەبی‌پەشوکان هەرلەسەر بنەرەتی ئوسولیی خوی بەمەحکەمی راوە ستاوە و بەریگای چەتوون وپرلەشانازی خوی‌دارویشتوە.

دوژمنە ئەسلیەکانی نیشتمانی‌ئیمە، یانی‌ئیمپریالیستەکان بەسەروکایەتی ئیمپریالیستی‌ئەمریکا وکونەپەرەستیی ژیردەستی ئەوان، یانی سەرمایەدارەکەورە کانی‌بەستراوە بە ئیمپریالیزم و خاوەن‌زەویەکەورەکان، تالانچران ولە سەرەوەی ئەوان بنەمالەی ریسوای پەهلەوی‌هەرلە هەولین روژی‌دامەزرانی حیزبەکە مانەوەئەم‌حیزبەیان‌بەدرووستی ناسی و تیکەیین‌کە حیزبی تودەی ئیران شیلگیرترین و روونا کترین ریکخراوی سیاسی دوژمنی ئەوان‌وپاریزکاری ئاشتی نەهاتووی قارانجی نیشتمانی و خـواستەکانی کومەلانی مەزنی‌شار ولادی و مافی‌نەتەوایەتی تەواوی کەلەکانی ئیرانە، وەبوگەیشتن بەئامانجەکانی خوی، یانی بووەدەست هینانی سەربەخویی نیشتمانی وئازادی‌و دابین‌کرانی داوای بەرحەقی‌کومەلانی خەلك وکەلەبە ـ شخوراوەکان لەم‌ریگایەدا لەهیچ فیداکاری وخوبەختکردنیك دریغی ناکات.

هەرلە سەرئەم سروشت وخەسلەتە حیزبی ئیمەزیاترلە هەموو ریکخراویکی سیاسی دیکە تووشی رقەبەری حەمەرەزای‌پەهلەوی وریژیمە تاوانبارەکی ئەوهات. حەمەرەزای پەهلەوی و پشتیوانە ئیمپـریالیستەکانـی ئەو زورباش دەیان‌زانی کە بوتیك شکاندنی بەربەرەکانی تەواوی‌هیزە نیشتمانیەکانی‌دژی‌خویان، دەبی‌لەپیش‌هەمووان‌داسەنگەری حیزبی تودەی ئیران تیك بشکینن.

شتیکی ریکەوت وتە سادوفی نیکە تاقمی دەستە ـ لاتداروخەیانەت‌کاری‌ریژیمی بەدفەی‌حەمەرەزای پەهلەوی لەتەواوی ماوەی دەستەلاتداری خوی‌دا هەرکاتیك‌دەیویست خەیانەتیك بەخەلکی ئیران بکات، بەپەلاماردانی حیزبی تودەی ئیران، کە سەنگەری هەرەمەحکەمی خەلکە، خوی بوئەم خەیانەتە ئامادە دەکرد.

هەرلەسەرئەم ئوسولیەت وخوراگرییەیەکە حیزبی ئیمە هەمیشەوەبەرپەلاماری دەستە وتاقمی سازشکار و ئینحیسار تەلەبکەوتووە، چونکەئەوانەباش تیکەیون کە هیزی ئیفشاکەری حیزبی‌ئیمە رووبەندی فیل ودووروویی دەدرینیت ودیمەنی‌پیسی‌سەوداگەران و فیلەبازانی سیاسی دە ردەخات. بەم‌جورە شتیکی‌ریکەوت‌نیەکەئەم دەستەو تاقمانەلە پیش هەمووشتیکدا بوسەر حیزبی‌ئیمە پەلاماری درندانە دەهینن و بولەناوبردنی بایەخ و نفوزی تیکوشەرانی‌تودەیی لەهەلبەستنی هیچ‌بوختان ودروییکی ناپیاوانە ناپرینگینەوە، ئەو تیکوشەرە تـودەییانـەی کـەجگەلـە روشن‌بینی سیاسی و ئیرادەی پتە و بوپاراستنی قازانجی

پاشمارە لە لاپەرەی ۴ دایە

پەیمانی دووقولی نیزامی ئیران و ئەمریکا دەبی‌بەخیرایی لەغو کری!

www.zheen.org

براکوژی لەکوردستان...

پاشماوەی لاپەرەی۱

وەکوودە زانین‌حیزبی‌تودەی ئیران هەوەلین‌ریکخراوەـ یەکی سیاسی بوو، کە نادرووست بوونی «ریگای چارە کردنی نیزامی» هیناگوری و ئیشوشا کە بورژدار کردنی نیشتمانەکەمان لەوکارەساتە خویناویەی کە بە دەستی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و کونەپەرەستی لەکوردستان هەنجیرسەوە، یارمەتی رابەرایەتی شورش و دەولەتی‌کاتی کوماری ئیسلامی ئیران بدات. ئەوا جاریکی دیکەش ، بەخیابیکی پرلەخوشەویستی وپیوەندیەوە لەگەل شورشی ئیران وپتەوکردن وبەقەوەت کردنی نیزامی کوماری ئیسلامی ئیران ، سەرنجی بەرپرسیارەکانی ولات بولای‌ئەم مەسەلەیە رادەکیشین‌کە بەبروای پتەو وبی‌گومانی ئیمە، کەلی کوردلە دژی کوماری ئیسلامی ئیران رانەپەریوە ، وئەم کومارە بەهی‌خوی وخوی بەهی ئەم کومارە دەزانی. کەلی کورد لە پاشماوەکانی ریژیمی تاغووتی کەهەروانە کوردستان‌ماونەتەوە، وەبەشی‌ئەوانەرولم‌وستەمی‌میللی‌یە، رەخنە دەکری ومافەرەواکانی نەتەوایەتی خوی لەچوار ـ چیوەی یەکپارچەیی میللی وتەواوەتی ئەرزی ئیران دا ، داوادەکات، و رەمینەی بنە رەتی رووداوەکانی کوردستان ئەمەیە. ئیوە ئەووشە وئەوئە سلە موعجیزە خولقینەرە کە «خودموختاری» یا «خودکەردانی» یا هەر وشەیەکی دیکەی دەتانەوی (ئەلبەتەبە مانا وناوە روکی ئەهیشتنی زولم و بی‌بەشی میللی) بلین و رای‌کەینین و بەجی‌ئەیەـ نین ـ ئەوبەسەی‌دەنە یەکیەتی نیشتمانی‌ئیران وتەواوەتی ئەرزی ئیران و دەستەلاتی مەرکەزی دەولەت، هیچ زەرەر و زیانیک‌نادات وبەپیچەوانە ، ئەوانە پتەوتردەکات ـ ئەو وەختە دەبینن‌کە ئاوبەئاگردا دەکری، وەلە کوردستان ، جگەلە یەکیەتی وبرایەتی وکیانفدایی لەریگەی یەکیەتی و برایەتی داهیچی دیکە نابینن. ئیمە نازانین هوی‌وەدوا خستنی‌ئەم ری و شوینە، کە تاقەریگای چارە کردنی ئینسانانەیە، چیە ؟

ئیمەدەزانین کە هیزەکانی ئیمپریالیستی وسەهیونیستی، وەپاشماوەی ریژیمی رووخاوی پەهلەوی کارەساتی کوردستان دنەدەدەن وئاگرەکەی خوش دەکەن، زورهە ـ لدەکری ئەوانە خویان خزاندبیتەریزی خەلکەوە و هەول دەدەن‌کوردستان بکەن بەلوبنانیکی تازە وەمەهاباد وەمەریوان وسەردەشت و... بکەنە بیروتی تازە وتەل‌زەعتەری تازە .

دە بیچ بکری؟ لەبەرئەوەکە دەستە یەك یەکریکیراوی ئیمپریالیزم‌وسەهیونیزم‌وکونەپەرەستی‌پەهلەوی لەناوچەند ملیون خەلکی‌حەق خوازهەن، دەبی ئەم‌خەلکەسەرکوت‌کری؟ ئیمەلامان وایە ئەوحەقە رەوایەی کەئەم خەلکە چەنـد ملیونیە داوای دەکا دەبی دابین‌کری. ئەوسا ئەم خەلکەچەك فری دەدەن ودەست دەدەنە دە ستی دە ولەتی کومـاری ئیسلامی. دوایی ئەگەر هیندی کەس دیسان هەر لەدژی دەولەت‌بوون وئەدژی دەولەت‌هەلسوران ، بە یەقینی‌بزانن کەئەوان بە کریگیاوی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و کونەـ پەرەستی پەهلەوین. ئەووەختە خەلکی‌کورد خویان ئەوانە سەرکوت‌دەکەن وپیویست‌ناکا هیزی جەنگی بنیرن. بەلام ئەمرو، سەرکوت‌کردنی خەلکی‌حەق‌خواز، بەناوی سەرکوت کردنی داروستەی ئیمپریالیزم وسەهیونیزم وپاشماوەی ریژیمی پەهلەوی، نەك تەنیا مەسەلە یەك چارە نـاکا ، بەلکوو زعەکەئالوزتریش دەکات.

جیی شادیە کەلەم روژانەی دوایی دا کور وکومەل وپیاوە بە دیمە نەکانی کومەلایەتی ولات، بەهەستی بـە ـ رپرسیاری‌ومەسئولیەتیکی‌پترەوە لەرووداوەکانی‌کوردستان دەکولنەوە، ریگای چارە کردنی عاقلانە وئینسانانە پیشنیار دەکەن. مەسەلەن روژنامەی «اتحاد بزرگ» نوسیویتی:

«هەلسورانی توند وتیژدە رمانی دەردنیە» روژنامەی (اطلاعات)لەژیرئەم سەرباسەدا «کەلە پیاوەکانی‌کوردستان لەکوبن؟» وتاریکی بلاوکرد وتەوە کەتیی‌دا نوسیوە:

«بوچی‌لە کوردستان پیاویك پەیدانابی ؟ بوچی کەـ سیکی‌کەلە پیاوناپەتەمەیدان .... بەگژهەر دوولادابیت‌و ریگایەکی چارەکردنی عاقلانەی وا کەکیشەکە ببرینیتەوە، نیشان بدات... پیاویکی وابیتە پیشەوە کە تا رادەیەك تیگەیشتن وشعور ولی زانینی ئەم جورە کازانەی ببی ، ریگایەکی مام ناوەندی وشەرافەتمندانەنیشان بدات وبەـ رپرسیاریشی بگریتەئە ستوی خوی...؟»

جیی‌دلخوشیە کەهەموورو‌ژی پیشنیارانی باش‌وبەکەلك ودەر بیرینی بیرورای موسبەت لەم زەمینەیەدا پتردبیت ولە زیادیە .

پیویستەبلیین، بوچی‌بەجی کردنی ئەم‌کارە خیرەنەك تەنیا «کەلە پیاویك»ی داخواز، بەلکو وهیزیکی سیاسی داخوازی خاوەن نفوز وبایەخداری وەکوحیزبی تودەی ئیران هەیە، کەلەچەندبەیاننامە وسەندی رەسمی‌وئورگانی ناوەندی خوی «مردم»دا، ریگای درووستی چارە کردنی مەسەلەی کوردستانی پیشنیار کردوە وئامادە یەئەگەر دەرفەت ودەرتانی‌پیویستی‌بدریتی، بەهەموو بەرپرسیاریەـ کەوە، لە چارەکردنی ئەم موشکیلە گەورەیەدا، یانی چارە کردنی هیمنانە ودیموکراتیکی مەسەلەی کوردستان، لەسەر بنچینەی لابردنی زولم وستەمی میللی لەسەر شانی گەلی کورد ولەچوار چیوەی پاراستنی تەواەتی ئەرزی ویەکیەتی نیشتمانی ئیران وقودرەتی مەرکزی دەولەتی‌دا، بەدلسوزی یارمەتی دەولەتی کوماری ئیسلامی ئیران بدات. ئەگەر دەولەت لەم پیشنیارەی کومەك ویارمەتی حیزبی تودەی ئیران پیشوازیبکا ، حیزبی ئیمەهەموو کاتی ئامادەی‌هەموو جورە هاوکاریەکە. وەتاقە شتیکیش کە حیزبی ئیمە بوئەم کارە خیرەهان دەدا، رزگارکردنی شورشی گەورەی ئیران ونیزامی کوماری ئیسلامی ئیرانە لەوفە رتەنەیەی کەئەگەر ئەمرو نە بریتەوە، لەوانەیە ریسەندولیکی گەلی ئالوزتری لی‌پە یدانیت .

چیروك

پیشوازیکی برایانە!

پیروت‌ئاغاهەر دوودەستی‌تابووەکە لەکەی ، دەت‌کوت لاسایی کوپەی ترخینەدە کاتەوە، بە پانایی جادەی بەهەشت دادەهاتە خواری، مروچوج و توورە و رووگرژ، گەیشتە مە پدانیك، فریشتەیەکی‌کە واسپی، پاتول‌سەوزلەوی ویستابوو. بەهە وای زەمـانی (پاشا) کە نوینەربوو دەستی دەرویشت، بانگی کرد. هو... کاکەی پولیس... کاکەی پولیس‌کە سوەلا می‌نە دە داوە.

لیی چوەپیشە وەوکوتی: کاکەی پولیس!

فریشتە: من کاکەی پولیس نیم.

پیروت ئاغا: ئەی چیت؟

ـ فریشتەی ری نوینیم .

ـ دەی‌باشە، هەرچی هەی، فەرمانداری لەکویە وەیە؟

ـ ئیرەشتی وای لی‌نیە، لەچی‌دەگەریی،کیت‌دەوی ؟

ـ لەوکەسەدەگەریم کە بە سەرکاروباری ئیرەدارادەگا، پیا وئەگەرکاریکی ببی بەکی بلی؟

فریشتەکە تەلیفوونیکی کرد وپاشان‌کوتی لیرەراوەستە، ئیستادین، دەت بەن. تاویکی پی‌چوو.

فریشتەیەکی‌دیکەی‌وەکوئەوی‌هەوەل‌پەیدابوو، لەگەل خوی بردی‌یە لای (خازن)ی بەهەشت.

خازن: فەرموو، دەلیی‌چی؟

پیروت ئاغا: دە مە وی وە زعم نە ختی باش‌کەی.

خازن: بەوردی پیم بلی‌پیدا ویستت چیە وچیت‌دەوی؟

پیروت ئاغا: پیدا ویستم بە هە مووشتیکە، نەکە سیك هەیەکە وشم بـودانی، نەنوکەران هەن دەستەونزەرم را ـ ویستن، نەفە رراش وچای چیم‌هەیە. نەئەسپ وتانجی‌وتولە. هەرهیچم‌نیە.

حازن: ئەوانەی‌کوتت لیرەنین‌وسە رناگرن.

پیروت ئاغا: دەی باشە، دی یەکم بدەنی، خوم‌ئەوانە هەموو‌جی‌بە جی‌دەکەم.

خازن: ئیرە دیی‌لی‌نیە.

ـدەهیندی‌رەعیەتم‌بدەنی‌خوم‌بەشەق‌دی‌یان‌پی‌درووست دەکەم.

ـ لیرەکس نادریتە دەست‌کەس‌و، کـەس نـاتوانی‌شەق بوەشینی.

ـ دەخە رمانیکم پیشان دەن‌بی سوتینم.

ـ خەرمانمان نیە.

ـ دە پیم بلی گاگەل‌لەکوی هەیە تابچم بی‌رفینم.

ـ ئیرە گاگەلی‌لی نیە .

ـ دەئە سپیك ودوتانجیم بدەنی بچم راو بکەم.

ـ ئیرەراوی لی ناکری.

دەکە سیکم بوپەیداکەن قوماری‌لەگەل بکەم.

ـ لیرە قومارناکری.

ـ ئەی‌ئەمەچ‌بەقوری گیرا ویکەهەرچی‌ئەسپابی‌ئاغایەـ تیە لیی دە ست‌ناکەوی؟

ـ هیچ‌نەبی‌ئالە وخەلکەچوارکە سم‌بدە نە دەست‌باچوار (سەگباب) یان پی‌بلیم ودلم نە ختی سوکمایی بیت

ـ لیرە هە موو کەس وەك یەکن، کس‌ناتوانی(سەگباب) بەکس بلی.

ـ ئاکارتەکەت بینەبزانم.

پیروت اغا: کارتەکەی دەرهیناودایەدەستی .

خازن روانیە کارتەکە و کوتی توبچودە رە وە تاپاشان بانگت دەکەم.هەلی‌گرت وتەلیفونیکی کردبومالکی‌جەهەنەم: ـلای‌ئیوەپیاویکی‌واهـەیەناوی (مام پیروتی‌گاوان ، خەلکی پیروت‌ئاوا) بی؟

(دوای تاویك) بەلی هەیە

ـ بی‌نیرنەئیرە.

دویاساولی جەهەنەم مـام پیروتیان هینا: مام پیروت ، کابرایەکی رەقی،وشکی، دووکەلاوی ولاهەلپرووزاوبوو.

خازن: مام پیروت! بوچی کارتەکەی خوت داوە بەو کابرایە ؟

مام‌پیروت: من‌ئەم داوەتی، ئەوانەلەزەمانی(کوبونە) وە فیربوون‌هەرکوتەکاغذ زیکمان پی‌ببینن‌لیمان دەرفینن، کە کارتەکەیان دامی، رفاندی. ئەوتیروتە سەل و باوی قاچـی خوش‌بوو،رای‌کرد. من‌ئە وەندەی تەکانم داخـوم ، هیزی ئـەژنوم نەبوو. نەی‌گەیشتمی .

(خازن :روی‌کـردە پاساولەکان) ئەم پیاوەلیرە دەبی » بچن‌لە جیاتی ئـەم، ئەوکابرایەی دەرەوە بـەرن. پاساولەکان چوون،هەریەکی‌دەستی‌داهەنگلیکی،پیروت‌ئاغاچەپاوچیرلی‌یان ویستاوەونەراندی: سەگباب! بوئەوندە ناجسن وبی‌عەدەبن! پاساولەکان دووسی گورزی‌ئاگـرینیان‌سرەواندەناوشانی‌وەپیش خویان‌دا. کەگە یشتنەلای دەرگای‌جەهەنەم، شەیتان‌هاتبووە پیشوازی وبانگی‌کرد! وەرە! برای‌ئازیزم وەرە! هەزا رئافرین، لیرەش ئاغایەتی خوت نواند؟

راپورتی تەکاندەری...

پاشماوە لەلاپەری ۱

تاوانیشان بدەن کەلەشەرداکـوژراون ، وە دیهـاتیان تالان‌کردووە وسوتاندوە، وە استوار بکلرمی لەکوپاکو(٥) کە سی کوشتوە، وەئەمەلە نەتیجەی بی‌لیاقتی یاخەیانەت وپیلانی فەرماندەکانی ژاندارمری لەلایەك وەهە لگیرـ ساندنی هەستی دژی‌کوردی وهاندانی روحی تولەخوازی دژی‌کوردە بی‌تاوانەکانە. بەداخەوە هەرچەند ئەوانەی‌ئەم کوشتارەیان کرد وەناسراون، لەبەرئەوەی ظهیر نژاد لە مفسدینی مەحەللی پیشتیوانی دەکاکرتن و سزادانیان مومکین نیە.

٤ـ لەنەفەدەوەدەوروبەری‌ئەوی وبەلکولەسەرانسەری کـوردستان و ئـازربایجانـی روژئـاوا عاملیکی شەر و خوین ریژی ، وجودی زرە مەلای ساواکی یا متعصبی دژی‌کورد، وە فیئودالە چەکدارەکانە کە لەلایەن ئەرتەش و ژاندارمری‌یەوەچەکدارکراون ، ودادگای ئینقلاب‌وسوپای پاسدارانی ئینقلاب دەستەلاتی ئەوەیان نیەپیشی ئەوانە بگرن وەکوکارە ساتەکەی قارناکە حوکمی حاکمی شەرع ئاغای خلخالی وئاغای امید نجف‌آبادی ئیجرانەکرا.

٥ـ لەگەل ریگای چارەکردنی نیزامی، ریگـای چارە کردنی فەهەرنگی، ئیدیولوژی و ئاوەدانی، بـو کوردستان و ئازربایجانی روژئاوا پیویستیە.

پیشنهاد ـ۱ـ خاوین کردنەوەی زرە روحانیەکان کە بونەتەهوی شەرەکەی دوسی‌مانگ لەمەپیشی نەغەدە و جیگاکانی دیکە .

۲ـ گرتن و سزادانی تاوانبارەکـانی کوشتار و تالانی قارنا وبیگم‌قەلا وسوتاندنی خەرمان وخانوەکانی دوئاو وهی دیکە .

۳ـ چاوە دیری‌کردنی دادگای ئینقلاب وبەقەوەت کردنی ئەوبوگرتنی مفسدین.

٤ـ گورین یاتوبیخی ئەو فەرماندەیانەی کە بـە رەسمی کە وتونە تە ژیر دەستەلاتی دوژمنانە وەوچەـ کیان ناوەتە بەردەستی کە سانی دژی شورش، وەخەریکی لاوازکردنی سوپای پاسدارانن .

٥ـ ناردنی دوکەسی بازرەس لەلایەن ئیمام ودوکە سی بازرەرس لەلایەن دەولەت وشورای ئینقلاب وکەسیك لەلایەن دادستانی کوللە وە.

لەگەل ریزوحورمەتی‌زور ـ مەهدی پەمادوران

۲٤ر٦ر۵۸

> **هاوری‌یانی‌حیزبی !**
> **لایەنگران و دوستانی حیزب !**
>
> **ئەسنادی حیزبی (ئیعلامیەکان، بەیاننامەکان‌و...) بلاوکراوەلە «مردم» ئورگانی‌ناوەندی حیزبی‌تودەی ئیران‌دا، بەکەلك وەرگرتن‌لە هەموو‌ئیمکانات، بە بەر بـلاوترین شیوە، زیادکـن وبەکومەلانـی هـەراوی خەلکی بگەیەنن. لەهەل‌ومەرجی ناسکی ئیستادالەوە لەرکیکی‌گەورەی شورشیگرانەیە.**

www.zheen.org

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران لەبارەی کوردستان

پاشماوە ی‌لاپەرەی١

حیزبی‌تودەی ئیران هەوڵین وتاقە ریکخراویکی‌سیاسی یەکـە لە دەیان ساڵ لە مە و پیشە وە تائیستا، چلونـایەتی هەلویستی شورشگیرانە و ئوسولی لە حاست مە سەلی مـافی خەلکەکانی ئیران بەشیلگیریـەوە نیشانداوە. حیزبی تودەی ئیران هەوەلین وتاقە ریکخراویکی سیاسی‌یەکە دوای‌شورشی سەرکەوتووی‌خەلکی‌ئیران، لەوەختی خوی‌دالەبارەی‌ئەوەی کەلەکوردستان رودەدا وریایی‌دا . حیزبی‌تودەی‌ئیران تاقە ریـکخراویـکی سیاسیەکـە دوای‌ئالوزی وەزعی کوردستان ریگـای چارەکردنـی شورشگیرانـە و ئـوسولـی ئـەم ئالوزیەی لە بە پاننامەی‌کومیتەی نـاوەندی حیزبدا، بەبونەی‌روود اوەکانی ئەم دواییەی‌ولات (بروارى ٦ ی خە رمانان) نیشاندا. ئە وا دوبارە ئیمە بوبـانگ هیشتنەکـەی سەروك وەزیرکە بەلایەکی دروست دا و بەسودو مەسلەحەتی شورش هاتوتەگوری، وەلامی موسبەت دەدە ینە وە وبولەناو بردنی ئەم «پەلەی شورەییەی مێژووەیارمەتی دە ولەتی کاتی کومـاری ئیسلامی ولاتەکە مـان بدەین و هاوکاری لـەگەل بکەین. وەلەبەرئەوەجاریکی‌ترو بەروون کردنە وەیەکی‌پترەوە هویەکانی سەرهەلدانی ئالوزی‌کوردستان وریگای‌چارەکردنی ئە و باس‌بکەین.

لە سە رەتای باس‌کردنی مە سەلەکەدا خومان بەناچار دە زانین رستە یەك‌واقیعیات وە بیر بخە ینەوە. بنچینەی ئەم واقیعیەتانە ئەمەیەکە لە ئیراندا چەند خەلکی زولم لیکراو هەن، کە یەکیك لە وان خەلکی‌کوردە. ئەم خەلکە لە ماوەی سەدها ساڵ وسەردە میکی‌دوور ودریژی میژوودا،لەنیشتمانی خوی ئیراندا، شان‌بەشانی هەموخەلکەبراکان ژیاوە، لەپیك هینانی فەرهەنگی دەولەمەندی ئیران داهاوبەشی‌کردووە و لە ریگای ئازادی و سە ربە خویی ئیران دا تیکوشاوە وقوربانی داوە. میژوو شاهیدی دەداکە خەلکی‌کورد لـەسە ردەمیك دا لە ریزی پیشە وەی هەموو خەلکە موسولمانەکان بووە، وە بەسە رکە ردەیی پیاوانی وەکو سەلاحەدینی ئەییوبی، لە سە ربەخویی وئازادی ئەم خەلکانە و، لە فەرهەنگ وتەمەدونی ئە وان لەبەرامبە رپـەلاماری خـاچ پەرەستەکان دا دیفاعی کردووە،و حەقیکی گـە ورەی خستوتەئەستوی جولانـەوەی رزگاری خوازی ئەم ناوچە یەی جیهان.

دوای دامە زرانی دە ستەلاتی ئیمپریالیزم ودیکتاتوری بەسەر نیشتمانەکەمان دا، زولم وستەمی میللی ونەتەوایەتی بووە بە بەشیك لەسیاسەتی‌دەولەتە دەس نیژودیکتاتوریەکان، وە خەلکەیی بەشەکانی ئیرانکەوتنە ژیر ستەمی دوولانەوە.

دیمەنی گشتی ئەم زولمە ونەتیجەی ئەوە لەکوردستان ئاوا بووکـە بـەدریژایی سەردەمی حوکوومـەتی بنەمـالەی پەهلەوی، مـافی هەلبژاردنی ئە نجومە نەکانی ئەیـالەتی و ویلایەتی پەسەندکراو لە قانونی ئەساسی پیشوودا، لـەگەلی کوردیش وەکوو خەلکەکانی دیکـەی ئیران قەدەغەکرا بوو. خەلکی‌کورد حەقی خوتیگەیاندن لەکار و بـاری ناوچەکەی خوشیدا نـەبوو، وە تەواوی‌کار بـەدەستەکان و ئوستاندار و فەرماندارەکان وسەروکەکانی‌ئیدارەکان‌لە لایەن‌شاودەولەوتی ئەوەوە دەنیردران، کـە لیرە دا پیوست ناکاباسی کـردەوە و خاسیەتی ئـەونگریس و نارەسەنانە بکـری. زوربـەی نزیك بەتیکرایی‌نوینەرەکانی‌ناوچەکانی کوردستان‌لەمەجلیسی‌شورای میللی، نوکـەری دەربـار و دەست و پیوەندی ئیمپریالیزم و ئیستیعمار بوون،و«هەلبژاردن،،ی‌ئەوانە هیچ فریکی‌بەگەلی کوردەوەنەبوو. کاربەدەستەکانی‌کیشوەری‌ولەشکری‌وساواکی، بەهاودەستی خـان و بەگ و ئاغا و مل هورەکانی دیکـەی ئەوناوە و تاغوتیەکانی دانیستووی پی‌تەخت، ئەم خەلکەیی بەشەیان تـالان دەکـرد. لە جیاتی ئـاوەدانی و فەرهەنگ و نەخوشخانە، تـانك و توپ و پولیسیان دەنـاردە کوردستان. هەرکاتی ئەم خەلکە جارز و هەراسان دەبوو، دەمی بورەخنە گرتن دەکردەوە، بەناوی «ریگر»و «متجاسر» و «تجزیەطلب» لەوپەری بی‌رەحمی و دل رەشی دا ئـەم خەلکەیان سەرکوت دەکرد. گەلی جارلەکوردستان لافاوی خوینی خەلکی‌بی‌تاوان ئاژین‌کرا. گەلی‌کورد لەژیر ساتوری‌کار بەدەستەکانی شای‌لی کەوتوو دا قەتلی عام‌کرا، و دەرەتانی ئەوەیان نەبوو قسەی خویان‌بەخەلکی‌ئیرانرابگەیەنن ولەویژدانی پاکی‌هاونیشتما نەکانی‌خویان‌داوای‌پی راگەیشتن بکەن. گەلی‌کورد لـە مافی خویندن بەزمانی زگماکی، کە شەرتی بنەرەتی لەناوبردنی نە خویندەواری و بـەرزکردەنەوەی رادەی فەرهـەنگی گشتیە، بی‌بەش‌بوو. فەرهەنگ وهونەری‌میللی وگەلی خەلکی‌کورد، کە پایەیەکی گەورەی مەعنویاتی ئەوە، ریگـای بووژانەوەی نەبوو، وبەئەنقەستە و بەزور تووشی‌دواکەوتوویی و لەبیر چوونەوە دەهات. حاشا لە هوویەت و مە وجودی‌یەتی‌میللی گەلی کورددەکراوسوکایەتی پی‌دەکرا. لەبارەی‌دامەزرانی‌سەنعەت و بووژانەوەی‌کشت وکاڵ وبازرگانی وریگاکیشان‌وئاوەدانی و خویندن و فیربوون و لەش ساغی و شتیوا هەر بوئەوەنابی باسی بکری، چونکە ریژیمی پـەهلەوی‌کوردستانی لەم خیر و بیرانە بی‌بەش‌کردبوو، بەجوریکی واکوردستان لەوبـارەوە، لەئیرانی‌بی‌بەش ودواکەوتوودا، لە ریزی بی‌بەشترین‌ودواکە وتووترین ناوچەکانی ولاتدا بوو.

ئەمە بووگوشە یەك لە دیمەنی راستەقینەی ئەوکورد. ستانەی‌کە شای‌لی کـەوتوو بەرپاکاری ئـەویی بە «لانکـەی تەمەدونی ئاریایی» ناودەبرد. تەواوی ئەوەی‌کەکوترا (وەبە شیك لە وە ئەو زولم و ستەمەگشتیە بووکە لە هەموو خەلکی ئیران دەکرا، و بەشەکـەی دیکەی ئەو زولم و ستەمە میللیە بووکە بەتایبەتی لە خەلکی‌کورد و خەلکە بەشخور اوەکانی دیکەی ئیران دەکرا) ژیانی لـە خەلکی‌کوردستانکـردەبووە جەهەننە میکی راستەقینە.

ئەم سیاسەتە و ئەم وەزعـە تـا شورشی سەرکەوتووی خەلکی‌ئیراندریژەی هەبوو. گەلی‌کورد لە سیمای‌ئەم‌شورشە دا رەمزی رزگاری و بەختەوەری خوی دە بینی، لەبەر ئەوە بەهەموو تواناوە هاوبەشی تیداکرد. خەلکی مەهاباد و سەقز و مەریوان وپاوە، شان بەشانی خەلکی تاران وقوم وتەوزیر و ئیسفەهان، بەرابەرایـەتی ئیمام خومەینی، لەدژی ریژیمی پەهلەوی هەستان و هەزاران قوربانیان دا.

دوای سەرکەوتنی شورش، گەلی‌کورد، وەکوو هەموو خەلکی زولم لیکراوی ئیران چاوە روانی ئەوە بوو، و چاوە روانیشەکە نیزامی‌کوماری ئیسلامی‌ئیران، تەواوی سیاسەتە کان وکردەوە وپیوەند یەکانی تاغوتی رابردوو، کەگوشـەیەك لە دیمەنی ئەومان لە سەرەوە نیشان دا، لە رەگ و ریشە دەربینی،وە دەروازەی روشنی ئازادی وعەدالەتی لی‌بکاتەوە. گەلی‌کوردلەقولایی‌دلەوە ئارەزوی ئەوەی‌هەبووە وهەشیەتی کە هەولین حوکوومەتی ئیران، کە بوهەولین جارلەمیژوودا، زنجیری زولم و ستەمی میللی لەئەستوی ئەوداهەرنی و مافی نەتەوایەتی ئەودابین دەکا، حوکـومەتی کومـاری ئیسلامی ئیرانبی. گەلی‌کورد، ئیرانبەتەبیعی‌ترین نیشتمان‌وخوشترین جیگا بو خـوی دەزانی، وە ئـەوەی دەیەوی و داوای دەکا جیابوونەوە لەئیران‌نیە، بەلکووتەنیا ئەوەی ویستوەوداوای ئەمە دەکاکە لە چوار چیوەی ئەم نیشتمانەدا، کە لە ماکووە تا چاە بەهار و لە ئابادانەوە تا سەرەخس، هەموو جیگایەکی بوئەو وەك یەك خوشەویست و بەریزە، لـە خانەوادەی پر میهروخوشەویستی هەمووبرا ئیرانیەکانی خوی‌دا، بەئازادی و بی‌زنجیر بژی، وە تا ئەورادەیەی‌کـە سود و مەسلەحەتی گشتی شورش وخەلکی‌ئیراندەرەتان دەدا، دە ستەلاتی‌بەریوە بردنی‌کار و باری بەتەواوەتی مەحللی بدریتی.

ئەمانە بەشیك بوون لەو واقیعیەتانەی‌کە ئاور دانەوە لە وانە دەتوانی بەچارەکردنی عاقلانەی مەسەلە کە کومەك بکا. ئیمە لامان وایە ئەوەی‌کە بەکورتی لە سەرەوە لە بارەی واقیعیەتی مـە بست کـوتمان، پارمەتیەکی تـەواوە بوروون کردنەوەی بیرورای‌گشتی وقسەکردن لەمەسەلەکە، چونکە ئەم واقیعیەتانە روون دەکەنەوەکە مە سەلەی‌کوردستان، مە سەلەی ئەمرو و دوینی و بیست ساڵ وسی‌ساڵ لەمەوپیش‌نیە، بەلکوو مە سەلەیەکە ریشەی قوولی میژوویی هەیە و، لـە پیداویستە توندەکانی کومەلانی هەراوی گـەلی کـورد هەل دەقولی.

گەلی لەوانەی سەرنجی روود اوەکان دەدەن، لەوەدا هاوبیر وران‌کە مە سەلەی‌کـوردستان زور لەوە قوولترەکـە بتوانری‌وابزانری‌کە تەنیالەنەتیجەی هانـدانی دژی‌شورشەوە رووی داوە. گومـانی تیدانیە ئەوریبازەی کـە کـوردستانی کیشاوەتە سەربەرە نگـار بوونی سیاسی و نیزامی، ریبازیکی دژی‌شورشی‌بوو، وە نەخشەکیشەکانی‌ئەم ریبازە، ئیمپریالیزم بەتایبەتی ئیمپریـالیزمی ئەمریکا و سەهیونیزم و پـاشماوەی ریژیمی چەپەلی پەهلەوی بووە. بـەلام بوونی پیلان وکاری دژی شورش، بەهیچ جوری ناتوانی و نابی ببیتە هوی ئەوە کە واقیعیەتی ئەسلی، یـانی وجود و بوونی خەلکی زولم لیکراوی‌کورد و ویستەکان و پیداویستەکانی هەق و رەوای ئەو، بەتەواوەتی لـە بەر چاونەگیری، وە بەبیانوی خەبات لەگەل دژی شورش، ئەم ویست و پیداویستانە نەفی بکری‌و لەبەر چاونەگیری.

زوربەداخەوە پیویستە بلیین ئەوگری‌یەی دەتوانرازور بەئاسانی بەدەست بکریتەوە درابە ددان، وەئـەونرخە کـە تائیستا بو ئەم وەرسوورانە نـاخوشە دراوە ئەمەیەکە ئەوا هەموومان دەی‌بینین: سەنگەر بەنەی پرا لـەدژی بـرا، وە ژمەراوی بوونی مـوحیتی سیاسی ولات، ئـەو موحیتەی‌کەـ ئیمام خومەینی‌کوتەنی‌ـئەوپەری پیویستی بەهیمنایەتی‌ولیك حالی بوون هەیە.

بـەلام میژوو هەرگیز ریگای عەقلی ئینسان نـاگری. ئەوانەی جگەلە خزمەت‌کردنی خەلك ئـامـانجیکی دیکەیان نیە، هەمیشە خویان‌ئەوەندە بەئازا ودلیر دەزانن کەریگایەکی دروست‌تری چارەکردن بدوزنەوە.

رابەری شورش‌گەلی جار وە بە وشەی «کـوردستانی گەورە» و «کوردستانی ئـازیز» رووی قسەی لەگـەلی‌کورد بووە، وە بەتایبەتی لەسەر یـەکیەتی قسە و پیویست بوونی هیمنایەتی ولیك حالی بوون ویستاوە. ئوستانداری‌کوردستان کوتوویەتی:

«... لەم بروایەدام‌دەولەت دەستەلاتی ئەوەی هەیەکە لە جیاتی ناردنی لەشکر و فـانتوم و هیلیکوپتر بو نـاوچەی کوردستان، لەگەل تەرەفی موتابیل‌بکەویتە وت‌و ویژەوە... بروای من ئەمەیەکە دەولەتی ئیستا بەخوش‌نیەتی تەواوەوە ئامادەیە بووت‌وویژو چارەکردنی‌کارە ساتەکە، وەئیستائەگەر ژمارەیەکی‌کەم لەکاربەدەستەکانی دەولەت سەلیقەی ئەمەیان نیە و ئاگری ئـالوزی لە ناوچەکەدا خوش‌دەکـەن، زور بە هەلە دەچن.»

ئوستانداری ئازەربایجانی‌روژئاوا پیشنیاری‌کردوەکە:

«کاروانی خزمەت وئاشتی‌و دوستایەتی لە نـاوچەکانی کوردنشین پیك بهینری».

روژنامەی «ئومەت» لای وایە لـە جیاتی پی‌داگـرتنی تەواو لە سەر هیزی نیزامی و خەبات لە دژی مەعلولـەکان دەبی‌پاڵ وە خەلکی‌کوردستانەوە بدری‌وبەلی براوی لە دژی ریشە وعیلەتەکانی بوونەتە هوی ئەم ئالوزیە خەبات‌بکری.

یەکی لە مەلاکانی‌مەهاباد بەسە روك وەزیری کوتووە:

«لی بـوردن و خـوشەویستی و دریـژکـردنی دەستی دوستایەتی، لە تانك و فانتوم و چـەکی دیکەکاریگەرتـرە».

کومەلانی هەراوی خەلکی کوردستان دەلین، ئیمە ئیرانین وە لەگەل‌جیاکردنەوەی تاقەبستیك‌لەخاکی‌ئیرانوکەم‌کردنەوەی تاقەکلویەك لە سنوور و سەراوەردی ئەم خـاکە، بە هەموو توانا مانەوە موخالفین. ئیمە تەنیا دا واکاری مـافە رواکانی میللی خومانین. ئیمە لە شورشی گەورەی خەلکی ئیرانکەلە ریگای ئەودا قوربانیەکی زورمان داوە، چاوە روانیمان هەیە کە ئەم ویستە، حەق و رەوایانە پیك بهینی. ئیمە دەمانەوی هەژاری‌وبی‌بەشی‌ودواکەوتوویی لە ناوببری. ئیمەدەمانەوی ئەم مافە تەبیعیە بدری بەئیمەکە لـەچوار چیوەی یەکیەتی نیشتمانی وتەواوەتی ئەرزی و حاکمیەتی میللی ومەرکزیەتی دەستەلاتی دەولەتی‌دا، خود موختاری ئیداری وفەرهەنگیمان هەبی.

بەم پی یەبەروونا کی دیارەکە سەرە رای شیلگیربوونی هیندیك مەقام لـە سەر سیاسەتی سەرکوت‌کـردنی نیزامی، لە عەقـل و دلی هەموان دا، زەمینە یەکی ئینسانەتی و عەقل پەسند لـە بارەی مە سەلەی‌کـوردستان هەیە. ئیمە بەهەست کردن بەوبەرپرسیاریەی‌کە لە حاست نیشتمان‌وخەلك‌وشورش هەمانە، ولەگەل تیگەیشتنی قورس وگرانی مە سەلەی‌میللی و زانینی ئەوەکە ویرانیەکانی ریژیمی پیشوو بەتـاقە روژیك چارە ناکرین، و ئەم‌کارە بەرنامە دارشتن، ریکخستن، ئامـادە کردنی‌کادر و ئەسباب، و ئاخرەکەی وەخت و موحیتی‌لەباری دەوی، دەمانەوی‌لە وەلامی بانگا وازەکەی سەروك‌وەزیردا، پیشنیارە روون و دیاری‌یەکانی خومـان، کە مەبەست لەوەدە رچوون لەم تەنگو و چـەلەمەیە و خستنی مەسەلەی کوردە بو سەر ریگـای دروستی هەبن و ئارام و یەکیەتی، جـاریکی دیکەش بهینینەگوری.

دەولەت‌دەبی ئەم واقیعیەتە بەبی لامجومی قبول بکاکە مە سەلەی‌کوردستان، مە سەلەیەکی نیزامی نیە تا لەریگەی نیزامی‌یەوە شایانی چارەکردن‌بی، بەلکووهەر بەوجورەکەلە سەرەوەباسکرا، سیاسی، ئابوری، کومـەلایەتی و فەرهەنگیە. لە بەر ئەوە دەولەت دەبی سیاسەتی خوی لـە سەر بنچینەی ریگای چارەکردنی سیاسی، ئابوری، کومەلایەتی و فەرهەنگی دابمەزرینی. ریگای نیزامی لە باشترین حالەتدا تەنیا موسە ککینە نەك عیلاج، ئەویش موسەککنیی واکـە دوای ئەوەی تەئسیرەکەی تەواو بوو، لە وانە یە دردە وژانی گـەلی توند تری وای بەدوا دابی، کە لـە رابردوو داگەلی جار بەچاوی خومان دیومانە.

لە بـەر ئەوە **پیشنیاربەدەولەت دەدەین:** بـە خیرایی هەلسورانی نیزامی بربنیتەوە، شە رویستاندن (ئاتەش بەس) رابگە یەنی و مووحـاکمە و دەرکردنی حوکم لـە دادگاکانی شورش‌بویستینی، وە ئامادەیی‌خوی بو وت‌و ویژ وچارەکردنی هیمنانە و سیاسی مە سەلەی‌کوردستان رابگەیەنی.

کومەلانی ئاگا و رووناك بینی گـەلی‌کورد دەبی ئـەم واقیعیەتە بی لامجومیە، کـە خوشیان لیی ئـاگادارن، ئەمرو قوولتر تی بگەن‌کـە چارە نووسی‌گەلی‌کورد بە چـە شنیکی لەپسان نەهاتو بە ستراوە بە چارە نووسی تەواوی خەلکی ئیرانەوە. ئازاد بوونی ئەم‌گەلە، لە زنجیری زولمی میللی و

پاشماوە لەلاپەرەی٤دایە

www.zheen.org

راگە یاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران لەبارەی کوردستان

پاشماوەی لاپەرەی ۳

کومەلایەتی بەستەیە بەمەکە شورشی ئیران بە تەواوەتی وتا ئاخری سەرکەوی. هەول دان بو ئازادی و عەدالـەت، لەم ریگە راست ودرووستەوەنەبی زەحمەتیکی ئەوەندە خورایی و بی کەلکە،کە لە سەرلی شیواوی و لاری‌بی وکارە سات‌بەوە لاوە هیچی دیکەی لی پەیدا نابی.

لەبەرئەوە **بوکومەلانی‌وریا و روشن‌بینی گەلی‌کورد پیشنیار دەکەین:** بە هەموو توانا و تیگەیشتنی شورشگیری و ئازایەتی مەعنوی خویانەوە لە پیك هەلپرژان لەگەل هیزە کانی دەولـەت و پاسداران خو بپاریزن و، بو بـراندنەوەی موحیتی ژەهراوی و ئـالوزکە لە روود اوەکانی ئـەم دواییە پەیدا بووە، بوپیك هینانی موحیتی لەبار وئارام‌بو وت و ویژ و چـارەکردنی هیمنانـە و سیاسی مـەسەلەی‌کـوردستان، بو دوزینەوەی زمـانی مـوشتەرەك و لیك حـالی بوون لەگەل دەولەتی‌کوماری ئیسلامی ئیران، وە ئـاخرە کەی جی‌بی‌جی بونی مافەرەواکانی میللی‌خوی، لـە هەر دەفرەت و دەرەتان و هویەکی هیمنانە، کەلك وەرگرن.

بەکورتی **ئیمە بەدەولەت پیشنیاردەکەین: بەخیرایی و لەیەك وەختـدا لە هەلسورانی نیزامی دەست هەلگرن و ئامادەیی خویان بو وت‌و ویژ و دوزینەوەی ریگـای چارە کردنی سیاسی و هیمنانەی مەسەلەی‌کوردستان رابگەیەنن.**

وت و ویژ بو دوزینەوەی ریگای چارەکردنی سیاسی و هیمنانەی مە سەلـەی کوردستان بـوگەیشتن بەم ئـامـانجە پیویستانەی خوارەوەیە:

۱ـ دابین‌کردنی‌ویست‌وداوارەواکانی خەلکی‌کوردستان لە بارەی براندنەوەی بی‌بەشیەکانی میللی.

۲ـ پیك هینانی یەکیەتی هەموو هیزە شورشگیرەکانـی راستەقینە بولـەریشەدەر هینانی نوکەر و بـەر دەستەکانـی ئیمپریالیزم، بەسەرکەردەیی‌ئیمپریالیزمی‌ئەمریکا، سەهیونیزم، کونەپەرەستی وپاشماوەی ریژیمی پەهلەوی لەکوردستان ولە سەرانسەری ئیران.

ئیمەلامـان‌وایە، دامەزرانـدنی شوراکان‌ـبەوجـورەی خودالی خوش بوونایە توولا طـالقانی پیشنیاری دەکرد، و **ئیمام خومەینی‌وشورای‌شورشیش‌پەسەندیان کرد بووـدەتوانی** زەمینەیەکی لەبار بی‌بو وت‌و ویژ، بوگەیشتن‌بەئامانجەکانی سەرەوە.

ئاوایەپیشنیارەکانی‌ئیمە،وەدەتوانی‌بەکومەکی‌پیشنیاری هیزە شورشگیزەکانـی دیکە، کاملتر، قـوولتر وکاریگەرترین. ئیمە لەگەل هەست کـردن بەبەرپرسیاری تـەواو لە بەرامبەر خەلکی ئیران وگـەلی‌کورد و شورشی ئیراندا، بەواقیع‌بینی شورشگیرانە و ئوسولیەوە ئەم پیشنیارانەمان هیناوتەگوری، وەهەربەو جورەکە لە بەئنامەی‌کـومیتەی نـاوەندی حیزب‌دا بەبونەی روود اوەکانی ئەم دوایەی ولاتەوە، بەرواری ۶ی خەرمانانی ۱۳۵۸، تەئکیدکراوە، ئامادەین تەواوی هیز وده رەتانی خومـان بو چارەکردنی هیمنانـە ورەوای مەسەلـەی کوردستان‌بخەینەکار. ئیمەهیوادارین‌ئەم‌پیشنیارانەوپیشنیارانی دیکەش کەبەپی‌هەست‌کردن‌بەتەعەهودوبەرپرسیاری‌بن، لەلایەن مەقاماتی دەولەتی و بەرپرسیارەوە قەبوول بکرین. ئـەوکاتە ئاوبەئاگردادەکری وسەنگەرەکان‌ئامین وبراکان دەستەملانی یەکتر دەبنەوە، ئەوکاتە نوکـەرەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، سەهیونیزم وەدار و دەستەی شای‌لی‌کەوتوو تاق‌دەکەونەوەو ئاشکرا دەبن و بەدەستی خـودی خـەلك سەرکوت دەکـرین. ئیتر زەمینەی پەلپ وبیانو یەکیان بو هان‌دان و پیلان‌گیران دەست‌ناکەوی.

مەسەلـەی‌کورد واقیعەتیکی گـەلی و ئینسانیە. دژی شورش هەول دەدا لەوە بو هەلسوران لەدژی شورش‌گەلکی خراپ‌وەرگری. دەلیلیك نیەبو ئەوەکە شورش لـەم واقیعەتە بەسوودی خوی‌کەلکی باش وەرنەگـری وە بەقەبوول‌کردنی مـافەرەواکانی خەلکیك، ئـەو خەلکە نەکاتـە سەربـازی بەئەمەگ و وەفاداری خوی.

کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران

دووەمی‌مانگی رەزبەری ۱۳۵۸

«مردم»
ئورگانی ناوەندی
حیزبی تودەی ئیران
(بەزمانی کوردی)
ناو ونیشان، شەقامی ۱۶ی ئازەر
تەلیفون ، ۹۳۳۴۵۹ و ۹۳۵۷۲۸
چاپی: کاویان

ئاگاداری کومیتەی ناوەندی...

پاشماوەی لاپەرەی ۱

نیشتمانی و ئازادی ومافی‌رەنجبەران سەرەوت ودارایی‌ـ ییکی‌دیکەیان‌نیە.

حیزبی تودەی ئیران بەمەوەشانازی دەکات کەبـە سەرانسەری میژووی ژیانی خویدا ئالا هەنگری خەباتی دژی فاشیستی ، دژی ئیمپریالیستی ئالانگیری ئینگلیز، دژی ئیمپریالیزمی تازەپی‌کە بیو وزورداری ئەمریکا بووە و لە سەر دەمیکی ئەم میژووەدا بە تەنیایی سەنگـەری خەباتی دژی دوژمنانی گەل و زەحمە تکیشەکانی ولایتی پاراستوە و لە چەتوونترین هەل و مەرجـدا ئەم ئالایەی بە بەرزی راکرتووە.خەباتی‌بی‌ئامانی دوژمنانی نیشتمانی ئیمە، یانی ئیمپریالیزم وریژیمی حەمەرەزای پەهلەوی، لەدژی حیزبی ئیمە تەنیا بەهوی درووبوختان لیدان و بریندارکردن ، کرتن و جەزرەبەوئیعـدام نە بووە. ئەم دوژمنانە باش دەیان‌زانی و تەجرو بەی ولاتانی‌تر و خودی ئیران بە وانی حالی‌کرد بووکەلە گەل تەواوی ئەو هیرش و پەلامارەش ، لە نیوان‌لاسردنی حیزبیك‌کەلە ناوکومەلانی گەلەکانی ولاتەکەماندا و لەناوکومەلانی رەنجبەردا ریشە و رەگەزی هەیە ، کاریکی مەحالە. لە بەر ئەمە ئەوان هەر لەوروژەوەکە حیزبەکەمان دامەزرا لەگەل وەکار خستنی وە سائیلیك کەلە سەرەوە باسمان کرد بەئامانجی لەبەر یەك بلاوکردنی حیزب‌لەژوورەوەی‌خویدائاکاری‌خراپکارانە و ناپیاوانەی تریشان دەست پیکرد. دوژمنانی حیزبی ئیمە هە میشە هەولیان داوە بەهوی کە سانیکەوە کە خویان بە زانستە بوناوحیزبیان نارد بوون و یا بەکومەکیـهـ ورییانی واز وازی ودوودل و ئەفرادی بی‌مە سلەك کەبە ئامانجی خود خواهانەی خویان نەگیبوون و نەیان توانیبوو حیزب بکەن بەئەردیوانی تە رققیی خویان ، حیزبی‌تودەی ئیران لە ناوەوە بتەقینن و لە بەریەك بلاوی‌کەن.

میژووی نیزیکەی چل سال ژیانی چەتوون و پرلە شانازبی حیزبی‌ئیمە ئیسباتی کرد ووە کە ئەم خەنجەرە ژەهراویەی دوژمنانی ئیمە بەپیچەوانەی هەلەیی راست و چەپوە بوپاراستنی پاك و خاوینی جیهان‌بینی شورشگیری وزانستی‌خوی‌یەکیك‌لەلاپەرە روشنە کانی حیزبی ئیمەیە. حیزبی‌ئیمەپاش‌هەموو پیلانیك، هەموو‌خەیانەتیك‌و وهەموو لە ریگالادانیك بە هیزیکی پتر لە جارانەوە هە ستاوەتەوە سەرپی ، برینەکانی خوی ساریژکردەوە وریگای چەتوونی خوی دریژەپی‌داوە.

خزمەتی میژوویی حیزبی ئیمە تە نیائەمەنەبووەکە دوژمنانی نیشتمانی ئیمەی بە روشنی بە خەلك ناساندووە **و خەلکی بوخەبات لە دژی ئەم دوژمنانە تەیارکرد ووە.** بەلکوهەر وەها ئەمەش بووە کە دوستانی راستەقینەی خەباتی نیشتمانی و کـومـەلایـەتی خەلکی ئیرانیشی ناسیوەو ناساندوویەتی.

یەکیك لە شانازیە هەرە گەورەکانی حیزبی تودەی ئیران ئەمەیە کەلەماوەی نزیکەی چل سال دابەشیوەیەکی زور بەرز و روشن ئەسلی نیشتمانپەرەستیی راستەقینە و ئەسلی هاودەردی ودوستایەتی گەلەکانی بەشخوراو و تیکوشەری لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم و کونەپەرەستی‌دا، بەیەکەوە هەلپیکاوە و تاقەروژیك ئەم ئالایەی نەخستووتە ئەرزی. حیزبی تودەی ئیران لەگەل تیکوشانی بی‌وچان‌بو تەیارکردنی هیزەنیشتمانیەکان و دابین کردنی یەکیەتی و هاوکاری ئەوان بوخەبات لە دژی دوژمنانی ئەسلی خویان ، یانی‌ئیمپریالیزمی‌جیهانی وبەچکە بەدفەرەکانی ئەوـ سەهیونیزم و ریژیمە ئالانگەرو ئاوانبارە ژیرـ دەستەکانی ئیمپریالیزم لەئیران و ولاتە ئیستیمار لی‌ـ دراوەکانی دیکەـ، بی‌وچان خەلکی‌ئیرانی ئاگاداركردووە کە خەباتی ئەوان بوودەست‌هینانی سەربەخویی نیشتمانی وئازادی وژیانیکی باشتر، لەگەل خەباتی تەواوی گەلە کانی جیهان لەدژی دوژمنی گشتی، یانی ئیمپریالیزم و کونەپەرەستی ناوخو، لەگەل خەباتی تەواوی رەنجبەران بوتیك رووخاندنی‌دەستەلاتی‌ئالانگەرانەی سەرمایەداری‌و ئیمپریالیستی ، لەگەل‌خەباتی تەواوی ئەو وگەلانەی لەکوت وزنجیری ئیمپریالیزم وچەوساندنەوە رزگاربوون ولەپیش‌هەموویانەوەگەل ولاتە سوسیالیستیە کان لەدژی ئیمپریالیستی جیهانی، حیزبی ئیمە هە میشە وبەشیلگیری حیزبی ئیمە هە میشە و بە شیلگیری لەهەموو سووچ و قوژبنیکی دنیابەتوندوتولی‌لەم‌خەباتە ، پشتیوانی کردووە و پیشانی داوەکە سەرکەوتنی ئەوان بەشیکەلەسەرکەوتنی گەل بەسەردوژمنەکانی‌دا ویارمەتی خەباتی‌گەل‌دەدات .

ئەوروبەشانازیەوە دەبینین‌کە شیلگیر بوونی حیزبی ئیمە لەسەر ئەم ریگا درووستە هەموورووژیك بەرو بویەکی پترپیك‌دەهینیت وبەشیکی‌زورترلە هیزە شورشگیرەراستە قینەکان ـ چ‌لەوانەی لە ژیرئالای ئیسلام‌دا خەبات‌دەکەن وچ‌ئەوانەی لایەنگری سوسیالیزمی زانستین ـ هەنگاو بەهەنگاو هەموو روژی روشنتر و چاکترتیدەگەن‌کەرەوتی حیزبی تودەی ئیران رەوتیکی درووستە .

یەکیك‌لەگەورەترین حزمەتەکانی حیزبی ئیمەئەمەیەکە هەمیشە وبەبروایەکی بی‌پایانە وەلەپیویست بوونی تەیار کردنی کومەلانی هەراوی‌خەلك بوخە باتی‌دژی‌ئیمپریالیزم وکوبەپەرەستی ، یەکیەتی ئەم کومەلە مەزنانە وریکخراوە سیاسی‌یەکانی نوینەری ئەم‌کومەلانەی پاریزگاری‌کرد ووە وئەمەی بەمەرجی هەرەگەورەی سەرکەوتن زانیوە .حیزبی ئیمە هەرلە یەکەم‌روژی دامەزرانیەوە تائیستا هەموو کاتیك لەیەکیەتی هیزە نیشتمانیەکان بوخەباتی دژی دوژمنـی گشتی پاریزگاری کردووە وبەتایبەتی لەسەر پیویست بوونی‌ها وکاریی میژوویی ئەوهیزانەی‌کەلە ژیرئالای خەبات بوسەربەخویی ، ئازادی پیشکەوتنی کومەلایەتی و ژیانیکی باشتر بورەنجەران داتیدە کوشن ، لەگەل‌ئەو هیزانەی‌کە جیهان بینیەکی دیکەیان هەیەبەلام هەر بوئەو ئامانجانە تیدە کوش ، نەك بوماوە یەکی‌کورت ، بەلکو هەروەها بوداهاتوویەکی دریژخایەن ویستاوە وتەکیەی‌کردووە.

هەرلە سەر ئەساسی بڕواکردن‌بەم ئەسلەیەکەحیزبی ئیمە لە سەرەتای خەباتی هیزەکومەلایە تیەکانەوە بەرایەـ رایەتی ئیمام خومەینی بە شیلگیری بوهاوکاری لەگەل‌ئەو هیزانە وتەواوی هیزە تیکوشەرە راستە قینەکانی دیکەی دژی ئیمپریالیزم وریژیمی پەهلەوی هەولی داوە.

حیزبی تودەی ئیران یەکیەتی ئەم هیزانەی گەل بەپتەوترین سەرچاوەی سەرکـەوتن بەسەر دوژمنانـدا دەزانیت وهەموو‌کاتیك بەپیچەوانەی هەلویستی غەیری دوستانە وغەیری عەدلانە دەستی‌خوی بوئەم یەکیەتیەراهیشتووە.

شورشی سەرکەوتووی میژوویی ئیمەدرووست بوون و پیویست بوونی میژوویی ئەم یەکیەتیەی پیشان داوە . پرش وبلاویەك کە لەمانگەکانی دوایی دالەریزی هیزە شورشگیرەکانی‌گەل‌دا سەری هەلەداوەبەئاشکرایی‌نیشانی‌دا کە بی‌هیزبوون و تیك‌چوونی ئەم یەکیەتیە مەترسیەك پیك دەهینیت دوژمنە سویند خواردووەکانی سەربەخویی و ئازادی ئیمە ، یانـی ئیمپریالیزم بەسە روکایەتـی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ، سەهیونیزم وپاشماوەکانی‌ریژیمی رووخاوی حەمەرەزای پەهلەوی بەهەموو هیزیانەوەهەول دەدەن سەرچاوەی هیزی گەل‌کویرکەنەوە، بەشەجوربەجورە کانی بزوتنەوەی‌گەل لەگیانی یەك بەردەن ، تووی‌دووبەـ رەکایەتی ودوژمنایەتی‌لەناویان‌بلاوکەنەوە، ئاوری شەری براکوژی هەلگیرسینن ، نەهیلن دەستکەوتەکانی‌شورشە کە مان جیگیر ومەحکەم بیت ، هوی نارازی بوونی خەلك پیك‌دەهینن وبەم جورە بووە دەست هینانەوەی دەستەلاتی ئالانگەرانەی خویان دەرفەت سازکەن .

هاونیشتمانان ! هاوریبانی حیزبی ! لایەنگران و دوستانی حیزب !

حیزبی تودەی ئیران سەرەتای ۳۹ هەمین سالی دامە زرانی خوی لە هەل ومەرجیکی گراندا جیژن دەگری .ئەم جیژنەلەکاتیکدایەکەلەلایەکەوەشورشی ئیران بەبە شداری کومەلە بەرینەکانی‌خەلك لەتەواوی‌گەلەکانی‌ولات‌وتەواوی چین و تویژە نیشتمانیـەکان سەرکەوتنی زورگـەورەی دەستکەوتووە و بەم سەرکەوتنەریزوحورمەتی تەواوی تیکوشەرانی ریگای سەربەخویی وئازادی و پیشکەوتنی کومەلایەتیی‌لە سەرانسەری دنیادا بولای خوی کیشاوە . خەلکی نشتمانی ئیمەدەتوانن بەمەنازن‌کە بەسەرکەوتن لەم شورشە میژووییەدا و بەودەستکەوتانەی کەلە ماوەی هەشت مانگی‌پاش شورشدا وەدەستیان هیناوەزەبری زور قورسیان لەدوژمنانی بەدفەری نیشتمان ، یانی‌ئیمپریالیزم وکونەپەرەستی داوە .

بەلام لەلایەکی دیکە وەئیمەئیستاوەکوودە بینین‌لە بەر لاواز بوونی پیوەندی نیوان هیزە شورشگیرەکان و پیلانی دووژمنی ناپیاوکە لە هەموومە یدانیکدا وەکار خستراوە ، دەستکە و تەکانی شورش‌لە ژیرمەترسیی زور گەورەدان .

لەلایەکیەوە هیزە راستە ئینحیسار خوازەکان لە ژیردرووشمی خەلك هەلئەلەتین وبەهەلەبەرداو بەئامانجی بەر بەست کردنی شورش‌لە ناو چوار چیوەی قازانجـی چینایەتی وبیروبڕوای سیاسی وکومەلایەتی خویان‌دا و لەلایەکی دیکەوە هیزەکەم تەجروبە هەلەشە چـەپـەکان بەهیندی‌هەلویستی نادرووست وغەیری‌واقیع‌بینانەیارمەتی هیزەکانی دژی شورش دەدەن وریگای بەرەوپیش‌چوونیان بودەکەنەوە .

حیزبی تودەی ئیران ۳۹ هەمین سالی ژیانی خوی بەدریژەدانی‌ریگایەك‌کەهەمیشە بەسەریداروبوەدەستبیـ دەکات . ئەم‌ریگایە بریتیەلە ریگای روشن‌کردنەوەوتەیار کردن وریك خستنی کومەلانی رەنجبەر ، ریگای یەکیەتی و هاوکاری‌لەگەل تەواوی هیزە نیشتمانی وگەلیە راستەـ قینەکان بوخەبات‌لە پیناوی مەحکەم‌کردەن و پەرەپیدانی دەستکەوتەکانی شورش‌دا،ریگای دوستی ویەکیەتی‌تەواوی گەلەکانی دانیشووی ئیران لـەجوار چیوەی پاراستنی تەواوەتی ئەرزی وسەربەخویی وئازادی ئیراندا ، ریگای باش‌کردنـی ژیانی رەنجبەرانی نیشتمان بەشیوەیەکـی بنەرەتی ، ریگـای‌هـاوکاری ویەکیەتی لەگەل تەواوی ریکخراوە سیاسیەکان‌کە بەم ئامانجانە وەفادارین ، بوپیك هینانی «بەرەی یەك گرتووی‌گەل» .

هاوریبانی حیزبی ! لایەنگران ودوستانی حیزب!

بەبونەی ۳۸ مین سالی دامەزرانی حیزبی تودەی ئیران، لەناخی‌دلەوەپیروزبایی‌تان‌لی‌دەکەین‌وبەپیچەوانەی هەموو جورە دوژمنایەتیك وهەموو‌جورە بوختانیك، لەگەل ئیوە بەسەربەرزیەوە لە میژووی پرلەرەنج وشانازی‌حیزبە کەمان دەروانین و عەهدوپەیمان تازەدەکەینەوەکەحیزبی ئیمە هەمیشە بەئامانجەکانی خوی وەفادار دەبیت وبوگەـ یشتن بەئاواتی ئینسانی و نیشتمانی وکومەلایەتی خوی‌لە هیچ‌کوششیك دریغی ناکات .

کومیتەی ناوەندی‌حیزبی تودەی ئیران ۹ رەزبەری ۱۳۵۸

قانونی ئەساسی ئیران دەبی نیشاندەری شورشی دیموکراتی و دژی ئیمپریالیستی خەلکی ئیران‌بی!

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران لەبارەی کوردستان

پاشماوەی لاپەرەی ۳

کومەلایەتی بەستەیە بەمەکە شورشی ئیران بە تەواوەتی وتا ئاخری سەرکەوی. هەول دان بو ئازادی و عەدالـەت، لەم ریگە راست ودرووستەوەنەبی زەحمەتیکی ئەوەندە خورایی و بی کەلکە،کە لە سەرلی شیواوی و لاری‌بی وکارە سات‌بەوە لاوە هیجی دیکەی لی پەیدا نابی.

لەبەرئەوە **بوکومەلانی‌وریا و روشن‌بینی گەلی‌کورد پیشنیار دەکەین:** بە هەموو توانا و تیکەیشتنی شورشگیری و ئازایەتی مەعنوی خویانەوە لە پیك هەلپرژان لەگەل هیزەکانی دەولـەت و پاسداران خو بپاریزن و، بو بـراندنەوەی موحیتی ژەهراوی و ئـالوزکە لە روود اوەکانی ئـەم دواییە پەیدا بووە، بوپیك هینانی موحیتی لەبار وئارام‌بو وت و ویژ و چـارەکردنی هیمنانـە و سیاسی مـە سەلەی‌کـوردستان، بو دوزینەوەی زمـانی مـوشتەرەك و لیك حـالی بوون لەگەل دەولەتی‌کوماری ئیسلامی ئیران، وە ئـاخرە کەی جی‌بی‌جی بونی مافەرەواکانی میللی‌خوی، لـە هەر دەفرەت و دەرەتان و هویەکی هیمنانە، کەلك وەرگرن.

بەکورتی **ئیمە بەدەولەت پیشنیاردەکەین: بەخیرایی و لەیەك وەختدا لە هەلسورانی نیزامی دەست هەلگرن و ئامادەیی خویان بو وت‌و ویژ و دوزینەوەی ریگـای چارەکردنی سیاسی و هیمنانەی مەسەلەی‌کوردستان رابگەیەنن.**

وت و ویژ بو دوزینەوەی ریگای چارەکردنی سیاسی و هیمنانەی مە سەلـەی کوردستان بـو گەیشتن بەم ئـامـانجە پیویستانەی خوارەوەیە:

۱ـ دابین کردنی‌ویست‌وداوارەواکانی خەلکی‌کوردستان لە بارەی براندنەوەی بی‌بەشیەکانی میللی.

۲ـ پیك هینانی یەکیەتی هەموو هیزە شورشگیرەکانـی راستەقینە بولـەریشەدەر هینانی نوکەر و بـەر دەستەکانـی ئیمپریالیزم، بەسەرکەردەیی‌ئیمپریالیزمی‌ئەمریکا، سەهیونیزم، کونەپەرەستی وپاشماوەی ریژیمی پەهلەوی لەکوردستان ولە سەرانسەری ئیران.

ئیمەلامـان‌وایە، دامەزرانـدنی شوراکان ـ بەوجـورەی خودالی خوش بووئایە توولڵا طـالقانی پیشنیاری دەکرد، و **ئیمام خومەینی‌وشورای‌شورشیش‌پەسەندیان‌کرد بووـدەتوانی** زەمینەیەکی لەبار بی‌بو وت‌و ویژ، بو گەیشتن‌بەئامانجەکانی **سەرەوە.**

ئاوایەپیشنیارەکانی‌ئیمە،وەدەتوانی‌بەکومەکی‌پیشنیاری هیزە شورشگیزەکانـی دیکە، کاملتر، قـوولتر وکاریگەرترین. ئیمە لەگەل هەست کـردن بەبەرپرسیاری تـەواو لە بەرامبەر خەلکی ئیران وگـەلی‌کورد و شورشی ئیراندا، بەواقیع‌بینی شورشگیرانە و ئوسولیەوە ئەم پیشنیارانەمان هیناوتەگوری، وەهەربەو جورەکە لە بەئنامەی‌کـومیتەی نـاوەندی حیزب‌دا بەبونەی روود اوەکانی ئەم دوایەی ولاتەوە، بـرواری ۶ی خەرمانانی ۱۳۵۸، تەئکیدکراوە، ئامادەین تەواوی هیز ودەرەتانی خومـان بو چارەکردنی هیمنانـە ورەوای مەسەلـەی کوردستان‌بخەینەکار. ئیمەهیواداربن‌ئەم‌پیشنیارانەوپیشنیارانی دیکەش کەبەبی‌هەست‌کردن‌بەتەعەهودوبەرپرسیاری‌بن،لەلایەن مەقاماتی دەولەتی و بەرپرسیارەوە قەبوول بکرین. ئـەوکاتە ئاوبەئاگردادەکری وسەنگەرەکان‌ئامینن وبراکان دەستەملانی بەکتر دەبنەوە، ئەوکاتە نوکـەرەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، سەهیونیزم وەدار و دەستەی شای‌لی‌کەوتوو تاق‌دەکەونەوەو ئاشکرا دەبن و بەدەستی خـودی خـەلك سەرکوت دەکـرین. ئیتر زەمینەی پەلپ وبیانو بەکیان بو هان‌دان و پیلان‌گیران دەست‌ناکەوی.

مەسەلـەی‌کورد واقیعیەتیکی گـەلی و ئینسانیە. دژی شورش هەول دەدا لەوە بو هەلسوران لەدژی شورش‌گـەلکی خراپ‌وەرگری. دەلیلیك نیەبو ئەوەکە شورش لـەم واقیعەتە بەسوودی خوی‌کەلکی باش وەرنەگـری وە بەقەبوول‌کردنی مـافەرەواکانی خەلکیك، ئـەو خەلکە نەکاتـە سەربـازی بەئەمەگ و وەفاداری خوی.

کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران

دووەمی‌مانگی رەزبەری ۱۳۵۸

«مردم»
ئورگانی ناوەندی
حیزبی تودەی ئیران
(بەزمانی کوردی)
ناو ونیشان، شەقامی ۱۶ی ئازەر
تەلیفون، ۹۳۳۴۵۹ و ۹۳۵۷۲۸
چاپی: کاویان

ئاگاداری کومیتەی ناوەندی...

پاشماوەی لاپەرەی ۱

نیشتمانی و ئازادی ومافی‌رەنجبەران سەروەت ودارایی‌بیکی‌دیکەیان‌نیە.

حیزبی تودەی ئیران بەمەوەشانازی دەکات کەبـە سەرانسەری میژووی ژیانی خویدا ئالا هەلگری خەباتی دژی فاشیستی ، دژی ئیمپریالیستی تالانگیری ئینگلیز، دژی ئیمپریالیزمی تازەپی‌کە پیو وزورداری ئەمریکا بووە و لە سەر دەمیکی ئەم میژووەدا بە تەنیایی سەنگـەری خەباتی دژی دوژمنانی گەل و زەحمە تکیشەکانی ولاتی پاراستوە و لە چەتوونترین هەل و مەرجـدا ئەم ئالایەی بە بەرزی راکرتووە.خەباتی‌بی‌ئامانی دوژمنانی نیشتمانی ئیمە، یانی ئیمپریالیزم وریژیمی حەمەرەزای پەهلەوی، لەدژی حیزبی ئیمە تەنیا بەهوی دروو بوختان لیدان و بریندارکردن ، کرتن و جەزرەبەوئیعـدام نە بووە. ئەم دوژمنانە باش دەیان‌زانی و تەجروبەی ولاتانی‌تر و خودی ئیران بە وانی حالی‌کرد بووکەلە گەل تەواوی ئەو هیرش و پەلامارەش ، لە نیوان‌لابردنی حیزبیك‌کەلە ناوکومەلانی گەلە کانی ولاتەکەماندا و لەناوکومەلانی رەنجبەردا ریشە و رەگەزی هەیە ، کاریکی مەحالە. لە بەر ئەمە ئەوان هەر لەورەژەوەکە حیزبەکەمان دامەزرا لەگەل وەکار خستنی وە سائیلیك کەلە سەرەوە باسمان کرد بەئامانجی لەبەر یەك بلاوکردنی حیزب‌لەژورەوەی‌خویداناکاری‌خراپکارانە و ناپیاوانەی تریشان دەست پیکرد. دوژمنانی حیزبی ئیمە هە میشە هەولیان داوە بەهوی کە سانیکەوە کە خویان بە زانستە بوناوحیزبیان نارد بوون و یا بەکومەکی‌هەوریانی واز وازی ودوودل و ئەفرادی بی‌مە سلەك کەبە ئامانجی خود خواهانەی خویان نەگیبوون و نەیان توانیبوو حیزب بکەن بەنەردیوانی تە رققیی خویان ، حیزبی‌تودەی ئیران لە ناوەوە بتەقینن و لە بەریەك بلاوی‌کەن.

میژووی نیزیکەی چل سال ژیانی چەتوون و پرلە شانازبی حیزبی‌ئیمە ئیسباتی کرد ووە کە ئەم خەنجەرە ژەهراویەی دوژمنانی ئیمە بەپیچەوانەی هەلەبی راست و چەپوە بوپاراستنی پاك و خاوینی جیهان‌بینی شورشگیری وزانستی‌خوی‌یەکیك‌لەلاپەرە روشنە کانی حیزبی ئیمەیە. حیزبی‌ئیمەپاش‌هەموو پیلانیك، هەموو‌خەیانەتیك‌و وهەموو لە ریگالادانیك بە هیزیکی پتر لە جارانەوە هە ستاوەتەوە سەرپی ، برینەکانی خوی ساریژکردەوە وریگای چەتوونی خوی دریژەپی‌داوە.

خزمەتی میژوویی حیزبی ئیمە تە نیائەمەنەبووەکە دوژمنانی نیشتمانی ئیمەی بە روشنی بە خەلك ناساندووە و خەلکی بوخەبات لە دژی ئەم دوژمنانە تەیارکرد ووە، بەلکوهەر وەها ئەمەش بووە کە دوستانی راستەقینەی خەباتی نیشتمانی و کـومـەلایـەتی خەلکی ئیرانیشی ناسیوەو ناساندوویەتی.

یەکیك لە شانازیە هەرە گەورەکانی حیزبی تودەی ئیران ئەمەیە کەلەماوەی نزیکەی چل سال دابەشیوەیەکی زور بەرز و روشن ئەسلی نیشتمانپەرەستیی راستەقینە و ئەسلی هاودەردی ودوستایەتی گەلەکانی بەشخوراو و تیکوشەری لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم و کونەپەرەستی‌دا، بەیەکەوە هەلپیکاوە و تاقەروژیك ئەم ئالایەی نەخستووتە ئەرزی. حیزبی تودەی ئیران لەگەل تیکوشانی بی‌وچان‌بو تەیارکردنی هیزەنیشتمانیەکان و دابین کردنی یەکیەتی و هاوکاری ئەوان بوخەبات لە دژی دوژمنانی ئەسلی خویان ، یانی‌ئیمپریالیزمی‌جیهانی و بەچکە بەوفەرەکانی ئەوـ سەهیونیزم و ریژیمە تالانگەرو تاوانبارە ژیر ـ دەستەکانی ئیمپریالیزم لەئیران و ولاتە ئیستیمار لی ـ دراوەکانی دیکەـ، بی‌وچان خەلکی‌ئیرانی ئاگادارکردووە کە خەباتی ئەوان بوەدەست‌هینانی سەربەخویی نیشتمانی وئازادی وژیانیکی باشتر، لەگەل خەباتی تەواوی گەلەکانی جیهان لەدژی دوژمنی گشتی، یانی ئیمپریالیزم و کونەپەرەستی ناوخو، لەگەل خەباتی تەواوی رەنجبەران بوتیك رووخاندنی‌دەستەلاتی‌تالانگەرانەی سەرمایەداری‌و ئیمپریالیستی ، لەگەل‌خەباتی تەواوی ئەو وگەلانەی لەکوت وزنجیری ئیمپریالیزم وچەوساندنەوە رزگاربوون و لەپیش‌هەموویانەوەگەل ولاتە سوسیالیستیەکان لەدژی ئیمپریالیستی جیهانی، حیزبی ئیمە هە میشە و بەشیلگیری حیزبی ئیمە هە میشە و بە شیلگیری وهەموو سووچ و قوژبنیکی دنیابەتوندوتولی‌لەم‌خەباتە ، پشتیوانی کردووە و پیشانی داوەکە سەرکەوتنی ئەوان بەشیکەلەسەرکەوتنی گەل بەسەردوژمنەکانی‌دا ویارمەتی خەباتی‌گەل‌دەدات .

ئەرروبەشانازیەوە دەبینین‌کە شیلگیربوونی حیزبی ئیمە لەسەر ئەم ریگا دروستە هەموورۆژیك بەرو بویەکی پترپیك‌دەهینیت وبەشیکی‌زورترلە هیزە شورشگیرەراستە ـ قینەکان ـ چ‌لەوانەی لە ژیرئالای ئیسلام‌دا خەبات‌دەکەن وچ‌ئەوانەی لایەنگری سوسیالیزمی زانستین ـ هەنگاو بەهەنگاو هەموو روژی روشنتر و چاکترتیدەگەن‌کەرەوتی حیزبی تودەی ئیران رەوتیکی درووستە .

یەکیك‌لەگەورەترین حزمەتەکانی حیزبی ئیمەئەمەیەکە هەمیشە وبەبروایەکی بی‌پایانە وەلەپیویست بوونی تەیار کردنی کومەلانی هەراوی‌خەلك بوخە باتی‌دژی‌ئیمپریالیزم وکوبەپەرەستی ، یەکیەتی ئەم کومەلە مەزنانە وریکخراوە سیاسیەکانی نوینەری ئەم‌کومەلانەی پاریزگاری‌کرد ووە وئەمەی بەمەرجی هەرەگەورەی سەرکەوتن زانیوە .حیزبی ئیمەهەرلە یەکەم‌رۆژی دامەزرانیەوە تائیستا هەموکاتیك لەیەکیەتی هیزە نیشتمانیەکان بوخەباتی دژی دوژمـنی گشتی پاریزکاری کردووە وبەتایبەتی لەسەر پیویست بوونی‌ها وکاریی میژوویی ئەوهیزانەی‌کەلە ژیرئالای خەبات بوسەربەخویی ، ئازادی پیشکەوتنی کومەلایەتی و ژیانیکی باشتر بورەنجەران داتیدە کوشن ، لەگەل‌ئەو هیزانەی‌کە جیهان بینیەکی دیکەیان هەیەبەلام هەر بوئەو ئامانجانە تیدە کوش ، نەك بوماوە یەکی‌کورت ، بەلکو هەروەها بوداهاتوویەکی دریژخایەن ویستاوە وتەکیەی‌کردووە.

هەرلە سەر ئەساسی برواکردن‌بەم ئەسلەیەکەحیزبی ئیمە لە سەرەتای خەباتی هیزەکومەلایە تیەکانەوە بەرایەـ رایەتی ئیمام خومەینی بە شیلگیری بوهاوکاری لەگەل‌ئەو هیزانە وتەواوی هیزە تیکوشەرە راستە قینەکانی دیکەی دژی ئیمپریالیزم وریژیمی پەهلەوی هەولی داوە.

حیزبی تودەی ئیران یەکیەتی ئەم هیزانەی گەل بەپتەوترین سەرچاوەی سەرکـەوتن بەسەر دوژمنانـدا دەزانیت وهەموو کاتیك بەپیچەوانەی هەلویستی غەیری دوستانە وغەیری عەدلانە دەستی‌خوی بوئەم یەکیەتیەدراهیشتووە.

شورشی سەرکەوتووی میژوویی ئیمەدرووست بوون و پیویست بوونی میژوویی ئەم یەکیەتیەی پیشان داوە . پرش وبلاویەك کە لەمانگەکانی دوایی دالەریزی هیزە شورشکیرەکانی‌گەل‌دا سەری هەلەداوەبەئاشکرایی‌نیشانی‌دا کە بی‌هیزبوون و تیك‌چوونی ئەم یەکیەتیە مەترسیەك پیك دەهینیت دوژمنە سویند خواردووەکانی سەربەخویی و ئازادی ئیمە ، یانـی ئیمپریالیزم بەسە روکایەتـی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ، سەهیونیزم وپاشماوەکانی‌ریژیمی رووحاوی حەمەرەزای پەهلەوی بەهەموو هیزیانەوەهەول دەدەن سەرچاوەی هیزی گەل‌کویرکەنەوە، بەشەجوربەجورەکانی بزوتنەوەی‌گەل لەگیانی یەك بەردەن ، تووی‌دووبەرەکایەتی ودوژمنایەتی‌لەناویان‌بلاوکەنەوە، ئاوری شەری براکوژی هەلگیرسینن ، نەهیلن دەستکەوتەکانی‌شورشەکەمان جیگیر ومەحکەم بیت ، هوی نارازی بوونی خەلك پیك‌دەهینن وبەم جورە بووە دەست هینانەوەی دەستەلاتی تالانگەرانەی خویان دەرفەت سازکەن .

هاونیشتمانان ! هاوریبانی حیزبی ! لایەنگران و دوستانی حیزب !

حیزبی تودەی ئیران سەرەتای ۳۹ هەمین سالی دامەزرانی خوی لە هەل ومەرجیکی گراندا جیژن دەگری .ئەم جیژنەلەکاتیکدایەکەلەلایەکەوەشورشی ئیران بەبە شداری کومەلە بەرینەکانی‌خەلك لەتەواوی‌گەلەکانی‌ولات‌وتەواوی چین و تویژە نیشتمانیـەکان سەرکەوتنی زورگـەورەی دەست‌کەوتووە و بەم سەرکەوتنەریزوحورمەتی تەواوی تیکوشەرانی ریگای سەربەخویی وئازادی و پیشکەوتنی کومەلایەتیی‌لە سەرانسەری دنیادا بولای خوی کیشاوە . خەلکی نشتمانی ئیمەدەتوانن بەمەبنازن‌کە بەسەرکە وتن لەم شورشە میژووییەدا و بەوەدەستکەوتانەی کەلە ماوەی هەشت مانگی‌پاش شورشدا وەدەستیان هیناوەزەبری زور قورسیان لەدوژمنانی بەدفەری نیشتمان ، یانی‌ئیمپریالیزم وکونەپەرەستی داوە .

بەلام لەلایەکی دیکە وەئیمەئیستاوەکوودە بینین‌لە بەر لاواز بوونی پیوەندی نیوان هیزە شورشگیرەکان و پیلانی دووژمنی ناپیاوکە لە هەمووجە یدانیکدا وەکار خستراوە ، دەستکە و تەکانی شورش‌لە ژیرمەترسیی زور گەورەدان .

لەلایەکیەوە هیزە راستە ئینحیسار خوازەکان لە ژیردرووشمی خەلك هەلخەلەتین وبەهەلەبەرداو بەئامانجی بەر بەست کردنی شورش‌لە ناو چوار چیوەی قازانجـی چینایەتی وبیروبروای سیاسی وکومەلایەتی خویان‌دا و لەلایەکی دیکەوە هیزەکەم تەجروبە هەلەشە چـەپـەکان بەهیندی‌هەلویستی نادرووست وغەیری‌واقیع‌بینانەیارمەتی هیزەکانی دژی شورش دەدەن وریگای بەرەوپیش‌چوونیان بودەکەنەوە .

حیزبی تودەی ئیران ۳۹ هەمین سالی ژیانی خوی بەدریژەدانی‌ریگایەك‌کەهەمیشە بەسەربیداروپوەدەست‌پی ـ دەکات . ئەم‌ریگایە بریتیەلە ریگای روشن‌کردنەوەوتەیار کردن وریك خستنی کومەلانی رەنجبەر ، ریگای یەکیەتی و هاوکاری‌لەگەل تەواوی هیزە نیشتمانی وکەلیە راستەـ قینەکان بوخەبات‌لە پیناوی مەحکەم‌کردەن و پەرەپیدانی دەستکەوتەکانی شورش‌دا،ریگای دوستی ویەکیەتی‌تەواوی گەلەکانی دانیشووی ئیران لـەجوار چیوەی پاراستنی تەواوەتی ئەرزی وسەربەخویی وئازادی ئیراندا ، ریگای باش‌کردنـی ژیانی رەنجبەرانی نیشتمان بەشیوەیەکـی بنەرەتی ، ریگـایهـاوکاری ویەکیەتی لەگەل تەواوی ریکخراوە ساسیەکان‌کە بەم ئامانجانە وەفادارین ، بوپیك هینانی «بەرەی یەك گرتووی‌گەل» .

هاوریبانی حیزبی ! لایەنگران ودوستانی حیزب!

بەبوونەی ۳۸ ەمین سالی دامەزرانی حیزبی تودەی ئیران، لەناخی‌دلەوەپیروزبایی‌تان‌لی‌دەکەین‌وبەپیچەوانەی هەموو جورە دوژمنایەتیك وهەمووجورە بوختانیك، لەگەل ئیوە بەسەربەرزیەوە لە میژووی پرلەرەنج وشانازی‌حیزبەکەمان دەروانین و عەهدوپەیمان تازەدەکەینەوەکەحیزبی ئیمە هەمیشە بەئامانجەکانی خوی وەفادار دەبیت وبوگەیشتن بەئاواتی ئینسانی و نیشتمانی وکومەلایەتی خوی‌لە هیچ‌کوششیك دریغی ناکات .

کومیتەی ناوەندی‌حیزبی تودەی ئیران ۹ رەزبەری ۱۳۵۸

قانونی ئەساسی ئیران دەبی نیشاندەری شورشی دیموکراتی و دژی ئیمپریالیستی خەلکی ئیران‌بی!

www.zheen.org

مردم

ارگان مرکزی حزب توده ایران

(بەزبان کردی)

سالی یەکەم ـ ژمارە ۲
پینجشەممە۱۳ی مانگی بەفرانباری
۱۳۵۸
دانەی بەتمە نیك

بیروڕای ئیسلاحی حیزبی تودەی ئیران، لەبارەی گەلالەی هەیئەتی تایبەتی دەولەت لە کوردستان، بوخودگەردانی.

گەلالەی خودگەردانی کە مەتنی تەواوەتی ئەولەلایەن هەیئەتی تایبەتی بوکوردستانەوە ، بوناوچەکانی خودگەردان بلاوبوتەوە ، تاخەلك، وە بە تایبەتی حیزبە سیاسیەکان لە حاستئەوبیروڕای ئیسلاحی خویان نیشان بدەن ، بەبروای حیزبی تودەی ئیران ، گەلالەیەکەئەگەرریکوپیك و چاكوتەواوبکری ، دەتوانی ببیتە بنچینە یەكبوگەلالەیەکی تەواووکەمالوکەلکی لیوەرگیری .

ئەو ئیسلاحاتی کە بە لای حیزبی تودەی ئیرانە وە، دەبی لە گەلالەی بلاوکراوەدابکری ، بەمچەشنەی خوارەوەیە :

۱ ـ گەلالەکە وەلامی ئەم پرسیارەی نەداوەتەوەکە لە بەرچیوەسەبارەت بەکام ئامانج ، پیویست بووە «خودگەردانی» (خودموختاری) بدریت. پیویستە لە سە رەتایەك دابکوتری کاروئامانجەکانی «خودگەردانی» کامانەن . چونکە مەسەلەن ناوچەی کوردستان لەگەل ناوچەی ئیسفەهای ، یا ناوچەی بەـ لوچستان لەگەل ناوچەی شیراز فەرقیان هەیە. خودگەردانی بەوخەلکانە دەدری لە ئیراندا کە فارس نین ، خاوەنی زمان ، مەزهەب ، فەرهەنگ و نەریتو رەسم و باوی تایبەتی خویانن و لە سەردەمی ریژیمی پادشایەتیدا لە ئیران ، تایبە تیەکانی میللی و قەومی ئەوان لە بەرچاونەگیراوە و فەرق و جیاوازیان لەگەلدانراوەوزولیمان لیکراوە ولەنەتیجەدا بەدواکە وتووهیلراونەـ تەوە .

لە بەرئەمە لەو سەرەتایەدا کەدەبی لە گەلالەی هەیئەتی تایبەتی زیادکری، پیویستە بنوسری کە :

۱ ـ ئیران ولاتیکی فرەگەلە : لە ئیران داخەلکەکانی کورد و ئازربایجانی و تورکمەن وبەلوچ وەکەمایەتیە میللیەکانی ئەرمەنی ، ئاسوری ، کەلیمی و هیدیکە دەژین... ۲ـ لە ئیران زولمیکی نە تەوایەتی دووروودریژ هەبووە کە بوتە بەرهەلستی بوژانەوەی ئازادوگشت لایەوبەرهە لەستی یەکیەتی راستە قینە وداخوازویتەوی خەلکەکانی ئیران. ۳ ـ زولمی نەتەوایەتی بەروبوی

بولاپەرەی۲

ئەفغانستان بەریگەی شورشی گەلی ودیموکراتی ۲۷ ئاوریلی ۱۹۷۸ دا بەرەوپیش دەروات

سەرکەوتنی شورشی دیموکراتی خەلکی ئەفغانستان لە ۲۷ی ئاوریلی سالی ۱۹۷۸(۷ی مانگی بانەمەرری ۱۳۵۷)دا ریژیمی فیئودالی دواکەوتووی سەربەئیمپریالیزمی جیهانی لەم ولاتەدا برراندە وەوریگەی بوژانەوەی کومەلایەتی و ئابوری سەربەخو، وەدامە زراندنی نیزامیکی دیموکراتی گەلیوخالی لە هەرجورە زولم و زوریك و دامەزراولەسەربنچینەی دابین کردنی بەرامبەری کومەلایەتی و سیاسی و ئابوری تەواوی چینەکان و تویژەکانی خەلکەکانی ئەفغانستان ، بوخەلکی ئەم ولاتەکردەوە .

تەبیعیە کە بەرنامەی ئیسلاحاتی کومەلایەتی و ئابوری ، وە بە تایبەتی بەرنامەی ئیسلاحاتی کشت و کالی دەولەتی شورشگیرر تووشی بەربەرە کانی هیزەکانی دژی شورش و پشتیوانە بیگانەکانی ئەوانهات .

ئەم هیزانە بە هاندان و کومەکی کشتلایەی کونە ـ پەرەستەکان و ئیمپریالیزمی جیهانی لە بەرامبەر شورشڕاوەستان و دەستیان کرد بە پیلانگیران و گیرە شیوینی و هاندانی تویژەکانی ئاگاو هەلسورانی چەکداری لە دژی ریژیمی شورشگیری ولات . ئەم هەول و هەلسورانەی دژی شورش ، بەناوی جوربەجور لە لایەن کوونە ڕەتکاورە نگەکانی دەرەوە ، بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ، ئینگلیس ، چین و پاکستان ، کە سەرکەوتنی شورشی گەلی و دیموکراتی ئەفغانستان بەزیانی خویان دەزانی ، پشتیوانی لیکراو پەرەی سەند ، وەلە ریگەی بەرەوپیش چوونی عادەتی وریکوپیکی رەوتی شورشدا بەرهەلستی تازەیان پیك هینا. کوررو کومەلانی دەرەوەی دیکەش کە نایانەوی ئاورر لە ناوەروکی گەلی ئەم شورشە بدە نەوە ، یائەوە بە پیچەوانەی سود ومەسلەحەتی چینایەتی خویان دەزانن ، دەستیان کرد بە پشتیوانی کردنی تەبلیغاتی لە هیزەکانی دژی شورش لە ئەفغانستان . وەهەولیاندا و هەولیش دەدەن بە بیبایەخ کردنی باری چینایەتی و گەلیئەم شورشە رەنگیئایین و مەزهەب لە کیشەکان و رووداوەکانی ئەم ولاتە هەلسوون ، وەئەوە بەکیشە لەسەربرروای ئیسلامی و غەیری ئیسلامی بنوینن.

لەلایەکی دیکە شەوە ، وەکوولە بەیان نامەی بەبرەك کارمیل دەردەکەوی ـ بەداخەوە دژی شورش توانیبوی لەناوەوەی رابەرایەتیحیزبی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستانیش دانفوزبکات. لوتکەی پیلانی دژی شورش، بەکوشتنی بیموحاکەمەی نورمحەمەد تەرەکی (۱٦ی مانگی سپتامبری ۱۹۷۹) لە لایەن حەفیزوالائە ـ مینەوە ، سەریهەلدا.حەفیزوالائەمین دەستەلاتی گرتە دەستخوی و خەریکی ئەوەبوو ئەفغانستان لە ریبازی شورشی ئاوریل

بولاپەرەی۳

خوپیشاندانی کومەلانی هەراوی خەلك بو پشتیوانی لە بلاوکردنەوەی ئەسناد ی جاسوسی لەلایەن خویندکارانی پیرەوی خەتی ئیمام دریژەی هە یە.

راگە یاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران ، لە بارەی پەیامی ئیمام خومەینی بوخە باتی دژی نەخویندەواری

خەباتی دژی نەخویندەواری هەنگاویکی چارەنووس ساز لەریگەی خەبات دا لە دژی میراتی شومی دەستەلاتی ئیمپریالیزم ودیکتاتوری وەبودابین کردنی سەربەخویی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی ولاتەکەمان.

ئیمام خومەینی لەپەیامیکی گرنگدا، روژی جومعە(۷)ی مانگی بەفرانبار لەبارەی خەباتی دژی نەخویندەواری راگەیاند :

«ئیمە دەبی لەبەرنامەی دریژخایەندا ، فەرهەنگی هەستراوەی ولاتەکەمان بکەینەفەرهەنگی سەربەخوو بەخوومژیوەوە ئیستا بەبی لەکیس دانی وەختوبەبی تەشریفاتی شەکەتکەر ، بوخەباتی دژی نەخویندەواری ، بەچەشنیزەربەتی وئامادەکردنی گشتیراپەررن...

من هیوام بە میللەتی خوشەویستهەیە کەبەهیممەتی بەرزی خویان بەخیرایی ئیران وەکوومە درسەلیبکەن ، وە هەمووشەوورۆژیك لەکاتی بیکاریدایەکدوسەعاتخەریکی ئەم کارە پیروزەبن».

نەخویندەواری نەتیجە یەکی هەرەمالویرانکەروشومی فەرهەنگی ئەو، گەلیسالەبەسەرخەلکی ئیمەیان داسەپاندوە.

سەدیئەوەندەی ژنانی نەخویندەوار لەرادەی ولاتدالەسەدینەوەدەپترە.

سەرەرای ژمارەی ناریکوپیك کە لەم بارەیەوەهەیە ، وادەـ قەبلیندری کە ئیستابەلانی کە مەوە سەدیحەفتای خەلکەکەمان نوسین و خویندنەوەناقازانن . ئەمسەدیئەوەندەیە لە هیندیجیی ولاتەکەمان و لە هیندیتویژی کومەلدالەمەش کەلیپترە . بەپیی ئەوژمارە یەکخەدی ئەوەندەی نەخویندەواران لە دیهاتلەسەدینەوەدتی دەپەرری ، وە ئیستعماری و نوی ئیستیعماری یە کە ئیمپریالیزم و سەرلەپیناوەکانی ریژیمی سەربە ئیمپریالیزم و خائنی پەهلەوی گەلیچاربەناوی «خەباتیدژی نەخویندەواری» وە بە تەبلیغاتی پوچەل، هەولیدا بیروڕای گشتی ئیران و دنیابخەلەتینیوبەخەیالیخوی ئابرروپەكبوخویپەیداکات. بەلام ئەم «خەباتە» ئەوەندە پوچەل و ریسوابووکە تەنانەت ریژیمی رووخاوخوشی ناچاربوودان بەمەدابینی کە ژمارەی نەخویندەواران لە ولاتەکەمان لە زیادبووندایە .

سەرکەوتنی شورشی گەلیودژی ئیمپریالیستی ئیران نەكتەنیا هەل و مەرج و دەرەتانی لە باری بوچارەکردنی مەسەلەی نەخویندەواری پیك هیناوە،بەلکوودەستپیکردن خەباتیکی ئاوای لە پیشەوەی ئەرکەکانی شورش و شورشگیرەکاندا داناوە .

تەجرەبەی ئیمە و ولاتەکانی دیکەنیشان دەدات کەکونەپەرستی و دژی شورش هەمیشەهەول دەدەن بە عەوام خەلەتینی ، لەنەزانی و نەخویندەواری کومەلیکی زور لە خەلك ، بەسودی سیاسەتی دژی نیشتمانی خویان کەلكوەرگرن.

ئیمە هەرلەوکاتەدا کە پیویستبوونی ئامادەکردن و بەجی گەیاندنی

بولاپەرەی۲

بابەپیی پەیامە میژوییەکەی ئیمام خومەینی، مەسەلەی کوردستان لەریگەی هیمنانە وە، بەدابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد وبە سودی شورشی ئیران چارە بکەین.

بیروڕای ئیسلاحی حیزبی تودەی ئیران...

لەلاپەڕەی ١

ڕێژیمی دیکتاتوری پادشایەتی و وابەستە بووە ٤ ـ ئەم زولمە نەتەوایەتیە دەبیلە ناوبیری تاریکەی بوژانەوەی گشتلایەی خەلکەکانی دانیشتوی ئیران بە چەشنیکی وابکریتەوە کە دواکەوتوویی ئەوخەلکانەی لەژیرزولمی نەتەوایەتی دابوون لە هەموو باریکی ژیانەوە لە ناوبیری وەسەبارەت بەمەیەکە خودگەردانی بەم خەلکانە دەدری . هـ کوماری ئیسلامی ئیران خەباتی گەلە زولم لیکراوەکانی ئیران لەریکەی رزگاری لە زولمی نەتەوایەتی دا بە بەشیك لەراپەرینی شورشگیری و رزگاری بەخشی تەواوی خەلکی ئیران دەزانی کە ئەوان هەمویان لە شورشی ئیراندا بەرابەرایەتی ئیمام خومەینی لە دژی ڕێژیمی پادشایەتی سەربەئیمپریالیزم ، بوپیك هینانی ئیرانیکی بەراستی لو بەتەواوەتی سەربەخوو ئازاد و ئاوەدان و بەسودی هەزاران ، هاوبەشیان کردوە.

٢ ـ لەم سەرەتایەی گەلالەی خودگەردانی دا پیویستە بنوسری کە ئەوخەلکانە ، یائەو قەومانەی کە لە ئیران لە ژیر زولمی نە تەوایەتی دابوون ، کامانەن . ناوی ئەوان دەبی بکوتریەوە بەم پییە مەوجودی یەتی میللی وقەومی ئەوان وەهەروەها پیویست بوونی لابردنی زولمی نەتەوایەتی لە سەرئەوان رابکەیەندری.

٣ ـ خودگەردانی بەئەوناوچانەی ولات دەدری کە زوربەی خەلکەکانی ئەوان غەیرە فارسن. (لەسەر ئەم بنچینەیە دەبی لە بەشکردنەکانی ولات دا سەر لە نوی سەرنج بدریتەوە) ئەم جورە ناوچانە لەبەشکردنی ولاتدارەنکەیەك یا چەند ئوستان بن. شورای ئوستان ئەگەر چەند ئوستان بی، شورایەکی پیك ها تووله نوینەرانی هەلبژیردراوی شوراکانی ئوستانەکان ـ دەبیتە ئورگانی خودگەردانی .

(لە کورستان بەبراوی ئیمە دەبی ناوچە کوردنشینەکانی ئیلام بخریتە سەرکرماشان و ناوچە کوردنشینەکانی ئازاربایجانی روژاوا بەمەرکەزی یەتی شاری مەهاباد ، بکریتە ئوستانیکی تازە. بەم پییە سی ئوستانی کوردنشینی کرماشان ، سنەو مەهابادمان دەبی. بوڕیاری کردنی کوردنشینەکانی ئازربایجانی روژاواوئیلام دەتوانری لەریوشوینی پرسیاری گشتی (ریفراندوم) لەخەلکی ئەوجیگایانە: کەلك وەرگیری).

٤ ـ لەگەلالەکەدا دەبی بەراشکاوی بکوتری ریکخراوی ئیداری ناوچەی خودگەردان لە سەربنچینەی شورایی دادەمەزری، یانی هەلبژاردنی هەمووشوراکان و مەقامەکان لەخوارەوە ـ بەبوسەرەوە ، نەك دانان و دیاری کردن لە سەرەوە بوخوارەوە.

٥ ـ لەگەلالەکەدا دەبی پیویست بوونی لابردنی دواکەوتوویی ناوچەکانی خودگەردان بە راشکاوی بکوتری و بنوسری : بە بەرنامەدارشتنی گشتی (سەرانسەری ولات) وەهەروەها بەبەرنامە دارشتنی ناوچەکانی خودگەردان (مەسەلەن بەرنامەکانی زەریەتی) بوخیرا کردنی بوژانەوەی سەنعەت ، کشت وکال ، فەرهەنگی و کاروباری بەری چوونی باش، دواکەوتوییەکانی میژوویی ئەوناوچانە بەچەشنیکی والەناوبیرین کە ئەم ناوچانە بگەنە رادەی مەلبەندەکانی دیکەی ولات.

٦ ـ لەگەلالەکەدا هەروەهادەبی بنوسری کە لە ناوچەکانی خودگەردان ، ئیسلاحاتی ئەرزی بە سودی وەرزیرانی بی زەوی وکەم زەوی یەوە بەسودی ژیاندنەوەی کشت و کالی ئیران ، لە سەرانسەری ولات بەیەك چەشن بەجی دەگەیەندری یەوە فیئودالیزم بەهەرشکلیك لە ناوچەکانی خودگەردان دامابیتەوە لەریشە دەردەهینری.

بیروڕای ئیسلاحی لەبارەی مافەکان وئەرکەکانی ناوچە خودگەردانەکان کە لە گەلالەی هەیئەتی تایبەتی دا هاتوون.

١ ـ لە تبصرەی مادەی (٢) دالەبەشی ئەلف نوسراوە «ئوستاندار و فەرمانداران بەپیشنیاری وزارەتی کیشوەرو تەئییدی شورای ناوچەی خودگەردان دەخرینەسەرکار».

ئەم تبصرەیە بە پیچەوانەی مادەی دووە ، کە لەوەدا کوتراوە «کاربەدەستەکانی ئیدارەکانی ناوچەی خودگەردان کە کاروباری مەحەللی بەریوەدەبەن ، بەپیشنیاری شورای ناوچە وپەسەند کردنی وزارەتخانەی لەمەرخوی لە دەولەتدا ، لەسەرکاردادەنرین».

ئوستانداران و فەرمانداران کار بە دەستانیکن کە کاروباری مەحەلی بەریوەدەبەن ، لەبەرئەوەبەپیی مادەی (٢) دەبی لە لایەن شورای ناوچەوەبناسیندرین و دوای تەئییدی وزارتی کیشوەر خەریکی کاربن.

٢ ـ مادەی (٣) (لە بەشی ئەلف) لەبارەی دادگوستەری روون نیەولیلە. دەبی بەراشکاوی بنوسری دادرەسی و قەزاوەت لە هەردوپلەی سەرەتایی و ئیستیناف دا ، لە دەستەلاتی دادگوستەری ناوچەخودگەردان دایە. ئەگەردوتەرەفی دەعواکە ، یادەولەت رە-خنەیەکیان لە بڕیاری ئەم دادگامەحەللی یانە هەبی ، مەسەلە کەلە دیوانی بەرزی تەمیزسەرلەنوی لی دە کولدرتیەوە و بڕیاری تازەی تیدادەدری.

٣ ـ لەبارەی انتظاماتی ناوچە ، لەکاتیك داکە «انتظامات لەئەستوی کاربەدەستەکانی ناوچەی خودگەردانە» (جوملەی هەوەلی مادەی ٤)، سەروکەکانی هیزەانتظامیەکان (پولیسی شاری و دیهات) یش حەق و ابوولەلایەن شوراکانی ناوچەی خودگەردانەوە پیشنیارکرین و دوای تەئییدی وزارەتی کیشوەر (شارەبانی و ژاندارمری) خەریکی کاربن، نەك بەپیچەوانە.

جگەلەمە، لەم مادەیەدالەجیگایەك هیزی انتظامی (پولیسی شاری و دیهاتی) کوتراوە ، لەجیگایەکیش (شارەبانی وژاندارمری) داخوپولیسی شاری هەرشارەبانی وپولیسی دیهاتی هەر ژاندارمری یە؟ ئەگەر ئاوایە ، عیبارەت دەبی یەك چەشن بو ، ئەگەر ئاوانیە دەبی روون کریتەوە کە (پولیسی شاری و دیهاتی) چیە؟

٤ ـ لەگەلالەدا باسی پاسداران و سوپای پاسداران نەکراوە ، لەکاتیك دا ئەمەمەسەلە یەکی گرنگە وەکەم و کورتیەکی گەورەیە لەگەلالەکەدا و دەبی چارەبکری . چەشنی هەلبژاردن و ناساندن و پەسەندکردنی سەروکی بەشیك یا چەند بەشی پاسداران لە ناوچەی خودگەردان دەبی هەروەك چەشنی هەلبژاردن و ناساندن و پەسەندکردنی سەروکەکانی شارەبانی و ژاندارمری لە ناوچەی خودگەردان بی . یانی لەلایەن ئورگانەکانی ئیدارەی خودگەردانیەوە بناسیندری وەدوای تەئییدی فەرماندەی سوپای پاسداران خەریکی کاری خوی بی.

٥ ـ لەگەلالەکەدا ، هوویەتی میللی و قەومی ئەفرادی پولیس و ژاندارم (وەهەروەها پاسداران) باس نەکراوە ، ئەمەش یەکیکە لە مەسەلەگرنگ وجیددی یەکان . ئاشکرایە کە پولیسی مەسەلەن بەلوچ ناتوانری وەنابی لە ئازربایجان ، یا ژاندارمی ئازربایجان لە کوردستان ،یاپاسداری کورد لە ئیسفەهان خزمەتی پی بکری.

پولیس و ژاندارم دەبی ئەوەندەی لەتوانادا هەیە ، وەپاسدار بەحەتمی دەبی لە خەلکی مەحەل بن تا لە لایەك بتوانن ئەرکی خویان با شتربەجی بگەیەنن ، وە لە لایەکی دیکەش خەلك قوبولیان بکات .

٦ ـ مادەی یەك دەبی زیادبکری لەبارەی ئەمە کە هیندی لاو لە خەلکی ناوچەکانی خودگەردان بەفیرگەکانی نیزامی (ئەرتەش) بناسیندرین ولەوان کادری پیویستی ئەفسەری بوئەرتەش و هیزەانتظامیەکان تەربیەت بکری.

٧ ـ لەمادەی (٧) دا (بەشی ئەلف) کوتراوە : «ناوچەی خودگەردان حەقی هەیە جگەلەوەرگرتنی ئەو بودجەیەی کە بەناوی بەشی ناوچەکەلەبودجەی گشتی ولات وەری دەگری ، عەوارزیکیش لە مەحەل دابنی تا بەخیراییەکی زیاترەوەبتوانی کەم و کورتیەکانی ناوچەکە چارەبکات».

دەبی لەم مادەیە زیادبکری کە «دەولەتی مەرکەزی لە بەشکردنی بودجەی گشتی دا لە بەرچاوەگری کە جگەلەومەبلەغەی کە بەپیی ژمارەی خەلکی هەرئوستانیك دەیداشورای ئوستان، بەشیکی زیاتربو ناوچەکانی خودگەردان سەبارەت بەوەکە لە دواکەوتوییەکی زیاتردا راگیراون ، وەبوخیرا کردنی بوژانەوەی ئەوان ، تەرخان دەکات».

٨ ـ لەمادەی (١٠) (لەبەشی ئەلف) نوسراوە : لەهەر ناوچەیەکی خودگەردان دەرس کوتنەوە «بەزمانی قەومی ... لە کە لاسی هەوەلی مەدرەسەی سەرەتاییەوە بەرەوژوور لەگەل زمانی فارسی دەبی، بەلام کوتنەوەی دەرسەکان بەزمانی فارسی...دەبی».

سەبارەت بەمەکەیەکەم ـ مەسەلەی خویندن بەزمانی زگماکی (قەومی) یەکیکە لەویستەگرنگ و بەحەقەکانی کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان (خەلکەکانی غەیرە فارس) ، دوەم ـ لەمەدرەسەی سەرەتایی بەلانی زورەوەمزمان دەخویندری ، سی یەم ـ فیربوونی زمانی غەیرە زگماکی بوهەرمندالیك کەلەمەلبەندی ئەوزمانەدانازی زوردژوارە ،وەچوارم ـ فیربوونی دەرسەکانی دیکە لەرادەی مەدرەسەی سەرەتایی دا بەزمانی زگماکی بوهەرمندالی کەبیەوی زمانی زگماکی نیسیەتەن بەتەواوەتی فیربی لە زەروری تانە. لە بەرئەوەدرس کوتنەوە لەمەدرەسەی سەرەتایی بەلانی زورەوە دەبی بەزمانی زگماکی بی ، ئەلبەتەلەگەل چەند سەعاتیك دەرسی زمانی فارسی تامندال مایەیەکی بو دریژەدانی خویندن لە مەدرەسەی ناونجی (کە دەرس کوتنەوە یە لانی زورەوە بەزمانی فارسی دەبی) دەسکەویت.

(جگەلەمە هەرلەم مادەی (١٠) یەدازمانەکانی تورکمەنی و عەرەبی لەبیرچوون وەدەبی زیادکرین).

٩ ـ لە مادەی (١١) دا (لەبەشی ئەلف) نوسراوە : «نامە نوسین لە هەرناوچەیەکی خودگەردان بەزمانی فارسی و زمانی قەومی ، هەردوکیان ، رەسمی یەتی هەیە ، بەلام (مکاتبەی) نیوان ئیدارەکانی ئەو ناوچەیە ... تەنیا بەزمانی فارسی دەبی». وادیتە بەرچاوکەئەم مادەیە تووشی لیلی یاتەزادبووە . لەکاتیك داکەنامە نوسین (کە قاعیدەتەن هەرئە ومکاتبەیەیە) لە ناوچەی خودگەردان رەسمی یەتی هەیە ، (مکاتبە) ش لە نیوان ئیدارەکانی ئەوناوچە خودگەردانەدا رەسمی یەتی هەیە. کەوایەئەم مادەیە دەبی بەم چەشنەچاك بکری : نامە نوسین لە هەرناوچەیەکی خودگەردان بەزمانی قەومی وبەزمانی فارسی ، هەردوکیان ، رەسمی یەتی هەیە. بەلام (مکاتبە) ی ئیدارەکانی ئەوناوچەیە لەگەل دەولەت یا لەگەل ناوچەخودگەردانەکانی دیکە تەنیا بەزمانی فارسی دەبی کەزمانی هاوبەشی تەواوی خەلکەکانی ئیرانە.

١٠ ـ لە مادەی (١٣) دا (لە بەشی ئەلف) دەبی بنوسری : هەرناوچەیەکی خودگەردان کەنالیکی تەلویزیون و شەپولیکی رادیویی تایبەتی دەبی کەسەربەدەنگ و سیمای کوماری ئیسلامی ئیران دەبی، بەلام بەرنامەی مەحەللی بەجی دەگەیەنی.

١١ ـ لە مادەی (٤) دا (لە بەشی ب) نوسراوە کە «لەبارەی زەمینەی جوربەجوردا... لەوراپورتانەدا کە چلونایەتیان دەبی روشن بی...» ، «چلونایەتیان دەبی روشن بی» یانی چی؟

ئاوایەهیندی بیروڕای ئیسلاحی لەمەر گەلالەی هەیئەتی تایبەتی لە بارەی خودگەردانی.

ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی...

لەلاپەڕەی ١

بەرنامەیەکی دریژخایەن بوخەباتی راستەقینە لە پیناوی نەهیشتنی نەخویندەواری دابەشیلگیری داوادەکەین ، لەئیتیبکاری میژویی ئیمام خومەینی پشتیوانی دەکەین وەها و نیشتمانەکان و ریکخراوەکانی پیشکە و تخواز و دژی ئیمپریالیست ، وەبەتایبەتی ئەندامەکان و لکەکانی حیزب بانگ دەکەین کەلەگشت هویەك و دەرەتانیك بوفیرکردنی خوشك و برانەخویندەوارەکانمان تیکوشن.

لەم مەیدانەداوە بیردەخەینەوەکە وزارەتی فیرکردن و پی خویندن بە پیی فەرمانی ئیمام ، دەبی لە «کاغەزبازی» پاریزبکاوەبوتەواوی ئەوکەسانە و ئەوریکخراوانە و ئەو هیزانەی ئامادەن لەم بارەیەوە کومەك بکەن ، دەرەتانی هاوبەشی کردنی چالاك لەم خەباتە پیروزەداپیك بهینی.

خەباتی دژی ؛ خویندەواری هنگاویکی چارە نووس سازە لە ریگەی خەبات دا لە دژی میراتی شومی دەستەلاتی ئیمپریالیزم و دیکتاتوری، وەبودابین کردنی سەربەخویی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی ولاتەکەمان .

بابەهەموو توانا وە ئەم خەباتەپیروزە بگەیەنینەسەرکەوتن .

کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران

٨ی مانگی بەخوانباری ١٣٥٨

سەرمایەدارە گەورەکانی کرماشان وئیحتیکار

وردە کاسب ودوکاندارەبچوکەکانی کرماشان بوبەربەرەکانی پەیدابوونی بازاری رەش داویان لەکاربەدەستەکانی دەولەت کردوە کە پیشی سەرمایەدارە گەورەکانی ناوچەکە بکرن.

وەکووئاگادارکراوین ئیستاخەلکی کرماشان تووشی کەم و کورتی شتومەکی جوربەجوری پیویست هاتوون ، وەهەرچەند کاربەدەستەکانی لەم کەم وکورتیانە ئاگادار کراون ، کەچی هیشتائاووریك لەم کارە گرنگە نەدراوەتەوە . دوکاندارە بچوکەکانی کرماشان لایان وایەئەمشارەلەراستی داتووشی کەم و کورتی خواردەمەنی و شیتوانەهاتووە ، بەلام لە بەرئەوە ئەو شتومەکەی دیتەکرماشان هەمووی دەکەویتەدەست سەرمایەدارە گەورەکان و ئەوانیش ئەم شتومەکانە ئیحتیکاردەکەن ، خەلکەکە تووشی گیروگرفت هاتوون . هیندی لەم دوکاندارانە داوایان لە کاربەدەستەکانی دەولەت کردوە کە دابەشکردنی خواردەمەنی و شتومەکی پیداویستی خەلك لە کرماشان بگرنەئەستوی خویان.

خویندەوارە بەریزەکانی کورد !

ئەم روژنامەیە بو ئیوەیە. تکاتان لی دەکەین بەووردی بی خویننەوە ، بیروڕاتان، رەخنەتان، پیشنیارتان بو ئیمە بنوسن. لە دەنگوباسی ناوچەکەتان ، وەزعی ژیانی کومەلایەتی، سیاسی، ئابوری ، کشت وکالی فەرهەنگی مەلبەندی خوتان ئاگادارمان بکەن. ئەگەر بوتان ناکری بە کوردی بی نوسن بە فارسی بومان بنوسن. وتار و شیعر و چیروك و فولکلورمان بو بنیرن و بە هوی ئەم روژنامەیەوە کەم وکورتی ژیان وپیداویستەکانی خەلکەکەتان نیشان بدەن وخزمەتی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی گەلەکەتان بکەن.

لیستی ناوی ساواکیەکان بلاو کەنەوە.

بوچینی چەوساوە

راگرن گوی بوقسەم ، ئەی چینی چەوساوەوهەزار
ئەی بەشی زوری خەلك ، ئەی كارگەر ، ئەی جوتیار
ئەی ئەوەی ناوی لەدنیا، رانەبواردو كانی خوش
بیرلەكارت ، ئاگریكە ، جەرگ و دلدینیتەجوش
ئەی ئەوەی بی‌خارسی ، گیرفان بەتال وجل‌درراو
هیچ‌دەزانی بوچی ئاوای، ئەی هەزاری بەش‌خوراو
تاكوچە و سینەرهەبی ، نەزمی‌ژیان هەروادەبی
هەرومدواكەوتوودەبی ، شەویت‌وروژئاوادەبی
بوئەوەی‌زەرراخانەی پرربرەوبی‌وپررفروش
ئاوری ئینسان‌كوژی هەل‌دەئایسینیت وئەتووش
ئەودەمەی بولەتكە‌نانیكی‌دەریزی‌ئارەقە
سوكی خوت داوینەنیوجەرگەی شەرروشوررو تەقە
ئەودەمەی خوینی گەشی‌توسوردەكا داوینی‌كیو
دیتەسوررپیالەی شەرابی دەستی‌زورداری‌دزیو
ئەودەمەی تودەتپەوی ئامادەبی پوسەتگەری
سەرددا ، سەرمایەدار ، قاقاوەگری‌لەتگەری
ئەودەمەی زستانە ، نیتەهودەبیلوجی‌گەرم
ئەوبەمەی ناویتكی‌دی ، بوی‌راخراوەجی‌نەرم
ئەودەمەی‌پیت‌وایە ، گەركاری‌خودایەوابژی
دوایی‌نایەقەت هەزاری ، بەش‌خوراوی‌وخوینمژی
هەرشەرریكی بەرژەوەندی‌چینی توی‌تیدانەبی
مەیكەبوسەرمایەدار ولی‌گەرری‌باهەرنەبی

***

راگرن گوی‌بوقسەم ، ئەی‌چینی‌چەوساوەوهەزار
یەكگرن ، یەكگیربن ، ئەی كارگەر ، ئەی‌جوتیار
گەرهەتابنی پیگەیی چینایەتی و عیلمی خەبات
زوولەدەس سەرمایەدار ، رزگاردەبی خەلك وولات
ئەودەمەی‌گەرفیربوون ، عیلمی شەرری چینایەتی
دەستونایە دەستی‌یەكتر ، هاتەدی‌یەكایەتی
ئەودەمەسەرمایەداری ، بوهەمیشە چال‌دەبی
چینی چەوساوە، بەسەرچەوسینەری دازال‌دەبی

١١ر٨ر١٣٥٨ هیرش

پی‌ناكەنم !

پی‌ناكەنم...
ئالەوروژەی ، هەزارەكان
مامزی خەندە ، راوئەكەن ،
بولیوی لادی‌وشارەكان !
كەئەوەیدی ...
ئەوسا... منیش ، وەكووئەوان
وەكووشنەی ، گولەگەنم
وەكووئارەقەی ناوچاوان
لەناخەوە ، پی‌دەكەنم !

***

پی‌ناكەنم...
پیكەلینم ، هەرگیزنایی
تابەچاوی‌خوم‌نەبینم ،
لەهەرلایی :
لافاوی‌ئاگرپژینی ... چەوساوەكان...
راستبوئەوەویاخی‌بوونی ،
دیل‌وئەژنوچەماوەكان ...
ئەپچررینی ، كوت‌وزنجیر ...
رائەمالی ،
گەنجینەی خواپیداوەكان !
كەئەوەیدی ...
ئەوسا .. بەتاو
بەستەئەلیم .. پی‌ئەكەنم ،
لەدیاركوت وبەندی‌شكاو !

١٩٦٩ عەبدوللا پەشیو

چیروك بومندالان

لەئەدەبی بولگار

پیاویك و شیریك

پیاویك‌چولیرەوار بوداربریـن . شیریك‌لی‌ی پەیدابوو كوتی :

— هوی ، كابرا، وەرەباشەرربكەین ! ئەگەرمن‌توم‌بەزاند ئەوادەت‌خوم ئەگەرتومنت بزاندیم‌خو.

پیاوەكەكوتی : شیروكە ، ئەگـەردەتەوی‌میزمان تاقی‌كەینەوە ، بوچی‌شەرربكەین ؟ ئەوەتا ، ئەوا داریكی‌ئەستوور لەوی‌هەیە . بابی‌بررین.

شیرەكەقەبولی كردوكوتی : باشە ، من‌بەریشەوەهەلی دەكەنم!

پیاوەكەدەستی‌داتەورەكەی ، بەچەندقەلت‌دارەكەی‌بڕری بەلام‌شیرە كەقەپی‌پی‌داكرد ، چەنگەكررەی‌لی‌كرد ، زورلەگەلی خەریك‌بوو . كەلپەكانی سووان‌وكول‌بوون ، هیچـی لەگەل دارەكەپی‌نەكرا.

پیاوەكەكوتی : شیروكە ، دیتت‌من‌لەتوبەهیزترم؟ من‌دارەكەم بڕری ، تونەت‌توانی . دەتەوی ئیستابلویر لی‌دەین ، بزانین كاممان باشتری‌لی‌دەدەین ؟

شیرەكەكوتی . جاری ، لەپیشدافیرم‌كەبلویر لی‌دەم ، جائەوسا .

پیاوەكەكوتی : شیروكەفیرت‌دەكەم ، بەلام‌توبلویـریكـی دیكەت دەوی.

شیرەكەكوتی : دەبلویرم بودروستكە !

پیاوەكەدارێكی تەواوئەستووری بەتەورەكەی بـرری ، نەختی‌قەلەشتیەوە ، چیلكەیـەكـی خستەناو قـەلەشتەكـە ، تادوفاقەكەی‌ئاوالەراگری.

بەشیرەكەی‌كوت :

— ئیستاقاچی پیشەوەت رینی‌گیرە . چونكەئەوەلەجیاتی دەستتە .

شیرەكەقاچی‌ناەوی ، پیاوەكە چیلكـەكـەی دەرهینا ، دوفاقەی دارەكەویك هاتەوەوقاچی‌شیرەكەی ریـك‌گـوشی . شیرەكە لە بەرژانی قاچی‌نەی دەتوانی بیزوی . ویستی‌قاچی دەرهینی ، بەلام قەلەشتی‌دارە كە توندگرتبوی . لەئاوی‌ژان وئیش دەستی‌كرد بەپاورانەوەوهاواركردن . لەپیاوەكەدەپاررراوە بەری‌دات‌وكوتی : لەمن‌بەهیزتریشی و عاقل‌وفیلبازتـریشی . بەلام دەمەوی جاریكی دیكەش هیزی خومان تاقی‌كەینەوە . دەبا ، بازدەینەئەوبەری ئەوكەندەلانە.

پیاوەكە بیری‌كردەوە ، بیری‌كردەوە ، پاشان‌كوتی :

— باشە، بەلام‌من‌قاچی سی‌یەمیشم دەهینم‌وجابازدەدەم ، من‌سی‌قاچم هەیە، بەلام‌تو چوارت‌هەیە !

شیرەكەكوتی : بی‌هینەوبەسی‌قاچ‌بازدە .

پیاوەكەتیلایەكی گەورەی‌بەدەستەوەگرت ، تاوی داخوی و بەبازەشوانانەخوی فرری‌دا ئەوبەرەوە.

بەدوای‌ئەودا شیرەكەتاوی داخوی‌وبازی‌دا ، كەوتەراستی كەندەلانەكە.

كەندەلانەكەپان‌وقول‌بوو، پرریش‌بولەئاو. جا ، شیرەكە نوقم‌بوو.

جا ، لەوساوەئینسان‌لەهەموو شتیك‌بەهیزترە . چونكـە دوژمنەكانی‌خوی‌بەعەقل‌وبەووریایی بورردادە.

زاراوەكانی سیاسی و كومەلایەتی

سەرمایە داری :

پلەیەكەلە پلەكانی پیگەیشتنی كومەلی ئینسان كە دوای سەردەمی فیئودالیزم یانی سەردەمی مالیكی‌یەتی گەورەی زەوی‌كە پیوەندی یەكانی ئاغاورەعیەتی لەگەلە، پەیدادەبی. لە سیستمی كومەلایەتی سەرمایەداری دامالیكی یەتی خوسوسی ئەسپابی بەرهەم‌هینان‌هدیە. سەرمایەدار خاوەنی تەواوی‌ئەوئەسپابانەیەكەبوبەرهەم‌هینانی كالا پیویستن. چینی كارگەركە ئەم ئەسپابانەی نیەهیزی كاری خوی لەبازاری سەرمایەداری بەچەشنی كالادەخاتە فروشتن ولەلایەن سەرمایەدارەوە دەكەویتە بەربەهرە لیكیشانەوە، یابەجوریكی تربلیین دە چە وسیندریتەوە .

ئیمپیریالیزم :

بەرەو ژوورترین ودوامین پلـەی سەرمایـەداری‌یە. پلەی ئیمپیریالیستی بوژانەوەی سەرمایەداری كوبوونە وەو ، وەسەریەكخستنی سەرمایە وبەرهەم هینانی كالای‌لە دەست ئینحیسارە سەرمایەداری یەكاندا، لەگەلە. ئیمپیریالیزم وەكوودوامین پلەی سەرمایەداری، سیستمیكە لەناوەوە داوە شاوە وفەساد وگەندەلی هەموولایەكی تەنیوەتەوە . لەبەرئەمە مەحكومە بەفەوتان ونەمان، وەدەبی جیگای خوی بدابە سیستمیكی بەرزتری كومەلایەتی، یانی سوسیالیزم. لە سیستمی كومەلایەتی سوسیالیستی دابەنەهیشتنی مالیكی‌یەتی خوسوسی ئەسپابی بەرهەم هینان چەوساندنەوە وبەهرە كیشانەوەی ئینسان نامینیت. ئەسپابی بەرهەم هینان:

بەتەواوی ئەوئەسپابانە دەكوتری كە بوبەرهەم هینانی كالا بەكاردە هینرین .

پرولیتیر :

لەرووی قەدیمدا بەهەژارترین ونزمترین تویژی كومەلایەتی دەكوترا كە غەیری لەشی‌خوی خاوەنی هیچشتیكی دیكەنەبوو. بەلام لەئەدەبیاتی ئەمروكە دا پرولیتاریا بەچینی كارگەری سەنعەتی دەكوتری‌كە خودی‌ئە ونەتیجە وبەروبوی وموبەخداهاتنی كومەلی سەرمایەداری‌یە، كەلەبەشی سەرمایەداری‌دابابسمان‌كرد. پرولیتاریای سەنعەتی شورشگیرر ترین وپیشكەوتوو ترین چینی كومەلی سەرمایەداری‌یە. چونكە تاقە چینیكە‌كە بولەناوبردنی مالیكی یەتی ئەسپابی بەرهەم هینان ولەناوبردنی هەمووچەشنە چەوساندنەوەوبەهرە كیشانەوەی‌ئینسان لەئینسان خەبات دەكات. ئازادبوونی كارگەر لەبارمتەی لەناوبردنی مالیكی یەتی خوسوسی ئەسپابی بەرهەم‌هینان وبەهرە كیشانەوەی ئینسان‌لە ئینسان‌دایە. وەك ماركس دەلی:

پرولیتاریا لەم خەباتە داهەمووشتیكی دەست‌دەكەوی، بەلام هیچشتیكی‌لە كیس‌ناچی غەیری زنجیرەكانی دیلیەتی‌خوی .

ئیستیعمار :

كیشانە بەرباو خستنە ژیردەستەلاتی ولاتان ومیللەتانی دیكە لەلایەن ولاتە سەرمایەداری یەكانەوە، بوتالان‌كردنی چاوگەتەبیعیەكانی‌ئەم ولاتانە بەهرە كیشانە وەلە هیزی‌كاری ئینسانی ئەوان. ئەو ولاتەی كەبوتە موستە عمەرەی ئەم‌یانە ودەولەتە ئیمپریالیستیە لەمافی حاكمیەتی میللی بی‌بەشەو لەباری‌سیاسەتی‌ژوورە وەودەرەوە كلكەی ولاتە ئیمپیریالیستیەكان‌دان. ئەمانەش‌پی‌یان دەكوتری‌نیوە موستەعمەرە. ئیستیعمار بەمانای‌ئەمروی‌خوی، مەخسوسی‌نیزامەكانی سەرمایە داری و ئیمپیریالیستی‌یە ، وەبەفەوتانی سەرمایەداری و ئیمپیریالیزم ئیستیعماریش‌لە ناودەچی .

صهیونیزم :

سەهیون جیگایەكە لەنزیك شاری ئوورشەلیم. سالی ١٨٩٧ كومەلەیەك لەیەهوودی یەكان پیك‌هات و ناوی‌نرا سەهیونیزم، وەراگەیەندرا كە ئامانجی‌ئەو، گویزانەوەی یەهوودی یەكانی دنیایەبوفەلەستینە. سەهیونیزم، ئیستا جەرەیانیكی بەتەعەسسوبی مەزهەبی سەرمایەدارەكانی یەهوودی‌یە وقەومی یەهوود بەشتیكی تایبەتی دەزانی، لەبەرئەمە باری فاشیستی هەیە. یەكی‌لە تایبەتیەكانـی سەهیونیزم ئەمەیەكەلە ناوچەكە داسیاسەتی دەست دریژی وزولمی نەتەوایەتی لەحاست خەلكی عەرەبی فەلەستین ومیللەتە عەرەبەكانی دیكەی گرتوتە پیش، وەلەباری دەرەوە داله خزمەتی كونەپەرەستی ولاتە جوربە جورەكان وئیمپیریالیزمی جیهانی دایە ودوژمنی هە ـ مووچەشنە جولانەوەیەكی رزگاری خوازی وپیشكەوتووە .

فاشیزم :

جەرەیانیكی نەتەوەپەرستی (ناسیونالیزم) هەلەشەیەكەلایەنگری بەرزتربوونی رەگەزی‌یە. فاشیزم كە جەرەیانیكی فیكری تایبەتی حامیەی چینایەتی سەرمایەداری‌یە، هەول‌دەدابە كەلك وەرگرتنی خراپ‌لە هەستی‌خاوینی نیشتمانپەروەری، میللەتانی جوربەجوربەردانە گیانی یەكتر، تالەم ریگەیەوە لە لایەك تەزادەكانی چینایەتـی ناوەوەی ولات هیدی كاتەوەو بیگەیەنیتە رادەی تەزادی ناومیللەتان، لەلایەكی دیكەزەحمە تكیشەكانی میللەتەكانی دیكەش بوسودو قازانجی‌خوی دیل وئەسیر كات .

فاشیزم نیازی چەپەل ودژی ئینسانەتی خوی‌لە پەردەی وشەو ووتەی زل‌وقەلەو، بەلام پوچەل لەبارەی نیشتمان‌دا، دەشاریتەوە .

چیروك

چـەمی غاقـل

لەنزیك‌شاری سەقز گوندیك‌هەیەناوی (ئالتون).. چەمیك‌بەبەرئەوگوندە دادەرروات ، پی‌ی‌دەلین‌چەمی‌ئالتون . لەزەمانی‌زوودا پردیك‌لەسەرئەو چەمە كراوە، بەلام‌ئیستاچەمە كەبەلایەكدا دەرروات و پردەكەش لە لایەك‌دەرەبەكی دەمی‌داچەقاوە .

لەسەردەمی (كوماری‌مەهاباد) دا ، (قانیع‌وسی‌چوار كەسی‌تر دەچوون‌سەرچاوەكەی‌بكەرریتەوە بوشاری‌سەقز ، كە گەیشتنەلای‌ئەوچەم‌وپردەیەكیكیان كوتی :

— ئەمە لەكاری مەلاندسرەدین‌دەچی ، پردلەكوی‌یەوچەم‌لەكوی !

یەكیكی‌تریان كوتی :

— ئەوكەسەی ئەوپردەی لەووشكایی دروست كردوە ، یاشیت‌بووە، یاكابرایەكی‌گالتەچی !

قانیع كوتی :

—نا، باوك ، قسەی هیچتان‌نیە . من‌لەسەردەمی‌فەقی‌یەتی‌داماوەیەك لەشاری قزبووم ، لەحیكایەتی ئەم‌پردەشارەزام .

هاوری‌كانی كوتیان :

دەساماموستا قانیع ئەم حیكایەتەمان بوبگیرەوە ، بائیمەش بزانین ئەم كارە سەیرە چون روودەداوە.

قانیع كوتی :

— لەزەمانی‌زوودا، پیش‌شەرری‌هەوەلی‌جیهانی، خـاوەن ملكـی ئەودی‌یەحاجی‌سالەبەگ، بەنیوەپول‌ونیوەبیگار ئەوپردەی لەسەرئەوچەمە دروست‌كرد ، تاخوا‌گوناهەكانی ببەخشی و لەوزولم‌وزورەببوری كەلە رەعیەتەكانی دەكرد . چونكە دەلین پردیش‌وەكوومزگـەوت (ئیحسانی جاری) یە، یانی‌تاخەلك‌بەسەری‌دابرروات‌خیری ئەوكەسەدەگا كەدروستی كردوە.

پاشان‌ووردە ـ ووردە خەلكە كەچاویان كراوەو چەمەكەش لەگەل ئەوان‌تیكەیشتنی پەیداكرد ، ئیترنەی‌ویست‌بەژیر ئەوپردەدا برروات ، ریگای‌خوی لەریگای دەرەبەگ جیاكردەوە و ئیحسانی حاجی‌سالەبەگی برری .

یەكیك‌لەهاوری‌كانی كوتی :

— ماموستا قانیع ! بوچی‌چەمیش‌عەقلی‌هەیە ؟ توبەچەشنیكـی واباسی‌چەمەكەدەكەی ، دەلـی‌ی‌باسی كـەسیكی‌ووریاو تیگەیشتوو ئەم‌زەمانەدەكەی !

قانیع كوتی :

—باوك، چەم‌باگیان‌لەبەریش‌نەبی ، هیشتا كردەوەی ئەولە كردەوەی لە لایەك‌دەرەبەگ عاقلانەترە.

تەواوی چەمی دنیابـوپیشەوەدەررون ، هیچ‌چـەمیك‌نیەبولای بەرمو ماڵەباوانی‌زەمانی زوودە گەڕرینەوە .

بوبەربەرەكانیی دەست دریژی نیزامی ئیمپیریالیزمی ئەمریكا، تەواوی خەلك دەبی‌لەباری نیزامیه وەئامادەبن

www.zheen.org

راگەیاندنی کوبوونەوەی چوارقولی نوینەرانی حزب وهیزە نیشتمانی یەکان:

بزووتنەوەی سوشیالیستی عەرەبی، حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست (سەرکردایەتی هەریمی عیراق)، یەکیتی نیشتمانی کوردستان ، حزبی شیوعی عیراق

لەئاوە راستی کانوونی یەکەمی سالی ١٩٧٩ دانوینەرانی حزب وهیزە نیشتمانی یەکان: بزووتنەوەی سوشیالیستی عەرەبی، حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست (سەرکردایەتی هەریمی عیراق) ، یەکیتی نیشتمانی کوردستان، حزبی شیوعی عیراق، زنجیرەیەك کوبوونەوەیان سازکرد بولیکولینەوەی باری ناوخوی عەرەبی وئەنجامی ئەوتەقەلاووتوویژە دووقولی وبەکومەلانەی کە لە ماوەی رابردوودا کران بەمەبەستی پیکهینانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لە نیوان حزب وهیزوکەسانی نیشتمانی ونەتەوەیی دیموکراتی خوازلە عیراقدا، کەخەباتدەکەن لە پیناوی رووخاندنی حوکمی دیکتاتوری داپلوسینەرو هینانەدی حوکمیکی ئیئتیلافی دیموکراتی لەنوینەرانی ئەم حزب وهیزانە وئەوانەی جیی باوەری هەموولایەکیان بن بوپاکتاوکردنی شوینەواری ریبازی دوورلە نیشتمانیە رووەریونەتەوەیی ومرووایەتیی تاقمی دیکتاتوری فەرمانرە واورزگارکردنی ولاتلە ـ وتەنگوچەلەمە سیاسی وئابووری وکومەلایەتی یە دژوارەی کە ریبازی ئەم تاقمە خوینریژە دوچاری کردووە، هەروابوبنیاتنانی عیراقیکی ئازادی دیموکراتی سەربەخو کە میللەتی کوردلە سایەیدابەمافی نەتەوەیی خوی لە ئوتونومی راستەقینەداشادبیی، تاکاریکە رانەوچالاکانە بەشداری جەنگی نەتەوەی عەرەب بکاتلە تیکوشانیدادژی ئیمپریالیزم وسەهیونیزم وکونەپەرستی، ونەخشە وپیلانگیری یەکانیان کە روژهەلاتی ناوەراستوبەتایبەتی شورشی سەرفرازی ئیران دوچاری دەبی.

کوبوونەوەکەگەیشتە ئەوئەنجامەی لیژنەیەکی ریکخستنی هەمیشەیی لە نوینەرانی ئەم چوار حزب وهیزانە پیکبیت، تابەردەوام بن لە تەقەلادان بوپتە وکردنی هاوکاری تیکوشەرانەی نیوانیان و سووربوون لەسەرپیکهینانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی، کە هیواو ئاواتی جە ماوەرە .

بزووتنەوەی سوشیالیستی عەرەبی
حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست (سەرکردایەتی هەریمی عیراق)
یەکیتی نیشتمانی کوردستان
حزبی شیوعی عیراق

بەیان نامەی دەولەتی کوماری دیموکراتی ئەفغانستان

رادیو کابول ، روژی ٢٨ی دیسامبر (حەوتەمی مانگی بەفرانبار) ,مەتنی بەیاننامەی کوماری دیموکراتی ئەفغانستانی بلاوکردەوە. لەبەیاننامەکەدادەکوتری :

دەولەتی کوماری دیموکراتی ئەفغانستان دەگەل سەرنج ـ دانی دەستتیوەردان وپیلانی دوژمنەکانی دەرەوەی ئەفغانستان ، کە هەروادریژەی هەیەوپەرەدەگری ، وەبەمەبەستی دیفاعلە دەسکەوتەکانی شورشی ئاوریل ، تەواوەتی ئەرزی ، سەربەخویی میللی و پاریزگاری ئاشتی و هیمنایەتی ، لەسەربنچینەی پەیمانی دوستایەتی و خوشدراوسی یەتی و هاوکاری ، کەلە (٥)ی دیسامبری سالی ١٩٧٨ دابەستراوە ، مورراجەعەی بەیەکیەتی کومارەکانی شوررەوی سوسیالیستی کرد وە بە ئیسرارەوە داوای کومەکی سیاسی، و مەعنەوی و ئابوری دەسبەجی ، وەهەروەها کومەکی ئیزامی کـرد ، ئەو کومەکەی کە دەولەتی کـوماری دیموکراتی ئەفغانستان لەوەپیش چەندجارلەبارەی ئەو، مورراجەعەی بەدەولەتی یەکیەتی شوررەوی کردوە.

دەولەتی یەکیەتی شوررەوی داوای ئەفغانستانی قەبول کرد.

خوینەری بەریز!

١ـ لەبەر ئەوە کە لە چاپخانەکانی تاران پیتە تایبەتیەکانی کوردی کە نیشانەیان لەسەرە، دەستناکەوی، ناچارین روژنامەکەمان بەم چەشنەی کە دەی بینن چاپ بکەین.

٢ـ لەبەر ئەوە کە پیتریکخەرەکان (حروفچین) فارسن وکوردی نازانن، ئەوەندەی لەووزەمان دایە هەولمان داوە، کە چی بەداخەوە هیشتا هەلەی هەرتیداماوە. لیمان ببورن.

بو کارگەرەبی کارەکانی کوردستانی دەبی کارپەیداکری

لە کوردستان ، سەبارەت بەمەکەلەسەردە میریژیمی تاغوتیدا هیچجورە کارخانە و بنیاتیکی سەنعەتی دانەمەزرا ، کارگەران بەلانی زورەوە ، کارگەرانی کشت و کالین کە پی یان دەلین «خوش ـ نشین» . لە کاتی ئیسلاحاتی ئەرزی دەلەمەوشلوشەویقی ریژیمی رووخاودا پارچە زەوی یەك بەمانە نەدراکە کاری تیدابکەن و بتوانن، پانەمردنە ژیش بی ، بەریبچن . لەبەرئەمەناچاربوون بچنەئەوناوچانەی دیکەکەکارخانە و بنیاتی سەنعەتی یا کشت وکالی یان لی هەبوو ، بەدوای کاردابگەرین و پاروە نانیك پەیداکەن . بەلام دوای سەرکەوتنی شورشی گەورەی خەلکی ئیران کە خاوەنەکان و بەریوە بەرەکانی هیندی لەم بنیاتانە رایـان کرد یاخویان شاردەوەو بنیاتەکانیان داخرا ، وە هیندیکی دیکە لە کارخانە وبنیاتەکان بەبیانوی جوربەجوری وەك کەم بوونی ماددەی خاورشیتوا داخراو یانیوەداخراون، تەنانەت ژمارەیەکی شایانی سەرنج لـە کارگەرەفەسلیەکانی ئـەم کارخانە و بنیاتانەش دەرکراون و بی کارن ، تادەگابەوکارگەرە ئاماهیرانەی کە لەکوردستانەوەدە چوونو لە وجیگایانە کاریان دەکرد. ئەم کارگەرانە لەبەرئەوە کەلەدیهاتی کوردستان دەژین وپرش وبلاون نەریکخراوە ویەکیەتیەکان هەیە دیفاع لەمافەکانیان بکات و نەبیمەن کە لە خیروبیری کە لك وەرگری . وە لە بەرئەوە کەلەدیهاتی کوردستان نە خوشخانە و دەرمانگانیە ئەگەرخویان و خالوخیزانیان نەخوش کەون هاواریان بـە هیچ کوی ناگات .

کومەلیکی دیکە لە کارگەرەکانی کوردستان کە لەباری ژمارەوە شایانی سەرنجن ، کارگەرانی ریگەوبان و قوررەکارین ، ئەمانیش لەبەرپەککەوتنی کاری ریگەوبان و خـانووبەرە دروستکردن ، وەکوو زیانی سەدها هەزار کەسی لەزەحمەتکیشەکانی ولات ، زیانیکە کەلەبەرهەم کارگەرەکانی کشت و کالی بی کاروشپرزەن . تاقـەدەستەیـەکـی کارگەران کە کام تاکورتیك و نەك هەمیشە، کاریان هەبووە، کارگەرەکانی کارگابچوکەکانی وەك دارتاشی و ئاسنگەری و شتیوان . ئەمانیش لە بەرومزعی نالەبارو ئەوشەرربراکوژی یەی کـە بـە سەرکـوردستاندا سەپابوو، گەلی جارلەناوشارەکان وشاروکەکانی ئەوناوچەیە تەقوتوق وپیك هەلپرژان رووی دەداوبی کاری ئەمانیشی تەنیبووەوە، وەزعیان لە وەزعی براکارگەرەکانی دیکەیان ئەوەندەباشترنیە.

وە لە ویولەی کە بەناوی قەرزی بی کاری لە هیندی ناوچە بە کارگەرە بی کارەکان دەدرا، شتیکی شایانی باسکردن بە ناوچەی کوردستان نەگەیشت ، وەبەتایبەتی کارگەرەکانی کشت وکالرەنگە هەرخەبەری ئەوەشیان نەبیستبی.

بەم پی یە ، هەوەل ، ئەرکی سەرشانی یەکیەتیەکانی کارگەری ولاتە کەکارگەرەکانی ساوخەی کوردستان سازمان بدەن و ری نوینیان بکەن . دوەم ، دەولەت دەبی لەسەربنچینەی پەیامە میژوییە کەی ئیمام خومەینی و لە ریگەی وتو ویژوچارەکردنی هیمنانەی مەسەلـەی کوردستانە ومودانی مافە رەواکانی گەلی کورد کاریکی وابکات ئەوشەرە براکوژی یەی کە بەهیمەتی ئیمام خومەینی و حیزبە پیشکە وتخوازەکان وکەسانی خیرخواویستاوە ، وە نەتیجەیەکی شومی ئەوپەرەسەندنی پتری بی کاریە لە ناوچەکەدا ، بوهەمیشە ببریتەوە ، زەوی بەوەرزیرە بی زەوی و کەم زەوی یەکان بدات بەدامەزراندنی کارخانە و بنیاتی کشت وکالی دەرەتانی کارکردن بو کارگەرە بی کارەکانی ئەم ناوچەیە پیك بهینی.

و بەدانانی نەخوشخانە و دەرمانگاو هوی لەش ساغی و دەرمانکردنی کارگەران و زەحمەتکیشەکانی دیکەی شارولادیی کوردستان دابین بکات. چونکە ئەمانە بە شیکن لە هیزی بەر هەم هین وخولقینەری بولات، وەئاوورر نەدانەوە لەوەزعی ئەمان ، جگەلەکەمتەرخەرمی لە حاست زیانی سەدها هەزار کەسی لەزەحمەتکیشەکانی ولات ، زیانیکە کەلەبەرهەم هینان و خولقاندنی ولات دەکەوی.

ئەفغانستان بەریگەی شورشی...

لەلاپەرەی ١

هەلە بکات . ئەم ریبازە دژی شورشگیرری یە کەزەمینەی بو کردە ـ وەی کاولکاری و پیلانی هیزەکانی دژی شورش و پیشتیوانە ئیمپریالیستیەکانی ئەوان ئامادە دەکرد ، ئەفغانستانی تـووشی خەتەری شەرری دریژخایەنی ناوەوەدەکرد و دەسکەوتەکانی شورشی دەخستەبەترسی یەوە.

بە لام هیزە شورشگیرەکانی ئەفغانستان ، کەلەپشتیوانی کومەلانی مەزنی زەحمەتکیشەکان بەهرەمەندبـوون لە وەختی خویدا لەم خەتەرە ووریابوونەوەوپیلانی تاقمەکەی حەفیزوللائە ـ مینیان پەك خست و ریبازی دروستی شورشگیرری دوبارە لـە ئەفغانستان دازال کردەوە .

روژی پینجشەممە (٦)ی بەفرانبار کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی خەلقی ئەفغانستان ، شوررای شورش و دەولەتـی کوماری دیموکراتی ئەفغـانستان رایان کە یانـد حوکومەتـی حەفیزوللائەمین ، کە لە ریبازی شورشی ئاوریل لای دابوو ، رووخا . لەم بەیان نامەیەداهاتوە کە بەبرەك کارمیل لەلایەن کومیتەی ناوەندیەوە بە سکیرتیری یەکەمی حیزبی دیموکراتی خەلقی و سەروکی شوررای شورش و کوماری دیموکـراتی ئەفغانستان هەلبژیردرا.

بەبرەك کارمیل لە پەیامیکدا کە بوخەلکی ئەفغانستانـی بلاوکردەوەدرای گە یاند کە کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی خەلق و شوررای شورشی کوماری دیموکراتی ئەفغانستان لەگەل راگەیاندنی حوکومەتی راستەقینەی گەل ، رادەگەیەنی کە:

«پاراستنی دەسکەوتەکانی شورشی ئاوریل و دیفاع لـە نیشتمان و سەربەخویی میللی و مافی حاکمیەتی میللی تەك تەنیا ئەرکی پیروزی تەواوی حیزب و دەولەتی شورشگیرری بەلکووهەروەها ئەرکی پیروزی تەواوی خەلکی ئەفغانستانە . خەباتی پیروزی ئیمە ، خەباتی رەوای خەلکی ئەفغانستانە لە ریگەی دابین کردنی عەدالەتی راستەقینە و دیموکراسی و ریزو حورمەتی ئـایین پیروزی ئیسلام و ریزگرتن لە ریوشوینی خانە وادەیی قەومی و میللی دا . ئەمەخەباتیکە بوبەدی هینانی ئامانجەکانی شورشەپررلە شانازیەکەی ئاوریل و پیشکەوتن و پیکە یشتنی ئەو، بوعەدالەت و بەرامبەری و بەختەوەری و خیروخوشی تەواوی خەلکەبراکانی ئەفغانستان .

لەم پەیامەدا داوالە خەلکی ئەفغانستان کراوە لە دژی دوژمنە ناوخویی ودەرەوەی شورش بەگیانفیدایی خەبات بکەن و تخوازەکان و سەرکەوتنی یەکجاری شورشی نیشتمانی و لە ریگەی دابین کردنی یەکیەتی تەواوی هیزە نیشتمانی و پیشکە ـ دیموکراتی و دژی فیئودالی و دژی ئیمپریالیستی و دامەزراندنی ولاتی ئازاد و سەربەخوی ئەفغانستان داتی بکوشن.

ئیمە لە نیشتمانی خومان دوای سەرکـەوتنی شورش و دامەزرانی کوماری ئیسلامی ، لەهەلسورانی هیزەکـانی دژی شورش ، کە لە پلەی جوربەجوری رەوتی شورشدا و لە ژیر دروشم و سەرپوشی رەنگاورەنگـدا ، بەلام تەنیا بە ئامانجی زەبروەشاندن لە شورش و پەك خستنی قوول بوون و بەروو ـ پیش چوونی شورش دینە مەیدان گەلی نمونەی دیار و فیرکەرمان هەیە.

ئاشکرایە کە شورشەکانی گەلی ، بی لـەبەرچاوگـرتنی چەشن و شیوەی سەرکەوتنیان ، کە وەدوای ئامانجی دابین کردنی سودوقازانجی زەحمەتکیشەکان ، بەرامبەریی مافەکانی میللی و کومەلایەتی و سیاسی و ئابوری کومەلانی خەلك دەکەون، تووشی بەربەرەکانی ی سەخت و پیلان و کاولکاری ئەو هیزانەدین کە لەنیوان سودومەسلەحەتی ئەوان و سود و مەسلەحەتی کومەلانی خەلك دا ناکوکی قوول و لەئاشتی نەهاتووهەیە . ئەم چین وکە ـ سانەی دژی شورش کە هیزەکانی دژی شورش پیك دەهینن وە لەگەل کونە پەرەستی و ئیمپریالیزمی جیهانی هاوقازانجن ، لە لایەن کورروکومەلەکانی کونە پەرەستی و ئیمپریالیزمی جیهانیە وەپشتیوانیان لی دەکری . لەبەرامبەرئەوەدائە و شورشانەش کە لە لایەن خەلکەوە و لە پیناوی سود و مەسلەحەتی کومەلانی زەحمەتکیشداسەردەکەون ، لەدنیای ئەمرودا لە لایەن خەلکەکان و هیزە شورشگیرروپیشکە و تخوازەکان و تەواوی ولاتەکانی بەرەی سوسیالیستیەوە پیشتیوانیان لی دەکری .

تەواوهەربەم دەلیلە ، هەلویستگرتنی دوژمنانەی وزارەتی کاروباری دەرەوەی کوماری ئیسلامی ئیران لە دژی ئالوگورری تازەی ئەفغانستان، کە بەباری سەرکوت کردنی پیلانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دژی شورشی ناوخویی و پتەوکردنی شورشی گەلی و دیموکراتی ئەفغانستان دایە ، مایەو هوی ئەوپەرری سەرسوورمان و پەروشە. هەلویست گرتنیکی ئاوالەگەل سود و مەسلەحەتی شورشی گەورەی ئیران و پیوەندی خوشدراوسی یەتی لەگەل خەلکی برای ئەفغانستان ، ریك ناکەوی . ئیمە هیـواداریـن وزارەتی کاروباری دەرەوەی کوماری ئیسلامی ئیران بەسەرنجدانی ئەو واقیعی یەتەی کە لە ئەفغانستان رادەبری ، وەبەسەرنجدانی پیـلان و تەبلیغاتی دوژمنانەی کـورە ئیمپریالیستی و کونە ـ پەرستیەکان لە دژی کوماری دیموکراتی ئەفغانستان ، ئـەم هەلویستە نادروستەی خوی سەرنج بداتەوە.

ئیمە هیوادارین کـە خەلکی برای ئەفغانستان ، بە هـوی ئالووگورری شورشگیررانەی تازەوە ، بتوانی ریگای شورشی ئاوریل دریژەپی بدات وبیگەیەنیتەسەرکەوتنی یەکجاری .

«مردم»
ئورگانی ناوەندی
حیزبی تودەی ئیران
(بەزمانی کوردی)
ناو ونیشان، شەقامی ١٦ی ئازەر
تەلیفون، ٩٣٣٤٥٩ و ٩٣٥٧٢٨
چاپی: کاویان

دامەزراوبی یەکیەتی تەواوی هیزە دیموکراتی و دژی ئیمپیریالیستیەکانی ئیران لە بەرەی یەکگرتوی خەلکدا.

www.zheen.org

ئیعلامی‌یەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران: لەبارەی وەزعی زانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی بەرز

هاوکاری شورشگیرانە لە زانستگاکان دەبی زیندوو کریتەوەوپتەوکری

لە کاتیکدا کە میللەتەکەمان خەریکی خەباتیکی قورس و دژوارە لە دژی ئیمپیریالیزمی خوین ـ خوری ئەمریکا وهەموو بەردەستە ئیمپیریالیستی ـ یەکانی ئەو، لەئوروپای روژاواوەبگرە تا ژاپوون، وە لەوەختیکدا کەبەپی‌ی ری‌نوینی بەدیررایەتی ئیمام خومەینی، لە پەیامدا بەبونەی پسانی پیوەندی لەگەل ئەمریکاوە، یەکیەتی وهاوپیوەندی هەموو هیزەکان ولایەنگرەکانی هەموو مەسلەکەکـان ، بوبەرەنگار بوونی‌شەیتانی‌گەورەبوتە زەروورەتیکی میژوویی ، زور بەداخەوە ئالوزی‌یەکـی سەخت سەرانەری زانستگاکان وناوەندەکانی خویندنی بەرزی‌داگرتوە.

سەرەرای ئیعلامـی‌یـەی شوررای شورش و، وە بیرخستنەوەکانی ئاغای بەنی‌سەدر، سەر کومار، لەبارەی دەست‌تیوەرنەدانی کەسانی‌بی‌مەسئولی‌یەت لەکاروبـاری زانستگاکان‌دا ، لەهەمولایەکەوە خەبەردەگا کە دەستە و تاقمی غەیرە زانستگایی بەهەموو تواناوە ئالوزی و پیك هەلپرژان دەسازینن و هەولدەدەن زانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی‌بەرزبکەنەمەیدانی‌شەرر وبراکوژی.

حیزبی تودەی‌ئیران‌لەتەنیشت‌هەلویست‌گرتنەکانی سادقانەی دەستە و تاقمەکان‌وبنیاتەکانی ئەمە گدار بـە شورشەوە، لەم کارەدا بە روشنی لە هەردوولاوە دەستی دژی‌شورش‌دەبینی‌وسەبارەت بەمە بەهەستی مەسئولی‌یەتی تەواوەوە ، هەموو دەستە وتاقم و هیزەکان و بنیاتەکان بە چەشنی جیددی وریادەکاتەوە :

مەهیلن ئاگری کیشەوناکوکی و چەند دەستەیی لە ناوزانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی‌بەرز و، لـە ناو زانستگایی‌یەکان و خەلك‌دا هەلگیرسی. چونکە لەم پیك هە لپرژانەدا هیچ لایەك سەرناکەوی. ئـەم پیك هەلپرژانە تەنیا بە زیانی‌شورشی ئیران تەواو دەبی.

ئیستا ، لەوەی لە بەیان نامە شوررای شورش‌دا هاتوە ، دوشت جیگەی سەرنجە ، یەکیان پیویست‌بوونی گوررانی بنەررەتی‌نیزامی‌خویندنی بەرز ، ئەوی‌دیکەش تیکوشانی سیاسی ریکخراوی دەستە و تاقمەسیاسی‌یەکان لە زانستگاو ناوەندەکانی‌خویندنی بەرز.

بەبرروای حیزبی تودەی ئیران لەمەرر مەسەلەی هەوەل دەبی ئەم مەبەستانەی خوارەوە لەبەر چاوبگیرین:

زانستگاکان‌کاتی خەبات بو روخاندنی ریژیمـی دەست نیژو دژی نیشتمانی و دژی‌دیموکراتی و مەردمی و دژی ئیمپیریالیستی‌کە گەیشتەروخانی ریژیمی خەیانەتکار و تاوانباری پەهلەوی ، لە ناوەندە گرنگەکانی شورش و لاتەکەمان بوون .

لە پلەی‌ئیستادا کەخەلکەکەمان‌خەریکی‌خەباتی‌مەرگ و ژیانی‌یە لە دژی ئیمپیریالیزم ، بەسەرکردەیی ئیمپیرـ یالیزمی ئەمریکا، بورزگاربوونی‌ولات لەوابەستەیـی و دابین‌کردنی سەربەخویی‌ولات و پیکهینانی سەرکەوتنی یەکجاری، زانستگاکان هەروا ، لە ناوەندە گرنگەکانـی شورشگیررین. ئەمە واقیعی‌یەتیکە.

ئەمەش واقیعی‌یەتە کەلەروژی‌سەرکەوتنی‌هەوەلین پلەی‌شورشەوە، ئەووەختە کە«دوای شائورەی‌ئەمریکایە» بووە دروشمی‌خەباتی‌شورشگیرری، هیندی هیزی دژی شورش ، چ راست رەوو چ چەپ‌نوین ، هەولیان‌داکـە لەو مەسەلانەی تووشی زانستگاکان هاتوە، وەکوگیر وگرفتەکانی دیکەی ولات، کەلك وەرگرن ، وە لە زانستگاکان پررش و بلاوی و ناکوکی و ئالـوزی بخولقینن و بەم هویەوە ئەو هیزە شورشگیررانـەی لە زانستگاکان‌دا کوبوونەتەوە ، وە لەگەل‌ئەوەش کەجور بەجورن، دەتوانن وە دەبی لە خزمەت شورش‌دا وبەباری وەدەست‌هینانی سەرکەوتنی یەکجاری‌شورش‌دابن ، لـە

بولاپەرەی٢

نامۀ
مُردُم
ئورگانی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران بە زمانی کوردی
سالی‌یەکەم ـ ژمارەی ١٥
یەکشەممە ٧ی‌مانگی بانەمەری ١٣٥٩
دانەی‌بەتمەنیك

حیزبی کومونیستی عیراق رەوشتی دوژمنانەی ریژیمی بەعسی عیراق لە دژی ئیران مەحکوم دەکات ولەشورشی ئیران پشتیوانی‌دەکات

«سوهەیل ئەحمەد» ، ئەندامـی هەیئەتی‌سیاسی‌ووتەویژی رەسمی حیزبی کومونیستی عیـراق ، هەلویستی حیزبـی لە حـاست رەوشتی دوژمنانـەی ریژیمـی بەعسی عیراق لە دژی ئیـران، بەم چەشنەی خوارەوە راگەیاند:

لەم دواییەدا هوروژمی شیتانـەی تاقمە دیکتاتور و شووینیستەکـەی فەرمان رەوای عیراق لە دژی ولاتی ئیرانی دراوسیمان کە خەلکی ئەوی، پیوەندی میژوویی پتەویان لەگـەل خەلکی ولاتەکەمان‌هەیە ، توند وتیژ بووە . ئەم تاقمە دەستی داوەتەکردەوە وقسەوباسی پرلەرق و کینەی‌شیتانە ، کە تەواوی ئەوانە بە ریبازی نەخشەـ کانی ئیمپیریالیزمی‌ئەمریکاوهەلسورـ رانی پیلانگیررانەی ئەودایە لە دژی ریبازی شورشگیررنەی خەلکە کـانی ئیران .

ئـەم کارانە، بە تەواوەتی لەگەل

بولاپەرەی٣

نورەدین کیانوری :
خەلکی ئیران دەبی بتوانن بی‌دەست تیوەردانی هیزەکانی دەرەوە، لەبارەی چارەـ نوسی خویان بەئازادی وبەوریایی بریاربدەن

بولاپەرەی٣

ئیعلامی‌یەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران

قەبوولکرانی گەلالەی شەش ماددەیی، لەلایەن دەولەت ورابەرایەتی شورشەوە، هەنگاویکی گەورەیە بەباری چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان دا

قسەکانی دوینی (روژی سی‌شەممەی رابردوو)ی ئاغای بەنی‌سەدر سەرکومارلە بارەی چارەکردنی مەسەلەی کوردستان بابیکی تازەی لەم فەسلەدا کردەوە و بودەرچوون لە یەکی‌لەگیر و گرفتەکانی هەرە پیچراوە و پرر لە مەترسی ولات، روچنەیەکی هیوای خولقاند.

ئەوان بەچەشنی رەسمی کوتیان گەلاـ لەی شەش ماددەیی (پیشنیارکـراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران) بە هیندی گوررینەوەلە لایەن دەولەت و رابەرایەتی‌شورشە وە قەبوولکراوە. بی‌لەـ بەرچاو گرتنی ئەم گـوررینە، پیویستە بلیین قەبوولکرانی گەلا لەیەك لەبارەی چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی‌کوردستان لە لایەن دەولەتی کوماری ئیسلامی‌ئیرانەـ وە هەنگاویکی گەورەیە بەباری چارەـ کردنی مەسەلەکەدا. ئیمە ئەم‌دەرچوون لەم‌گیر و گرفتە، لە ئیمام خومەینی و کوماری ئیسلامی ئیران و شەخسی سەر کومار پیروزبایی دەکەین.

قسەکانی ئاغای بەنی‌سدر هـەنگاویك بووبە باری ئیجرای پەیامەمیژوویی یەکەی، ئیمام خومەینی‌دا، ئەو پەیامە مزگینی‌دەدا کەهەموو فەرق و جیاوازی وزولمیك‌لەسەر خەلکی کورد لادەبری، وە ئەم لابردنی زولمە دەکەویتە شکلی‌قانونی یەوە و لە کردەوەش‌دا بە جی‌دە گەیەندری .

حیزبی تودەی ئیران گەلی جار رووبی کردوتەوە کە لە کوردستان، لە لایەك کرد وتەوە کە لەکوردستان، لە لایەك میلیونها کەس خەلکی بی بەش و غەدر لیکراوی کورد و هیزە رەسەنەکانی ئەم خەلکە، ولە لایەکی دیکەش هیزەکانی، دژی شورش و بەر دەستەکانی ئیمپیرـ

بولاپەرەی٣

www.zheen.org

بابەپی‌ی پەیامە میژوییەکەی ئیمام خومەینی، مەسەلەی کوردستان لەریگەی هیمنانەوە، بەدابین کردنی مافە نەتە وایە تیەکانی گەلی کوردوبەسودی‌شورشی‌ئیران چارە بکەین

ئیعلامی‌یەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران : لە بارەی وەزعی زانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی بەرز

لەلاپەرەی١

ریگەی‌دژی دوژمنی ئەسلی شورشەکەمان ــ ئەمریکای تاوانبار و دەستە لاتخواز و تالانچی ــ هەلەبکەن.

لەم سەر و بەندەی دوایی‌دا ، کە خەباتی نیوان هیزەکانی شورشگیرر ودژی‌شورش گەیشتوتە لووتکەی خوی، هەولدانی هیزەکانی‌دژی شورش ولە زانستگاکانیش بو هەلە کردنی شورشگیررەکان لە ریگەی پیکهینانی پررش‌وبلاوی‌وئالوزی و پیك هەلپررژانەوە، توند و تیژ بووە.

حیزبی تودەی ئیران چەندسال پیش شورش، وەبی پسانەوە گوررینی بنەررەتی نیزامی خویندنی لە بەرنامەی خوی‌دا گونجاندوە و بو پیکهاتنی ئەوە بە شیلگیری خەباتی کردوە. دوای شورشیش حیزبی تودەی ئیران هەمیشە بو گوررینی‌بنەررەتی نیزامی خویندن تەئکیدی کردوە. ئیستاش حیزبی تودەی ئیران ئەم بیرورایەی خوی دووپاتە دەکاتەوە کە زانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی بەرز هیندی مەسەلەیان هەیە دەبی‌چارەبکرین، **تووشی هیندی گیر و گرفت هاتوون دەبی لابرین.** گرنگترینی ئەم مەسەلانەو ئەم‌گیر و گرفتانەبریەتین‌لە:

١ ــ بنیاتەکانی تاغوتی لە زانستگاکان وناوەندەکانی خویندنی بەرزی ولات، دەتوانری-بکوتری ، **هیشتا هەروا ماونەتەوەو** دەستیان لی نەدراوە . ئەم بنیاتانە دەبی‌بە پی‌ی پیداویستە زەروری‌یەکانی شورشی دژی ئیمپیریالیستی،دیموکراتی و مەردمی نیشتمانەکەمان‌لەبنەررەتەوەبگوررین لەزانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی بەرزی‌ولات‌هیشتا گەلی کەسی تاغوتی مەقامی مەسئول و کورسی دەرس کوتنەوەیان لەبەر دەستدایە. ئەمانە دەبی خاوین کرینەوە.

٢ ــ زانستگاکان وناوەندەکانی خویندنی بەرز جیگایان بو قەبوول کردنی ئەوەندە خویندکارەی کە پیداویستی ولاتە، نی‌یە. لە ریگەی پەرەپیدانی رایەلکەی زانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی بەرزەوە دەبی جیگای‌قەبوول کردنی‌خویندکارتارادەیەکی‌وادابین‌کری کە پیداویستەکانی ولات لەباری‌ئامادەکردنی کادری پسپورری‌یەوە چارەبکری ، وەئیتر ئەوەندەی کە دەلوی پیویست بەناردنی خویندکار بودەرەوەنەبی ، تا لەم ریگەیەوەکار بە دەستەکانی‌ولات ، یاپسپوررەکانی‌عیلم وفەنی‌جوربەجور ، وەکو لەمەپیش‌وئیستاش، پەروەردەی نەك ناوەندەکانی خویندنی ولاتە سەرمایەداری‌یەکانی ئیمپیریالیستی ، بەلکوهی خودی‌ولات‌بن . بەوتەیەکی دیکە، بودابین‌کردنی‌بەخووەژیوی لەباری کادری **پسپورر لەرستە جوربەجورەکانی‌عیلم‌وفەنی‌ئەم‌سەردەمەدا، دەبی بەرنامەیەکی گشت لایە ریکخری و بە شیلگیری ئیجرا کردی.**

٣ــ ئەمە واقیعی‌یەتیکە کەبەشی زوری بە ریوەبەرەکانی بنیاتەکانی ئابووری ، سیاسی ، فەرهەنگی ، خویندن و بیهداشتی دواروژی ئیرانی سەربەخو ، لە زانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی بەرزی ولات تەربیەت‌دەکرین وە لەم بارەیەوە کەم و کورتی جیددی هەیە. بەلام بەبررروای‌ئیمەواقیعی‌یەتیکی دیکەش هەیە کەبەشی‌زوری‌بەریوەبەرانی ولاتەکەمان لە زانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی بەرزی ولاتە ئیمپیریالیستی‌یەکان ، یانی لەو ولاتانەی کە دوژمنی سویندخواردووی شورشی ئیرانن ، تەربیەت‌دەکرین . ئیستا زوربەی‌نزیك بە تیکررای گرنگترین مەقامە بەرپرسیارەکان ئەوانەن کە لە ئەمریکای دنیاخوروئورووپای روژاوای هاوەدەستی ئەمریکا خویندویانە. ئیستا ژمارەی ئەو خویندکارە ئیرانیانەی کە لە ئەمریکا و ئورووپای روژاوا خەریکی خویندنن ، لەسەدهەزار کەس گەلی زیاترە وسالی میلیاردهاتمەن بوخەرجی ئەوان لە بەروبوی رەنجی شانی خەلکەکەمان و دارایی ولاتەکەمان بو خویندن و ژیانی ئەوان ، لە ولات دەردەکەوی . بەلام هەر بەوچەشنە کە دەزانین زور بەداخەوە ، تا ئیستا سەدی چەندیکی زور کەم لەوانەی خویندنیان تەواو کردوە و لەوانەش کە دەخوینن لە خەتی دیفاع‌لە دەسکەوتەکانی شورشی ئیران‌دا ماون ولە داهاتووش‌دا دەمینن.

ئەم واقیعی‌یەتەئیمەوریادەکاتەوە کە ئاوورردانەوەی لە رادەبەدەرلە لایەکی مەسەلەکەوچاونوقاندن لە لاکەی دیکەی ــ کە لایەکی گرنگیشە ــ مەسەلەکان وگیر و گرفتەکان چارەناکات .

سەرنج‌دانەوەی نیزامی خویندن و فیربوونی‌ئیران و تەربیەتی کادری بەریوەبردن بودواروژی ولاتەکەمان، مەسەلەیەکە گرنگی دەرەجە هەوەلی‌هەیە ، وە هەر لەو کاتەش‌دا پیچراوەوەو چەند لایەیە کە بە موتالای زور ورد و بە پرس‌ورای هەمووخاوەن فکران و کارناسان و تەواوی حیزبەکان ، ریکخراوەکان و دەستە سیاسی‌یەکانی لایەنگری شورش‌دەبی بناغەی‌داریژری .

کەلك وەرگرتنی خراپ لەم واقیعی یەتەگرنگ و پیچراوەیە و لەم زەرورەتە میژوویی‌یە، بو داسەپاندنی بیرورای ئینحیسارخوازانەی دەستەیەك لە موحیتی خویندنی بەرزی ولات‌دا ، دەتوانی بەروبوویەکی زور بەئیش‌وداخی بو شورش‌بی .

٤ــ لە تویی ئالوزی شوردنەوە و پیکهینانی موحیتیکی ئارام‌دالەزانستگاکان و ناوەندەکانی‌خویندنی بەرز، دەبی لەهەرجورە کشانیك بەلای ئینحیسارخوازی‌دا پاریزبکری و پیشی ئەوەبگیری . پیکهینانی پشووبررین لە زانستگا سەرناگری ، بەلام‌هەول‌دان لە ریگەی ئەوەدا بە زیانی شورشە. دەبی لە زانستگاکان موحیتی باسی ئازاد و خولقینەر و دوستانە و ئوسولی ، مەسلەن‌لەبارەی مەسەلەکانی سیاسی و برروایی ، نیوان هیزەکان و خاوەنەکانی بیرورای جیاواز، کەلەزانستگا هەن ودەبن، پیك بهینری‌ویتەوکری.

٥ــ لەچارەکردنی‌تەواوی‌ئەومەسلەو گیروگرفتانەدا کەتووشی‌زانستگاکان وناوەندەکانی خویندنی‌بەرزهاتوە دەبی خویندکارەکان هاوبەشی راستەقینەیان هەبی ، نەك روالەتی. تەنیا لەم لایەوەیە کە دەتوانری ئەم مەسەلانە چارەبکرین و ئەم‌گیروگرفتانە بە تەواوەتی لە ناوبیرین.

بەکورتی، ئیمە داواکاری ئالوگوری بنەررەتین‌لە نیزامی خویندنی‌بەرزدابەسوودی‌بەخوداهاتن‌وپەرەگرتنی **عیلم و فەنی ئەم سەردەمە، تەربیەتی کادری پیداویستی** ولات بوبەخوەژیوی‌لەباری‌پسپوررەوەلەهەموورستەکانی عیلمی و فەنی‌دا، بەسوودی پتەوکردنی بنچینەی شورشی دژی ئیمپیریالیستی ، دیموکراتی و مەردمی ئیران ، وە بە سوودی‌دابین‌کردن و جیگیرکردنی ئازادی‌یەکان و مافەدیموکراتی‌یەکان .

بەلام لەمەرر مەسلەی دوەم ، یانی تیکوشانی ریکخراوی دەستە سیاسی‌یەکان لە موحیتی زانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی بەرز پیویستە بکوتری کە حیزبی تودەی ئیران هەمیشە لایەنگری راگرتنی موحیتی باسی ئازاد لە موحیتی زانستگاکان بووە، وە ئەوا شادو دلخوشەکە لەقسەکانی روون کردنەوەیی ئاغای بەنی‌سەدر سەرکوماردا لە بارەی ئیعلامی‌یەی شوررای شورشیش دابین‌کردنی ئەم‌مافەگرنگ و بنەررەتی‌یەی‌خویندکاران کەوتوتە بەرسەرنج و تەئییدی‌رابەرایەتی .

بەلام زور بەداخەوەپیویستەئەمە بکوتری کەهیندی لەدەستە سیاسی‌یەکان بە ناتاگایی وەهیندیکی دیکە ، بەتایبەتی چەپ‌نوینەکانی گیچەل هەلایسین‌وئینحیسارخوازەکانی قیشری وتویکلی ، موحیتی لیك حالی‌بوون و باسی ئازاد و سالمی ناوزانستگایان‌شیواندوەو گەیشتن بەلیك‌حالی بوون‌و یەکیەتی‌یان بو ئامادەیی بەکومەل بو بەربەرەکانی‌ی ئەو خەتەرە گەورەیەی کە هەررەشە لە تیکررای شورشەکەمان دەکا، یانی خەتەری ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ، زور دژوار کردوە.

لە نەتیجەی ئەم هاوروژاندنەدا ، وەهەروەها لە نەتیجەی ئینعیکاسی ئەوخەباتە پیچراوەوەیەدا کە لە تیکرای کومەلی ئیران‌دا جەرەیانی‌هەیە ، لە موحیتی زانستگاکان و ناوەندەکانی خویندنی بەرز، ئەو وەزعە ئالوزەی ئیستا پیکهاتوە .

بەشیکی گرنگ لە هیزەکانی ئیسلامی لایەنگری خەتی ئیمام خومەینی لەلایەك وە هیزەکانی لایەنگری حیزبی تودەی ئیران لەلایەکی دیکەوە، هەمیشە تیکوشاون لە پەیدابوونی موحیتیکی ئاوائالوز و دوژمنانە پیشگری‌بکەن. بەلام زوربەداخەوەدەبی بکوتری‌ئەوەی ئەمرو لە بەرامبەر ئیمەدایەنیشان دەدات کە ئەم تیکوشانە نەگەیشتوتە نەتیجە.

شوررای شورش لە حاست‌ئەم وەزعە پیچراوەوەیە هیندی برریاری‌داوە ، بەبرروای حیزبی تودەی ئیران ئەم‌برریارانە رەنگەبەچەشنی کاتی ببیتەهوی چارەکردنی روالەتی هیندی لایەن وتەزاددەکان ، بەلام ناتوانی ئەم مەسەلەیە بە چەشنی ریشەیی و بنەررەتی‌چارەبکات.

لەم کاتەی ئیستادا کەوەزعیکی‌ئاواتوند و تیژ پەیدا بووە، حیزبی تودەی ئیران بو هەمو دەستەسیاسی‌یەکان پیشنیار دەکا کە برریاری شوررای شورش لەبارەی چول‌کردنی‌دەفتەرەکانی‌خویان لەزانستگاکان‌وناوەندەکانی بەرز ، کە بونەتەبیانوویەك **بو پیکهینانی پررش و بلاوی** و ئالوزی و تیك‌هەلچوون لە زانستگاکان ، بەجی بگەیەنن.

هەر لەوکاتەدا ئیمە لە مەقامە مەسئولەکان و لە دەستە سیاسی‌یەکان داوادەکەین لە هەرکاریکی واکە بەجوری لە جوران بتوانی ببیتەهوی پررش و بلاوی و ئالوزی و تیك‌هەلچوون ، بەجیددی خوبپاریزن ، وە بەهەست‌کردن بەومەسئولی‌یەتە قورسەی کە شورش خستویەتە ئەستوی ئەوان ، بو دابین‌کردنی هاوکاری لە خەباتی یەکگرتووی دژی دوژمنی ئەسلی شورشی دیموکراتی و مەردمی و دژی ئیمپیریالیستی ئیران‌دا ، تی‌بکوشین .

مەسەلەکانی زانستگایی لە هەرباریکەوە ، وەکو تەواوی مەسەلەکانی دیکە، دەبی لە سەربنچینەی‌دابین‌کردنی هاوکاری لە دژی ئیمپیریالیزم و لە دەرەجەی هەوەل‌دا دژی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ، دابین کردنی ئازادی‌یەکان و مافە دیموکراتی‌یەکان ، بو وەدەست هینانی سەرکەوتنی یەکجاری‌شورش ، لە ریگەی هیمنانە و لە ریگەی هەلویستی ئوسولی و خولقینەرەوەچارە بکرین. ئەمە ئەرکیکە کە بەجی‌گەیاندنی ئەوە لە ئەستوی مەقامەمەسئولەکان و هەموو هیزەشورشگیررەکانی راستەقینەیە، بی‌لەبەر چاوگرتنی پیوەندی دەستەیی و مەسلەکی و بررواییی پەوان.

حیزبی تودەی ئیران بەش بەحالی‌خوی و لە رادەی دەرەتانی خوی‌دا ، لەریگەی بەجی گەیاندنی ئەم ئەرکە شورشگیرری‌یەدا ، بە جیددی تیکوشاوە و تیش‌دەکوشی .

کومیتەی ناوەندی
حیزبی تودۀ ایران

١٣٥٩/١/٣٠

له نه‌خوشخانه‌ی شیروخورشیدی سووری مه‌هاباد...

لەلاپەری ٤

کاردەکەن .

گەلی لەم ژنانەبەخیوکردنی مال و مندالیان لە ئەستویەو ، هیندیکیشیان بو یارمەتی دانی بە خیوکردنی خانەوادەیان کاردەکەن . وەزعیان لەباری خانووبیهداشت و لەش ساغی‌یەوە باش‌نی‌یە و لەهەموو خیرو خوشی‌یەك بی‌بەشن.دەستەیەکیان کریگرتەی روژانەن و مانگی (٥٨٠) تا (٩٥٠) تمەن‌وەردەگرن . بیمەنین ، لە خیروبیری ئیستیخدامی کیشوەری بی بەشن ،مەرەخەسی‌سالیانەیان‌نی‌یە کاتی دووگیانیش مەرەخەسیان نادریتی. یەکیکیان دەیکوت دوای‌مندال بوون تەنیا (١٥) روژیان مەرخەسی داوەتی .

زوربەی ئەم ژنانەم لەبەر گیروگرفتی زوری خیزانی و ماندوو بوونی روژانە، بە بەروشی تیکوشانی سیاسی و کومەلایەتی ژنانەوەتین . دەلین دەبی دەرەتانی هاوبەشی کردنی ژنان ، لە تیکوشانی کومەلایەتی و سیاسی‌دا پیك‌بیت ، تا ژنان بەلانی کەمەوە لە کاروباری لە مەرر خویان‌دا هاوبەشی بکەن .

گیروگرفت‌وسکالایان‌ئەمەیە کە : کارەکەیان قورسە ، حەقی زیدەکار کەمەوعادلانە بەش ناکری ، حەق دەستەکەیان کەمە و لە نیوان کارگەران و کارمەندان دافەرق و جیاوازی دادەنری ، وەزعی‌نەخوشخانەکە لەباری ئەسپابی کارەوەشپرزەیە، لەمالەوە ژیانیان باش‌نی‌یە و نایان‌پەرژیتە سەر مندالەکانیان.

ئەم ژنەکارگەرانەدەیانەوی جیگای باش‌بوراگرتنی‌مندالانی ژنانی کارگەر پەیداکری ، وەرادەی فەرهەنگی ژنان بەرز کریتەوە .

ئەوان‌دەلین‌ئیستاش‌وەزعیان هەر وەك جارانە و فەرقی نەکردوە .ئیستاکەشورش کراوە و هەزاران شەهیددراوە و ، هەزارانیش شەل و کوت‌بوون، دیـان بەشی ئیمە هەر فەرق و جیاوازی و چارە رەشی‌یە، وەزعی نەخوشخانەکە ئەوەندە باش‌نی‌یە بتوانی بە نەخوشی‌ئەم ناوچە بەرین و هەراوە رابگات، لە مالیشەوە وەزعمان ئەوەندە باش‌نی‌یەبحەسیینەوە. دەمانەوی وەزعمان لە بنەررەتەوە بگورری .

دامەزراوبی‌یەکیەتی تەواوی هیزەدیموکراتی ودژی‌ئیمپیریالیستیەکانی ئیرانلەبەرەی یەکگرتووی خەلك‌دا

www.zheen.org

هاوری نورەدین کیانوری:

خەلکی‌ئیران دەبی‌بتوانن بی‌دەست تیوەردانی هیزەکانی دەرەوە، لەبارەی چارەنوسی خویان بەئازادی وبە وریاپی بریاربدەن

لەلاپەرەی ١

روژنامەی کەیهان رای‌هیندی لە شەخسی یەتەکانی لەبارەی «نە شرقی نەغربی» پرسیوە . وەلامی‌هاوری‌نورەدین کیانوری بو ئەم پرسیارە ، لە روژنامەی کەیهان ٢٨ی مانگی خاکەلیوەدا بلاوبوتەوە و ، ئەوالە خوارەوە دەخرێتە بەر چاوی خوینەرانی‌نامەی «مردم».

خەلکی سەرانسەری نیشتمانەکەمان دەبی بەخەباتی شیلگیر ، سەربەخویی، کە حەقی تەبیعی خویانە جیگیر کەن و بە بی‌دەست تیوەردانی هەرهیزیکی دەرەوە و بەبی‌تەئسیری‌هەر قودرەتیکی غەیرە ئیرانی ، لەبارەی چارە نوسی خویان بە ئازادی و بەوریایی بریاربدەن .

خەلکی ئیران دەبی بتوانن‌بەرەئی ئازاد و ئاگای خویان ئەو ریگەیەی کە بوسەر کەوتن‌وپیشکەوتنی کومەلایەتی خویان بەدروستی دەزانن ، هەلبژیرن .

خەلکی ئیران دەبی بتوانن لە هەموو باریکی سیاسی، ئابوری، نیزامی و فەرهەنگی‌یەوە، بە بی «بەستراوەیی» بە هیچ دەستەلاتیکی هەندەرانەوە ، ئەوەی کە بە سوودی خویانی دەزانن بریاربدەن و بیکەن .

مانای سەربەخویی هەر لەو کاتەدا ئەمەیە کە ئیران لە کاروباری ناوەوەی گەلەکانی دیکەو ولاتەکانی‌تردا دەست تیوەرنەدات و دەست دریژی نەکا بو سەرمافەکانی گەلەکانی دیکەلەدەرەوەی سنوورەکانی ئیران . وە دروشمی «نە شەرقی نە غەربی» لەچوارچیوەی ئەو مانایەی سەربەخویی‌دا کە لە سەرەوە باسکرا ، شایانی قەبوولە بەم مانایە کەئیمە«وابەستە» بەهیچ دەولەتیك نابین وە بودیاری‌کردنی سیاسەتی خومان لە هەموو باریکی ژیاندا، وە شوین هیچ دەولەتیك ناکەوین . ئیمە دروشمی «نە شەرقی ، نە غەربی» لە چوار چیوەی ئەم قسانەی ئیمام خومەینی‌دا ، کە کوتویەتی ئیمە لەگەل هەر دەولەتیك کە ریز و حورمەتی مافەکانی ئیمە بگریت‌و دوستایەتیمان لەگەل بکات ، دوستین وە لەگەل هەر دەولەتیك کە پیەوی مافە میللی‌یەکانی ئیمە پی‌شیل‌کات و دوژمنایەتیمان لەگەل‌بکات،دوژمنین، تیدەگەین و قەبوول دەکەین . ئیمە لەگەل قەبوولکردنی بی‌لامجومی ئەم ئەسلە ، لەگەل بیرورای ئەو کەسانە و ئەو دەستە و تاقمانە کەهەولدەدەن دروشمی «نەشەرقی، نەغەربی»بشیوینن و دوست و دوژمنی خەلکەکەمان و شورشەکەمان لە رادەیەکدا دانین و ئەم دروشمەبخەنەشکلی دوژمنایەتی‌یەوە لەحاست‌دوستان ودوژمنانی‌خەلکەکەمان و شورشەکەمان ، وەگەلی جارتەنانەت بە خولقاندنی دوژمنایەتی مەسنوعی لەگەل دوستانی شورش و خەلکەکەمان گویا سەربەخویی خویان نیشان‌دەن ، بەتوندی موخالیفین ،وە ئەوە بەهەول دانیك دەزانین بەباری جیگیرکردنی وابەستەیی‌دا بەئیمپیریالیزمی دنیاخورەوە ، بە سەرکردەیی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا . ئەمرودنیابە دووئوردوگای گەورە بەشکراوە . ئوردوگای ولاتە ئیمپیریالیستی‌یەکانی پیکهاتوو لە ئەمریکا، کانادا وئوروپای روژاواو ژاپوون وئیسرائیل و ولاتەکانی ژیردەستەلاتی‌ئوردووگاوەك‌میسر، ئەندونیزی ، مەراکیش و عەرەبستانی سعودی و هی‌دیکەی وەك ئەوانە لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین . ئەمە ئوردوگای گەورەی هیزەکانی ئیمپیریالیستی و کونەپەرستی‌یە کە لەلایەن تاقمی خاین و رابەرایەتی کوماری خەلکی چینەوە پشتیوانی لی دەکری. لە بەرامبەر ئەم ئوردوگای تاوان و دەست دریژی و زولم و نالانەدا ، ئوردوگای مەزنی هیزەکانی دژی ئیمپیریالیستی‌هەیە کە ولاتە سوسیالیستی‌یەکان، جولانەوەی‌رەسەنی کارگەری ولاتە سەرمایەداری‌یەکانی بە خوداهاتوو، وە تەواوی جولانەوە رەسەنەکانی رزگاری خوازی میللی لە «دنیای سی‌یەم» دەگریتەوە کە ئیستا لەدەیان دەولەت دەستەلاتیان گرتوتەدەست ، وەسیاسەتی رووناك و بررای دژی ئیمپیریالیستی بەدەستەوە دەگرن . بوتیکوشەرەکانی ریگەی سەربەخویی‌میللی‌ئیران‌ئەم‌دووئوردووگایە نەك تەنیا بەرامبەرنین ، بەلکو لەدو و ئوختەی ئە زادریش‌دان. سیاسەتی ئوردوگای ئیمپیریالیستی لە تیکرای خوی‌دا هەرئەوسیاسەتەی‌ئیمپیریالیزمی ئەمریکایە لە حاست ئیران کەپیویست ناکات لی‌ی بکولینەوە ، لە کاتیك‌دا سیاسەتی ئوردوگای دوەم سیاسەتی دوستایەتی و پشتیوانی گشت‌لایەیە لە شورشی ئیران و ئیمە لە کردەوەدا ئەوە دەبینین .

کوررەکانی سەر بە ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و سەرمایەداری لیبرالی‌ئیران، کە لەباری چینایەتی‌یەوە بەشیکن لە سەرمایەداری جیهانی وە بە چەشنی تەبیعی یەکگرتووی‌بالقوەی‌سەرمایەداری جیهانین ، هەول دەدەن «سەربەخویی» لە چوارچیوەی سود و مەسلەحەتی خویان‌دا تەنگە بەرکەن و بە شیواندنی دروشمی «نە شەرقی و نەغەربی» بەباری‌خولقاندنی‌دوژمنایەتی مەسنوعی‌دا لەگەل ولاتە سوسیالیستی‌یەکان و ولاتەکانی دژی ئیمپیریالیستی «دنیای سی‌یەم» و جولانەوە رەسەنەکانی رزگاری بەخشی‌میللی ـ ئیمپیریالیزمی جیهانی بە سەرکردەیی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا لە ژیر زەبری خەباتی سەربەخویی خوازی خەلکی ئیران دەرهینن . ئەوان هەموو روژی بە دروهەلبەستن‌ودروهەلرشتن‌شتیکی تازە بوهاوروژاندن و بەهەلەبردنی خەباتی گشتی خەلك لە دژی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ، دەهیننە سەرشانو . بی‌گومان کەسانی وەك ئەمیرئینتیزام، نەزیە ، موقەدەم مەراغەیی و دەریادار عەلوی لەلایەك ، وە تاقمەکانی سەربە ئیمپیریالیزم و سەهیونیزم کە هیندیکیان بەماسکی ئەو پەرری چەپەوە و هیندیکی دیکەشیان بە ماسکی ئەو پەرری «ئیسلام»ەوە ، لە مەیدانی کاردان ، لەم «ئاوشلوی کردنەدا»زور توند و تولن.

حیزبی کومونیستی عیراق...

لە لاپەرەی ١

کردەوەی کارتیر ریکدەکەون کە بریەتی‌یە لەدریژەدانی‌رەوشتی‌دوژمنانە لە حاست ولاتی ئیران . رابەرەکانی حیزبی بەعسی‌حاکم (حیزبی رەستاخیزی عیراق) لە روژی روخانی ریژیمی دیکتاتوری شاهەنشاییەوە، ئەم ریگەیەیان گرتوتەبەر .مەسەلەی‌سنوورەکانی خویان بو کەسانی ساواکی و بەکریگیراوەکانی شای لیکەوتوو ئاوالە کردوە ، سەروکەکانی عەشایەر و فیئودالەکان و بەردەستەکانی ئەوان، هەروەها هیندی دەستە و تاقمی‌سیاسی دژی شورشی ئیرانیش بەپوول وچەك ئامادە دەکەن و ئەوەی پیویستە فیریان ئامادە دەکەن و ئەوەی پیویستە فیریان خوزستان و کوردستان .

لەم کاتەدا کە کارتیر شەرری ئابوری لە دژی ئیران و پساندنی پیوەندی دیپلوماسی لەگەل ئیران راگەیاندوە و هوروژمی هەررەشە و کوررەشەی توند و تیژ کردوە و گەلەکەشتی جەنگی ناردوتە ئاوەکانی ناوچەکە ، بەلی ، بەتایبەتی لەم روژانەدا دەنگی ژاندارمی خوبریلەسەدام حوسەین بەرزبوتەوە و دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی عیراق دەستیان‌کردوە بەقاوقیژی بەهەلەبەر .

تاقمی فەرمان‌رەوای‌عیراق‌هەزاران مالی بی‌گوناهی لە شارەکانی عیراق و لە نەتەوەکانی کورد و عەرەب. بەبیانووی ئەمە کە ئەسلەن ئیرانین ، لەو پەرری وەحشی‌یەتیدا لە مال و حالی خویان دەرکیشاوە و لەدەشت و بیابانی و شاك وداغی نزیك سنووری ئیران هەلی‌رشتوون. لەدژی سەفارەتی ئیران لە بەغدا دەستی کردوەبەکاری دزیو و ناحەز ، واحیدە نیزامی‌یەکانی خوی‌بولای‌سنووردەنیریت و کردەوەی پیلانگیرانەی جەنگی دەکات.

تەواوی ئەم کارانە دوای گیجەل نانەوەی دوژمنانە و ژیاندنەوەی‌کونە کیشەی سەرسنووردەکرین ، کە لە زەمانی حەمەرەزای‌پەهلەوی‌ـ‌ژاندارمی پیشووی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ، لەبارەی ئەو کیشەیانە بی‌دەنگەی کردبوو ، وەتەنانەت‌وازیشی هینابوو .

فەرمان رەوایانی بەعسی عیراق سەررەرای ئەم جورەکارانە ، بەرهەم هینانی نەوتی عیراقیشیان بو تولە کردنەوەی‌نەوتی‌ئیران کە لەکومپانی‌یە ئیمپیریالیستی‌یەکان‌برراوە، زیاد کردوە، وەبو خزمەت کردنی ئەم کومپانیانە ، نەیان هیشت ریکخراوەی ئوپیك نرخی نەوت زیادکات .

ئەم کردەوەیە تەنیا لە دژی خەلکەکانی ئیران و سود ومەسلەحەتی ئەوان، و ریبازی دژی ئیمپیریالیستی و دژی سەهیونیستی ئیمام‌خومەینی‌نی‌یە، بەلکو لە دژی سود و مەسلەحەتی خەلکی عیراق و تەواوی‌خەلکەکانی‌عەرەبیشە، وە نیشاندەری قەیران و ئالوزی‌سەختی ناوەوەی ریژیم و توورڕەیی کومەلانی خەلك لە ریژیمی دیکتاتوری عیراق، وە هەلە کردنی بیرورای خەلکەکانی عەرەبەلە خەباتی دژی پیلانەکەی کارتیر ــ بیگین ــ سادات .

هەر لەبەر ئەمەشە کە دەبینین ئەم جورە کردەوەیە هاوزەمانە لەگەل ئیعلانی شەرر لە دژی کوماری‌دیموکراتی یەمەن و ریکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستین و دریژەدان بە هەلسوورانی پیلانگیرانەلەدژی‌سوریە وکردەوەی کاولکاری‌لە دژی بەرەی خوراگری‌عەرەب‌بو پیکهینانی کونگرە لە هیندی کەسی بەکریگیراولە بەغدا لە جیاتی کونگرەی خەلکی عەرەب‌پیکهاتوولە پتر لە (١٥٠) ریکخراوو دەستەی عەرەبی‌ـ‌نوینەرەکانی‌تەواوی کومەلە سیاسی‌یەکانی دنیای عەرەب ، بو پەك خستنی‌خەباتی دژی قەرارەکەی کەمپ دیوید . تەواوی ئەم‌کارانە بەهاودەنگی‌وهاوکاری لەگەل دەولەتە کونەپەرستەکانی‌ناوچەکەدەکرین.

حیزبی کومونیستی‌عیراق‌شان‌بەشانی خەلکە براکانی ئیران ، لەخەباتی دژی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا وکنەلك و پیلانەکانی تاقمە فەرمان‌رەواکەی بەغدادا، وە بو خولقینەری‌داهاتووی ئازاد وبەختەوەرو‌یستاوەودەش‌وەستی. ئەم هەلویستەی ئیمەگەلی جارلەوتارو لە بیرورا دەربررین لە روژنامە و گوفاری حیزبدا ، وە هەروەها لە کردوە وتیکوشانی‌دژی‌ریژیمی کوشت و برر و خوین خوری عیراق‌دا، نیشاندراوە .

ئیستاش حیزبی ئیمە لە حاست کردەوەی تازەی فەرمان رەواکانی بەغدا لەدژی سوود و مەسلەحەتی هەر دووخەلکە براکانی ئیران و عیراق و لە دژی‌سوود و مەسلەحەتی‌خەلکەکانی عەرەب ، توورڕەیی و بیزاری خوی دەردەبرری ، وە بەشیلگیری خەباتی خوی لەگەل‌حیزب و هیزە نیشتمانی‌یەکانی دیکە بوروخاندنی ریژیمیکی نیشتمانی و دیموکراتی لە جی‌ی ئەو، کەلەگەل خەلکەکانی ئیران‌وخەلکەکانی عەرەب‌بیت ، دریژەدەدات . بو گەیشتن بەم ئامانجە حیزبی ئیمە زور بەجیددی بویەکیەتی ریزەکانی هەموو حیزب وهیزە پیشکەوتخوازەکان ــ کەلەبەرەیەکی نیشتمانی و دیموکراتی‌دا یەکبگرن ــ لە هیچ تیکوشانیك کوتایی‌ناکات .

ئیعلامی‌یەی کومیتەی‌ناوەندی حیزبی‌تودەی ئیران قەبوولکرانی گەلالەی شەش ماددەیی ...

لەلاپەرەی ١

یالیزم و ریژیمی بەعسی عیراق هەن.

حیزبی تودەی ئیران گەلی جار روونی کردوتەوە کە دەبی ویستە قانونی یەکانی خەلکی کورد دابین کری، وەلەم بارەدا دژی شورش ئاشکرا دەبی و تاق دەکەوێتەوە و بە دەست خودی خەلکی کورد سەرکوت دەکری.

حیزبی تودەی ئیران برروای پتەوی‌هەیە کە چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان لەسەربنچینەی پەیامی‌میژوویی ئیمام خومەینی و لە سەربناغەی نەهیشتنی زولمی نەتەوایەتی لەسەر گەلی کورد و بەسودی شورشی ئیران و پتەو کردنی کوماری ئیسلامی ئیران، دەرەتانی هەیە و دەگونجی وە گەلی جار پیشنیاری بە دەولەتی کوماری ئیسلامی ئیران داوەکە ئامادەیە لەم زەمینەیە دا بە دلسوزی و سادقانە کومەك و هاوکاری بکات.

ئیستا کە ئاغای بەنی‌سەدر هەنگاوی بنەررەتی لەم ریگەیە داناوە و موافەقەتی رابەرایەتی شورشی لە گەل گەلالەی ناوبراو (بەگوررینیکەوە) راگەیاندوە ، ئیمە تەواوی هیزە نیشتمانی وپیشکەوتخوازەکانی کوردستان بانگ دەکەین کە ئەوانیش ئەم هەنگاوە گەورە وگوررانە کەیفی‌یە بە چەشنی پیویست بەنرخ‌بزانن و ریزی‌خوین و حیسابی خویان لەهیزەکانی دژی شورش بە تەئی و بە یەکجاری جیا کەنەوە، وە بە باری هیزە شورشگیرەکانی ئیران‌دا، لە سەنگەری دیفاع لە کوماری ئیسلامی ئیران و دەسکەوتەکانی شورشە گەورەکەی ئیران‌دا جیگیربن.

ئیمە هیزە رەسەنەکانی گەلی کورد بانگ دەکەین کە بو بررینەوەی شەرری براکوژی، کومەك کردنی دەولەتی کوماری ئیسلامی ئیران لە دیفاع کردن لە سەربەخویی و تەواوەتی ئەرزی‌ئیران‌دا، لەبەرامبەر پیلانەکانی ئیمپیریالیزمی‌خوین خوری ئەمریکا و ریژیمی بەعسی‌عیراق و دژی شورشی ناوەوەدا، لە هیچ گیانفیدایی یەك دریغی نەکەن.

بودەولەتی کوماری ئیسلامی ئیران و شەخسی سەرکوماریش پیشنیار دەکەین کە گەلالەی قەبوولکراو لەبارەی کوردستان بە خیرایی راگەیەنن و هەیئەتی تایبەتی کوردستان، لەگەل نوینەرانی راستەقینەی گەلی کورد بو چارەکردنی یەکجاری‌مەسەلەکە بکەونە وتوویژەوە، لەم ریگەیەوە بە ردەستەکانی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و ریژیمی بەعسی عیراق تاق دەکەونەوە، وە دەر دەرین.

کومیتەی ناوەندی
حیزبی‌تودەی ئیران

١٣٥٩/٢/٣

ئاهەنگی ریکخراوی حیزبی‌تودەی‌ئیران لەمەهاباد

لەلاپەرەی ١

کوردستانی‌ئیران لە سالی١٣٢٥دا، وە-ئیعدامی رابەرەکانی گەلی کورد بە ئەسپاردەی‌راستە و خوی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و بەدەست سەرلە پیناوەکانی وەك حەمەرەزا، ئەواموسەلتەنە و رەزم‌ئارا کرا.

هاوری گەلاویژ لە بەشیکی دیکەی قسەکانی خوی داکوتی: «ئەمریکا خەریکە بە پشتیوانی ولاتە ئیمپیریالیسمی‌یەکانی‌ئوروپای روژاواو دەولەتە دەست نیژەکانی وەك مەراکیش، میسر، پاکستان و عەرەبستانی سعودی، شورشی ئیران بشکینی. گەلە کەشتی جەنگی ئەمریکا لەخەلیجی فارس، ئوقیانوسی هیند، دیاگو گارسیا وەلە نزیکی عومان و بەحرەین دامە زراوە و ئامادەی هوروژمی نیزامی یە بو سەر ئیران».

هاوری گەلاویژئەوسا تەئکیدی کرد کە: «مەسەلەی گرنگی ئەمروی ئیران نەجات دانی شورش وشکاندنی ئیمپیریالیزمە. مەسەلەکانی دیکە لە چاو ئەم دووە، ناگرنگن و بە دوای ئەم دوانەدا دین. مەسەلەیەکی دیکە کەئیمە لەگەلی بەرەو رووبوین ناسین و جیاکردنەوەی دوستە لە دوژمن ، لە خەباتی ژیانیمان‌دا لە دژی ئیمپیریالیزم ئیمەدەبی لەسەرانسەری دنیا ئەوولاتانە و ئەو هیزانەی کە دوستی‌ئیمەن و لە دژی ئیمپیریالزمی ئەمریکان، لەخەباتی‌خومان دائامادە کەین و لە پشتیوانی کردنی ئەوان بەهرەمەندبین . مەسەلەی ئەمروکەی ئیمە یەکیەتی‌یە، یەکیەتی ئوسولی لەسەر بنچینەی هاوکاری تەواوی‌هیزەکانی مەردمی لە ژیر رابەرایەتی ئیمام خومەینی‌دا، کە ئیسپاتی‌کرد ـ وە دەتوانی تەواوی میللەت لە دژی شەیتانی گەورە یەککرتووکات».

هاوری گەلاویژ لە کوتایی قسەکانی داکوتی: «ئەمرو، کە حیزبی تودەی‌ئیران، حیزبی‌چەشنی نوی‌ی چینی کارگەری ئیران، بە میژووی پرر لە شانازی خویەوە، لە خەتی مەردمی و دژی ئیمپیریالیستی ئیمام خومەینی بە هەموو توانای خویەوە پشتیوانی دەکات، دەبی هەمومان دەست بدەینە دەستی یەکتر وە لەم خەتەقاتیعەی ئیمام پشتیوانی بکەین».

لەم ئاهەنگەدا ئەوسا، شیعری (ئەمریکا، ئەمریکا)ی سیاوشی کسرایی خویندراوە و لە کوتایی دا شانویەك لەبارەی خەباتی‌دژی ئیمپیریالیزم‌پیشان درا. ئەم ئاهەنگە بە گورانی کوردی «ئازادی خواین» تەواو بوو.

www.zheen.org

به بانگ کردنی سەرکومار

خوپیشاندانیکی چەند هەزار کەسی دژی پیلانەکانی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و دژی شورشی ناوەوە کرا

خەلك لە پیش هیلانەی جاسوسی ئەمریکا، دوژمنی ئەسلی شورشی ئیران، ئیمپیریالیزمی ئەمریکایان مەحکوم کرد

روژی سی‌شەممەی رابردووبە دوای بریاری شورای شورش دا لە بارەی چول کردنی دەفتەرەکانی دەستە و ریکخراوەکانی سیاسی لە زانستگا ـ کە چول کران ـ چەند سەدهەزار کەس لەخەلك، لەشەقامەکانی دەور و بەری زانستگا و هیلانەی جاسوسی کو بوونەوە، لەم خوپیشاندا نەدا دروشمی جوربەجور لە دژی ئەمریکا و فەرهەنگی ئیستیعماری ؛ وەهەروەها هیندی دروشم بو پشتیوانی کردن لە رابەرایەتی شورش درا کە هیندیکیان ئەوا بوون:

ـ بمری ئەمریکا
ـ بە کریگیراوی ئەمریکایی، دەبی لە زانستگا وەدەرنرین
ـ سلاولە خومەینی
ـ فەرهەنگی ئیستیعماری دەبی لە ناوبیری

لەزانستگا ئاغای بەنی‌سەدر سەرکومارلەبارەی مەسەلەکانی زانستگایی و مەسەلەی کوردستانیش قسەی کرد. وەلە کوتاییدا، بو وەلام دانەوەی پیلانەکانی ئەمریکا لەدژی ئیران بچنە پیش هیلانەی جاسوسی .

خوپیشاندەرەکان لە سەر داوای سەرکومار بولای هیلانەی جاسوسی رویشتن.

لە پیش هیلانەی جاسوسی حجەالاسلام خوئینیها لە بارەی وەزعی زانستگاکان و پیویست بوونی گوررانی بنەرەتی خویندن و فیر بوون قسەی کرد پاشان خوپیشاندەرەکان هیلانەی جاسوسیان بەجی‌هیشت و بلاوەیان کرد.

ئاهەنگی ریکخراوی حیزبی تودەی ئیران لە مەهاباد

ـ **لە هەرجیگەیەك میللەتیك بو سەربەخویی راپەرریوە، ئەمریکا لە بەرامبەریدا ویستاوە**

ـ **مەسەلەی ئەسلی ئیران نەجاتدانی شورش و شکاندنی ئیمپیریالیزمە**

ـ **لە خەباتی دژی ئیمپیریالیزمدادەبی دوست و دوژمن لە یەکتر جیاکرینەوە**

بە بونەی پسانی پیوەندی لەگەل ئەمریکا، روژی ۲٤ی مانگی خاکەلیوە، بەبانگ هیشتنی حیزبی تودەی ئیران ـ ریکخراوی مەهاباد، لە مەدرەسەی ناوەنجی شەهید عەزیزی یوسفی ئاهەنگیك گیرا.

لەم ئاهەنگەدا، کە بە گورانی حیزبی تودەی ئیران دەستپیکرا، هاوری عەلی گەلاویژ، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران، لە توی قسەکانی دا، لەگەل ئیشارە بو میژووی دەستەلاتی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا بەسەر ئیران دا گوتی:

«خەلکەکانی ئیران بونەوەی دەستی جلەی ئەمریکا لە ئیران کوتا کەن دەها هەزار شەهیدیان دا تاشورشی گەورەی خویان بکەیەنە سەرکەوتن. دەستەلاتی ئەمریکا لە ئیران لە میسویرەکانی سەرهبی یەوە دەست پیکرا وگەیشتە دەها هەزار کارناس و جاسوس و ئاخرەکەی ژەنرال هویزر، کەلە کوتاییەکانی شورش دا هەمە ـ کارەی ئیران بووە».

هاوری گەلاویژلی زیاد کرد: «لەبارەی تەئسیری دەستەلاتی ئیمپیریالیزم بەسەر ئیران دا پیویستە بکوتری لەبازرگانی دەرەوە، بە تایبەتی لە سالەکانی ئاخری ریژیمە چەپەلەکەی پەهلەوی دا رادەی واریداتی ئیران ۲۵ ئەوەندەی سادیراتی بوو. وەلەبەرئەمە ئیران ناچار بووهەمووسالی نزیکەی ۱۵ تا ۱۸ میلیارد دولار کەم و کورتی بازرگانی دەرەوە بدات. نزیکەی ٤۰ تا ۵۰ هەزار کەس نیزامی و غەیرە نیزامی ئەمریکایی لە ئیران بوون کە بە ئیعتیرافی شای لیکەوتوو هەریەکەی سالی نزیکەی ۱۵۰ هەزار دولاریان لە ئیران وەردەگرت».

هاوری گەلاویژ گوتی: «ئیمپیریالیزمی ئەمریکا دوژمنی سەربەخویی و ئازادی هەموو ولاتەکانە. لە ویتنامە وەتا کوبا، لە ئەتیوپیەوە تا ئەنگولا، لە کوریا وە تا ئیران. لە هەرجیگەیەك میللەتیك بودیفاع لە سەربەخویی وحاکمیەتی خوی راپەرریوە، ئیمپیریالیزمی ئەمریکا لەبەرامبەریاندا ویستاوە. ئیمپیریالیزمی ئەمریکا، ئەم دوژمنە خوین خورەی ئاشتی جیهانی و هیمنایەتی‌ناو میللەتان، هەموو چەشنە دەستە بەندی‌یەکی نیزامی دروست کرد وە تا لە دژی ولاتەسوسیالیستی‌یەکان‌وسەربەخو بکەویتە کار ، وەلە قازانجی مونوپولەکانی ئیمپیریالیستی‌دیفاع بکات. هورووژم کردن بو سەر

بولاپەرەی۳

لە نەخوشخانەی شیروخورشیدی سووری مەهاباد ژنانی کارگەر، داوای گوررینی بنەررەتی کاروژیانی خویان دەکەن

نەخوشخانەی شیر و خورشیدی مەهاباد ، تاقە نەخوشخانەی ناوچەکەیە . جگە لەنەخوشەکانی‌شاری مەهاباد ، هیندی نەخوش لە شارەکانی دیکەشەوە، وەك :بوکان، سەردەشت، شنو ، سەقز ، سنە ، وە تەنانەت لە مەراغە و ورمیشەوە دین . لەم نەخوشخانەیە (۳٦) ژنی کارگەر کاردەکەن .

ژنە کارگەرەکانی نەخوشخانەی مەهاباد زوربەیان نەخویندەوار یا کەم خویندەوارن . ئەمانە لە بەرنەداری و ناچاری رویان کردوتە ئەم کارە . کارەکەیان‌خزمەتکاری، چیشت‌لینان ، جل شوری و خەیاتی‌یە . (۱۸) کەسیان خەلکی شارن وهەشت کەسەکەی دیکەیان دیهاتین ، مال و حالی خویان بەجی هیشتوە و بو پەیداکردنی کار و نان‌هاتونەتە شار . هیندیکیان (۱۵) سالە و هیندیکیشیان (۳۵) سالە

بولاپەرەی۳

خەباتی پارتیزانەکانی کومونیستی عیراق و یەکگرتوەکانی ئەوان لە دژی ریژیمی دیکتاتوری سەدام حوسەین

لەم روژانەدا، دەستەی پارتیزانی لە حیزبەکان و ریکخراوە سیاسی‌یەکانی جوربەجور، بە هەمووناوچەکانی کوردستانی‌عیراقدا دەگەررین و لەم لا ولەولا بەرەنگاری هیزە چەکدارەکانی ریژیمی دیکتاتوری وخوین‌خور، وە تاقمە بەکریگیراوەکانی دەولەتی دەبن. لە ناو دەستە و تاقمەکانی پارتیزانی دا دەستەی چەکداری تایبەتی کومونیستەکان هەن کە لە پیك هەلپرژانی سەختی دژی هیزەکانی دەولەتدا ها وبەشی دەکەن.

مەسەلەن روژی ٤ر۱ر۵۹ لە دیی (قزلەر) کە لە چەند کیلومیتری شاری سولەیمانی هەلکەوتوە ، لە نیوان دەستەیەکی(۱٦) کەسی‌چەکدار لە کومونیستەکان و هیزەکانی دەولەتی دا شەریکی سەخت روی‌دا.

کاتی ئەم‌دەستەیە لەودی‌یە بووو،چوار هیلیکوپتیر نزیکەی (۱۲۰) کەسی لە بە کریگیراوەکانی دەولەتی دابەزاند و سەعات ۵ر۱۲ی پاش نیوەرو شەرردەست پیکرا، چەند هیلیکوپتیری‌دیکەلە ئاسمان پەیدا بوون و پارتیزانەکانیان وەبەر راکیت و بومبادا. شەررە کە دریژەی کیشا و سەعات بە سەعات سەخت‌تردەبوو. هیلیکوپتیرەکان سەرباز و بەکریگیراوی‌دیکەیان‌دابەزاند تا ژمارەیان گەیشتە پتر لە شەش سەدکەس.

نزیکەی سەعات۳ی پاش نیوەرو دەستەیەکی چەکدار لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە (۱۰) کەسی تیکوشەر بوون، هاتنە یارمەتی پارتیزانەکانی کومونیست. شەرر تانزیکەی ٦ر۵ پاش نیوەرو دریژەی کیشا. لە تەواوی ئەو ماویەدا پتر لە بیست هیلیکوپتیری‌جەنگی و نەفەربەر بەئاسمانی‌ئەوی‌دا دەخولانەوە.

لەم شەررەداپینج کەس لەکومونیستەکان شەهیدبوون و دووکەس لەپارتیزانەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بریندار بوون.لە شەهید و بریندارەکان دوانیان عەرب بوون.

لەم شەررەدا، هیزەکانی دەولەتی چ لە باری ژمارەوە وچ لەباری چەکەوە، بە چەشنیکی وا تەیار بوون کەلە چاو پارتیزانەکان شایانی باسکردن نی‌یە. بەلام پارتیزانەکان، سەررای‌ئەو نابەرامبەری‌یە، مەیدانیان بە جی نە هیشت و قارەمانانە دەستیان‌کردەوە، تا ئاخرەکەی هیزەکانی دەولەتیان شکاند و ناچاریان کردن کە بە هیلیکوپتیرەکان راکەن.

لەم شەررە دریژەدا (۱۸)کەس لە هیزە تایبەتی‌یەکانی دەولەتی (کوماندو) وە هەشت کەس لە بەکریگیراوەکان، کە یەکیکیان سەروکەکەیان (یاسین پاخیانی) بوو کوژران، دوازدە کەس لە بەکریگیراوەکان و هیندی لە سەربازەکانیش بریندار بوون.

دوای بررانەوەی شەررەکە، دیسان پارتیزانەکان چوونەوەئەوری‌یەوشەهیدەکانی‌خویان‌ناشت‌و گەررانەوە بنکەکەی‌ئەویان. روژی دوایە ژمارەیەکی زور سەرباز و بە کریگیراو هاتنە گوندەکە، قەبری شەهیدەکانیان هەلکەند و تەرمی شەهیدکانیان برد بوشار.

بەم جورە شەرریکی تازە لەوشەرزانەی کە لە نیوان پارتیزانەکانی کومونیست و هیزە نیشتمانیە رووەرەکانی دیکە لەگەل هیزەکانی دەولەتی‌داروودەرات کوتایی‌هات وەناوی گوندی (قزلەر) لە میژوودا جیی خوی‌گرت.

تاقمی فەرمان رەوای عیراق، شەرری لەدژی خەلکی عیراق و خەلکەکانی‌عەرب و ئیران راگەیاند وە، بەلام بی‌گومان ئەم تاقمە خوی لەم شەررەدا دەشکیت.

www.zheen.org

لەناوبردنی گەورەمالیکی پیداویستی زەروری شورشە، زەبریکە لەئیمپیریالیزمی پیلانگیرر، خزمەتیکە بەبوژانەوەی ئابوری کشت و کالی وویستی قەتعی وەرزیرە زەحمەتکیشەکان

نامة

مردم

ئۆرگانی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران بە زمانی کوردی

ساڵی یەکەم ـ ژمارەی ٢١
یەکشەممە ١٨ی مانگی جوزەردانی ١٣٥٩
دانەی بە تمەنێك

دژی شورش خەریکی پیلانی فراوانترە لە کوردستان!

□ ریـژیمـی بـەعسی عیـراق ، بـە شەرتی خەبات بوروخاندنی کوماری ئیسلامی ئیران ، هەرکەس داوای چەك بکا، دەیداتی.

□ ریژیمی بەعسی عیراق ، خوی بەمودافیعی مافەرەواکانی خەلکی کورد، دەنوینی.

نەواری سنووری ئیران و عیـراق ، بوتە رەپیلگەی بەردەستەکانی گەورە وبچوکی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ، ریژیمـی بەعسی عیراق و نوکەر و بەکریگیراوەکانی ریژیمە چەپەلەکەی شای لیکەوتوو، ئەربابانی ئیمپیریالیست و بەعسی ، شەبیوری کوبوونەوەلی دەدەن ، هیزەکانی خویان ئامادە دەکەن و سان دەبینن ، تا تەواوی هیری خویان بو توند و تیژکردنی ئالوزی وەزع و فراوان کردنەوەی شەرری براکوژی بخەنەکـار . لافاوی چەکی سووك و قورس لـەو دیوی سنوورەوە روی کردوتە ئیران. بو سەوداکەرە کانی مەرگ و فەوتان بە هیچ جوری گرنگ نی یە کە ئەم چەکانەلە لاین چ کەسانیکەوە بە کاردەهینرین و چلون بەکار دەهینرین . گرنگ ئەوەیە کە گوللەبتەقی ، خومپارە بباری ، توپ و راکیت بکوتیت و ویران بکا، وەشەستتیر ، دلی ژن و دایك و برای کورد بکاتە نیشانە ، خانووەکان ویران و خەلکەکە ئاوارەی کەژوکیوکات . گرنگ ئەوەیە کە کوردستان پرربی لە چەك و دنەدانی چەك بە کارهینان لەگەل عەوام خەلەتینی دژی شورش ئاسمان بتەنیت .

دژی شورش ، بەشەرەف و وجـودی خەلکی کورد ، وە مانەوەی کوماری ئیسلامی ئیران گالتە دەکا. لەلایـەك بەکریگیراوانی وەك شیخ جـەلال ، رزگاری ، کومەلەیی یەکان و شیـخ عوسمان، لەلایەکی دیکەشەوە خو ـ

بو لاپەرەی ٣

ئیزهاری یەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران

لە کوردستان چ رادەبری وەمەسەلەی کوردستان چون شایانی چارە کردنە

هەرلەبەرەبەیانی شورش‌دا ، حیزبی تودەی ئیران لە پیشنیاری خوی‌دا بو دامەزراندنی بـەرەی یەکگرتووی خەلك، ئەم مەسەلە گرنگ و ئوسولی یەی هینائاراوە ، کە برراند نەوەی بی بەشی یەکانی میللی خەلکەکانی غەیرەفارس لە ئیران ، یەکیکە لە پایەبنەررەتی یەکانی یەکیەتی میللی، یەکیەتی ـ یەکی واکەشەرتی پیویستە بو جیگیر کردن و پتەوکردن و پەرەپیدانـی شورشی گـەورەی مەردمی و دژی ئیمپیریالیستی نیشتمانەکەمان .

هەرلەوکاتەدا ، حیزبی ئیمە هەرلەهەوەلی سەردەمی تازەوە ، هەمیشە بە شیلگیری ئەم واقیعی یەتەی وەبیر خستوتەوەکە ، دژی شورشی ناوەوە و ئیمپیریالیستەکان و کوررەکونەپەرستەکانی دنیاو ناوچەکە ، کە پشتیوانی لەوەدەکەن، هیوایەکی زوریان بە کوردستان وناوچەکانی دیکەی خەلکەکانی غەیرە فارس هەیە و هەول دەدەن بی بەشی یەکانی میللی خەلك و تایبەتی یەکانی دیکەی میللی و مەزهەبی ئەم ناوچانە ، بکەنە هویەك بو دامەـ زراندنی پیگەی ئاژاوە وپشیونی، پیگەیەك بوکوکردنەوە و ریزکردنی هیزەکانی دژی شورش لەسەرانسەری ولات، وەکەلکی لی وەرگرن .

وەکو سەنەد و بەلگەکان نیشان دەدەن ، تەنانەت پیش سەرکەوتنی شورش ، ریژیمی شای لیکەوتوو، ڕە سەر لە پیناوەکانی ئەو ، وەك پالیزبان و ئووەیسی ، نیازی دامەزراندنی پیگەی دژی شورشیان هەبووە لە کوردستان و ناوچەکانی دیکە . حیزبی تودەی ئیران بەئیسرارەوە داوای کرد کە بەخیرایی ، بە دابین کردنی ویستەرەواکانی خەلکەکانی غەیرەفارس، لەچوارچیوەی بەرەسمی ناسینی خودموختاری ، یا خودگەردانی ئیداری و فەرهەنگی و کومەکی گشت لایە بو لە ناوبردنـی دواکەوتوویی ئابوری ئەم ناوچانە ، دەبی دەرەتان بو ریشە هاژوی کە لەك و پیلانی دوژمنەکانی شورش، نالەبارکری .

بەداخەوە دەولەتی «هەنگاوبەهەنگاو»ی بورژوا ـ لیبرالی ئاغای موهەندیس بازرگان لەم لایەشەوە ، وەکو هەموولایەکانی دیکەی ژیانی کومەلایەتی ولات ، نەك تەنیا بچوکتـرین هەنگاویکی نەنا ، بـەلکوبەو سیاسەتەی کە لە ریگەی پتەوکردنی سەرمایەداری و پەك خستنی دەسکەوتەکانی شورش‌دا گـرتی‌یەبەر ، بەکردەوە ، لە لایەك دەرەتانی بو توند و تیژکردنی نارەزایی خەلك، وەلەلایەکی دیکەوەبو بەرەوپیش چونی پیلانی دژی شورش لەبارکرد.

دوای لاچونی دەولەتی «هەنگاوبە هەنگـاو»

سەرەرای پەیامە میژوویی یەکەی ئیمام خـومەینی وە مەئموری یەتی هەیئەتی تایبەتی کوردستان ، لە کردەوەدا بەرەوپیش چونیك لە چارەکردنی مەسەلەی کوردستان‌دا پەیدا نەبوو، وە ئەوا ئەمرودەبینین کە ئەم ناوچەیـەی ولاتەکەمان بوتە مەیدانی پیك هەلپرژانی خویناوی ، بوتە مەیدانی شەرری براکوژی.

واقیعی یەت لە کوردستان‌داچی‌یە ؟ چ جـورە هیزیك لەوی کاردەکەن ؟

١ - هیزە رەسەنەکانی خەلکی کورد

گرنگترین بەشی ئەوهیزانەی کە لە کوردستانـی ئیران ، چ لە مەیدانەکانی نیزامی و چ لە خەباتەکـانی سیاسی و کومەلایەتی‌دا بە چالاکی هاوبەشی دەکـەن، خەلکی رەنجاوویی بەشی کوردستانن کە ئیستا پتر لە (٨٠) سالە بو برراندنەوەی ئەو بی بەشی یانەی کە جگە لە تەواوی بی بەشی یەکانی دیکەی خەلکی ئیران تووشی هاتوون ، لە هەول و تیکوشان‌دان ، وەهەشتاسالە کـە ئەم تیکوشانەی ئەوان بەکوشتار و ئازاردان و زیندان و دوورخستنەوەی بە کومەل و، بەپیشگری ئەنقەستە بوژانەوەی تەبیعی و ئابوری و فەرهەنگی کوردستان ، وەلام دراوەتەوە .

ئەم هیزە رەسەنانەی خەلکی نەجیب و رەنـجدیدە ئازار دیتووی کوردستانی ئیران ، غەیری برانەوەی دەردەکان و رەنجەکانیان ، کە تەنیا لە چوارچیـوەی ریژیمی مەردەمی ودژی ئیمپیریالیستی کوماری ئیسلامی‌دا، بەدابین کردنی خودموختاری، یاخودگەردانی فەرهەنگی و ئیداری ، وە ئاورردانەوەی برایانە و بەرامبەرانـەی حوکومەتی مەرکەزی لە کوردستان دەرەتانی جی بەجی کردنی هەیە ، هیچی دیکەی ناوی.

ئەگەر ئەم ویستە رەوایانە جی بەجی کرین، خەلکی کوردستان بە هەمووهیزی خویەوە ، لە و نیزامەی کە ئەم بی بەشی یانەی برراندوتەوە ، پشتیوانی دەکەن.

بەلام زور بەداخەوە دەبی بلیین کە شیتەیی و خوگنخاندنی دەولەتی کوماری ئیسلامی لە پیکهینانی ئەم ویستانەدا ، ئەم نەتیجە بەئیش وتوقەی پیك هیناوە کە بەشیکی گرنگ لەم هیزە سالمە لە پیکهاتنی ئـەم ویستانە لەلایەن کوماری ئیسلامی یەوە ناهومید بووە وکەوتوتەلەوداوی رەنگاورەنگی دژی شورش و ئـەو ئاژاوەچیانەوە، کەبەدروشمی بەروالەت «شورشگیرری» یارمەتی دژی شورش دەدەن.

٢ـ دژی شورش

ئەمرو کوردستان بوتە گرنگترین سەنگەری هە ـ لسوررانی ئاشکرای دژی شورشی ئیران. ئەم دژی شورشە پیکهاتوە لە دەستە و تاقمەکانی سیاسی و «مەزهەبی»

بولاپەرەی ٢

پەیامی ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق و، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بو خەلکەقارەمانەکانی ئیران وهیزەکانی پیشکەوتخوازو دژی ئیمپیریالیست

روژی شەشەمی مانگی جوزەردان، پەیامیك لەلایەن ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق و حیـزبی دیموکراتی کوردستان ئیرانەوە ، بوخەلکە قارەمانەکانی ئیران و هیزەکانی پیشکەوتخوازو دژی ئیمپیریالیست، بلاوبووە . ئەم پەیامە لەلایەن غەنی بلوریان هینراوە بو دەفتەری حیزبی تودەی ئیران لەمەهاباد ، وە داوایان کردوە ئەم پەیامە بەزووترین کاتلەنامەی «مردم»دا چاپبکری .

ئیمە لەگەل بەجی هینانـی داوای سەرەوە و چاپکردنی پەیامەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق ، زیادکـردنی ئەم روون کردنەوانەی خوارەوە بە پیویست دەزانین :

١ـ لە نرخاندنی ریشەکان و هویەکانی هەلگیرـ ساندنەوەی سەر لە نوی‌ی شەرری براکوژی‌دا لـە کوردستان بیرورای حیزبی تودەی ئیران لەگـەل بیروڕای ڕاگەیەندراو لە پەیامی ناوبراودا وەکیەك نی‌یە. بیرورای حیـزبی تودەی ئیران لـە بەیان‌نامەکان و

بولاپەرەی ٤

پیلان ودەست دریژی ریژیمی بەعسی عیراق لە سنوورەکانی ئیران، بەتوندی مەحکوم دەکەین

وەکو لە دەنگوباسەکانی رادیـو و تەلویزیون و چاپەمەنی دەردەکەوی ، دەست دریژی پررش ـ وبلاوی نیزامی وهوروژمی هەرتاو ناتاویکی بەکر ـ بگیراوەکانی بەعسی عیراق بو سنوورەکانی زەمینی و هەوایی ئیران ، کـە لە ماوەیەك لـەمەپیشەوە دەست پی کراوە ، وردە وردە پـەرەدەگـری و دەکەویتەباری هەمیشەیی ـ یەوە . هەرلـەوکاتـەدا دەنگوباسیکیش، لەبارەی بالونی موخابەراتی ، بە ئەسپابی خەبەر کوکردنە ـ وە وە، لە دەوری پیگەی نیزامی خاش لە نـزیك

بولاپەرەی ٤

بەربوونی کاربەدەستە دەولەتی ـ یەکانی کوردستان، کاریکی موسبەتە بەباری کەم کردنەوەی ئالوزی لە کوردستان‌دا

هەشت کەس لە مەسئولەکانی دەولەتی و غەیرە دەولەتی لە کوردستان ، کەگیرابوون بەردران .

ئیمە لەگەل تەئییدی ئەم کارە مـوسبەتە کـە هەنگاویکە بەباری کەم کردنەوەی ئالوزی لە کوردستان‌دا، هیواداریـن کە کار بە دەستەکانی کوماری ئیسلامـی ئیران ، بەهەنگاوی جیددی دیکە ، وەك راگەیاندنی گەلالەی پەسەند کراوی شەش ماددەیی و راگەیاندنـی شەرروەستاندن ، لابردنی گەماروی ئابوری کوردستان و... شەرری براکوژی لە کوردستان ، کە تەنیا بەسوودی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و ریژیمی بەعسی عیراق تەواو دەبیت ، ببرریتەوە و یەکیەتی دژی ئیمپیریالیستی تەواوی خەلکەکانی ئیران دابین کەن.

بابەپی‌ی پەیامە میژوییەکەی ئیمام خومەینی، مەسەلەی کوردستان لە ریگەی هیمنانەوە، بەدابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردوبەسوودی شورشی ئیران چارە بکەین

www.zheen.org
بنکەی ژین

نامة

مردم

ئورگانی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران بە زمانی کوردی

سالی‌یەکەم-ژمارەی ۲۱
یەکشەممە۱۸ی‌مانگی جوزەردانی ۱۳۵۹
دانەی‌بەتمەنیك

دژی شورش خەریکی پیلانی فراوانترە لەکوردستان!

☐ ریـژیمـی بـەعسی عیـراق ، بـە شەرتی خەبات بوروخاندنی کوماری ئیسلامی ئیران ، هەرکەس‌داوای‌چەك بکا، دەی‌داتی.

☐ ریژیمی بەعسی عیراق ، خوی بەموداڤیعی ماڤەرەواکانی خەلکی کورد، دەنوینی.

نەواری سنووری ئیران و عیـراق ، بوتە رەپیلگەی‌بەردەستەکانی‌گەورە وبچوکی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ، ریژیمـی بەعسی عیراق و نوکەر و بەکریگیراوەکانی ریژیمە چەپەلەکەی‌شای‌لیکەوتوو، ئەربابانی‌ئیمپیریالیست و بەعسی ، شەبیوری کوبوونەوەلی‌ دەدەن ، هیزەکانی خویان ئامادە دەکەن و سان دەبینن ، تا تەواوی هیری خویان بو توند و تیژکردنی ئالوزی وەزع و فراوان کردنەوەی شەرری براکوژی بخەنەکـار . لافاوی چەکی سووك و قورس لـەو دیوی سنوورەوە روی‌کردوتەئیران.بوسەوداکەرـ کانی مەرگ و فەوتان بە هیچ جوری گرنگ نی‌یە کە ئەم چەکانەلە لایەن چ کەسانیکەوە بە کاردەهینرین و چلون بەکار دەهینرین . گرنگ ئەوەیە کە گوللەبتەقی ، خومپارە بباری ، توپ و راکیت بکوتیت و ویران‌بکا، وەشەستتیر ، دلی ژن و دایك و برای‌کورد بکاتە نیشانە ، خانوەکان ویران و خەلکەکە ئاوارەی کەژوکیوکات . گرنگ‌ئەوەیە کە کوردستان پرربی‌لە چەك و دنەدانی چەك بە کارهینان لەگەل عەوام خەلەتینی دژی شورش ئاسمان بتەنیت .

دژی شورش ، بەشەرەف و وجـودی خەلکی کورد ، وە مانەوەی کوماری ئیسلامی ئیران گالتە دەکا. لەلایـەك بەکریگیراوانی وەك شیخ جـەلال ، رزگاری ، کومەلەیی‌یەکان و شیـخ عوسمان، لەلایەکی دیکەشەوە خو ـ

بو لاپەرەی ۳

پەیامی ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق و، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بوخەلکەقارەمانەکانی ئیران وهیزەکانی پیشکەوتخوازو دژی ئیمپیریالیست

روژی شەشەمی‌مانگی‌جوزەردان،پەیامیك‌لەلایەن ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق و حیـزبی دیموکراتی‌کوردستان‌ئیرانەوە ، بوخەلکە قارەمانەکانی ئیران و هیزەکانی پیشکەوتخوازو دژی ئیمپیریالیست، بلاوبووە . ئەم پەیامە لەلایەن غەنی بلوریان هینراوە بو دەفتەری حیزبی تودەی ئیران لەمەهاباد ، وە داوایان کردوە ئەم پەیامە بەزووترین کاتلەنامەی «مردم»دا چاپبکری .

ئیمە لەگەل بەجی هینانـی داوای سەرەوە و چاپکردنی پەیامەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق ، زیادکـردنی ئەم روون کردنەوانەی خوارەوە بە پیویست دەزانین :

۱ـ لە نرخاندنی‌ریشەکان و هویەکانی هەلگیرـ ساندنەوەی سەر لە نویی شەرری براکوژی‌دا لـە کوردستان بیرورای حیزبی تودەی ئیران لەگـەل بیرورای‌راگەیەندراو لە پەیامی‌ناوبراودا وەکیەك‌نی‌یە. بیرورای حیـزبی تودەی ئیران لـە بەیان‌نامەکان و

بولاپەرەی ٤

پیلان ودەست دریژی ریژیمی بەعسی عیراق لە سنوورەکانی ئیران،بەتوندی مەحکوم دەکەین

وەکو لە دەنگوباسەکانی رادیـو و تەلویزیون و چاپەمەنی دەردەکەوی ، دەست دریژی پررش ـ وبلاوی‌نیزامی‌وهوروژمی هەرتاو ناتاویکی‌بەکر ـ بگیراوەکانی‌بەعسی‌عیراق بو سنوورەکانی زەمینی و هەوایی ئیران ، کـە لە ماوەیەك لـەمەپیشەوە دەست پی کراوە ، وردە وردە پـەرەدەگـری و دەکەویتەباری‌هەمیشەیی‌ـ یەوە . هەرلـەوکاتـەدا دەنگوباسیکیش لەبارەی بالونی موخابەراتی ، بە ئەسپابی‌خەبەر کوکردنەـ وە وە، لە دەوری‌پیگەی نیزامی خاش لە نـزیك

بولاپەرەی ٤

بەربوونی کاربەدەستە دەولەتی‌ـ یەکانی کوردستان، کاریکی موسبەتە بەباری کەم کردنەوەی ئالوزی‌لەکوردستان‌دا

هەشت کەس لە مەسئولەکانی دەولەتی و غەیرە دەولەتی لە کوردستان ، کەگیرابوون بەردران .

ئیمە لەگەل تەئییدی ئەم کارە مـوسبەتە کـە هەنگاویکە بەباری‌کەم‌کردنەوەی‌ئالوزی‌لەکوردستان‌دا، هیوادارین کە کار بە دەستەکانی کوماری ئیسلامـی ئیران ، بەهەنگاوی جیددی‌دیکە ، وەك راگەیاندنی گەلالەی پەسەند کراوی شەش ماددەیی و راگەیاندنـی شەررویستاندن ، لابردنی گەماروی ئابوری کوردستان و... شەرری براکوژی‌لەکوردستان ، کە تەنیا بەسوودی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و ریژیمی بەعسی عیراق تەواو دەبیت ، ببرریتەوە و یەکیەتی دژی ئیمپیریالیستی تەواوی خەلکەکانی ئیران دابین‌کەن.

ئیزهاری یەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران

لەکوردستان چرادەبری وەمەسەلەی کوردستان چون شایانی چارەکردنە

هەرلەبەرەبەیانی شورش‌دا ، حیزبی تودەی ئیران لە پیشنیاری خوی‌دا بو دامەزراندنی بـەرەی یەکگرتووی‌خەلك،ئەم‌مەسەلەگرنگ‌وئوسولی‌یەی هینائاراوە ، کە برراند نەوەی بی بەشی‌یەکانی میللی خەلکەکانی‌غەیرەفارس لە ئیران ، یەکیکە لە پایەبنەرەتی‌یەکانی‌یەکیەتی‌میللی، یەکیەتی‌ـ یەکی واکەشەرتی پیویستە بو جیگیر کردن و پتەوکردن و پەرەپیدانـی شورشی گـەورەی مەردمی و دژی ئیمپیریالیستی نیشتمانەکەمان .

هەرلەوکاتەدا ، حیزبی‌ئیمە هەرلەهەوەلی سەردەمی تازەوە ، هەمیشە بە شیلگیری ئەم واقیعی‌یەتەی وەبیر خستوتەوەکە ، دژی شورشی ناوەوە وئیمپیریالیستەکان و کوررەکونەپەرستەکانی‌دنیاو ناوچەکە ، کە پشتیوانی لەودەکەن،هیوایەکی‌زوریان‌بە کوردستان وناوچەکانی دیکەی خەلکەکانی غەیرە فارس هەیە و هەول دەدەن بی‌بەشی‌یەکانی میللی خەلك و تایبەتی‌یەکانی دیکەی میللی و مەزهەبی ئەم ناوچانە ، بکەنە هویەك بودامەـ زراندنی پیگەی‌ئاژاوە وپشیونی، پیگەیەك بوکوکردنەوە و ریزکردنی هیزەکانی‌دژی‌شورش‌لەسەرانسەری ولات، وەکەلکی لی وەرگرن .

وەکو سەنەد و بەلگەکان نیشان دەدەن ، تەنانەت پیش سەرکەوتنی شورش ، ریژیمی شای لیکەوتوو، رە سەر لە پیناوەکانی ئەو ، وەك پالیزبان و ئووەیسی ، نیازی دامەزراندنی پیگەی دژی شورشیان هەبووە لە کوردستان و ناوچەکانی‌دیکە . حیزبی تودەی ئیران بەئیسرارەوە داوای کرد کە بەخیرایی ، بە دابین‌کردنی ویستەرەواکانی خەلکەکانی‌غەیرەفارس، لەچوارچیوەی بەرەسمی‌ناسینی‌خودموختاری ، یا خودگەردانی‌ئیداری و فەرهەنگی و کومەکی گشت‌لایە بو لە ناوبردنـی دواکەوتوویی ئابوری ئەم ناوچانە ، دەبی دەرەتان بو ریشە هاژوی کە لەك و پیلانی دوژمنەکانی شورش، نالەبارکری .

بەداخەوەدەولەتی«هەنگاوبەهەنگاو»ی بورژوا- لیبرالی ئاغای موهەندیس بازرگان لەم لایەشەوە ، وەکوهەموولایەکانی دیکەی ژیانی کومەلایەتی ولات ، نەك تەنیا بچوکتـرین هەنگاویکی نەنا ، بـەلکوبەو سیاسەتەی کە لە ریگەی پتەوکردنی سەرمایەداری و پەك خستنی دەسکەوتەکانی شورش‌دا گـرتی‌یەبەر ، بەکردەوە ، لە لایەك دەرەتانی بو توند و تیژکردنی نارەزایی خەلك،وەلەلایەکی‌دیکەوەبو بەرەوپیش‌چونی پیلانی دژی شورش‌لەبارکرد.

دوای لاچونی دەولەتی «هەنگاوبە هەنگـاو»

سەرەرای پەیامە میژوویی‌یەکەی ئیمام خـومەینی وە مەئموریەتی‌هەیئەتی‌تایبەتی کوردستان ، لە کردەوەدا بەرەوپیش‌چونیك لە چارەکردنی‌مەسەلەی کوردستان‌دا پەیدا نەبوو، وە ئەوا ئەمرودەبینین کە ئەم ناوچەیـەی ولاتەکەمان بوتە مەیدانی پیك هەلپررژانی خویناوی ، بوتە مەیدانی شەرری براکوژی.

واقیعی‌یەت لە کوردستان‌داچی‌یە ؟ چ جـورە هیزیك لەوی‌کاردەکەن ؟

۱-هیزەرەسەنەکانی خەلکی کورد

گرنگترین بەشی ئەوهیزانەی‌کە لە کوردستانـی ئیران ، چ لە مەیدانەکانی نیزامی و چ لە خەباتەکـانی سیاسی و کومەلایەتی‌دا بە چالاکی هاوبەشی دەکـەن، خەلکی رەنجاوویی‌بەشی کوردستانن کە ئیستا پتر لە (۸۰) سالە بو برراندنەوەی ئەو بی‌بەشی‌یانەی کە جگە لە تەواوی بی‌بەشی‌یەکانی دیکەی خەلکی ئیران‌تووشی هاتوون ، لە هەول و تیکوشان‌دان ، وەهەشتاسالە کـە ئەم تیکوشانەی ئەوان بەکوشتار و ئازاردان و زیندان و دوورخستنەوەی بە کومەل و، بەپیشگری ئەنقەستە لە بوژانەوەی تەبیعی و ئابوری و فەرهەنگی کوردستان ، وەلام دراوەتەوە .

ئەم هیزە رەسەنانەی خەلکی نەجیب و رەنجەرو ئازار دیتووی کوردستانی ئیران ، غەیری برانەوەی دەردەکان و رەنجەکانیان ، کە تەنیا لە چوارچیـوەی ریژیمی‌مەردمی‌ودژی‌ئیمپیریالیستی کوماری‌ئیسلامی‌دا، بەدابین‌کردنی‌خودموختاری، یاخودگەردانی‌فەرهەنگی و ئیداری ، وە ئاوررردانەوەی‌برایانە و بەرامبەرانـەی حوکومەتی مەرکەزی لە کوردستان دەرەتانی جی‌بەجی کردنی هەیە ، هیچی دیکەی ناوی.

ئەگەر ئەم ویستە رەوایانەجی‌بەجی کرین،خەلکی کوردستان بە هەمووهیزی خویەوە ، لە و نیزامەی کە ئەم بی‌بەشی‌یانەی برراندوتەوە ، پشتیوانی دەکەن.

بەلام زور بەداخەوە دەبی بلیین کە شینەیی و خوگنخاندنی دەولەتی کوماری ئیسلامی لە پیکهیناتی ئەم ویستانەدا ، ئەم نەتیجە بەئیش‌وئوفەی پیك هیناوە کە بەشیکی گرنگ لەم هیزە سالمە لە پیکهاتنی ئـەم ویستانە لەلایەن کوماری ئیسلامی‌یەوە ناهومید بووە وکەوتوتەلەوداوی رەنگاورەنگی دژی شورش و ئـەو ئاژاوەچیانەوە، کەبەدروشمی بەروالەت «شورشگیرری» یارمەتی دژی شورش دەدەن.

۲-دژی شورش

ئەمرو کوردستان بوتە گرنگترین سەنگەری هە ـ لسوررانی‌ئاشکرای‌دژی‌شورشی ئیران. ئەم دژی‌شورشە پیکهاتووە لە دەستە و تاقمەکانی سیاسی و «مەزهەبی»

بولاپەرەی ۲

بابەپی‌ی پەیامە میژوویی‌یەکەی ئیمام خومەینی، مەسەلەی کوردستان لەریگەی هیمنانەوە، بەدابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردوبەسوودی‌شورشی‌ئیران چارە بکەین

www.zheen.org

ئیزهاری یەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران لە کوردستان چرادەبری ...

لەلاپەڕەی ١

و قەومی و عەشیرەیی، وە هەروەهادەسته و تاقمەکانی ریکخراوی سەربەحوکومەتی بەعسی عیراق.

ریکخراوی چەپ نوینی **کومەلە**، ریکخراوی **رزگاری**، داروودەستەی **سەرهەنگ علیار** وهاوکارەکانی بەناوی **«ئارا»**، تاقمەکونەپەرستەکانی سەربە**شیخ عوسمان و شیخ جەلالی حوسەینی**. فیئودالەکان و خانەکان و تاقمەکانی ساواکی و ئەفسەرانی راکردووی ئەرتەشی سەرلە پیناوی ریژیمی شای لیکەوتوو. لەم ریزەدان.

ئەم دژی شورشە، کە لەلایەن هەموو ئیمپیر ـ یالیستەکانەوە، بەسەرکردەیی ئەمریکا، ئیسرائیل، میسر و حوکومەتی بەعسی عیراق بەهەمووچەشنی پشتیوانی لی‌دەکری، توانیویەتی لەم مانگانەی دوایی‌دا جیگای‌خوی لە ناوچەکانی‌سەرسنووری ئیران قایم کات و هیندی پیگە لەم دیووئەو دیوی سنووری ئیران و عیراق بو خوی دروست کات.

سەرنجدانی‌نەخشی‌کاولکاری **کومەلە**، لەم لایەشەوە **گرنگە**، کە ئەم ریکخراوەیە بە هەلکردنی ئالای کومونیزم (دیارە کومونیزمی ئەمریکایی) هەولی‌داوە. یەکی لە پایەگرنگەکانی سیاسەتی‌ئیمپیریالیزمی‌ئەمریکا لە دژی ئیران، کە لە یادداشتی برژینسکی بو وزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا نوسرابوو، بەجی بگەیەنیت، بەم مانایە کە لە هەر ریگەیەکەوە دەلوی، ئاگری کیشەو ناکوکی نیوان هیزەکانی لایەنگری ریگای **ئیمام خومەینی** و هیزەشورشگیرەکانی‌لایەنگری‌راستەقینەی سوسیالیزمی عیلمی و تیکوشەرەرەسەنەکانی خەباتی دژی ئیمپیریالیستی ئیران، هەلگیرسینیت. کومەلە بەدرویە حیسابیکی دیاری لە «کومونیزم» ئەدوی وە لەتەنیشت‌شای‌لیکەوتوو، بەختیار، ئەمریکاوئیسرائیلەوە لە دژی شورشی ئیران شەرر دەکا. بو ئەوەی موسولمانانی تیکوشەری دژی ئیمپیریالیزم لە حاست کومونیزمی راستەقینە و رەسەن بەدبین کات.

مەعلوماتیکی وردکەلەم روژانەی دوایی‌دا بەئیمە گەیشتوە، ئەمە نیشان دەدات، کە لە ناوچەی **نەوسوود، پاوە، ئەزگلە، سەرپیلزەهاو، وەقەسری شیرین** نفوزی ئەفرادی چەکداری سەر بە حیزبی بەعس زور پەرەی سەندوە.

لە نزیکی گوندی رەخل پردیکی ئاسن دروست‌کراوە، کە **تاقمە** چەکدارەکانی سەر بەعیراق بەسەر ئەوپردەدا هات و چو دەکەن وە ئەمانەلەلایەن عیراقەوە پشتیوانی‌یان لی دەکری. جگە لە **کویخا مەحمودی نیزامی** و تاقمەکانی **سالارجاف**، ئیستا **محەمەد رەزا نامدار**، کە کوردیکی ئیرانی و بەکریگیراوی بەعسی عیراقە، بە ٢٠٠ کەسی چەکدارەوە، لەم‌ناوچەیەدا کەوتوتەکار. مەئمورەکانی سازمانی ئەمنی‌یەتی عیراق دەستە دەستە لەم ناوچەیەدا بە ئازادی هاتوچودەکەن.

گەلی لە سەروکەکانی عەشایەری چەکدار کە لە رابردودا هاوکاری نزیکیان لەگەل ساواکدابووە، ئیستا بەکریگیراوی عیراقن‌وەپوول و چەکلەوی وەردەگرن.

لە **مەریوانیش** وەزع هەر بەم جورەیە، سوپای **رزگاری** و تاقمە چەکدارەکانی سەر بەعیراق، وەکو **عوسمان عەلی چەتون** لەوی دامەزراون.

دیاردەی تازە لەم ناوچەیەهاتنی‌یەکی لە کونە نوکەرەکانی ئیمپیریالیزم و کونەپەرستی‌یە بەناوی **شیخ محەمەد کوری شیخ عەبدولکەریمی کربچنە**، کە ئەمرولە خزمەت دژی شورشی ئیران و بەعسی‌عیراق دایە. ئەو، مانگیکەهاتوتە پینجوین‌وەبەکەلک‌وەرگرتنی خراپ لە مەقامی شیخایەتی خوی هەول دەدا هەموو دەستە و تاقمەکانی کوردستان بو توند و تیژکردنی شەرری‌براکوژی لە دژی حوکومەتی مەرکەزی ئیران بهاوروژینی. ئەو، دەرەتانیکی فراوانی مالی وچەکی لە بەردەستدایە، کەئاغا ئەمریکایی‌یەکانی ئەوناویانەتە بەردەستی.

قەراروایە، یەکیکی‌دیکەلەکونە بەکریگیراوەکانی کونەپەرستی ئیران و عیراق بەناوی **شیخ لەتیف** کە ٤٠٠ ـ ٥٠٠ بەکریگیراوی چەکداری لە دەورە، لە روژانی‌داهاتوودا، لە مەریوان سەرهەل‌دات. ئەمانەن چەندگوشەیەکلەهەلسوررانی‌دژی‌شورش‌لەکوردستان ـ تەنیا هیندی گوشە.

مەعلوماتی برروای‌کراونیشان دەدات کەئەشرەفی پەهلەوی، ئووەیسی، بەختیار، پالیزبان و ئەردەشیری زاهیدی، بەکومەکی حوکومەتی بەعسی عیراق، چەند جارهاتونەتە کوردستان و بە چالاکی لە هاوروژاندن و ریکخستنی دژی شورش‌دا هاوبەشی‌دەکەن.

٣- حیزبی دیموکراتی کوردستان

ئەم حیزبەکەبی‌گومان‌بەقەوەت‌ترین وبەنفوزترین ریکخراوی سیاسی‌یە لە کوردستانی ئیران، هیندی تایبەتی شایانی بیرخستنەوەی‌هەیە، گرنگترین تایبەتی **ئەم حیزبە،ناهاوچەشنی‌ئەوە لەهەلویست‌گرتنی‌سیاسی‌دا**. زوربەی نزیك بەتیکرای ئەفراد ولایەنگرەکانی ئەم حیزبە مەردمی رەسەنی‌کوردستانن، کە داواکاری برراندنەوەی بی‌بەشی‌یەکانی خەلکی کوردن لەچوار ـ **چیوەی ئیرانیکی ئاقانە وسەربەخووئازاددا**.

بەلام زور بەداخەوەئەم دیاردەیەش‌هەیە کە لە هیندی بەشی‌جوربەجورلەحیزبی‌دیموکراتی کوردستانی ئیران‌دا، دوودەستە لەو کەسانەی کە لەگەل شورشی ئیران دوژمنایەتی دەکەن، خویان‌تی خزاندوە وئە کاتی زور ناسك و بەهەستدا سیاسەتی حیزب‌دەخەنە ژیر تەئسیری‌دیاریکەرەوە. ئەم‌دوو دەستەیەبریەتین‌لە.

١ـ نەتەوە پەرستەکانی بەرچاوتەنگی کورد، کە بەلای ئەوانەوە مەسەلەی خەباتی دژی ئیمپیریالیستی تەواوی خەلکەکانی ئیران لە کردەوەدا بە تەواوەتی، یابەلانی زورەوەلەدەستور و بەرنامەی روژداخراوەتە ـ لاوە. ئەوان‌واخەیال دەکەن کە گویا ئەلوی، تەنانەت ئەگەر شورشی ئیران لە خەباتی دژی ئیمپیریالیزمی هار و دەست‌دریژکەری‌ئەمریکا و کونەپەرستی سەربە ئەودابشکی، خەلکی کوردستانی‌ئیران‌خودموختاری‌یان دەسکەویت.

٢ـ کەسانی سەربەئیمپیریالیزم و کوررەکونەپەرستەکانی ئیران و بەعسی عیراق، هەول‌دەدەن‌بە کەلك وەرگرتن لە دروشمەکانی بەروالەت شورشگیرری و میللی و خەلك خەلەتین، کاریکی وابکەن هەرجورە تیکوشانیك بو چارەکردنی‌هیمنانەی‌مەسەلەی کوردستان ودامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی دژی ئیمپیریالیستی و دژی کونەپەرستی لە کوردستان، سەرنەگری.

لە نەتیجەی هەول دانی‌بەدروی ئەم کەسانەدایە کە دەرفەتەکانی زور لەبار لە مانگەکانی رابردودا، وە بە تایبەتی لە سەردەمی پەیامە میژوویی‌یەکەی **ئیمام خومەینی‌دا**، بوخەلکی کوردستان و تیکوشانەکانی هەیئەتی تایبەتی دەولەت بو کوردستان و گەلالەی پیشنیارکراوی ١٥ ماددەیی ئەم هەیئەتە، لەکیس‌چوو، وە بەکەسان و کوررەکانی موخالیفی چارەکردنی **هیمنانەی مەسەلەی کوردستان** لە دەزگاکانی ئینتیزامی و ئیداری دەولەتی مەرکەزی‌دا دەرفەت‌درا، کە سیاسەتی توند و تیژی خویان، سەرەرای‌خو راگری وتیکوشانی کەسان‌وکوررەکانی لایەنگری چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان، بەرنەپیشەوە بی لە نەتیجەی ئەوەدا هیزەکانی دژی شورش لە کوردستان و کەسانی دژی‌شورش‌لەمەقامەکانی بەرەوەی ئەرتەش و دەولەت‌دا دەرەتانیان بو پەیدابی‌کە ئاگری شەرری براکوژی لە کوردستان هەموو روژی هەلایسیین.

ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق، لکی کوردستان

ئەم دەستەیە، کەبەشیکی‌ئەو، لەو کەسانەپیکهاتوە کە لە ناوچەکانی دیکەی ئیرانەوەبوئەوری گویا شورشگیرری چونەتەکوردستان، تائیستا لە سیاسەتیکی ئاژاوەخوازی‌پی‌رەوی‌یان کردوەودەیکەن. بەلای ئەوانەوە وادیارە هەمووشتیك‌بە لولەی تفەنگ شایانی چارەکردنە. لەم سەردەمەی دوایی‌دا لەهەلویست گرتنی سیاسی‌دا، ئیختیلافیکی زور لە نیوان ئەملکە ورابەرایەتی‌مەرکەزی ریکخراوی چەریکەکانی‌فیدایی خەلك‌دا دەبینری.

تا ئیستا ئەم دەستەیە لەهەمووکاریکی ئاژاوە خوازانەوشەرر هەلگیرسینانەی کومەلە، کە ئەندەری ئەسلی‌یە لەکوردستان، پی‌رەوی کردوە، وەسەرەرای دەربررینی‌هیندی رەخنەلەکومەلە، لەکردەوەدا لەگەل ئەولەسەنگەریك‌دا بووە.

تەنیشت ئەم هیزە عومدانەوە، هیندی تاقمی چەپ نوینی دیکەی وەك چەریکەکانی ئەشرەف دیهقانی پەیکاری‌یەکان و... هەن‌کە گشتیان لەگەل کومەلەن، وە سەبارەت‌بە هەرچی‌یەکبیت، بەکردەوە لەسەنگەری دژی شورش‌دا، لەدژی‌شورشی ئیران هەلدەسوررین.

ئەمەیە بەچەشنی‌خولاسەدیمەنیکی فراوان ونا هاوچەشنی ئەوهیزانەی‌کە لە کوردستان، لەکاردان وهەلدەسوورین.

دیمەنی‌هیزەسیاسی‌یەکان‌لەدەولەتی‌مەرکەزی‌دا (لە پیوەندی‌دا لەگەل مەسەلەی کوردستان)

١ـ هیزە رەسەنەکانی مەردمی و دژی ئیمپیر ـ یالیست، کە لایەنگری‌پەیامی‌ئیمام‌خومەنین لەزەمینەی چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان‌برراندنەوەی بی‌بەشی‌یەکانی میللی خەلکی کورددا.

زوربەداخەوە ئەم‌بەشەهەرچەندگەلی‌لەشەخسی ـ یەتەکانی مەزهەبی‌وسیاسی دەگریتەوە و تەئییدی **ئیمام خومەینیش** توانا و بایەخی پی‌دەدات، لەتیکرای هیزەکانی حاکم‌بەسەر ریژیمی کوماری ئیسلامی‌دا، قودرەتیکی دیاریکەر نی‌یە و ناتوانی بەبررایی‌سیاسەتی دەولەتی خوی بەرەوپیش‌بەریت. تەجرەبەی خەفەتاوی چەند مانگی رابردوونیشانی‌دا کە ئەم هیزانە لەبەرامبەر پالە پەستوی هیزەکانی بەشی دوەم و دنەدەری‌یەکانی بەشی سی‌یەم‌دا، خویان‌پی رانەگیراوە و مەیدانیان بەتال کردوە.

٢ـ هیزەکانی دژی ئیمپیریالیست کە سەبارەت‌بە جیگەی چینایەتی خویان، لە چوارچیوەی تەنگی نەتەوەپەرستی فارس‌دا قەتیس‌ماون. ئەم قەتیس‌مانە ئەوانی تووشی‌نرخاندنیکی‌هەلەی‌زور گەورەوخەفەتاوی کردوە. ئەم مەقامانە لە نیوان دژی‌شورش‌دا لە کوردستان، کە دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی شورشی ئیرانە، وەخەلکی‌کوردستان‌کەداواکاری‌مافەرەواکانی خویەتی، فەرق و جیاوازی دانانین. ئەوان تیناگەن کە دژی شورش بو راکیشانی گەلی کورد بەدوای خوی‌دا، ویستەرەواکانی‌ئەوان‌لەئالای‌خویان دەنووسن. ئەمانە تیناگەن‌ئەگەردەولەتی ناوەندی کوماری‌ئیسلامی ئیران ئەم‌ویستەرەوایانە بەمەردمی‌کورد بدات، مەردمی رەسەنی کوردستان، ناکەویتەدوای دژی شورش. وە ئەگەر بەپیچەوانە، لە بەرەسمی‌ناسینی ئەم مافانە خوبویری، بەهەردوودەست خەلکی‌کوردستان بولای دژی‌شورش پال پیوەدەنی.

ئەم‌کورت‌بینیە و ئەم‌بەرچاوتەنگیە، ئەم مەقامانەی ـ کە ئیستا **نەخشی دیاریکەریان** لە دیاری‌کردنی‌سیاسەتی عەمەلی کوردستان‌دا **هەیە** ـ کیشاوە تە ئەوجی‌یەکە بوهیدی‌کردنەوەی خەلکی‌رەسەنی‌کورد، کەداواکاری خودموختاری یا خودگەردانین، ئەو وەسائیلە بەکار بهینن کەلە دژی ریندی **شورش بەکاری** دەهینن. سەرکوت‌کردن و سەرکوت‌کردن، وەدیسانەکەش سەرکوت کردن.

٣ـ کەسانی دژی شورش لە رابەرایەتی ئەرتەش و هیزەکانی‌ئینتیزامی و دەزگاکانی‌دەولەتی‌دا ـ کەمتر دەتوانری گومان لەوەدابکری کە ئیمپیریالیزم و دژی شورشی ناوەوە، لە مەقاماتی فەرماندەیی‌هیزەکانی ئینتیزامی‌دا، لەدەزگاکانی ئیتلاعاتی ئەم هیزانەوەلە مەرکەزە بە هەستەکانی برریاردان لە دەوروبەری رابەرایەتی دەولەتی‌دا، کەسانی وەکو ئەمیر ئینتیزام، دەریادار عەلەوی، نەزیە، وە **موقەدەم مەراغەیی‌یان** لە هەموورادەیەکدا، هەرلەسەرەوەتاخواری، نەبیت.

ئەرکی سەرشانی ئەم کەسانە ئیفلیج‌کردنی‌هەموو **چەشنەرەوشتیکی خولقینەرە بەباری جیگیرکردن و پتەوکردنی ریژیمی کوماری ئیسلامی ئیران‌دا**، وەهەلگیرساندنی‌ئاگری‌کیشەوناکوکی‌بی‌سەرەوبەرەیی، خراپلیك‌حالی بوون، دوژمنایەتی وەئەگەربلوی‌پیاك هەلپرژان و شەرری‌براکوژی‌یە.

ئەسپاردەی ئاغاکانی ئیمپیریالیست و کونەپەرست بو ئەم بەکریگیراوانەئەمەیە، کەلە هەرکاریکی کەلە دەستیان بیت بولاوازکردنی رابەرایەتی عەمەلی **ئیمام خومەینی**، بولاوازکردنی ریژیمی کوماری ئیسلامی کەلك وەرگرن، وە لە هیچ جینایەت وتاوانیك لەم ریگەیەدا، دریغی نەکەن.

ئیمە ئیستا ئەوا نزیکەی‌سال‌ونیویکە شوینەواری کردەوە و هەلسوررانی روژ بە روژ فراوانتری ئەم‌هیزە جەهەننەمیانە لە هەموو جیگەیەك دەبینین. ئیمەئەو عونسورانە کە قالبەندی بنەررەتی ئەوان لە سەر لە ـ پیناوەکانی‌ریژیمی‌تاغوت، ساواکیەکان‌وبەکریگیراوەکانی«سیا» وەی‌ترپیکهاتوە،لەهەموو جیگەیەك‌دەبینین.

بەبررواي ئیمە، دەستی ئەم‌کەسانە، بەئاشکرالە هەلگیرساندنی ئاگری شەرردا، لەپیشگری لە هەر چەشنەلیك حالی بوون و چارەکردنیکی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان‌دا، زورباش دەبینری. هەر ئەو چەشنە کە لە جەرەیانی لە مەرر دەست دریژی‌شورەیی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا بو سەرئیران‌دا بەئاشکرابینرا.

هەر ئەو عونسورانەی بە تەردەستی ئەو سەنەد و بەلگەیەیان لە ناوبردکەلەهیلی کوپتیرەکانی ئەمریکا مابوون، هەرئەوهیزانەی کەتەدارەکی ئاژاوەی‌چەکداری و کودیتای دژی‌شورش و کوشتاری شورشگیررەکانیان لە تاران وشارەکانی دیکەی ئیران گرتبوو، وەئیستاش بەچالاکی لە سەرنەخشەی جەهەننەمی خویان دەرون، بە ئامادەکردن و تەسلیم‌کردنی راپورتی درو، یا بەر ئاوەژوونیشان‌دانی رووداوەکان، هەول‌دەدەن‌مەسەلەی کوردستان‌بکەنە سەرەتانی‌مەترسی‌داری‌شورشی گەورەی ئیران، شەرری‌شەکەت کەرلە کوردستان دریژەپی‌بدەن، وە ئالوزی لە کوردستانەوە بگەیننە جیگاکانی دیکەی ئیران و هەنگاوبەهەنگاودەرەتان بو سەر کەوتنی پیلانەکانی داهاتوو، وە بو زەبروەشاندنی دژی شورشی ناوەوە و ئیمپیریالیزم لە ناوەوە و دەرەوەپیك بهینن.

ئەمانەن کەبەبررواي‌ئیمە،ئەو هیزانەی کە لە رووداوەکانی کوردستان‌دابەچەشنی کاریگەر کاردەکەن.

بولاپەڕەی ٣

ئیزهاری یەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران لە کوردستان چرادەبری ...

لەلاپەرەی ١

و قەومی و عەشیرەیی، وە هەروەها دەستە و تاقمەکانی ریکخراوی سەربەحوکومەتی بەعسی عیراق.

ریکخراوی چەپ نوینی **کومەلە**، ریکخراوی **رزگاری**، داروودەستەی **سەرهەنگ علیار** وهاوکارەکانی بەناوی **«ئارا»**، تاقمەکونەپەرستەکانی سەربە**شیخ عوسمان و شیخ جەلالی حوسەینی**. فیئودالەکان و خانەکان و تاقمەکانی ساواکی و ئەفسەرانی راکردووی ئەرتەشی سەرلە پیناوی ریژیمی شای لیکەوتوو. لەم ریزەدان.

ئەم دژی شورشە، کە لەلایەن هەموو ئیمپیر ـ یالیستەکانەوە، بەسەرکردەیی ئەمریکا، ئیسرائیل، میسر و حوکومەتی بەعسی عیراق بەهەمووچەشنی پشتیوانی لی دەکری، توانیویەتی لەم مانگانەی دواییدا جیگای خوی لە ناوچەکانی سەرسنووری ئیران قایم کات و هیندی پیگە لەم دیووئەو دیوی سنووری ئیران و عیراق بو خوی دروست کات.

سەرنجدانی نەخشی کاولکاری **کومەلە**، لەم لایەشەوە **گرنگە**، کە ئەم ریکخراوەیە بە هەلکردنی ئالای کومونیزم (دیارە کومونیزمی ئەمریکایی) هەولیداوە، یەکی لە پایەگرنگەکانی سیاسەتی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا لە دژی ئیران، کە لە یادداشتی برژینسکی بو وزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا نوسرابوو، بەجی بگەیەنیت، بەم مانایە کە لە هەر ریگەیەکەوە دەلوی، ئاگری کیشەو ناکوکی نیوان هیزەکانی لایەنگری ریگای **ئیمام خومەینی** و هیزەشورشگیرەکانی لایەنگری راستەقینەی سوسیالیزمی عیلمی و تیکوشەرەرەسەنەکانی خەباتی دژی ئیمپیریالیستی ئیران، هەلگیرسینیت. کومەلە بەدروبە حیسابیکی دیاری لە «کومونیزم» دەدوی وە لەتەنیشت شای لیکەوتوو، بەختیار، ئەمریکاوئیسرائیلەوە لە دژی شورشی ئیران شەرر دەکا. بو ئەوەی موسولمانانی تیکوشەری دژی ئیمپیریالیزم لە حاست کومونیزمی راستەقینە و رەسەن بەدبین کات.

مەعلوماتیکی وردکەلەم روژانەی دواییدا بەئیمە گەیشتوە، ئەمە نیشان دەدات، کە لە ناوچەی **نەوسوود، پاوە، ئەزگلە، سەرپیلزەهاو. وەقەسری شیرین** نفوزی ئەفرادی چەکداری سەر بە حیزبی بەعس زور پەرەی سەندوە.

لە نزیکی گوندی رەخل پردیکی ئاسن دروست ـ کراوە، کە **تاقمە** چەکدارەکانی سەر بەعیراق بەسەر ئەوپردەدا هات و چو دەکەن وە ئەمانەلەلایەن عیراقەوە پشتیوانییان لی دەکری. جگە لە **کویخا مەحموودی نیزامی** و تاقمەکانی **سالارجاف**، ئیستا **محەممەد رەزا نامدار**، کە کوردیکی ئیرانی و بەکریگیراوی بەعسی عیراقە، بە ٢٠٠ کەسی چەکدارەوە، لەم ناوچەیەدا کەوتوتەکار. مەئمورەکانی سازمانی ئەمنییەتی عیراق دەستە دەستە لەم ناوچەیەدا بە ئازادی **هاتوچو** دەکەن.

گەلی لە سەروکەکانی عەشایەری چەکدار کە لە رابردودا هاوکاری نزیکیان لەگەل ساواکبووە، ئیستا بەکریگیراوی عیراقن وەپوول و چەکلەوی وەردەگرن.

لە **مەریوانیش** وەزع هەر بەم جورەیە، سوپای **رزگاری** و تاقمە چەکدارەکانی سەر بەعیراق، وەکو **عوسمان عەلی چەتون** لەوی دامەزراون.

دیاردەی تازە لەم ناوچەیەهاتنییەکی لە کونە نوکەرەکانی ئیمپیریالیزم و کونەپەرستییە بەناوی **شیخ محەممەد کوری شیخ عەبدولکەریمی کریچنە**، کە ئەمرولە خزمەت دژی شورشی ئیران و بەعسی عیراق دایە. ئەو، مانگیکەهاتوتە پینجوین وەبەکەلک وەرگرتنی خراپ لە مەقامی شیخایەتی خوی هەول دەدا هەموو دەستە و تاقمەکانی کوردستان بو توند و تیژکردنی شەرری براکوژی لە دژی حوکومەتی مەرکەزی ئیران **بهاوروژینی**. ئەو، دەرەتانیکی فراوانی مالی وچەکی لە بەردەستدایە، کەئاغا ئەمریکاییەکانی ئەوناویانەتە بەردەستی.

قەراروایە، یەکیکی دیکەلەکونە بەکریگیراوەکانی کونەپەرستی ئیران و عیراق بەناوی **شیخ لەتیف** کە ٤٠٠ ـ ٥٠٠ بەکریگیراوی چەکداری لە دەورە، لە روژانی داهاتوودا، لە مەریوان سەرهەلدات. ئەمانەن چەند گوشەیەک لەهەلسوررانی دژی شورش لە کوردستان ـ تەنیا هیندی گوشە.

مەعلوماتی برروا پی کراونیشان دەدات کە ئەشرەفی پەهلەوی، ئوویسی، بەختیار، پالیزبان و ئەردەشیری زاهیدی، بەکومەکی حوکومەتی بەعسی عیراق، چەند جارهاتونەتە کوردستان و بە چالاکی لە هاوروژاندن و ریکخستنی دژی شورشدا هاوبەشی دەکەن.

٣- حیزبی دیموکراتی کوردستان

ئەم حیزبە کەبی گومان بەقەوەتترین وبەنفوزترین ریکخراوی سیاسییە لە کوردستانی ئیران، هیندی تایبەتی شایانی بیرخستنەوەی هەیە، گرنگترین تایبەتی ئەم حیزبە، ناهاوچەشنی ئەوە لەهەلویست گرتنی سیاسیدا. زوربەی نزیک بەتیکرای ئەفراد ولایەنگرەکانی ئەم حیزبە مەردمی رەسەنی کوردستانن، کە داواکاری برراندنەوەی بی بەشییەکانی خەلکی کوردن لەچوار ـ چیوەی ئیرانیکی ئاقانە وسەربەخووئازاددا.

بەلام زور بەداخەوەئەم دیاردەیەش هەیە کە لە هیندی بەشی جوربەجورلەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا، دوودەستە لەو کەسانەی کە لەگەل شورشی ئیران دوژمنایەتی دەکەن، خویانتی خزاندوە وئە کاتی زور ناسک و بەهەستدا سیاسەتی حیزبدەخەنە ژیر تەئسیری دیاریکەرەوە. ئەمدوو دەستەیەبریەتین لە.

١ـ نەتەوە پەرستەکانی بەرچاوتەنگی کورد، کە بەلای ئەوانەوە مەسەلەی خەباتی دژی ئیمپیریالیستی تەواوی خەلکەکانی ئیران لە کردەوەدا بە تەواوەتی، یابەلانی زورەوەلەدەستور و بەرنامەی روژداخراوەتە ـ لاوە. ئەوانواخەیال دەکەن کە گویا ئەلوی. تەنانەت ئەگەر شورشی ئیران لە خەباتی دژی ئیمپیریالیزمی هار و دەستدریژکەری ئەمریکا و کونەپەرستی سەربە ئەودابشکی، خەلکی کوردستانی ئیران خودموختارییان دەسکەویت.

٢ـ کەسانی سەربەئیمپیریالیزم و کوررەکونەپەرستەکانی ئیران و بەعسی عیراق، هەولدەدەن بە کەلک وەرگرتن لە دروشمەکانی بەروالەت شورشگیرری و میللی و خەلک خەلەتین، کاریکی وابکەن هەرجورە تیکوشانیک بو چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان ودامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی دژی ئیمپیریالیستی و دژی کونەپەرستی لە کوردستان، سەرنەگری.

لە نەتیجەی هەول دانی بەدروی ئەم کەسانەدایە کە دەرفەتەکانی زور لەبار لە مانگەکانی رابردودا، وە بە تایبەتی لە سەردەمی پەیامە میژووییەکەی **ئیمام خومەینیدا**، بوخەلکی کوردستان و تیکوشانەکانی هەیئەتی تایبەتی دەولەت بو کوردستان و گەلالەی پیشنیارکراوی ١٥ ماددەیی ئەم هەیئەتە، لەکیس چوو، وە بەکەسان و کوررەکانی موخالیفی چارەکردنی **هیمنانەی مەسەلەی کوردستان** لە دەزگاکانی ئینتیزامی و ئیداری دەوبەتی مەرکەزیدا دەرفەت درا، کە سیاسەتی توند و تیژی خویان، سەرەرای خوراگری وتیکوشانی کەسان و کوررەکانی لایەنگری چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان، بەرنەبیشەوە و لە نەتیجەی ئەوەدا هیزەکانی دژی شورش لە کوردستان و کەسانی دژی شورش لەمەقامەکانی سەرەوەی ئەرتەش و دەولەتدا دەرەتانیان بو پەیدابی کە ئاگری شەرری براکوژی لە کوردستان هەموو روژی هەلایسین.

ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق، لکی کوردستان

ئەم دەستەیە، کەبەشیکی ئەو، لەو کەسانەپیکهاتوە کە لە ناوچەکانی دیکەی ئیرانەوەبوشەرری گویا شورشگیرری چونەتەکوردستان، تائیستا لە سیاسەتیکی ئاژاوەخوازی پی رەوی یان کردوەوەدەیکەن. بەلای ئەوانەوە وادیارە هەموو شتیک بە لولەی تفەنگ شایانی چارەکردنە. لەم سەردەمەی دواییدا لەهەلویست گرتنی سیاسیدا، ئیختیلافیکی زور لە نیوان ئەملک ورابەرایەتی مەرکەزی ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلکدا دەبینری.

تا ئیستا ئەم دەستەیە لەهەمووکاریکی ئاژاوە خوازانەوشەرر هەلگیرسینانەی کومەلە. کە دنەدەری ئەسلییە لەکوردستان، پی رەوی کردوە، وسەرەرای دەربرینی هیندی رەخنەلە کومەلە، لە کردەوەدا لەگەل ئەولەسەنگەریکدا بووە.

تەنیشت ئەم هیزە عومدانەوە، هیندی تاقمی چەپ نوینی دیکەی وەک چەریکەکانی ئەشرەف دیهقانی پەیکارییەکان و... هەن کە گشتیان لەگەل کومەلەن، وە سەبارەت بە هەرچی یەلفبیت، بەکردەوە لەسەنگەری دژی شورشدا، لەدژی شورشی ئیران هەلدەسوورین.

ئەمەیە بەچەشنی خولاسەدیمەنیکی فراوان ونا هاوچەشنی ئەوهیزانەی کە لە کوردستان، لەکاردان وهەلدەسوورین.

دیمەنی هیزەسیاسییەکان لەدەولەتی مەرکەزیدا (لە پیوەندیدا لەگەل مەسەلەی کوردستان)

١ـ هیزە رەسەنەکانی مەردمی و دژی ئیمپیریالیست، کە لایەنگری پەیامی ئیمام خومەینین لەزەمینەی چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان برراندنەوەی بی بەشییەکانی میللی خەلکی کورددا.

زوربەداخەوە ئەمبەشە هەرچەند گەلی لەشەخسییەتەکانی مەزهەبی وسیاسی دەگریتەوە و تەئییدی **ئیمام خومەینیش** توانا و بایەخی پی دەدات، لەتیکرای هیزەکانی حاکم بەسەر ریژیمی کوماری ئیسلامیدا، قودرەتیکی دیاریکەر نییە و ناتوانی بەبرړایی سیاسەتی دەولەتی خوی بەرەوپیش بەریت. تەجرەبەی خەفەتاوی چەند مانگی رابردوونیشانیدا کە ئەم هیزانە لەبەرامبەر پالە پەستوی هیزەکانی بەشی دوەم و دنەدەرییەکانی بەشی سییەمدا، خویانپی رانەگیراوە و مەیدانیان بەتال کردوە.

٢ـ هیزەکانی دژی ئیمپیریالیست کە سەبارەت بە جیگەی چینایەتی خویان، لە چوارچیوەی تەنگی نەتەوەپەرستی فارسدا قەتیس ماون. ئەم قەتیس مانە ئەوانی تووشی نرخاندنیکی هەلەی زور گەورەوخەفەتاوی کردوە. ئەم مەقامانە لە نیوان دژی شورشدا لە کوردستان، کە دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی شورشی ئیرانە، وەخەلکی کوردستان کەداواکاری مافەرەواکانی خویەتی، فەرق و جیاوازی دانانین. ئەوان تیناگەن کە دژی شورش بو راکیشانی گەلی کورد بەدوای خویدا، ویستەرەواکانی ئەوان لەئالای خویان دەنووسن. ئەمانە تیناگەن ئەگەر دەولەتی ناوەندی کوماری ئیسلامی ئیران ئەم ویستەرەوایانە بەمەردمی کورد بدات، مەردمی رەسەنی کوردستان، ناکەویتەدوای دژی شورش. وە ئەگەر بەپیچەوانە، لە بەرەسمی ناسینی ئەم مافانە خوبویری، بەهەردوودەست خەلکی کوردستان بولای دژی شورش پال پیوەدەنی.

ئەم کورتبینیە و ئەمبەرچاوتەنگیە، ئەم مەقامانەی ـ کە ئیستا نەخشی دیاریکەریان لە دیاری کردنی سیاسەتی عەمەلی کوردستاندا هەیە ـ کیشاوە تە ئەوجییەکە بوهیدی کردنەوەی خەلکی رەسەنی کە، د، کەداواکاری خودموختاری یا خودگەردانین، ئەو وەسائیلە بەکار بهینن کەلە دژی ریبەدی شورش بەکاری دەهینن. سەرکوت کردن و سەرکوت کردن، وەدیسانەکەش سەرکوت کردن.

٣ـ کەسانی دژی شورش لە رابەرایەتی ئەرتەش و هیزەکانی ئینتیزامی و دەزگاکانی دەولەتیدا ـ کەمتر دەتوانری گومان لەوەدابکری کە ئیمپیریالیزم و دژی شورشی ناوەوە، لە مەقاماتی فەرماندەیی هیزەکانی ئینتیزامیدا، لەدەزگاکانی ئیتلاعاتی ئەم هیزانەولە مەرکەزە بە هەستەکانی برریاردان لە دەوروبەری رابەرایەتی دەولەتیدا، کەسانی وەکو ئەمیر ئینتیزام، دەریادار عەلەوی، نەزیە، وە **موقەدەم مەراغەیییان** لە هەموورادەیەکدا، هەرلەسەرەوەتاخواری، نەبیت.

ئەرکی سەرشانی ئەم کەسانە ئیفلیج کردنی هەموو چەشنەرەوشتیکی خولقینەرە بەباری جیگیرکردن و پتەوکردنی ریژیمی کوماری ئیسلامی ئیراندا، وەهەلگیرساندنی ئاگری کیشەوناکوکی، بی سەرەوبەرەیی، خراپلیک حالی بوون، دوژمنایەتی وەئەگەربلوی پیک هەلپرژان و شەرری براکوژییە.

ئەسپاردەی ئاغاکانی ئیمپیریالیست و کونەپەرست بو ئەم بەکریگیراوانەئەمەیە، کەلە هەرکاریکی کەلە دەستیان بیت بولاوازکردنی رابەرایەتی عەمەلی **ئیمام خومەینی**، بولاوازکردنی ریژیمی کوماری ئیسلامی کەلک وەرگرن، وە لە هیچ جینایەت وتاوانیک لەم ریگەیەدا، دریغی نەکەن.

ئیمە ئیستا ئەوا نزیکەی سال ونیویکە شوینەواری کردەوە و هەلسوررانی روژ بە روژ فراوانتری ئەمهیزە جەهەننەمیانە لە هەموو جیگەیەک دەبینین. ئیمەئەو عونسورانە کە قالبەندی بەرزەتی ئەوان لە سەر لە ـ پیناوەکانی ریژیمی تاغوت، ساواکیەکان وبەکریگیراوەـ کانی «سیا» وهی تریپیکهاتوە، لەهەموو جیگەیەک دەبینین.

بەبرروای ئیمە، دەستی ئەم کەسانە، بەئاشکرا لە هەلگیرساندنی ئاگری شەرردا، لەپیشگری لە هەر چەشنەلیک حالی بوون و چارەکردنیکی هیمنانەی مەسەلەی کوردستاندا، زورباش دەبینری. هەر ئەو چەشنە کە لە سەرەیانی لە مەرر دەست دریژی شورەیی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا بو سەرئیراندا بەئاشکرابینرا.

هەر ئەو عونسورانەی بە تەردەستی ئەو سەنەد و بەلگەیەیان لە ناوبردکەلەهیلی کوپتیرەکانی ئەمریکا مابوون، هەرئەوهیزانەی کەتەدارەکی ئاژاوەی چەکداری و کودیتای دژی شورش و کوشتاری شورشگیررەکانیان لە تاران وشارەکانی دیکەی ئیران گرتبوو، وەئیستاش بەچالاکی لە سەرنەخشەی جەهەننەمی خویان دەرون، بە ئامادەکردن و تەسلیم کردنی راپورتی درو، یا بەر ئاوەژوونیشاندانی رووداوەکان، هەولدەدەن مەسەلەی کوردستان بکەنە سەرەتانی مەترسیداری شورشی گەورەی ئیران، شەرری شەکەت کەر لە کوردستان دریژەپی بدەن، وە ئالوزی لە کوردستانەوە بگەیننە جیگاکانی دیکەی ئیران و هەنگاوبەهەنگاودەرەتان بو سەرکەوتنی پیلانەکانی داهاتوو، وە بو زەبروەشاندنی دژی شورشی ناوەوە و ئیمپیریالیزم لە ناوەوە و دەرەوەپیک بهینن.

ئەمانەن کەبەبرروای ئیمە، ئەو هیزانەی کە لە رووداوەکانی کوردستاندا بەچەشنی کاریگەر کاردەکەن.

بو لاپەرەی ٣

www.zheen.org

ئیزهاریه‌ی ...

له لاپه‌ره‌ی ٢

گیروگرفتی کوردستان چون شایانی چاره‌کردنه؟

به‌برووای ئیمه به‌چه‌شنی زور کورت بو ئه‌وه‌ی ئه‌م گری پوچکه بکریته‌وه ، پیویسته‌دوومه‌سه‌له، له کوردستان‌له‌گه‌ل‌یه‌کتروبه‌بی‌لیك‌جیاکردنه‌وه به‌خیرایی چاره‌بکرین :

١- به‌جی هینانی ویسته‌ره‌واکانی خه‌لکی کورد،
٢- سه‌رکوت‌کردنی زورخیرا و گشت‌لایه‌تری دژی‌شورش .

به‌برروای حیزبی توده‌ی‌ئیران،چاره‌کردنی ئه‌م دوومه‌سه‌له ژیانی و تیژه بوپته‌وکردنی شورشی ئیران‌و ئاماده‌کردنی هه‌مووهیزه‌کان بوخه‌باتی دژی ئیمپیر - یالیزمی ئه‌مریکا و ده‌ست دریژی‌یه ره‌نگاوره‌نگه‌کانی ئه‌و، شایانی‌وه‌دواخستن‌نی‌یه .

هه‌ر جوره خه‌یالیك له‌باره‌ی ئه‌مه که ده‌توانری ئه‌م دوومه‌سه‌له‌یه له‌یه‌کترجیابکریته‌وه و له‌پیشدایه‌کیان چاره‌بکری له‌پاشان ئه‌وه‌ی دیکه‌یان ، خه‌یالیکی‌غه‌یرد واقیعی‌یه .

ئه‌م ئه‌سله‌گرنگه‌بو مه‌قاماتی ده‌وله‌تیش و بوهیزه ره‌سه‌نه‌کانی خه‌لکی کوردیش ، راست‌ده‌ردی.

قه‌بولکردنی ئه‌م ئه‌سله ، هیندی ئه‌رکی فه‌وری‌و گرنگ ده‌خاته ئه‌ستوی ته‌واوی هیزه‌کانی راسته‌قینه‌ی لایه‌نگری شورشی ئیران‌له‌مه‌قاماتی ده‌وله‌تی مه‌رکه‌زی کوماری ئیسلامی ئیران له کوردستان‌دا:

هیزه ره‌سه‌نه‌کانی‌کورد ده‌بی تا دره‌نگ نه‌بووه و ئاگری شه‌رری براکوژی له‌مه‌پترپه‌ره‌ی نه‌سه‌ندوه ، ده‌سبه‌جی به‌ره‌ی خویان‌له به‌ره‌ی دارودهسته‌کان و تاقمه‌کانی سه‌ربه‌ئیمپیریالیزم ، دژی شورشی ناوه‌وه و ده‌ست‌دریژکه‌ره‌کانی به‌عسی‌عیراق‌له‌کوردستان‌دا،جیا- که‌نه‌وه.ئه‌وان‌به‌ناوونیشان‌وهه‌مووخوسوسی‌یه‌تیکیانه‌وه‌به خه‌لك بناسینن ، وه‌خه‌لکی کوردستان بو په‌ك خستنی پیلانه‌کانی تاوانبارانه‌ی ئه‌وان‌ئاماده‌بکه‌ن.

ته‌نیا له‌م‌ریگه‌یه‌وه‌یه که‌هیزه‌ره‌سه‌نه‌کانی‌لایه‌نگری شورشی مه‌ردمی و دژی‌ئیمپیریالیستی‌ئیران‌له‌کوردستان ده‌توانن جیگای خویان‌له به‌ره‌ی گه‌وره وچاوه‌نووس- سازی شورشی ئیران‌دابگرنه‌وه، وه‌ریگه بو شورشه‌وه‌ی ژه‌نگی بی‌برروایی ویه‌دگومانی ته‌خت‌که‌ن.

حیزبی توده‌ی ئیران په‌یامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و ریکخراوه‌ی چه‌ریکه‌کانی فیدایی خه‌لق ، برواری ٦ر٣ر٥٩ - هه‌ر چه‌ند دره‌نگ بووه - به‌ناوی هه‌وه‌لین هه‌نگاوی موسبه‌ت، به‌لام ناره‌وان‌و ناکافی ، له‌م ریگه‌یه‌دا ده‌نرخینی .

رابه‌رایه‌تی کوماری‌ئیسلامی‌ئیران‌ده‌بی به‌خیرایی له‌ته‌واوی‌سه‌رنجه‌کان و برریاره‌کانی سیاسی و نیزامی خویدا، حیسابی خه‌لکی کورد وهیزه نیشتمانی‌یه‌کانی کوردستان له‌دژی شورش جیاکاته‌وه ، وه به‌برریاری فه‌وری و عه‌مه‌لی وگشت‌لایه ئه‌م خه‌لکه‌ره‌نجاوو له خوین هه‌لکیشراوه‌دلنیاکات که‌سه‌رده‌می بی‌به‌شی‌یه‌کانی ده‌ها ساله‌ی ریژیمی تاغوتی برراوه‌ته‌وه‌و‌ئه‌ووعدانه‌ی که ئیمام‌خومه‌ینی له په‌یامه میژوویی‌یه‌که‌ی‌خوی‌دا ، به ئه‌م خه‌لکه‌ی‌داوه ، جی‌به‌جی‌ده‌کرین .

هه‌ربه‌وجوره که‌ئیمه‌گه‌لی‌جاروه‌بیرمان‌خستوته‌وه راگه‌یاندنی گه‌لاله‌ی شه‌ش مادده‌یی پیشنیارکراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ، به‌دو ته‌غییرانه‌وه که‌شوررای‌شورش‌تی‌ی‌داکردوه،هه‌نگاویکی گه‌وره‌ی میژوویی‌یه‌له‌م زه‌مینه‌یه‌دا.

ئیمه‌دلنیاین که به‌راگه‌یاندنی ره‌سمی ئه‌م گه‌لاله‌یه له‌لایه‌ن ده‌وله‌تی کوماری‌ئیسلامی‌ئیرانه‌وه،له‌کوردستان به‌ره‌ی زوربه‌ی‌خه‌لك له به‌ره‌ی که‌مایه‌تی به‌کریگیراو و خوفروشی سه‌ربه‌دژی‌شورش،به‌چه‌شنیکی‌چاره‌نووس‌ساز جیاده‌بیته‌وه ،وده‌ره‌تان‌بوسه‌رکوت‌کردنی دژی‌شورش و ده‌ست‌دریژکه‌ره‌کانی به‌عسی عیراق گه‌لی باشترولـه بارتر ده‌بیت.

حیزبی توده‌ی‌ئیران لای وایه‌ئه‌م ریگا پیشنیار کراوه ، تاقه‌ریگا ، که‌م مه‌ینه‌ت‌ترریگا وبه ته‌ئسیرترریگایه بوچاره‌کردنی‌مه‌سه‌له‌ی‌کوردستان‌وبوپته‌وکردنی جیگای شورشی ئیران.

ئیمه دلنیاین که‌میژووی داهاتوو ، دروستی پیشنیاره‌کانی ئیمه ته‌ئییدده‌کات .

کومیته‌ی ناوه‌ندی
حیزبی توده‌ی ئیران
١٢ر٣ر١٣٥٩

دژی‌شورش خه‌ریکی پیلانی فراوانتره له‌کوردستان!

له‌لاپه‌ره‌ی ١

فروشه‌کانی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا له ناوه‌وه‌ی ئه‌رته‌ش‌دا، له چه‌شنی که‌سانی وه‌ك‌ده‌ریادار عه‌له‌وی،سیناریوی‌شووه‌ی عه‌وام خه‌له‌تینی‌وئاگرهه‌لگیرساندنیان به‌هه‌مووتواناوه خستوته سه‌رشانو . تا خه‌لکه‌کان به ره‌نگاری‌یه‌کتر که‌ن ، برا له ئاگری کینه‌ی ناره‌وای‌برادا بسووتینن ، گیشه‌ی‌کوژراوهه‌لده‌نه‌وه‌و ریگا بوتیپه‌ربوونی‌دوژمن‌ته‌خت‌که‌ن.

دژی شورش له شینه‌یی و خوبواردنی ده‌وله‌تی کوماری‌ئیسلامی‌ئیران‌له‌راگه‌یاندنی مافه‌ره‌واکانی خه‌لکی کورددا ، که ٨٠ ساله بو وه ده‌ست‌هینانی ئه‌وه خه‌باتی کردوه ، وه ئه‌وا له‌نه‌تیجه‌ی‌شورشی گه‌وره‌ی‌ئیران‌دا. پیکهاتنی ئه‌م ئاواته ، یانی وه ده‌ست‌هینانی خودموختاری له چوارچیوه‌ی ئیرانیکی تاقانه و ئازادوسه‌ربه‌خودا به گونجاوده‌زانی، که‌لکی‌خراپی وه‌رگرتوه ، خوی به‌مودافیعی گه‌لی کورد و مافه‌کانی ئه‌وداده‌نی، خوین و شه‌ره‌فی گه‌لی کورد له‌گه‌ل دوژمنه‌کانی شورشی ئیران - ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا و به‌عسی‌یه‌کانی‌عیراق-ده‌خاته‌سه‌وداومامه‌له‌وه، ئه‌م خه‌لکه به‌گژ کوماری تازه‌دامه‌زراوی ئیسلامی ئیران‌دا ده‌کا ، تا ده‌سکه‌وته‌کانی شورشی ئیران بفه‌وتینی و بالی ره‌شی چه‌ند سالی دور و دریژی دیکه‌ی پشووبررین ، به‌سترانه‌وه ، تالان و جینایه‌ت به سه‌ر خه‌لکی کورد وخه‌لکه‌کانی‌دیکه‌ی‌ئیران‌دابکیشیته‌وه. تیماسکی سنووری ئیران و عیراق بوته ره‌پیلگه‌ی ئه‌م تاوانبارانه.به‌ختیار، ئوویسی، ئه‌فسه‌ره‌راکردوه‌کان‌وتاوانباره‌راکردوه‌کانی ساواك که به هه‌مووتواناوه هه‌ول ده‌ده‌ن «کوردستانی ئازاد» پیك بهینن ، له‌م ناوچه‌یه‌دا هاتو چویانه و پیلانه‌کانی خویان ریك ده‌خه‌ن. یه‌کی له‌م تاوانبار و خاینانه‌که له‌م دوایی‌یه‌دا هاتوته عیراق و بوکاولکاری و پیلانگیرران له دژی کوماری ئیسلامی ئیران ، به توندوتولی هه‌لده‌سورری **عه‌لی قازی‌یه** . ئه‌مه ، که‌یه‌کی له سه‌رله‌پیناوه‌کانی **ریژیمی روخاوی په‌هله‌وی‌یه** . وه له‌گه‌ل ساواك پیوه‌ندی پته‌وی بووه و به‌دل‌هاوکاری کردوه، ئیستا هه‌ول ده‌دا، به‌ناوی به‌رده‌ستی ده‌وله‌تی به‌عسی عیراق . هه‌لسوورانی دژی شورش له ئیران ریکخات .

ئه‌و ، له‌گه‌ل ئه‌و که‌سانه‌ی که قسه‌یان له‌گه‌ل کردوه ، کوتویه‌تی ده‌وله‌تی عیراق به هه‌مووجوری ئاماده‌یه‌کومه‌کی موخالیفه- کانی ده‌وله‌تی کوماری ئیسلامی ئیران‌بکات. وه‌کوتوشیه‌تی‌وه‌رگرتنی کومه‌ك‌له‌عیراق (٣) شه‌رتی‌هه‌یه .

یکه‌م ، ئه‌مه ، **«ئه‌وه‌ی که کومه‌ك وه‌رده‌گری ده‌بی قه‌بوول بکا که خه‌ته‌ری کومونیزم هه‌رره‌شه له ئیران ده‌کات ، و بگریته ئه‌ستوی که ته‌واوی هیزی خوی بو نه‌هیشتنی ئه‌م خه‌ته‌ره ، به‌کاربهینی».**

دووه‌م، ئه‌مه، که «دروشمی روخانی رژیمی خومه‌ینی قه‌بوول‌بکات ، ته‌بلیغی بوبکات وه‌به‌کردوه ، بو جی‌به‌جی بوونی ئه‌وه هه‌ول‌بدات . ده‌وله‌تی عیراق چه‌ك‌نادا به‌وکه‌سانه‌ی که بوجی‌به‌جی بوونی ئه‌م دروشمه‌کارناکه‌ن».

ئاخره‌که‌ی ، سی‌یه‌م ئه‌مه‌که «ئه‌وه‌ی کومه‌ك‌له‌عیراق‌وه‌رده‌گری، ده‌بی‌بوجی‌به‌جی بوونی‌خودموختاری کوردستان‌خه‌بات‌بکات».

ئه‌م‌قسانه قوولایی پیلانه خه‌ته‌ره‌کانی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا ، ریژیمی به‌عسی عیراق وه پاشماوه‌کانی ریژیمه چه‌په‌ل و روخاوه‌که‌ی په‌هله‌وی،به‌روشنی‌نیشان‌ده‌ده‌ن. تاوانباره‌کانی به‌عسی و به‌کریگیراوه‌کانی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا به‌کوتنی ئه‌م ویستانه، ئامانجی راسته‌قینه‌ی خویان که «روخاندنی ریژیمی خومه‌ینی‌یه» له ژیر سه‌رپوشی‌دیفاع له خودموختاری کوردستان‌دا ، که‌ویستی راسته‌قینه‌وره‌وای‌خه‌لکی‌کورده، داده‌پوشن. وه «خه‌ته‌ری خه‌یالی کومونیزم»یش‌ده‌که‌نه بیانووی ئه‌وه ئه‌وان به ئاشکرا هه‌ول‌ده‌ده‌ن که ده‌سته‌لاتی خویناوی و داگیرکه‌رانه‌ی خویان ، که له نه‌تیجه‌ی شورشی ئیران‌دا زه‌بری جیددی‌لیدراوه ، بژیه‌ننه‌وه ، وه بو گه‌یشتن‌به ئه‌م مه‌به‌سته ، هه‌ول ده‌ده‌ن گه‌لی کورد به بیانووی‌دیفاع له مافه‌ره‌واکانی ئه‌و، بخه‌له‌تینن وبیکه‌نه‌کوته‌کی‌ده‌ستی‌پیلانه‌کانی خویان . ئه‌وان راده‌گه‌یه‌نن که ته‌واوی ئه‌م پیلانه ، به‌ئه‌م مه‌به‌سته ده‌گیررن، که‌ئیران له «خه‌ته‌ری کومونیزم» رزگارکه‌ن.

ئه‌م واقیعی‌یه‌ته و سه‌دان واقیعی‌یه‌تی دیکه‌ش ، وریایی‌دانیکی جیددی دیکه‌یه بو ته‌واوی هیزه سادقه‌کانی گه‌لی کورد . که به هه‌مووتوانای خویانه‌وه نه‌هیلن گه‌لی کورد بکریته‌عامیلی نائاگای به‌جی‌گه‌یاندنی پیلانی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا و ریژیمی به‌عسی عیراق‌له‌دژی کوماری ئیسلامی‌ئیران، به‌هه‌مووتواناوه له هه‌لگیرسان و په‌ره‌سه‌ندنی شه‌رری‌براکوژی ، که‌ته‌نیا به‌سوودی‌دوژمنی ته‌واوی خه‌لکه‌کانی ئیران ته‌واو ده‌بیت ، پیشگری بکه‌ن ، وه‌یه‌کیه‌تی دژی ئیمپیر - یالیستی خه‌لکه‌کانی ئیران که دژی ئیمپیر- یالیزمی ئه‌مریکا ، دابین‌وپته‌وکه‌ن .

ئه‌م واقیعی‌یه‌تانه وسه‌دان واقیعی‌یه‌تی دیکه‌ش ، وریایی دانیکی جیددی دیکه‌یه بو مه‌سئوله سادق و دلسوزه‌کانی کوماری ئیسلامی ئیران ، تا زور جیددی‌تر ، خیراتر و برراتر ، فریای وه‌زعی کوردستان که‌ون ، گه‌وره‌ترین بیانووی‌به‌هه‌له‌به‌ری‌دژی‌شورش، یانی بی‌به‌شی خه‌لکی کورد له مافه‌ره‌واکانی خوی ، به‌جیددی‌بگرنه به‌رچاو، گیروگرفتی کوردستان‌له‌سه‌ربنچینه‌ی‌په‌یامه میژوویی‌یه‌که‌ی ئیمام خومه‌ینی چاره‌بکه‌ن وگه‌لاله‌ی په‌سه‌ند کراوی‌شه‌ش‌مادده‌یی راگه‌یه‌نن‌وئیجرای که‌ن.

ته‌نیا له حاله‌تیکی‌ئاوادایه که‌ده‌توانری پیلانی دژی شورش بو راکیشانی خه‌لکی کورد ، بوناوداوی به‌ره‌نگارکردنی کوماری ئیسلامی ئیران په‌ك بخری . دوژمن‌ناهومید کری ، خه‌لکی ره‌نجاوی کورد بکریته

پشتیوانی شورشی ئیران و کوماری ئیسلامی ئیران، وه‌دژی‌یه‌کیه‌تی‌ئیمپیریالیستی‌ته‌واوی خه‌لکه‌کانی ئیران له دژی ئیمپیریالیزم ، به‌سه‌رکرده‌یی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا ، دابین‌کری .

دژی شورش خه‌ریکی فراوان کردنه‌وه‌ی‌شه‌رری براکوژی‌یه له‌کوردستان

روژی یه‌ك شه‌ممه ٢٨ر٢ر١٣٥٩ کوبوونه‌وه‌یه‌ك به هاوبه‌شی **سه‌رهه‌نگ‌سته‌و علیار** ، ئه‌فسه‌ری‌ریژیمی په‌هله‌وی نوینه‌ری کومه‌له ، **نوینه‌ری شیخ عیزه‌دینی حوسه‌ینی (مه‌لا محه‌مه‌دی عه‌باسی)** ، **سه‌رگورد که‌ریم علیار** برای سه‌رهه‌نگ علیار ، وه سه‌روان **جاوید‌فه‌ر**، له‌گوندی‌**داشبه‌ند** ، له‌ده‌کیلومیتری جاده‌ی بوکان - میاندواو ، پیکهات .

له‌م کوبوونه‌وه‌یه‌دا ، له‌باره‌ی مه‌سه‌له- کانی ناوچه‌که چلونایه‌تی کیشانی شه‌رر بو ناوچه‌ی بوکان و ره‌نگه مه‌هابادیش ، قسه‌کرا و برریاردرا .

له دوای ئه‌م کوبوونه‌وه‌یه ، له‌لایه‌ن سه‌رهه‌نگ‌علیاره‌وه،ستوان‌یه‌که‌می کلاوسه‌وز، به‌ناوی **ره‌زا** ، که خوی ده‌لی له گیره و کیشه‌کانی به‌نده‌ری ئه‌نزه‌لی‌دا ، له خزمه‌ت رای‌کردوه ، به‌ناوی ئه‌فسه‌ری فیرکردنی پیشمه‌رگه ، هینراوه‌ته بوکان . ناوبراو . له وه‌ختی فیرکردن‌دا و هه‌روه‌ها له کاتی بی‌کاریش‌دا ، بو **«ئه‌رته‌شی ئازادی به‌خشی ئیران»** ته‌بلیغ وتاریفی‌شاپوری‌به‌ختیارده‌کا، وه چه‌ند دروشمیشی له‌م باره‌یه‌وه ، له دیواره‌کانی شاری بوکان نووسیوه .

ئه‌وکابرایه له حاست به‌ختیاری خاین، **ته‌عه‌سوبیکی‌تایبه‌تی‌هه‌یه**، وه‌به ره‌خنه‌گرتن له‌به‌ختیارزورقه‌لس‌ده‌بیت و لومه‌ی‌ره‌خنه‌گر ده‌کات .

ئه‌وکابرایه‌بوهه‌لگیرساندنی‌شه‌رروکاولکاری، شه‌وسه‌عات ١٢، به بیانووی تاقی‌کردنه‌وه‌ی **تفه‌نگی ١٠٦ی دووربین** داره‌وه ، له ٢٥ کیلومیتری جاده‌ی میاندواو - بوکان ، له گوندی **قه‌ره‌موسالی** ، دووگولله‌ی بو کیوه‌کانی لای میاندواوه‌وه ، ناوه . دوای ئه‌وه‌هیلیکوپتیره‌کانی ئه‌رته‌شی ، به نزمی به سه‌ربوکان و دیهاتی ئه‌وی‌دا ده‌فررن ، تا ئیستاله چه‌ند جیگه‌ش ، مه‌سه‌له‌ن **(میراو، کیوی ناله‌شکینه وه ده‌وروبه‌ری گوندی قوچاخ)** ده‌س ریژیان کردوه، به‌لام‌تائیستا وه‌زه‌ندیکیان نه‌داوه .

به‌ئه‌م هان‌دان و هاوروژاندنی‌دوولانه‌یه، خه‌ته‌ری پیك هه‌لپررژان له بوکان ، هه‌یه. یانی ئه‌و کاره‌ی که دژی شورش‌زورشاد ده‌کات و ئالوزی وه‌زعی کوردستان توندو تیژده‌کا .

له‌سه‌ر مه‌سئوله سادقه‌کانی کوماری ئیسلامی و هیزه‌کانی سادق و راسته‌قینه‌ی گه‌لی کورده که به هه‌مووتواناوه ، نه‌خشه شوومه‌کانی دژی شورش ، په‌ك بخه‌ن.

دمه‌ته‌قه‌یه‌کی خوسوسی!

له‌لاپه‌ره‌ی ٤

خانم نایله‌طه‌رمضان-بنیاتی کشت و کالی . طارق حمد عبدالله -بنیاتی کشت و کالی . ته‌واوی ئه‌و بنیاتانه ویلای گه‌وره‌یان تیدایه به ئاووبروسکه و ئیرکوندیشینه‌وه ، ریگا - کانیشیان قیرتاوکراوه . وه هه‌مووی به‌پوولی ده‌وله‌ت‌و له‌کیسه‌ی (بیت‌المال) . ئه‌مه‌یه (سوسیالیزمی به‌عسی- تکریتی). ناره‌واش‌نی‌یه . له قه‌دیمه‌وه کوتویانه:«هه‌رچی له به‌غدادایه، هی‌خه‌لیفه‌یه».

نامه «مردم»
ئورگانی ناوه‌ندی حیزبی توده‌ی ئیران
به زمانی کوردی
خاوه‌ن ئیمتیازوبه‌ریوه‌به‌ری‌به‌رپرسیار :
مه‌نوچیهری بیهزادی
ناونیشان : شه‌قامی ١٦ی ئازر - ژماره ٦٨
ته‌لیفون ٩٣٣٤٥٩ - ٩٣٥٧٢٨
چاپی کاویان

دامه‌زراوبی‌یه‌کیه‌تی ته‌واوی هیزه‌دیموکراتی ودژی‌ئیمپیریالیستی‌یه‌کانی ئیران‌له‌به‌ره‌ی یه‌کگرتوی خه‌لك‌دا

بنکه‌ی ژین
www.zheen.org

پەیامی ریکخراوی...

لەلاپەرەی ١

وتارەکان ، وە بەتایبەتی لە نامەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران بو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌دا ، کە لە ژمارە ١٤٤ مەردم‌دا چاپ کراوە ، بەراشکاوی کوتراوە.نەتیجەوەرگرتن لە نرخاندنەکانمان ئەوەیەکە هیزەکانی نیشتمانپەروەر ز شورشگیرری راستەقینە لە کوردستان دەبی زور بەخیرایی و زور بەروشنی بەرەی کاری سیاسی خویان لەبەرەی هیزەکانی سەربە ئیمپیریالیزم ، دژی شورش و بەعسی عیراق ، لە کومەلە ، شیخ جەلال ، رزگاری ، شیخ عوسمان و هی‌دیکە جیاکەنەوە ، وە بەبررایی بکەونەسەرریگەی نەهیشتنی ئەم دوژمنانەی شورشی ئیران . سیاسەتیکی ئاواروشن دەتوانی کەسان و کورره شەرر هەلایسینەکان کە لە دەزگاکانی حوکومەت‌دا جیگیربوون و هەول دەدەن بەهاوروژاندنی کاولکاری، بەجی گەیاندنی ری‌نوینی‌یەکانی **ئیمام خومەینی** لەبارەی چارەکردنی مەسەلەی کوردستان ـ کە لە پەیامە میژوویی‌یەکەی ٢٦ی مانگی خەزەلوەری ٥٨ی **ئیمام خومەینی‌دا** کوترابووپەکبخەن ، لە قاوداوبی تەئسیرکات.

٢ـ هەربەوچەشنەکە گەلی جاررامان گەیاندوە ، بە برروای ئیمە ، راگەیاندنی رەسمی و خیرای ئەو گەلالە پەسەند کراوەی کە ئاغای سەرکومار لە چەند نوتقی ئەم دوایی‌یەی خویان‌دا ئیشارەیان بو کردوە، کومەکیکی‌زورگرنگ بەجیاکردنەوەی هیزەسالمەکانی خەلکی کورد لە هیزەکانی دژی شورش و وابەستە و بەکریگیراودەکات ، تبلیغاتی بە هەلەبەر و کاولکاری ئەم دوژمنانەی شورش لە ناوخەلکی کورددا لە دژی رابەرایەتی‌شورش‌وکوماری‌ئیسلامی ئیران، پەکدەخا، وەئەوهیزەسیاسی‌یانەی کەبەراستی‌داواکاری‌چارەکردنی مەسەلەی دژواری کوردستان لە سەربنچینەی ری ـ نوینی‌یەکانی ئیمام خومەینین ، بە چەشنیکی بە تەئسیر، یارمەتی‌دەدات.

حیزبی تودەی ئیران لەگەل هەست‌کردنی تەواو و کەمال بە مەسئولی‌یەتی سیاسی و میژوویی خوی، لەسەر ئەم ویستە تەئکید و ئیسراردەکات وهیواداره‌کە کار بەدەستەکان لەگەل سەرنج دانی گرنگی مەسەلەکە، **پترلەمە ، بلاوکردنەوەی ئەم گەلالەیەکە** نوختەگرنگ و بنەررەتی‌یەکانی ئەو، ویستە حەق و رەواکانی‌خەلکی غەدرلیکراوی کورد پیک دەهینی ، وەدوانەخەن.

ئیمەجاریکی‌دیکەش‌تەئکیددەکەین و بەراشکاوی **دەلی‌ین کە سەرکوت‌کردنی دژی شورش‌لەکوردستان،** دژی شورشی سەربە بەعسی عیراق ، پاشماوەکانی ریژیم وبەردەستەکانی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و سەهیونیزم ، کاریکی پیویست و فەوری‌یە . بەلام جی‌بەجی بوونی ئەم کارە پیویست و فەوری‌یە ، تەنیا لە چوارچیوەی چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان ، لەریگەی دابین‌کردنی مافەرەواکانی گەلی‌کورد وسەرکوت‌کردنی شەررهەلگیرسینەکانی خاین، سەردەگری.

بوگەیشتن بەم مەبەستە ، دەبی خەلکی کورد دلنیاکری ، دووپاتەی دەکەینەوە ، دلنیاکری‌کە مافەرەواکانی‌لەلایەن‌کوماری ئیسلامی ئیرانەوە بە ئەو دەدریت.

تەنیا لەم حالەدا خەلکی کورد حیسابی خوی لە ئاگر هەلگیرسینەکان ، بەکریگیراوەکان و شەرر ـ خوازەکان کەبوعەوام‌خەلەتینی رووپوشی خیرخوایی‌یان بەرووی خویانەوە گرتوە ، جیا دەکاتەوە ، ئەوان لە هەربەرگیک دابن دەناسیتەوە و بەلی برراوی رەگەل شورش دەکەوی.لەحالیکی‌ئاوادادەتوانری دژی‌شورش تیک شکیندری و لەناوببری .

پیلان ودەست دریژی ریژیمی بەعسی عیراق...

لەلاپەرەی ١

سنووری پاکستان دە ـ بیستری ...

ئەم جورە خەبەرانە کە لەگەل خەبەرەکانی دیکەی لە مەرر خو ئامادە کردنی نیزامی و غەیرە نیزامی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا لە دژی شورشی‌ئیران، بلاودەبنەوە ، نیشانەی فراوان بوونی کردەوەی دوژمنانەی دوژمنی ئەسلی ئیمەیە .

تا ئیستا تەواوی‌ئەم فیتنەگیران و کاولکاری و دەست دریژی‌یانە، لە نەتیجەی‌وریایی و بررایی خەلک و گیانفیدایی شایانی ئافەرینی رولەدلیرەکانی گەل ، بەرپەرچ‌دراوەتەوە. دەست دریژی پەیتا پەیتای بەکریگیراوەکانی بەعسی‌عیراق بوسنوورەکانی‌زەمینی وهەوایی ئیران ، توورەیی و بی‌زاری تەواوی خەلکی نیشتمانپەروە ، سەر بەخویی ویست و ئازادیخوازی ولاتەکەمانی هەلگیرساندوە . کومەلانی زەحمەتکیش‌لە هەمووجیگەیەک ئامادەیی خویان بو بەرپەرچ دانەوەی‌هوروژم‌و دەست‌دریژی دوژمن و دانەوەی وەلامی دەم‌شکین‌بەئەو ، رادەگەینن. خەلکی ئیران ناکەونە داوی پیلان وکەلەکە رەنگاورەنگەکانی دوژمنەوە ، وە بەوەریایی شورشگیرری و بە لی‌برراوی ئەم‌جورەنەخشانە ، پەکدەخەن.

بەکریگیراوانی‌بەعسی‌عیراق، کە لە نەتیجەی سیاسەتی دوژمنانەی خویان‌دا تووشی توورەیی و بی زاری‌گشتی لەولات‌دا هاتوون ، خاکی عیراقیان کردوتە جورە پیگەیەکی دژی‌شورشی‌راکرد‌ووی ئیران ، وەبوونەتە ئالەتی ئیجرای سیاسەتی دوژمنانەو دەست دریژی ئیمپیریالیزم ، بە سەرکردەیی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ،لەدژی‌ئیران‌وشورشی ئیران . ئەوانە هەول دەدەن لەلایەک‌بەهەلگیرساندنی‌ئالوزی هەمیشەیی لەسنوورەکانی ناوچەی زوربەهەستی وەکو کوردستانی‌ئیران، بەکاولکاری فراوان‌لەخوزستان، وەلەلایەکی دیکەش بە تەبلیغاتی ژەهراوی وبی‌تام لەدژی‌شورش ،تەواوی سەرنج و ورد بوونەوەی‌بنیاتەکانی‌شورشگیرری ومەقامەکانی دەولەتی کوماری‌ئیسلامی‌ئیران بو ئەم ناوچەیە راکیشن ، بینە بەرهەلستی کاری خولقینەری ئابوری ، سیاسی ، کومەلایەتی و فەرهەنگی لە ئیران‌دا . نارەزایی پەرەپی‌بدەن ، تا شورشی‌ئیران و دەسکەوتەکانی ئەو ، لەق و لاوازکەن .

نامەی «مردم» گەلی جارولەوەختی‌خوی‌دا ، پەردەی لە پیلان و فیتنەگیرری‌یەکانی دوژمنی‌ئەسلی ئیمە ـ ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و دژی‌شورشی ناوەوە ، لاداوە و ، وریایی پیویستی‌داوە . ئیستاش ئەوا لە هەموو دەلیل و نیشانەیەک وادەردەکەوی‌کە ئەم‌پەرەگرتن و هەمیشەیی‌یەی دەست دریژی پەیتا پەیتای دەولەتی بەعسی عیراق بو سنوورەکانی زەمینی و هەوایی ئیران . سەرەتای «زەبریکی تازە»یە کە ئیمپیریالیزمی ئەمریکائامادەی کردوە. لەم سەروبەندەداهەرکاریکی ، کەببیتەهوی پررش و بلاوی هیزەکان و توند و تیژ بوونی ئیختیلاف و ناکوکی‌یەکان ، بەهەر نیازیک و بە هەرناویک بیت ، تەنیا بە زیانی شورش و خەلکی ئیران ، وە بە سوودی دوژمنی ئەسلی هەمومان ـ ئیمپیریالیزمی ئەمریکایە .

پەیامی ریکخراوی چەریکەکانی‌فیدایی خەلق و،حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بوخەلکە قارەمانەکانی ئیران وهیزەکانی پیشکە و تخواز و دژی ئیمپریالیست

پتر لە دوومانگە ئاگری شەرری داسەپاویان لە کوردستان هەلگیرساندوە . ئەم شەررە تا ئیستا بە نرخی شەهید بوون و بریندار‌بوونی هەزاران کەس لە ژنان و پیاوان و مندالانی بی‌گوناهی کورد تەواوبووە وهەموو روژی پتردەکەویتە شیوەی فاجیعەو کارەساتەوە .

بی‌گومان توند و تیژ کردنی ئەوپیک هەلپررژانەی لە کوردستان هەیە لە کاتیک‌دا کە خەلکەکەمان خەریکی خەباتیکی میژوویی و چارەنووس‌سازلە دژی‌ئیمپیریالیزمی جیهانی بە سەرکردەیی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ، وە لە کاتیک‌دا کە پتر لە هەروەختیکی دیکە یەکیەتی هیزەکانی دژی ئیمپیریالیست پیویستیکی بنەرەتی‌یەوەزەندیکی جیددی لە خەباتی‌دیموکراتی‌ودژی‌ئیمپیریالیستی خەلکی نیشتمانەکەمان دەدات .

ئیمپیریالیزمی ئەمریکا وتەواوی یەکگرتوەکانی ناوەوەی ئەو پتر لە هەرکاتیکی دیکە هاتونەتە سەرئەوە بەهەر نرخیک کە بووە خەباتی‌خەلکی نیشتمانەکەمان لە دژی ئیمپیریالیزم بکەنە خەباتی ناوریزەکانی خەلک وە بە هەلگیرساندن و فراوان کردنەوەی شەرری‌براکوژی ،یەکیەتی‌خەلکەکان وزەحمەتکیشەکانی‌ئیران، بچرریژینن.

هەرئیستا لە هیندی ناوچەی کوردستان هیندی **دەستەی چەکداری** سەر بە ریژیمی بەعسی عیراق و پاشماوەکانی‌ریژیمی روخاوی پادشایەتی،وەکو کاررایەررین وبەردەستەکانی ئیمپیریالیزمی ئەمریکای‌تاوانبار هەول دەدەن ئاگری شەرری‌براکوژی هەروا بە هەلگیرساوی بهیلنەوە .

لە لایەکی دیکەوە کورره شەرر هەلگیرسینەکانی لە حاکمی‌یەتیش‌دابە چاونوقاندن لە مافەرەواو تەبیعی‌یەکانی گەلی کورد ، بە سیاسەتی شەرر خوازانەی خویان ، زەمینەی پیویست بو هەراوکردنەوەی مەیدانی کاری هیزەکانی سەر بە ئیمپیریالیزم لە ناوچەکەدا ، پیک‌دەهینن .

ناردنی هیزەکانی‌ئەرتەش وسوپای پاسداران بوسەرکوت‌کردنی‌کوردستان، گەماروی ئابوری‌یانی بەستنی ریگای هاتنی هەمووچەشنە پیداویستیکی گشتی و تبلیغاتی ژهراوی لە دژی هیزە سیاسی‌یەکانی مەسئول لە کوردستان ،جگە لە توند و تیژکردنی پیک‌هەلپررژان و فەوتاندنی موحیتی لیک حالی بوون بو چارەکردنی هیمنانەی‌مەسەلەی‌کوردستان،نەتیجەیەکی دیکەی نابیت .

تەواوی ئەو هیزانە و ئەوکەسانەی کە بو سەرکوت‌کردنی‌ویستەرەواکانی خەلکی‌کورد بیردەکەنەوە ، بەجاریک و بو هەمیشە دەبی بزانن کە ریگەی چارە کردنی نیزامی بو مەسەلەی کوردستان‌نی‌یەوەهەرجورە هەولدانیک لەم بارەیەوە ، وەکو هوروژمەکانی رابردووتووشی شکان‌دیت .

وەزعیکی ئاوابی‌گومان دەبیتە هوی نیگەرانی‌یەکی زوری تەواوی هیزەشورشگیرر و پیشکەوتخوازەکان و تەواوی ئەوانەی بیر لە سەرکەوتنی یەکجاری‌خەلکەکەمان‌لە خەباتی‌دژی ئیمپیریالیستی‌دا . دەکەنەوە .

لەبەر ئەمە ، ئیمە لەگەل دیفاع لە مافەرەواکانی گەلی کورد ، لە تەواوی ئەو تیکوشانانەی‌کە بەساری، دامەزراندنی ئاشتی لە کوردستان‌دا بیت ، بەلی برراوی پشتیوانی‌دەکەین و بەهەمووتواناوە بو پیکهاتنی ئەوە هەول دەدەین .

بەلام زور بە داخەوە دەبینری تەواوی ئەوهەولانەی کە لەلایەن‌هیزە مەسئولەکانی ناوچەکەوە بو جیگیر بوونی شەرر ویستاندن و دەست‌پی‌کردنی وت و ویژی ئاشتی‌دراوە ، بەهوی کردەوەی هیزە شەرر هەلایسینەکان و تەواوی ئەوانەی کە موجودی‌یەتی خویان لە بەرماندەی‌ئەو شەرر و ناکوکی‌یەدا دەبینن ، تووشی شکان‌هاتوە . دەولەتیش هەروا لە ئەمر سیاسەتی لە شکرکیشی خوی بو کوردستان دەروات . وە لە روژانی رابردووداسەرەرای‌ئەمە کە سەرکومار بەنی‌سەدر لە چەند جیگارای‌گەیاند، کە ویستەکانی خەلکی کورد تەئیید کراون و هەیئەتیک‌بودەست‌پی‌کردنی وت و ویژ دەچیتە کوردستان ، بەلام سەرکومار حازرنەبووئەوەی‌کەلەلایەن خویەوە هینرابووە ئاراوە . بەرەسمی رابگەیەنیت ، هیچ‌هەیئەتیکیش بو وت و ویژنەهاتە ناوچەکە ، وەسەرکومار بەکردەوە تەسلیمی سیاسەتی ئەو هیزانە بووکە نیازیان هەیەبەهەر نرخیک‌بی ، مەسەلەی کوردستان لە توند و تیژکردنی شەرری داسەپاوەوە چارەبکەن !

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق‌بوپیتەوکردنی ریزوسەفی هیزەکانی دژی ئیمپیریالیستی نیشتمانەکەمان و پیشگری لە شەرری براکوژی لە کوردستان ، جاریکی دیکەش لە سەرکومار بەنی‌سەدر داوادەکەن بیروورای‌ئیسلامی دەولەت لە حاست ئەو ئەسلی خودموختاری پیشنیار کراولەلایەن حیزبی دیموکراتەوە، بە رەسمی رابگەیەنن . قوبولکردنی رەسمی ئەم ویستانە لەگەل راگەیاندنی شەرر ویستاندن و لابردنی گەماروی ئابوری کوردستان، موحیتی‌پیویست بو وت و ویژوچارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستان پیک‌دەهینی .

ئیمە جاریکی‌دیکەش‌بە جیددی وبەقەتعی لە کار بەدەستە مەسئولەکان و تەواوی ئەوانەی کە بە چارەنووسی خەباتی دیموکراتی و دژی‌ئیمپیریالیستی خەلکی‌نیشتمانەکەمانەوەن داوادەکەین لە تیکوشانی هیزە سیاسی‌یەکانی مەسئول لە کوردستان بو دامەزراندنی ئاشتی عادلانە ، بە جیددی پشتیوانی بکەن . خەلکی کورد و هیزە سیاسی‌یەکانی مەسئولی ئەو بە شاهیدی‌تەواوی بەلگەکانی عەینی ، هیچ‌کاتی شەرر خوازنەبوون ، وئەمروش‌لە هەر کاریکی بە باری دامەزراندنی ئاشتی لە کوردستان‌دابیت ، بە هەموو تواناى خویانەوە پشتیوانی دەکەن.

ئیمە خەلکی‌تیکوشەری نیشتمانەکەمان بو قەزاوەت و کومەکبانگ دەکەین و داوایان لی دەکەین لەگەل مەحکوم کردنی تاقم و کەسانی شەرر هەلایسین ، لە تیکوشانی ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بو دامەزراندنی ئاشتی لە کوردستان پشتیوانی‌بکەن . بابەپیکهیاتی‌یەکیەتی و برایەتی تەواوی خەلکەکانی ئیران، دەستەلاتی ئیمپیریالیزمی تاوانباری ئەمریکالەژیانی کومەلایەتی نیشتمانەکەمان فرری دەین و بەدابین کردنی مافی زەحمەتکیشەکان و خەلکە غەدرلیکراوەکان ، ئیرانیکی ئازاد و دیموکراتی دامەزرینین .

ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق

حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیران

٥٩٫٣٫٦

دەمەتەقەیەکی خوسوسی:

سەباح ـ ئاغای سەروک ! کوردەکان‌بودە کوژی؟

سەدام حوسەین ـ چونکە نابنە عەرەب !

ـ عەرەبەکان بو دەکوژی؟

ـ چونکە نابنە بەعسی !

ـ بەعسی‌یەکان بو دەکوژی؟

ـ چونکە نابنە ئیشتیراکی، (سوسیالیست) .

ـ کومونیستەکان‌بودەکوژی؟ خوئەوان سوسیالیستن !

ـ چونکەنابنە سوسیالیستی بەعسی!

لیرەدا مەفهومی‌سوسیالیزمی بەعسی بو سەباح روون بووە وتیگەیشت‌مەبەست،سوسیالیزمی تکریتی‌یە .

سوسیالیزمی تکریتی تەنیا لە (ئەبو غریب) ئاوایە :

سەدام حوسەین ـ بنیاتیکی مودیررنی کشت و کالی ، وەرەوەی ئاسک .

خانم ساجدە خیرالله طلفاح (خانمی سەدام) ـ بنیاتی‌کشت وکالی.

عدنان خیرالله طلفاح (وەزیری دیفاع وبرای‌ژنەکەی سەدام) ـ بنیاتی‌کشت‌وکالی.

خیرالله‌طلفاع (خال وخەزوری (سەدام) ـ زەوی و زاریکی زوری کریوەبە (١٦٠) هەزار دینار ، وەتەنیا (٦٠) هەزار دیناری داوە . ئوبال بەئەستوی کوتووان گویادەستەیەک‌پولیسی سوار رەوەی بوقەلەمونەی ئەو دەلەوەررینیت .

عیزەالدوری‌ـ بنیاتی کشت و کالی و بنیاتی مریشکداری .

بولاپەرەی ٣

www.zheen.org

نامة
مردم
ئۆرگانی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران بە زمانی کوردی

دورەی هەوەل– ساڵی یەکەم ژمارە ۲۲ یەك شەممە ۱ بوشپەری ۱۳۵۹ دانەی بە تەممەنێك

ریزمانی کوردی
زاراوەکانی سیاسی و کومەلایەتی
وەزعی خەفەتاوی کارگەرانی حەمامەکانی مەهاباد

لاپەرەکانی ۳ و ٤

ئیعلامەیەی حیزبی تودەی ئیران – سازمانی مەهاباد

وریایی‌دان لەبارەی پیلانەکانی شەررهەلگیرسینەکان

خەلکی تیکوشەروئاشتیخوازی مەهاباد !

هەربەوجورەی ئاگاتان‌لی‌یە ، چەند روژیکە، داروده‌ستەی دژی شورش و شەرر هەلگیرسین بە فرروفیل و بەشیوەی جور بە جوری قەلـەگیرران ، خەریکی ئالوزکردنی وەزع و خولقاندنی کیشە وپیك هەلپررژانن لە شارەکەمان . ئەم کەسانە بە تەقاندنی بومبا و نارنجەکوسازکردنی هەراوهوریا لەبارەی‌ئەوە، وە بە تەقەکردنی گومان‌لیکراوی‌ئەوانە ومین‌قایم کردن لە هیندی‌جیگای‌شار، مەسەلەی هیزگەی سەدی‌مەهاباد، دەیانەوی‌ترس و خوف بەرنەدلی خەلکەوە ، پشیوی بنینەوە ، شەرر و هەللاسازکەن . ئامانجی هەوەلی‌ئەم بەکریگیراوانەی ئیمپیریالیزم و نوکەرانی بەعسی‌عیراق ئەوەیە کە شەرر فراوان کەنەوە و بیگەیەننە شارەکانی دیکەی کوردستان وە بە تایبەتی مەهاباد . ئەوانەی کە توانیان بەنرخی خوینی خەلکی بی‌تاوانی سنەئاگری شەرری بی‌ئامانی براکوژی لە سنە هەلگیرسینن ، دەیانەوی ئەم تەجرەبە خویناوی‌یە ، جاریکی دیکە لە مەهاباد دوپاتەکەنەوە . تا ئیستا لەبەر خـوراگری و هوشیاری خەلکی وریا و ئاشتیخوازی مەهابـاد ، پیلانەگلاوەکانیان یەك لە دوای یەکپەکی کەوتوە، لەبەر ئەمە ناچاربوون چەقەل فیلی دیکەبخەنەکـار . ئیمە لە تەواوی هاوشاری‌یە وریاکان و لە تەواوی ئەو هیزانەی‌کە داواکاری چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەی کوردستانن ، داوادەکەین لە بەرامبەر ئەم پیلانانـەی دژی شورش‌دا ، کەبی‌گومان لەلایەن بەردەستەکانی ئیمپیریالیزم و بەعسی عیراقەوەریك دەخرین ، وریایی شورشگیرری خویان بپاریزن و نەهیلن ئامانجەشوومە- کانی سەربگری . ئیمە لە تەواوی خەلك و شوررای ئینتیزامی شار داوادەکەین ئەوانەی خـەریکی ئـەم بومبا تەقاندنەو ئەم تەقەکردنەگومان لیکراوەن ، بناسن و لە قاویان‌دەن.

بـا بـە وریـایی شورشگیررانـە پیـلانـی بەردەستەکانی ئیمپیریالیزمی بـەعسی عیراق پەك‌خەین مەسەلەی‌کوردستان‌تەنیا لە ریگەی هیمنانەومشایانی چارەکردنە .

حیزبی تودەی ئیران – ریکخراوی مەهاباد
۱۳۵۹/۳/۲۵

ساواك لەقاودەن و تیکی شکینن !

ئیمپیریالیزمی ئەمریکـا و دژی شورشی ناوەوە ، تەواوی هیزوتوانای خویان‌بوروخاندنی کوماری ئیسلامی ئیران‌خستوتە کار . ئەوان بەنهینی گەلـی پیلانی هەراو لە دژی شورشی ئیران ریك دەخەن و ئامـادە دەکەن.موررەغەپشتی‌ریکخراوی نهینی دژی شورش و هیـزی زەبروەشینی ئەو ، ساواکـە ، کە دوای‌شورشی‌ئیران ، بەهوی خوگنخاندنی کاربەدەستەکان لەسزادان‌وتەعقیب ولیکولینە- وەی‌جیددی‌وبررای تاوانبارە- کانی ئەودا ، بەپی‌ی شاهیـد و بەلگەی حاشالی نەکـراو ، هیزەکانی‌خویان جاریکی‌دیکە کوکردوتەوەو رایەلکەی‌نهینی پیلانگیرر، کاولکاروتاوانکاری خویان زیندوو کردوتەوە .

تاوانکارە فیرکراوەکـانی ساواك ، کە بە دریژایی چەند سال لەلایەن سیا و موسادەوە ، بو ریکخستنی‌هەلسوورانی دژی شورشی‌فیرکراون ، بەدریژایی چەند سال رولە تیکوشەرەکانی خەلکی زەحمەتکیشی‌ولاتەکە- مانیان بە چەشنی‌زوردلسووتین ئازارداوە ، لەت و پەت‌کردەو وسوتاندوە ،ئیستاش بەچالاکی هیزی کاولکاری خویان‌کـو دەکەنەوە و خەریکن زەبـری گورچوو بررلە لەشی شورشی ئیران بدەن .

ئەو حەقیقەتانەی کە دوای دەست دریژی‌یە سەرنەکەوتوە- کەی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا لە دژی ئیران دەرکەوتن ، بـە روشنی نیشاندەری ئەوە بوون کە ئەم تاوانکارانە ئەرکیکـی گرنگیان لە بەجی گەیاندنـی نەخشە خەتەرەکانی ئیمپیر – یالیزمی‌ئەمریکادابو فەوتاندنی شورشی ئیران لە ئەستوبووە .

تاوانکارەکانی‌ساواك‌هەروەها دوای سەرکەوتنی‌شورشی‌ئیران هەولیان‌دا بەردەستەکانی‌خویان بخریننەناو ئورگانەکانی‌شورش و ریکخراوەکانی کیشوەری و لەشکری‌یەوە ، وە هەلسوورانی چەرخی شورش لە ناوەوە بو- یستینن ، بو بە جی گەیاندنی پیلانەکانی دژی شورش‌ریگـا بکەنەوە و هەموان لە حاست ئورگانەکانی شورش رەشبیـن بکەن.

بەداخەوە ، بە بەربوونـی کومەلیکی زور لەم پیلانگیرر و دوژمنە سویند خواردوانـەی شورشی‌ئیران، هەم دژی‌شورش زیاتر پررکیشی دەکات و هەم هیزی کارامەی هـەراوتـری بو بە جی گەیاندنی پیـلانی فراوانتر کەوتوتە بەردەست .

ساواکی ریکخراوەوە ئیستا واقیعی‌یەتیکی‌حاشالی نەکراوە، کە تا ئیستا زیانیکی جیددیشی لە شورشی‌ئیران‌داوە .خەتەری هەلسوورانی کاولکاری ساواك هەر ئیستا بە توندی هەررەشە لە دەسکەوتەکانی شورشی‌ئیران دەکات . ئەمە خەتەریکە کـە گەلي لە هیزە مەسئولەکـان‌و ئورگانەکانی شورشیش ئەوەیان تەئیید کردوە ، بـەلام‌کـاری پیویست و زەرور بو بەرەنگار- بوونی ئەوە ، زور پررش‌وبلاو، کەم و ناکافی دەکری .

خوخاواندن لە سەرکوت- کردنی بررای ئـەو سازمانـە تاوانکارەی‌کەگەورەترین‌هیزی دژی شورش پیك دەهینی ، پی‌شیل کـردنی تـەعەهـود و مەسئولی‌یەتە لە حاست‌شورش ، ئاوا لـە هیشتـنەوەی دەستی ئیمپیریالیزمی‌ئەمریکا وبەردە- ستەکانی ئەو لە نـاوەوە بـو ریکخستنی پیلانی خەتەر لـە دژی شورشی ئیران و تووشی خەتەری جیددی کردنی‌کوماری ئیسلامی ئیرانە . کاری بچوك و نیوە چل و ناهاوچەشنیش‌لە سەروبەندی زور بـە هـەستی ئیستادا ناتوانی گـری‌یەك لـە گیروگرفتی بەرەنگار بـوونی گیرە شیوینی ئەم تاوانکارانـە بکاتەوە .

سەبارەت‌بەمە ، ئیمەکردنی ئەم کارانەی خوارەوە بەچە- شنیکی‌زورخیراوبرراو گشت‌لایە، بە پیویست و زەروری وفەوری دەزانین ، وە بە شیلگیـری مەسئولانە و موتەعەهیدانە لـە کاربەدەستەمەسئولەکان‌داوادە- کەین :

۱ – دەبی‌ناووموشەخەساتی تەواوی ئـەو ساواکی‌یانـەی کەگیراون و پاشان بەهینـدی دەلیلی نامە علوم بەردراون بە چەشنیکی هەراو ئاشکراکری وە ئەم‌ناووموشەخەساتانە بدریتە بەردەستی کومیتەکانی شورش وسوپای پاسداران ، بو خاوین کردنەوەوسزادانی‌ئەم‌تاوانکارانە کە خویان خزاندوتە ریزەکانی ئەوانەوە ، وەهەروەهابوراوتان وکونترولی‌ئەوان پیویستەوە- بیربخریتەوە کە ئەم پیویستەو زەروری‌یە ، ئیستا بە چەشنی پررش و بلاولەلایەن‌دادسەرا- کانی شورشەوە لیـرولـەوی دەکری، کە کافی نی‌یەوەدەبی بە چەشنی گشت‌لایە وهـەراو بکری .

۲ – دەبی‌ناووموشەخەساتی تەواوی کاربەدەستانەکانی‌ساواك، کە لەچنگ‌سزادان‌رایان کردوە، بلاوکریتەوە . مەبەست لـەم کادرانەی‌ساواك، تەواوی باز- جوەکان ، سـەربازجوەکان ، ئازاردەرەکان‌ونەخشەکیشەکان بەرنامەدانەرەکان وسەروکەکان و یاریدەدەرانی سەروکەکانی ساواکە ، کەئەمانەهەرکامیکیان لەلایەن سازمانەجاسوسی‌یەکانی ئیمپیریالیستی‌یەوەفیرکراون ، وە ئیستا هەرکامیکیان ساز – مانەدەری پیلان و کاولکاریـن لە دژی شورشی ئیران . دەبی ئەم تاوانکارانە بە بررایی وبـە هەراوی‌تەعقیب‌بکرین وبگیرین و سزابدرین .

تەنیالەکاتی‌بە جی گەیاندنی خیراوبرراو شیلگیری ئـەو- کارانەی‌سەرەوەدایە‌کەدەتوانری هیزی زەبروەشینی ئەسلی دژی شورش تارادەیەکی زور پەك بخری وە لە ریگەی تەعقیبو کونترولی بەکریگیراوەکـانی ساواك و ، وریایی کومەلانـی خەلکەوە ، دەستی‌پیلانگیررە- کانی دژی شورش کوتاکری و خەتەری پیلانەکانی ئیمپیر – یالیزمی ئەمریکا تارادەیەکـی زور کەم کریتەوە .

حەوت سال لە شەهید بوونی هاوری پەرویز حیکمەت جو، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران را برد

حەوت سال لە شەهید بوونی یەکی لە باشترین رولەکانی خەلکی ئیران ، یەکی لە قارەمانەکانی جولانەوەی کارگەری و کومونیستی ئیـران ، هاورری شەهید پەرویز حیکمەت‌جو ، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران ، لە ژیر ئازاردانی وەحشی‌یانـەی جەللادەکـانی شای لیکەوتوودا ، رادەبری .

حەوت سال لەمەپیش لە روژانیکـی ئـاوادا جەللادەکانی شای لیکەوتوو ، هاوری **حیکمەت‌جویان** دوای ۹ سال زیندان ، جاریکی‌دیکەش بردەوەئازارگا. دوژمن لە شان و باهوی پەرویـزدا دوا روژیکـی پرسنگداری دەدیت، کەلەتولایی‌یەکانی‌تاریکی بەسای ئاریامیهری‌یەوەسەری دەکیشاودواروژی سەرکـەوتنی خەلکی‌مزگینی‌دەدا . دوژمن لە چاوی **حیکمەت‌جودا** ، بلیسەی تووررەیی تودەیی‌یەکی دەدیت کە هیچ‌قەمچی وتازیانەیەك‌رامی‌نەدەکرد. دوژمن دەیەویست ئەوسەرە دلیرەنەوی کات کەبوهیچ‌زورداریك‌نەوی‌نەدەکرا.وەوشەی «بەلی» بخاتەسەرلیوی‌ئەوقارەمانە.وەلامی حیکمەت‌جو، وەك هەمووقارەمانان و وەکو تەواوی ری‌رەوەکـانی قافلەی بی‌کوتایی شەهیدانی‌تودەیی «نا» بوو. دوژمن هەمووتوانای خوی خستەکار ولە ژیر ئەزیەت و ئازاری وەحشی‌یانەداقالبەندی **حیکمەت‌جوی** تیك‌شکاند، بەلام جگە لە هاواری :

– بژی ئیران !

– بژی حیزبی تودەی ئیران!

بولاپەرەی ۳

بەیان‌نامەی ریکخروای چەریکەکانی فیدایی خەلق – لکی کوردستان

لاپەرەی ۲

بوخەبات لەدژی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا دوژمنی ئەسلی خەلکی ئیران یەك بگرین

www.zheen.org

به‌یان‌نامه‌ی ریکخر اوای چه‌ریکه کانی فیدایی خه‌لق ـ لکی کوردستان

هه‌رچه‌شنه دیفاعیك له مافه دیموکراتی یه‌کانی گه‌لی کورد، پیویسته به ریگه‌ی خه‌بات له دژی دوژمنی ئه‌سلی ئیمه (ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا) دا، برروات

سازمانی چه‌ریکه‌کانی فیدایی خه‌لق ـ لکی کوردستان ، برواری ۲۰ر۳ر۵۹، به‌یان‌نامه‌یه‌کی به ناوی «له‌باره‌ی ئه‌رکی هیزه شورشگیررو پیشکه‌وتخوازه‌کان له کوردستان» بلاوکردوته‌وه . له‌و به‌یان‌نامه‌یه‌دا مه‌سه‌له‌ن هاتوه :

«ئیستا گه‌لی پیلانی هه‌راوله‌لایه‌ن ئیمپیریالیزمی جیهانی‌یه‌وه ، به‌سه‌رکرده‌یی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا ، بوفه‌وتاندنی ده‌سکه‌وته‌کانی شورشه گه‌وره‌که‌ی مه‌ردمی ئیران له‌ئارادایه . کوانوه‌کانی دژی‌شورش‌له ناوه‌وه و ده‌ره‌وه‌ی ئیران هه‌موو روژی‌پتر ریکخراون و بوونه‌ته خه‌ته‌ریکی زورجیددی‌واقیعی‌یه‌ت ئه‌وه‌یه که ئیمپیریالیزمی تاوانباری ئه‌مریکا ، دوای روخانی ریژیمی دژی گه‌لی‌شاو په‌ره‌سه‌ندنی‌خه‌باتی‌دیموکراتی و دژی ئیمپیریالیستی خه‌لکی ئیران ، هه‌ولیکی فراوانی بو فه‌وتاندنی شورش و پاراستنی سود و قازانجی تالانچیانه‌ی خوی له نیشتمانه‌که‌ماندا ده‌ست پیکرد . ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا له ریگه‌ی فه‌رمانده‌کانی دژی گه‌لی ئه‌رته‌ش و دوستان وجاسوسانی دیکه‌ی خویه‌وه هه‌ولی‌دا به‌خوین‌خزاندن له‌ناو سه‌ف و ریزه‌کانی شورش‌دا ، شورش له‌ناو‌وه‌هه‌لته‌کینیت . به‌لام ئه‌واوی ئه‌م پیلانانه له ئه‌نیجه‌ی وریایی و هوشیاری شورشگیررانه‌ی خه‌لکی ئیراندا تووشی شکان‌هات . له‌به‌رئه‌مه‌ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا ریکه‌ی چاره‌ی له‌مه‌دا دیوه که بو روخاندنی هیزه‌کانی دژی ئیمپیریالیست به چه‌شنی جیددی‌بکه‌ویته‌کار . ئازاد نه‌بوونی‌بارمته‌کان وجاسوسه‌کانی ئه‌مریکایی و دریژه‌کیشانی خه‌باتی دژی ئیمپیریالیستی ، ئه‌مریکای هیناسه‌ر ئه‌وه که پیوه‌ندی سیاسی خوی له‌گه‌ل‌ئیران‌بپسینی و ده‌ست بکا به‌گه‌ماروی ئابوری ئیران ، که به‌دوای ئه‌وه‌دا گه‌لی له یه‌کگرتوه‌کانی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا، له‌م کاره‌دا وه‌شوین ئه‌وکه‌وتن وگه‌ماروی ئیرانیان ته‌نگتر کرد . له ئه‌نیجه‌ی ئه‌م کارانه‌دا زوربه‌ی کارخانه‌کان و واحیده‌کانی به‌رهه‌م‌هینان‌له‌به‌ر نه‌بوونی ماده‌ی‌خاوبه‌کی به‌رهه‌م‌هینانیان‌که‌وت ، وه‌بی‌کاری‌وهه‌ژاری کارگه‌ره‌کان و زه‌حمه‌تکیشه‌کان پتر په‌ره‌ی سه‌ند. که‌سانی‌سه‌ربه‌ئیمپیریالیزم‌له‌به‌ریوه‌بردنی کارخانه‌کان‌داو له‌پوسته‌به‌هه‌سته‌کانی دیکه‌دا ، به‌ئاشکرا له‌کاری به‌رهه‌م‌هینان‌دا گیره‌شیوینی ده‌که‌ن ، ده‌سته وتاقمه‌کانی به‌روالهت شورشگیریش (!) به‌دروشمی ئانارشیستی‌یه‌وه ، له‌کرده‌وه‌دا ، ئاویان‌بو ئاشی هیزه‌کانی‌سه‌ربه‌ئیمپیریالیزم‌هه‌لکرد‌وه‌وبارمه‌ئی دژی شورش ده‌ده‌ن . به‌م چه‌شنه ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا به‌هاوکاری دوسته‌کان و جاسوسه‌کانی له‌ناوه‌وه ، سیاسه‌تی زه‌خت وته‌نگه‌به‌رکردنی ئابوری و برسی‌کردنی خه‌لك ، به‌کارده‌هینن تا ناره‌زایی خه‌لکه‌که هه‌لایسینن ، لیبراله ـ کانیش‌به ناوی نوکه‌رانی ئیمپیریالیزم ، به‌درو دروشمی ئازادی خوازی ده‌هیننه ئاراوه و ته‌بلیغ ده‌که‌ن که ئه‌واوی ئه‌وبی‌سه‌روبه‌ره‌یی‌یه‌ی که هه‌یه له‌بوونی روحانی و مه‌لاکان له حوکومه‌ندا په‌یدابووه ، وه‌به ئه‌وتانی حوکومه‌تی ئه‌وان هه‌موو مه‌سه‌له‌کان چاره‌ده‌کرین (!) تا له‌م ریگه‌وه زه‌ینی خه‌لك له خه‌باتی دژی دوژمنی ئه‌سلی خه‌لکه‌کان ، یانی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا هه‌له‌که‌ن .

هاوزه‌مان له‌گه‌ل ئه‌م‌کارانه‌، ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا له‌ریگه‌ی به‌رده‌ستی خوی له‌ناوه‌وه ، دژی شورشی ناوه‌وه‌ی ولاتی ریکخستوه و له‌ریکه‌ی ئه‌وانه‌وه هه‌ول ده‌دات‌شه‌ررویه‌گژیه‌کداچوون‌و دانه‌مه‌زراوی سیاسی‌په‌ره‌پی‌بدات . بو نموونه له‌ناوه‌وه‌ی ئه‌رته‌ش‌دا ، ئیستا ئیزامیه‌کانی پادشایه‌تی‌خواز ، وه‌له زوور ئه‌وانه‌وه فه‌رمانده به‌کریگیراوه‌کان‌یه‌کیان گرتوه و تا ئیستا چه‌ند جارله‌لایه‌ن ئه‌وانه‌وه ، بو کودیتاکردن هه‌ول دراوه و رایه‌لکه‌ی دژی شورشی ئیزامی‌یه‌کانی پادشایه‌تی‌خواز له ناوه‌وه له ده‌ره‌وه‌ی‌ئه‌رته‌ش هه‌ولدانی دژی‌مه‌ردمی خویان ، گه‌لی پتر کردوه . له حه‌وتوه‌کانی رابردوودا ژماره‌یه‌کی زور له که‌سانی سه‌ربه ساواك ، ریکخراون‌وچه‌کدارکراون . حیزبی جمهوری خه‌لقی موسولمان که له مانگه‌کانی رابردوودا تووشی شکان هاتبوو ، جاریکی دیکه به چه‌شنی نهینی ده‌ستی‌کردوته‌وه به هه‌لسووران وه به هوی ئه‌م حیزبه‌وه چه‌کیکی زور له ناوکه‌سانی به‌کریگیراودا بلاوکراوه‌ته‌وه .

... له سه‌روبه‌ندیکی‌ئاوادا که‌شورشی ئیران له ئه‌نیجه‌ی ئه‌م‌پیلانانه‌دا تووشی خه‌ته‌ریکی جیددی هاتوه ، ده‌بینین شه‌رری براکوژی له کوردستان ، ئادی پتر په‌ره ده‌ستینی و هیندی که‌س له هه‌ردوولاهه‌ول ده‌ده‌ن هه‌رچه‌شنه‌کاریکی ئاشتی خوازانه تووشی شکان‌بکه‌ن.

... ریژیمی به‌عس ، ئیستا عیراقی کردوته مه‌کوی باشماوه‌کانی راکردوی ریژیمه روخاوه‌که‌ی‌شاه‌ئاوانباره‌راکردوه‌کانی وه‌ك پالیزبان ، ئووه‌یسی و به‌ختیار له په‌نای‌ریژیمی به‌عس‌دا هیلانه‌یان کردوه ، خوشك‌وبراو خزم و قه‌ومی نزیکی شای راکردوویی پسانه‌وه هاتوچوی عیراق‌ده‌که‌ن

● ده‌وله‌ت ده‌بی له‌گه‌ل لابردنی گه‌ماروی ئابوری کوردستان و دابین کردنی شه‌رر ویستاندن له‌هه‌مووه‌یدانه‌کان، ئوسولی‌قه‌بولکراو له‌باره‌ی خودموختاری کوردستان زوربه خیرایی راگه‌یه‌نیت

و ریژیمی تاوانباری به‌عس به‌هاوکاری‌ئه‌وان ده‌سته و تاقمی دژی شورشی له کوردستان و خوزستان چه‌کدار کردوه و به هه‌موو چه‌شنی کومه‌کیان ده‌کات ، ته‌نانه‌ت پتر له‌و ده‌سته و به‌سته‌یه‌ی ریژیمی پیشووله خودی عیراقه‌وه ، بوکاولکاری ده‌نیردرینه شاره‌کانی ئیران . هه‌مومان له بیرمانه که شاوسه‌دام‌حوسه‌ین‌چون به‌به‌ستنی په‌یمانیك خه‌لکی کوردیان کرده وجه‌المصالحه وه‌بو پاراستنی سود وقازانجی خویان و ئه‌ربابه‌ـ کانیان خه‌باتی حه‌ق خوازی خه‌لکی کوردی عیراقیان تووشی شکان کرد. ئیستاچونه و چ بووه که ئه‌م ریژیمه تاوانباره ئاواخه‌وی به‌موداقیعی خه‌لکی کورد ده‌توینی !! وه‌لامی ئه‌م پرسیاره زور روشنه . چونکه ریژیمی عیراق‌نوکه‌ری‌سه‌رله پیناوی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکایه ، وه له‌م ریگه‌یه‌وه هه‌ول ده‌دات ده‌ست بکیشیته ناوجولانه‌وه‌ی حه‌ق‌خوازی خه‌لکه‌که‌مان تا ئاگری شه‌رری براکوژی له ناوچه‌که‌دا به‌هه‌لایساوی بهیلیته‌وه ئه‌وه‌ی بو ریژیمی به‌عسی عیراق‌گرنگه‌شه‌رر و به‌گژیه‌کدا چوونه له کوردستان ، چونکه دریژه‌کیشانی شه‌رر له کوردستان به مانای به‌گژیه‌کداچوونی‌گه‌لی‌پتری‌خه‌لك‌و به‌مانای ئه‌وه‌یه که به‌شیکی گه‌وره له هیزی خه‌لکه‌که‌مان له خه‌باتی‌دژی ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکا به‌ناوی دوژمنی ئه‌سلی خه‌لکه‌کانی ئیران

هه‌له‌بینت و ببیته دوژمنایه‌تی ناوخومان . ئیستا ئیمه په‌ره‌سه‌ندنی ده‌ست ئیوه‌ردانی ریژیمی به‌عس له ناوچه‌که‌دا به چاوی‌خومان ده‌بینین . له‌جه‌نوبی کوردستان به‌رده‌سته‌ـ کانی پالیزبان و ئووه‌یسی و به‌ختیار له ناوچه‌ی سنجابی و قه‌لخانی و گوران ، سه‌رپیلی زه‌ها و... ژماره‌یه‌کی زوریان له که‌سانی به‌کریگیراو چه‌کدارکردوه وناوچه‌ـ که‌یان ، له‌کرده‌وه‌داگرتوته ژیر کونترولی خویان و په‌لاماری شاره‌کان و دیهات‌ده‌ده‌ن. له ناوچه‌کانی دیکه‌ی کوردستان ریژیمی به‌عس سیاسه‌تی چه‌کدار کردنی ده‌سته و تاقمی فیئودالی زور به توند و تولی به‌کارده‌هینی ، ئه‌نیجه‌ی ئه‌م سیاسه‌ته په‌یدا بوونی ده‌سته و تاقمی دژی شورش و به‌کریگیراوی وه‌ك سوپای رزگاری ، شیخ جه‌لالی حوسه‌ینی‌شیخ‌هادی و.. وه‌ده‌سته و تاقمه‌کان و شیخه‌کانی دیکه‌ی دژی‌شورش له‌ناوچه‌که‌دا بووه . به هاوکاری ریژیمی به‌عس ژماره‌یه‌کی زور له ئه‌فسه‌رانی پادشایه‌تی خوازی سه‌ر به ئیمپیریالیزم که پیوه‌ندی نزیکیان له‌گه‌ل فه‌رمانده‌کانی دژی گه‌لی‌ئه‌رته‌ش‌هه‌یه ، به‌ناوی ئه‌فسه‌رانی شورشگیرو و دیموکرات، له‌ژیر سه‌رپوشی دیفاع له مافه‌کانی گه‌لی کورددا ، هه‌ول ده‌ده‌ن له جولانه‌وه‌ی خوراگری‌دا ، پیگه‌یه‌ك بو خویان‌په‌یداکه‌ن، ئه‌م زرر و زیله‌ی‌دریژه‌ی به‌هله‌وی له ئه‌نیجه‌ی ئه‌ئییدی ریمی و بیده‌نگه‌ی‌هیندی له هیزه‌کان له ناوچه‌که‌دا، له‌م‌روژانه‌ی‌دوایی‌دا پتر رووهه‌لمالراوبوون ومه‌وجودی‌یه‌تی‌خویان به‌ره‌سمی راده‌گه‌ین. گلادیاتوری خوشه‌ویستی شا سه‌رهه‌نگ **سمکوعلیار** و جاسوسی‌ناسراوی‌ساواکوسیا **عه‌لی قازی** ، ناسراو به **«کوردی‌ده‌ش»** له

رایه‌لکه‌ی ئه‌م هیزانه‌دا نه‌خشیکی چالاکیان له‌ئه‌ستویه . به‌پی‌ی ده‌نگوباسی‌برروا‌پیکراو له روژانی رابردوودا به‌هوی ئه‌م که‌سه‌ی باسکراوی دوایی چه‌کیکی هیجگارزور له ریژیمی به‌عس وه‌رگیراوه . کی‌برروا ده‌کا که ئه‌م‌به‌کریگیراوانه‌ی‌ریژیمی شاهه‌نشایی!! وه ئیمپیریالیزمی تاوانباری ئه‌مریکا بوخاتر خه‌لکی کورد خه‌بات بکه‌ن ! له‌که‌یسه‌وه نوکه‌ره‌کانی شا و سه‌دام حوسه‌ین بوونه‌ته لایه‌نگری خودموختاری‌خه‌لکه‌که‌مان‌به‌راستی، هیچ‌کاتی خه‌باتی حه‌ق خوازانه‌ی گه‌لی کورد ئه‌که‌وتوته‌وه‌زمیکی ئاوا به هه‌ست و دیاری‌که‌ره‌وه . هیچ‌کاتی ئه‌م‌هه‌مووده‌سته و تاقمه پیلانگیرر و دژی شورشه به‌ئاوا په‌لاماری خه‌لکی کوردیان نه‌داوه . جیگای هیچ جوره‌شك و گومانیك‌نی‌یه که بوونی ئه‌م هیزانه له کوردستان به‌رهه‌ستیکی قورس بوون له ریگه‌ی پیکهاتنی ئاشتی‌دا ، وه‌تاقه‌له‌رکی شوومی ئه‌وانه له ناوچه‌که‌دا هه‌لگیرساندنی شه‌رری براکوژی‌یه.

ریکخراوی‌چه‌ریکه‌کانی فیدایی‌خه‌لقی ئیران له‌م‌بررو‌ایه‌دایه‌که‌هیزه‌کانی‌شورشگیرر و پیشکه‌وتخوازله‌کوردستان ئه‌رکی سه‌رشا نیانه بو خاتری پیکهاتنی ئاشتی‌یه‌کی‌عادلانه، له‌دژی‌هه‌رچه‌شنه‌به‌ستراو‌نه‌وه و پیوه‌ندی‌یه‌ك به‌ریژیمی تاوانباری به‌عسه‌وه ، خه‌بات بکه‌ن . ده‌بی له ئوی‌دیفاعی ئوسولی

و شیلگیر له مافه دیموکراتی‌یه‌کانی گه‌لی کورددا ، ریشه‌ی هه‌رجوره وابه‌سته‌یی‌یه‌ك له جولانه‌وه‌ی حه‌ق خوازانه‌ی گه‌لی کورددا له‌ناوببری . ئیمه له هه‌مووشه‌خسی‌یه‌ئه‌کان و هیزه سیاسی‌یه‌کانی مه‌سئول له‌کوردستان داواده‌که‌ین خه‌تی جیایی خویان له‌گه‌ل به‌کریگیراوه‌کان و هیزه‌کانی سه‌ربه به‌عس و ئه‌مریکا ، بوخه‌لك‌روون‌که‌نه‌وه . به‌بررو‌ای ئیمه‌ئه‌م‌کاره،هه‌نگاویکه بو یه‌کیه‌تی‌هیزه‌کانی دژی ئیمپیریالیست و پیکهینانی موحیتی له‌بار بو دامه‌زراندنی ئاشتی له کوردستان . ئیمه له‌م برروایه‌داین ، سه‌باره‌ت‌به‌وه‌که دوژمنی ئه‌سلی خه‌لکه‌کانمان ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکایه ، هه‌رجوره‌دیفاعیك له مافه دیموکراتی‌یه‌کانی گه‌لی کورد ، پیویسته به‌ریگه‌ی خه‌بات له دژی دوژمنی ئیمه‌دا برروات.له‌به‌رئه‌مه ده‌بی ده‌می‌تیژی‌په‌لاماری خومان روبکه‌ینه ئه‌و که‌سانه و ئه‌وهیزانه‌ی سیاسه‌تی ئیمپیریالیزم له ناوچه‌که‌دابه‌جی ده‌که‌یه‌نن ، که له‌سه‌رووی ئه‌واوی ئه‌وانه‌وه هیزه‌کانی دژی گه‌لی سه‌ربه ریژیمی به‌عس و ئیمپیریالیزمی ئه‌مریکان .

... گه‌ماروی‌ئابوری کوردستان ئه‌زه‌ختی ئابوری له‌سه‌رخه‌لکی‌بی‌به‌ش وزه‌حمه‌تکیشی ئیمه و هه‌ول دان بو چاره‌کردنی مه‌سه‌له‌ی کوردستان له ریگه‌ی ئیزامی‌یه‌وه ، باشترین ده‌ره‌تان بو به‌رده‌سته‌کانی به‌عس و ئه‌مریکا له ناوچه‌که‌دا پیك ده‌هینی ، وه ده‌رفه‌تی ئه‌وان ده‌دات‌به خه‌له‌تاندنی کومه‌لانی‌ئاگا، خویان به دوستی خه‌لك بنوینن . ئه‌م به‌رده‌ستانه زوورباش ده‌زانن که ئه‌رته‌ش‌له کوردستان سه‌رکه‌وتنی ئیزامی ده‌ستناکه‌وی، که چی هه‌روا له‌سه‌ر سیاسه‌تی له‌شکر کیشی بو کوردستان ده‌رون . ئه‌م سیاسه‌ته‌که ناره‌زایی له ناوخه‌لك و له ناوئه‌رته‌ش‌دا‌پتر ده‌کا، به لاوازکردنی خه‌باتی دژی ئیمپیریالیستی ، ئه‌نیا خزمه‌تی لیبراله‌کان و دوسته‌کان و جاسوسه‌کانی دیکه‌ی ئیمپیریالیزم ده‌کات . ئیمه له حاست وه‌شوین که‌وتنی ئه‌م سیاسه‌ته ، ئه‌و ده‌سته‌یه له کار به‌ده‌سته‌کانی‌کومارگی ئیسلامی که‌به‌خه‌یالی سه‌رکه‌وتنی ئیزامی ، به ئاگاکایی‌که‌وتونه‌ته ئه‌م داوه‌وه ، به‌جیددی‌ورباده‌که‌ینه‌وه.

... به‌ره‌وپیش بردنی کاری ئاشتی له‌هیزه‌کانی‌شورشگیرر و پیشکه‌وتخوازدا ـ وئه‌وگیروگرفتانه‌ی‌که‌له هه‌ردوولاداهه‌یه ، له هیزه‌کانی‌شورشگیرر و پیشکه‌وتخوازدا ـ

واده‌کا پتر له هه‌موو‌شتیکی دیکه‌مه‌ندی و له‌سه‌رخویی شورشگیرانه‌ویه‌ده‌سته‌وه‌گرتنی سیاسه‌تی‌ئوسولی‌و شیلگیریان‌هه‌بی .ئه‌رکی سه‌رشانی هیزه‌تیکوشه‌ررو شورشگیرره‌کانه که‌به‌هه‌ستی مه‌سئولی‌یه‌ت له حاست‌چاره‌ـ نووسی خه‌باتی دژی ئیمپیریالیستی ـ دیموکراتیکی‌خه‌لکی‌ئیران ،شیوه‌وره‌وشتیکی واهه‌لبژیرن که یارمه‌تی پیکهینانی‌موحیتی باش و له‌بار بو چاره‌کردنی هیمنانه‌ی مه‌سه‌له‌که‌ودامه‌زراندنی ئاشتی بدات . ئیستا دووبیروڕای‌جیاوازله‌حاست‌چلونایه‌تی دامه‌زراندنی ئاشتی له کوردستان‌هه‌یه . بیرورای هه‌وه‌ل ئه‌مه‌یه‌که‌لای‌وایه ، جی‌به‌جی‌بوونی هیندی له ویسته‌کانی خه‌لکی کورد له‌ریگه‌ی وت و ویژه‌وه‌له‌گه‌ل ده‌وله‌ت سه‌رده‌گری ، وه‌ده‌توانری له‌باره‌ی ئه‌و ویستانه‌له‌گه‌ل ده‌وله‌ت وت و ویژبکری. ئه‌م بیرورابه‌لای وایه‌داواکردنی ویسته‌کانی ئه‌وپه‌ری زیاتر ، له‌به‌ر ئه‌وه که شایانی ده‌سکه‌وتن نی‌یه به مانای دریژه‌دانی شه‌رر و پیك هه‌لپرژان ده‌بی که ئه‌نیجه‌ی ئه‌وه لاوازکردنی خه‌باتی دژی ئیمپیریالیستی ـ دیموکراتیکی مه‌ردمی سه‌رانسه‌ری ئیران و به قه‌وه‌ت‌کردنی‌هیزه‌کانی‌سه‌ربه ئیمپیریالیزمه . ئیمه دیفاع له‌م روانگه‌یه ده‌که‌ین، وه بو وه ده‌ست هینانی ئوسولیکی‌وا که بتوانی ببیته بنچینه‌ی وت و ویژ له‌هه‌موو

ده‌ره‌تانیکی ریکخراو ، که‌لك وه‌رده‌گرین.

روانگه‌ی دووم ، لای وایه ئه‌نیا له ریگه‌ی شه‌رره‌وه و به زه‌بری چه‌کده‌توانری ده‌وله‌ت‌بهینریته‌سه‌ر وت‌وویژ وقه‌بوولکردنی ویسته‌کان . لایه‌نگرانی‌ئه‌م‌روانگه‌یه‌هه‌رچه‌ند به قسه وت و ویژ قه‌بوول‌ده‌که‌ن ، به‌لام له‌کرده‌وه‌دا هه‌میشه شه‌رت و پیشنیاری‌وا ده‌هیننه ئاراوه که هه‌رجوره وت‌وویژیك بیشه‌کی‌مه‌حکوم‌به‌شکانه، وه له‌کرده‌وه‌داجگه له دریژه‌دانی شه‌رر ریکه‌یه‌ك بو خه‌لك نامیننیته‌وه . ئه‌و شه‌رره‌ی که له وه‌زعی ئیستادا ، په‌ره سه‌ندنی ئه‌و ئه‌نیا به‌سوودی‌هیزه‌کانی‌سه‌ر به ئیمپیریالیزم له ناوچه‌که‌وسه‌رانسه‌ری ئیران ئه‌واو ده‌بیت وه بو خه‌لك جگه له ویرانی و هه‌ژاری و به‌جی هیشتنی هه‌زاران شه‌هید وبریندار ئه‌نیجه‌یه‌کی دیکه‌ی‌نابیت . وه کوردستان و خه‌لکی قه‌درلیکراوی ئه‌وی ئه‌نیا ده‌کاته مه‌یدانی تاقی کردنه‌وه‌ی ئیئوری‌یه‌کانی‌چه‌ند ده‌سته و تاقمی به‌روالهت شورشگیرر ، که له حاست خه‌لك هه‌ست به‌هیچ چه‌شنه مه‌سئولی‌یه‌ت ناکه‌ن و ئه‌نیا به په‌روشی پیکهینانی مه‌یل و جی‌به‌جی‌کردنی ئاره‌زووه پوچه‌له‌کانی خویانه‌وه‌ن . ئه‌م هیزانه به ناگایی و ناناگایی خزمه‌تی دژی شورش و ئیمپیریالیزم له ناوچه‌که‌دا ده‌که‌ن.

پتر له سالیك شه‌رری براکوژی له ناوچه‌که‌دا ، موحیتیکی ئه‌وه‌نده پرر له دوژمنایه‌تی و به‌دگومانی له ناوچه‌که‌دا خولقاندوه‌که به بی‌وه‌کار که‌وتنی به‌راستی بو له ناوبردنی ئه‌وه ، به‌ره‌وپیش‌بردنی کاری‌ئاشتی له‌وزه‌یه‌ده‌ره، وه‌هه‌ردوولایه‌که‌به که‌لك‌وه‌رگرتن‌له‌وه ، هه‌میشه‌به‌کتر‌به‌شه‌رر هه‌لایسینی‌تاوانبارده‌که‌ن.بوونی ئه‌م‌دوژمنایه‌تی‌یه ئه‌واو ئه‌وشته‌یه که دژی شورش له ناوچه‌که‌دا بو توند و تیژکردنی شه‌رر که‌لکی لی‌وه‌رده‌گری . ئیمه وه‌خوکه‌وتن‌بو له‌ناوبردنی موحیتیکی ئاوا ، پتربه‌ئه‌رکی ده‌وله‌تی ده‌زانین . له‌م‌ناوه‌دا ، لابردنی گه‌ماروی ئابوری ، که قورسایی ئه‌وپتر له هه‌موان به شانی خه‌لکی زه‌حمه‌تکیش‌دیی‌به‌شه‌وه‌یه ، له‌خشیکی به ئه‌ئیری له‌م باره‌یه‌وه‌ده‌بی . ده‌وله‌ت‌ده‌بی له‌گه‌ل‌لابردنی گه‌ماروی ئابوری کوردستان و دابین‌کردنی شه‌ررویستاندن له‌ئه‌واوی‌جه‌بهه‌ومه‌یدانه ـ کان ، ئه‌وئه‌سلانه‌ی که‌له‌باره‌ی خودموختاری کوردستان‌قه‌بوولکراون‌به‌خیرایی‌راگه‌یه‌نیت. ئه‌وسا ئیمه به‌ش‌به‌حالی خومان په‌لی ـ برراوی له سیاسه‌تیکی ئاوای ده‌وله‌تی کوماری ئیسلامی پشتیوانی ده‌که‌ین.

به‌یانی ئه‌م هه‌لویسته‌له‌لایه‌ن‌ریکخراوی ئیمه‌وه به هیچ جوری له‌به‌ر لاوازی‌نی‌یه، چونکه به‌قوولی له‌م برروایه‌داین ئه‌رته‌ش له‌کوردستان‌سه‌رکه‌وتنی‌ئیزامی ده‌ستناکه‌ویت، ده‌وله‌تیش‌به‌له‌شکرکیشی بوناوچه‌که ئاتوانی حاکمی‌یه‌تی خوی له ناو کومه‌لانی مه‌ردمی کوردستان‌دا‌دامه‌زرینیت. هوی‌راسته‌قینه‌ی ئیمه بو به‌ده‌سته‌وه‌گرتنی سیاسه‌تیکی ئاوا، نیگه‌رانی قوولی ئیمه‌یه له حاست چاره نووسی شورشی ئیران .

خه‌لکی کورد ده‌بی بزانی که له ئه‌نیجه‌ی دریژه‌دانی شه‌رردا له کوردستان جیایی و دوژمنایه‌تی نیوان خه‌لکی کورد و خه‌لکه‌کانی دیکه‌یان ئه‌وه‌نده فراوان کردوه که ئه‌مروبه‌شیکی گه‌وره له کومه‌لانی‌خه‌لك له جیگاکانی دیکه‌ی ئیران به‌که‌مته‌ر خه‌می ده‌روانننه بومبارانی شاره‌کان و کوشتاری ژنان و پیاوان و منداڵان‌له کوردستان ، وه‌گه‌لی جارشادیش‌ده‌رده‌برن ، وه له‌مه خه‌فه‌تاوی‌ترین ده‌سکه‌وتی‌شه‌رری براکوژی‌یه له کوردستان . به‌برروای‌ئیمه ئه‌م مه‌سه‌له‌یه جگه له پیکهاتنی ئامانجه‌کانی ئیمپیریالیزمی تاوانباری ئه‌مریکا هیچی دیکه نی‌یه . ئیمه دابین‌کردنی ئاشتی له کوردستان به‌سوودی پته‌وکردنی یه‌کیه‌تی و برایه‌تی خه‌لکه‌کانی ئیران ، به‌ره‌وپیدان و قوول‌کردنی گه‌لی زیاتری خه‌باتی دژی ئیمپیریالیستی ـ دیموکراتیکی خه‌لکی ئیران ، وه‌نه‌مانی زه‌مینه‌ی هه‌مووچه‌شنه‌پیلانیکی به‌رده‌سته‌ـ

بولاپه‌ره‌ی ٣

بەیان‌نامەی ریکخراوی چەریکەکانی فیدایی خەلق ـ لکی کوردستان

هەرچەشنە دیفاعیک لە مافە دیموکراتی یەکانی گەلی کورد، پیویستە بە ریگەی خەبات لە دژی دوژمنی ئەسلی ئیمە (ئیمپریالیزمی ئەمریکا) دا، برروات

سازمانی چەریکەکانی فیدایی خەلق ـ لکی کوردستان ، بەرواری ٢٠ر٣ر٥٩، بەیان‌نامەیەکی بە ناوی «لەبارەی ئەرکی هیزە شورشگیرو پیشکەوتنخوازەکان لە کوردستان» بلاوکردوتەوە . لەو بەیان‌نامەیەدا مەسەلەن هاتوە :

«ئیستا گەلی پیلانی هەراولەلایەن ئیمپریالیزمی جیهانی‌یەوە ، بەسەرکردەیی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ، بو فەوتاندنی دەسکەوتەکانی شورشە گەورەکەی مەردمی ئیران لەئارادایە . کوانوەکانی دژی‌شورش لە ناوەوە و دەرەوەی ئیران هەموو روژی‌پتر ریکخراون و بوونەتە خەتەریکی زورجیددی. واقیعی‌یەت ئەوەیە کە ئیمپریالیزمی تاوانباری ئەمریکا ، دوای روخانی ریژیمی دژی گەلی‌شاوپەرەسەندنی‌خەباتی‌دیموکراتی و دژی ئیمپریالیستی خەلکی ئیران ، هەولیکی فراوانی بو فەوتاندنی شورش و پاراستنی سود و قازانجی تالانچیانەی خوی لە نیشتمانەکەماندا دەست پیکرد . ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ریگەی فەرماندەکانی دژی گەلی ئەرتەش و دوستان وجاسوسانی دیکەی خویەوە هەولی‌دا بەخوین‌خزاندن لەناوسەف و ریزەکانی شورش‌دا ؛ شورش لەناوەوەهەلتەکینیت . بەلام تەواوی ئەم پیلانانە لە نەتیجەی وریایی و هوشیاری شورشگیرانەی خەلکی ئیران‌دا تووشی شکان‌هات . لەبەرئەمە‌ئیمپریالیزمی ئەمریکا ریگەی چارەی لەمەدا دیوە کە بو روخاندنی هیزەکانی دژی ئیمپریالیست بە چەشنی جیددی‌بکەویتەکار . ئازاد نەبوونی‌بارمتەکان وجاسوسەکانی ئەمریکایی و دریژەکیشانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی ، ئەمریکای هیناسەر ئەوە کە پیوەندی سیاسی خوی لەگەل‌ئیران‌بپسینی و دەست بکا بەگەماروی ئابوری ئیران ، کە بەدوای ئەوەدا گەلی لە یەکگرتوەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، لەم کارەدا وەشوین ئەوکەوتن وگەماروی ئیرانیان تەنگتر کرد . لە نەتیجەی ئەم کارانەدا زوربەی کارخانەکان و واحیدەکانی بەرهەم‌هینان‌لەبەر نەبوونی مادەی‌خاوبەکی بەرهەم‌هینانیان‌کەوت ، وەبی‌کاری‌وهەژاری کارگەرەکان و زەحمەتکیشەکان پتر پەرەی سەند. کەسانی‌سەربەئیمپریالیزم‌لەبەریوەبردنی کارخانەکان‌داو لەپوستەبەهەستەکانی دیکەدا ، بەئاشکرا لەکاری بەرهەم‌هیناندا گیرەشیوینی دەکەن ، دەستە وتاقمەکانی بەرووالەت شورشگیریش (!) بەدروشمی ئانارشیستی‌یەوە ، لەکردەوەدا ، ئاویان‌بو ئاشی هیزەکانی‌سەربەئیمپریالیزم‌هەلکردەوەو یارمەتی دژی شورش دەدەن . بەم چەشنە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەهاوکاری دوستەکان و جاسوسەکانی لەناوەوە ، سیاسەتی زەخت وتەنگەبەرکردنی ئابوری و برسی‌کردنی خەلک ، بەکاردەهینن تا نارەزایی خەلکەکە هەلایسینن ، لیبرالە ـ کانیش‌یە ناوی نوکەرانی ئیمپریالیزم ، بەدرو دروشمی ئازادی خوازی دەهیننە ئاراوە و تەبلیغ دەکەن کە تەواوی لەوبی‌سەروبەرەیی‌یەی کە هەیە لەبوونی روحانی و مەلاکان لە حوکومەتدا پەیدابووە ، وەبە فەوتانی حوکومەتی ئەوان هەمو مەسەلەکان چارەدەکرین (!) تا لەم ریگەوە زەینی خەلک لە خەباتی دژی دوژمنی ئەسلی خەلکەکان ، یانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا هەلەکەن .

هاوزەمان لەگەل ئەم‌کارانە، ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەریگەی بەردەستی خوی

• دەولەت دەبی لەگەل لابردنی گەماروی ئابوری کوردستان و دابین کردنی شەرر ویستاندن لەهەمووەمەیدانەکان، ئوسولی قەبولکراو لەبارەی خودموختاری کوردستان زوربە خیرایی راگەیەنیت

و ریژیمی تاوانباری بەعس بەهاوکاری‌ئەوان دەستە و تاقمی دژی شورشی لە کوردستان و خوزستان چەکدار کردوە و بە هەمو چەشنی کومەکیان دەکات ، تەنانەت پتر لەو دەستە و بەستەیەی ریژیمی پیشووە لە خودی عیراقەوە ، بوکاولکاری دەنیردرینە شارەکانی ئیران . هەمومان لە بیرمانە کە شاوسەدام‌حوسەین‌چون بەبەستنی پەیمانیک خەلکی کوردیان کردە وجەالمصالحە وەبو پاراستنی سود وقازانجی خویان و ئەربابەکانیان خەباتی حەق خوازی خەلکی کوردی عیراقیان تووشی شکان کرد. ئیستاچونە و چ بووە کە ئەم ریژیمە تاوانبارە ئاواخەوی بەموداقیعی خەلکی کورد دەنوینی !! وەلامی ئەم پرسیارە زور روشنە . چونکە ریژیمی عیراق‌نوکەری‌سەرلە پیناوی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە ، وە لەم ریگەیەوە هەول دەدات دەست بکیشیتە ناوجولانەوەی حەق‌خوازی خەلکەکەمان تا ئاگری شەرری براکوژی لە ناوچەکەدا بەهەلایساوی بهیلیتەوە . لەوەی بو ریژیمی بەعسی عیراق‌گرنگە‌شەرر و بەگژیەکدا چوونە لە کوردستان ، چونکە دریژەکیشانی شەرر لە کوردستان بە مانای بەگژیەکداچوونی‌گەلی‌پتری‌خەلک‌و بەمانای ئەوەیە کە بەشیکی گەورە لە هیزی خەلکەکەمان لە خەباتی‌دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەناوی دوژمنی ئەسلی خەلکەکانی ئیران لەناوەوە ، دژی شورشی ناوەوەی ولاتی ریکخستوە و لەریگەی ئەوانەوە هەول دەدات‌شەرروبەگژیەکداچوون‌و دانەمەزراوی سیاسی‌پەرەپی‌بدات . بو نموونە لەناوەوەی ئەرتەش‌دا ، ئیستا نیزامیەکانی پادشایەتی‌خواز ، وەلە زوور ئەوانەوە فەرماندە بەکریگیراوەکان‌یەکیان گرتوە و تا ئیستا چەند جارلەلایەن ئەوانەوە ، بو کودیتاکردن هەول دراوە و رایەلکەی دژی شورشی نیزامی‌یەکانی پادشایەتی‌خواز لە ناوەوە لە دەرەوەی‌ئەرتەش هەولدانی‌دژی‌مەردمی خویان ، گەلی پتر کردوە . لە حەوتوەکانی رابردوودا ژمارەیەکی زور لە کەسانی سەربە ساواک ، ریکخراون‌وچەکدارکراون . حیزبی جمهوری خەلقی موسولمان کە لە مانگەکانی رابردوودا تووشی شکان هاتبوو ، جاریکی دیکە بە چەشنی نهینی دەستی‌کردوتەوە بە هەلسووران وە بە هوی ئەم حیزبەوە چەکیکی زور لە ناوکەسانی بەکریگیراردا بلاوکراوەتەوە .

... لە سەروبەندیکی‌ئاوادا کەشورشی ئیران لە نەتیجەی ئەم‌پیلانانەدا تووشی خەتەریکی جیددی هاتوە ، دەبینین شەرری براکوژی لە کوردستان ، ئادی پتر پەرە دەستینی و هیندی کەس لە هەردوولاهەول دەدەن هەرچەشنەکاریکی ئاشتی خوازانە تووشی شکان‌بکەن.

... ریژیمی بەعس ، ئیستا عیراقی کردوتە مەکوی باشماوەکانی راکردوی ریژیمە روخاوەکەی‌شا‌تاوانبارەراکردوەکانی وەک پالیزبان ، ئووەیسی و بەختیار لە پەنای‌ریژیمی بەعس‌دا هیلانەیان کردوە ، خوشک‌وبراو خزم و قەومی نزیکی شای راکردوویی پسانەوە هاتوچوی عیراق‌دەکەن رایەلکەی ئەم هیزانەدا نەخشیکی چالاکیان لەئەستویە ! بەپی‌ی دەنگوباسی‌برروا‌پیکراو لە روژانی رابردوودا بەهوی ئەم کەسەی یاسکراوی دوایی چەکیکی هیجگارزور لە ریژیمی بەعس وەرگیراوە . کی‌برروا دەکا کە ئەم‌بەکریگیراوانەی‌ریژیمی شاهەنشاهی!! وە ئیمپریالیزمی تاوانباری ئەمریکا بوخاتر خەلکی کورد خەبات بکەن ! لەکەیسەوە نوکەرەکانی شا و سەدام حوسەین بوونەتە لایەنگری خودموختاری خەلکەکەمان‌ابەراستی هیچ‌کامی خەباتی حەق خوازانەی گەلی کورد نەکەولوتەوەزمیکی ئاوا بە هەست و دیاری‌کەرەوە . هیچ‌کامی ئەم‌هەمووەدەستە و تاقمە پیلانگیرو و دژی شورشە ، ئاوا بەلاماری خەلکی کوردیان نەداوە . جیگای هیچ جورەشک و گومانیکیش‌یە کە بوونی ئەم هیزانە لە کوردستان بەرهەلستیکی قورس بوون لە ریگەی پیکهاتنی ئاشتی‌دا ؛ وەتاقەئەرکی شوومی ئەوانە لە ناوچەکەدا هەلگیرساندنی شەرری براکوژی‌یە.

ریکخراوی‌چەریکەکانی فیدایی خەلقی ئیران لەم‌بررواپەدایە‌کەهیزەکانی‌شورشگیرو و پیشکەوتنخوازلەکوردستان ئەرکی سەرشانیانە بو خاتری پیکهاتنی ئاشتی‌یەکی‌عادلانە، لەدژی‌هەرچەشنەبەستراوەوە و پیوەندی‌یەک بەرریژیمی تاوانباری بەعسەوە ، خەبات بکەن . دەبی لە توی‌دیفاعی ئوسولی هەلەبیت و ببیتە دوژمنایەتی ناوخومان . ئیستا ئیمە پەرەسەندنی دەست تیوەردانی ریژیمی بەعس لە ناوچەکەدا بە چاوی‌خومان دەبینین . لەجەنوبی کوردستان بەردەستەکانی پالیزبان و ئووەیسی و بەختیار لە ناوچەی سنجابی و ئەلخانی و گوران ، سەرپیلی زەهاو... ژمارەیەکی زوریان لە کەسانی بەکریگیراو چەکدارکردوە وناوچەکەیان ، لەکردەوەداگرتوتە ژیر کونترولی خویان و پەلاماری شارەکان و دیهاتدەدەن. لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان ریژیمی بەعس سیاسەتی چەکدار کردنی دەستە و تاقمی فیئودالی زور بە توند و تولی بەکاردەهینی ، نەتیجەی ئەم سیاسەتە پەیدا بوونی دەستە و تاقمی دژی شورش و بەکریگیراوی وەک سوپای رزگاری ، شیخ جەلالی حوسەینی،شیخ‌هادی و .. وەدەستە و تاقمەکان و شیخەکانی دیکەی دژی‌شورش لەناوچەکەدا بووە . بە هاوکاری ریژیمی بەعس ژمارەیەکی زور لە ئەفسەرانی پادشایەتی خوازی سەر بە ئیمپریالیزم کە پیوەندی نزیکیان لەگەل فەرماندەکانی دژی گەلی‌ئەرتەش‌هەیە ، بەناوی ئەفسەرانی شورشگیرو و دیموکرات، لەژیر سەرپوشی دیفاع لە مافەکانی گەلی کورددا ، هەول دەدەن لە جولانەوەی خوراگری‌دا ، بیگەیەک بو خویان‌پەیداکەن، ئەم زورر و زیلەی‌ریژیمی بەعس و ... بەهلەوی لە نەتیجەی تەئییدی ریژیمی و بیدەنگەی‌هیندی لە هیزەکان لە ناوچەکەدا، لەم‌روژانەی‌دوایی‌دا پتر رووهەلمالراوبوون ومەوجودی‌یەتی‌خویان بەرەسمی رادەگەیەنن. گلادیاتوری خوشەویستی شا سەرهەنگ **سمکوعلیار** و جاسوسی‌ناسراوی‌ساوالاوسیا **عەلی قازی** ، ناسراوبە «کوردی‌دەش» لە وادەکا پتر لە هەموو شتیکی دیکەمەندی و لەسەرخویی شورشگیرانەوبەدەستەوەگرتنی سیاسەتی‌ئوسولی‌و شیلگیریان‌هەبی .ئەرکی سەرشانی هیزەتیکوشەرروو شورشگیرەکانە کەبەهەستی مەسئولی‌یەت لە حاست‌چارەنووسی خەباتی دژی ئیمپریالیستی ـ دیموکراتیکی‌خەلکی‌ئیران ،شیوەوروەوشتیکی واهەلبژیرن کە یارمەتی پیکهینانی‌موحیتی باش و لەبار بو چارەکردنی هیمنانەی مەسەلەکەودامەزراندنی ئاشتی بدات . ئیستا دووبیروڕای‌جیاوازلەحاست‌چلونایەتی دامەزراندنی ئاشتی لە کوردستان‌هەیە . بیرورای هەوەل ئەمەیەکەلای‌وایە ، جی‌بەجی‌بوونی هیندی لە ویستەکانی خەلکی‌کورد لەریگەی وت و ویژەوەلەگەل دەولەت سەردەگری ، وەدەتوانری لەبارەی ئەو ویستانەلەگەل دەولەت وت و ویژبکری. ئەم بیرورایەلای وایەداواکردنی ویستەکانی ئەوپەرری زیاتر ، لەبەر ئەوە کە شایانی دەسکەوتن نی‌یە بە مانای دریژەدانی شەرر و بیک هەلبرران دەبی کە نەتیجەی ئەوە لاوازکردنی خەباتی دژی ئیمپریالیستی ـ دیموکراتیکی مەردمی سەرانسەری ئیران و بە قەوەت‌کردنی‌هیزەکانی‌سەربە ئیمپریالیزمە . ئیمە دیفاع لەم روانگەیە دەکەین، وە بو وە دەست هینانی ئوسولیکوا کە بتوانی ببیتە بنچینەی وت و ویژ لەهەمو و شیلگیر لە مافە دیموکراتی‌یەکانی گەلی کورددا ، ریشەی هەرجورە وابەستەیی‌یەک لە جولانەوەی حەق خوازانەی گەلی کورددا لەناوببری . ئیمە لە هەمووشەخسی‌یەتەکان و هیزە سیاسی‌یەکانی مەسئول لەکوردستان داوادەکەین خەتی جیایی خویان لەگەل بەکریگیراوەکان و هیزەکانی سەربە بەعس و ئەمریکا ؛ بوخەلک‌روون‌کەنەوە . بەبرروای ئیمەئەم‌کارە،هەنگاویکە بو یەکیەتی‌هیزەکانی دژی ئیمپریالیست و پیکهینانی موحیتی لەبار بو دامەزراندنی ئاشتی لە کوردستان . ئیمە لەم برروایەداین ، سەبارەت‌بەوەکە دوژمنی ئەسلی خەلکەکانمان ئیمپریالیزمی ئەمریکایە ، هەرجورەدیفاعیک لە مافە دیموکراتی‌یەکانی گەلی کورد ، پیویستە بەریگەی خەبات لە دژی دوژمنی ئیمەدا برروات.لەبەرئەمە دەبی دەمی‌تیژی‌پەلاماری خومان رووبکەینە ئەو کەسانە و ئەوهیزانەی سیاسەتی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدابەجی دەگەیەنن ، کە لەسەرووی تەواوی ئەوانەوە هیزەکانی دژی گەلی سەربە ریژیمی بەعس و ئیمپریالیزمی ئەمریکان .

... گەماروی‌ئابوری کوردستان ،زەختی ئابوری لەسەرخەلکی‌بی‌بەش وزەحمەتکیشی ئیمە و هەول دان بو چارەکردنی مەسەلەی کوردستان لە ریگەی نیزامی‌یەوە ، باشترین دەرەتان بو بەردەستەکانی بەعس و ئەمریکا لە ناوچەکەدا پیک دەهینی ، وە دەرفەتی ئەوان دەدات‌بە خەلەتاندنی کومەلانی‌ناگا، خویان بە دوستی خەلک بنوینن . ئەم بەردەستانە زورباش دەزانن کە ئەرتەش‌لە کوردستان سەرکەوتنی نیزامی دەسناکەوی، کە چی هەروا لەسەر سیاسەتی لەشکر کیشی بو کوردستان دەرون . ئەم سیاسەتەکە نارەزایی لە ناوخەلک و لە ناوئەرتەش‌داپتر دەکا، بە لاوازکردنی خەباتی دژی ئیمپریالیستی ، تەنیا خزمەتی لیبرالەکان و دوستەکان و جاسوسەکانی دیکەی ئیمپریالیزم دەکات . ئیمە لە حاست وەشوین کەوتنی ئەم سیاسەتە ، ئەو دەستەیە لە کار بەدەستانی‌کوماری ئیسلامی کەبەخەیالی سەرکەوتنی نیزامی ، بە ناناگایی‌کەوتونەتە ئەم داوەوە ، بەجیددی‌وریادەکەینەوە.

... بەرەوپیش بردنی کاری ئاشتی لەهیزەکانی‌شورشگیرو و پیشکەوتنخوازدا ـ وئەوگیرو‌گرفتانەی‌کەلە هەردوولادا هەیە ، لە هیزەکانی‌شورشگیرو و پیشکەوتنخوازدا ـ دەرەتانیکی ریکخراو ، کەلک وەردەگرن.

روانگەی دووەم ، لای وایە تەنیا لە ریگەی شەرروەوە و بە زەبری چەکدەتوانری دەولەت‌بهینریتەسەروت‌وویژ وقەبوولکردنی ویستەکان . لایەنگرانی‌ئەم‌روانگەیەهەرچەند بە قسە وت و ویژ قەبوول‌دەکەن ، بەلام لەکردەوەدا هەمیشە شەرت و پیشنیاری‌وا دەهیننە ئاراوە کە هەرجورە وت‌وویژیک پیشەکی‌مەحکوم‌بەشکانە، وە لەکردەوەداجگە لە دریژەدانی شەرر ریگەیەک بو خەلک نامینیتەوە . ئەو شەرری کە لە وەزعی ئیستادا ، پەرە سەندنی ئەو تەنیا بەسوودی‌هیزەکانی‌سەر بە ئیمپریالیزم لە ناوچەکەوسەرانسەری ئیران تەواو دەبیت وە بو خەلک جگە لە ویرانی و هەژاری و بەجی هیشتنی هەزاران شەهید وبریندار ئەنیجەیەکی دیکەی‌نابیت . وە کوردستان و خەلکی غەدرلیکراوی ئەوی تەنیا دەکاتە مەیدانی تاقی کردنەوەی ئیئوری‌یەکانی‌چەند دەستە و تاقمی بەرووالەت شورشگیرر ، کە لە حاست خەلک هەست بەهیچ چەشنە مەسئولی‌یەت ناکەن و تەنیا بە پەروشی پیکهینانی مەیل و جی‌بەجی‌کردنی ئارەزوو پوچەلەکانی خویانەوەن . ئەم هیزانە بە ئاگایی و ناناگایی خزمەتی دژی شورش و ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا دەکەن.

پتر لە سالیک شەرری براکوژی لە ناوچەکەدا ، موحیتیکی ئەوەندە پرر لە دوژمنایەتی و بەدگومانی لە ناوچەکەدا خولقاندوەکە بە بی‌وەکار کەوتنی بەراستی بو لە ناوبردنی ئەوە ، بەرەوپیش‌بردنی کاری‌ئاشتی لەوزەیەدەرە، وەهەردوولایەکەبە کەلک‌وەرگرتن‌لەوە ، هەمیشەیەکتربەشەرر‌هەلایسینی‌تاوانباردەکەن.بوونی ئەم‌دوژمنایەتی‌یە تەواو ئەوشتەیە کە دژی شورش لە ناوچەکەدا بو توند و تیژکردنی شەرر کەلکی لی‌وەردەگری . ئیمە وەخوکەوتن‌بو لەناوبردنی موحیتیکی ئاوا ، پتربەئەرکی دەولەتی دەزانین . لەم‌ناوەدا ، لابردنی گەماروی ئابوری ، کە قورسایی ئەوپتر لە هەموان بە شانی خەلکی زەحمەتکیش‌وبی‌بەشەوەیە ، نەخشیکی بە تەئسیری لەم بارەیەوەدەبی . دەولەت‌دەبی لەگەل‌لابردنی گەماروی ئابوری کوردستان و دابین‌کردنی شەرر‌ویستاندن لەتەواوی‌جەبهەومەیدانە ـ کان ، ئەوئەسلانەی کەلەبارەی خودموختاری کوردستان‌قەبوولکراون‌بەخیرایی‌راگەیەنیت. ئەوسا ئیمە بەش‌بەحالی خومان پەلی ـ برراوی لە سیاسەتیکی ئاوای دەولەتی کوماری ئیسلامی پشتیوانی دەکەین.

بەیانی ئەم هەلویستەلەلایەن‌ریکخراوی ئیمەوە بە هیچ جوری لەبەر لاوازی‌نی‌یە، چونکە بەقوولی لەم برروایەداین ئەرتەش لەکوردستان‌سەرکەوتنی‌نیزامی دەسناکەویت، دەولەتیش‌بەلەشکرکیشی بوناوچەکە ناتوانی حاکمی‌یەتی خوی لە ناو کومەلانی مەردمی کوردستان‌دا،دامەزرینیت. هوی‌راستەقینەی ئیمە بو بەدەستەوەگرتنی سیاسەتیکی ئاوا، نیگەرانی قوولی ئیمەیە لە حاست چارە نووسی شورشی ئیران .

خەلکی کورد دەبی بزانی کە لە نەتیجەی دریژەدانی شەرردا لە کوردستان جیایی و دوژمنایەتی نیوان خەلکی کورد و خەلکەکانی دیکەیان ئەوەندە فراوان کردوە کە ئەمروبەشیکی گەورە لە کومەلانی‌خەلک لە جیگاکانی دیکەی ئیران بەکەمتەر خەمی دەروانە بومبارانی شارەکان و کوشتاری ژنان و پیاوان و مندالان‌لە کوردستان ، وەگەلی جارشادیش‌دەردەبرن ، وە ئەمە خەفەتاوی‌ترین‌دەسکەوتی‌شەرری براکوژی‌یە لە کوردستان . بەبرروای‌ئیمە ئەم مەسەلەیە جگە لە پیکهاتنی ئامانجەکانی ئیمپریالیزمی تاوانباری ئەمریکا هیچی دیکە نی‌یە . ئیمە دابین‌کردنی ئاشتی لە کوردستان بەسوودی پتەوکردنی یەکیەتی و برایەتی خەلکەکانی ئیران ، پەرەپیدان و قوول‌کردنی گەلی زیاتری خەباتی دژی ئیمپریالیستی ـ دیموکراتیکی خەلکی ئیران ، وەنەمانی زەمینەی هەموچەشنەپیلانیکی بەردەستە ـ

بولاپەرەی ٣

ریزمانی کوردی

گەلی لەخوینەرانی‌نامەی«مەردم» داوایان کردوەقوژبنیك‌لە روژ- نامەکەمان بو «دەستوری زمان - ریزمان»ی کوردی تەرخان‌کەین و هـەموو جاری‌شتیك لەبارەی ئەم مەبەستە بنووسین . هەرچەند مەبەستی روژ زورە و جیگاکەمە، سەبارەت بە پیداویستی‌خوینەرە- کانمان ، ئەم کارە لە رادەی‌توانا دەکەین .

دیارە ،کەنووسینی‌ریزمانی کوردی لە بلاوکراوەیەکـی ئاواتەنگـە بەروکەم لاپەرەدا ، تەنیا بـە چەشنی کورت و خولاسەوساد، دەلویت ، وە لەتواناداانی‌یەپەرری لی هەلخەین و بە دریژی لی‌ی بدوی‌ین .

لیرەدا پیویستە ئەم دوومەبەستەش وەبیربخەینەوە: یەکەم- هیندی ئیستیلاح و زاراوەی کوردی لە چاپەمەنی کوردی‌داقەبوولکراون، بەلام خوینەرەکانی ئیمە هیشتا پی‌یان ئاشنانین . لەبەر ئەمـە ، هەر زاراوەکانی عەرەبی کـە لە فارسیش‌دا بەکارهینراون، بەکار دەهینین . دوەم -ئەو زاراوانەو، و ئەو وشانەی‌دیکەش‌کەعەرەبین و پیوەندی‌یان بە ئەم باسەوەهەیە، هەروەك خویان و بە ئیمـلای ئەسلی خویان‌دەنووسین .

سەرەتا

زمان هویەکی گرنگی‌راگرتـنی پیوەندی‌یە لەناو ئەفرادی ئینسان‌دا . زمان بەرهەم و بەروبووی ژیـانـی کومەلایەتی‌یە .لەهەرجیگایەك کومەلانی ئینسان ژیاون ، زمانیش هەبوە .لەوەتی ئینسان‌هەیە بە میژووی دوور و دریژی خویەوە ، هیچ‌دەستەو تاقم یا کومەلیکی نەبینراوە کە زمانی نەبوبیت .

لە هەوەلی پەیدا بوونی ئینسانەوە، کار، بە چەشنی کومەلایەتی بـوە . ئینسانەکان ناچاربوون بەیـەکـەوە کاربکەن و بەهەرەوەزی هەول بدەن و بژیوی سەرەتایی خویان پەیداکەن. تاقەوەکەوتن و جیامانەوە لە کومەل ، بو ئینسانی سەرەتایی بە مانای فەوتان و نەمان بوو.

ئینسانەکان لەرەوت وجەرەیانی کاروژیانی خویان‌دا ، هەرلە سەرەتاوە پیداویستیان‌بەوەبوو کە لەناوخویان‌دا پیوەندی‌دامەزرینن، بیرورا ومەبەستی خویان لەگەل یەکتر بهیننە ئـاراوە. زمان لەگەل فکـر کردنـەوە ، لەسەربنچینەی کار پەیدابوو . ئینسان لە رەوتی دوور و دریژی بە ئینسان بوون‌دا ، توانی لەگەل ئامادەکـردنی دەستبو بەکارهینانی‌ئەسپاب وئامراز، زمانیش لەقوولکی دەم‌دا ئازادکات و بی‌کاتە ئامرازیکی عەجایەب بوقسە- کردن . زمان بەهوی‌وتەکان وهیجا- کانەوە ، بە جیابوونەوەی ئینسان لـە حەیوانات کومەکی کرد، وە یارمەتی بە خوداهاتنی تیگەیشتن وبـەرهـەم هینانی بژیوی‌دا .

فکری ئینسان بە هەر چەشنیك بی ، چ لەکاتی‌قسەکردن یانووسین‌دا، چ لە وەختی خەیال کردن وتصویری بەخەیال‌دا ، هەمیشە و بی هەلاواردن، لەگەل وشەیە . کلمە و وشەکان‌بەرگی ماددی‌فکروبیرن.شعورتەنیابەکومەکی زمان‌دەتوانی‌بگاتە نەسلەکان و وەچەو نەوەکانی پـاشەوە . ئینسان تـەنیا بە کومەکی کلمە و وشەکان توانی ، وە دەتوانی‌فکرەکانی‌خوی ونەتیجەی انعکاسی ئاگایانەی شتەکان ودیاردە- کانی ماددی و بیروراو مەبەستی خوی ثبت وجیگیرکات،لەگەل‌هاونەوعەکانی خوی تەجرەبەو بیرورا بگوریتەوە ، بومەبەست و ئامانجیك خەریکی کاری، کومەلایەتی بیت‌وتەواوی‌دەسکەوتە- کانی نەسل و وەچەیەك بو نەسل و وەچەی‌پاشەوە بە جی بهیلی . زمـان تەئسیریکی گەورەی لە بە خوداهاتنی شعور و پیکهینانی‌بیرکردنەوەی‌رووت (مجرد) و تیئوریك‌دا هەیە .

تیئوری لەمەرپیوەندی بیروکلمە، فکروزمان ، بە فیرکردی پاولـوف لەبـارەی «سیستمی نیشانـەدەری» پایەیەکی عیلمی پتەوی پەیدا کردوە . شتەکان‌ودیاردەکانی‌خارجی (دەرە- وەی زەینی ئیمە) بەچەشنی راستە و خوو بی‌واسطە ، لەسەر ئورگانەکانی هەست کردن و سیللولەکانی ، تاثیری خویان بە جی دەهیلن ، کە بەچەشنی هەستکراووومەحسوسات‌وتصوراتی‌ئیمە منعکس دەبی. وە ئەمە پی‌ی دەلی‌ین **«سیستمی نیشانەدەری واقیعی‌یـەت»** بەلام جگە لەم چەشنی تاثیری راستە و خوو بی‌واسطەیە ، هەر ئەو شتانەو ئەم دیاردانە ، لەئینسان‌دا و تەنیا لـە **ئینسان‌دا ، دەتوانن بەچەشنی ناراستەو** خوو بە واسطەش‌بە واسطەی کلمـە تاثیربکەن . وەختیك‌هەیە ئیمەبلیسەی ئاگر دەبینین و گەرمایی ئەو هەست دەکەین و هەبوونی ئەو ، راستە و خولە میشکی ئیمەدا منعکس دەبی جاریکیش‌هەیە کە بە بی‌هەبوونی‌ئاگر، بەوشەی «ئاگر» ئەو واقیعی‌یەتە لە میشکمان‌دا خوی دەنوینی . ئـەمە نیشانەیەکی تازە و هویەکی تازەیە . میشکی ئینسان بەکومەکی زمان بـو- تەخاوەنی **«سیستمی دوەمی نیشانە- دەری»**.

کلمە و وشەدەبیتە نیشانەی دوەم، بو نیشانەی هەوەل کەتاثیری راستە- و خوی شتەکان و دیاردەکان بوو.

لیرەدا بەجی‌یەوەبیـر بخەینـەوە کەزانایانی گەورەی قدیمیش‌بەشیوەی خویان لەم مەبەستە دواون . مەسەلەن غەزالی لە«معیارالعـلوم»دا صورەتی شتەکان لە چوارپلەدا ، دادەنـی : صورەتی خارجی (دەرەوەی زەین)، صورەتی ذهنی ، صورەتی لفظـی ، صورەتی مکتوب.مەسەلەن ئەوئاگرەی بلیسەی لی هەلدەستی و گـەرمایی دەدا صورەتی خارجی ئەوە ، ئەوەی بەدتینی ئەودیتەزەینی ئیمەوەصورەتی ذهنی‌یەتی ، ئەوەی لە بیستنی و شەی ئاگرتی‌ی‌دەگەین‌صورەتی لفظی‌یەتی، وە وشەی «ئاگر» کە دەنـووسین صورەتی نوسراویەتی .

وەکو لە سەرەوە کوتمان زمـان «سیستیمی دوەمی نیشانەوەری»یە . جا ئیستا بابزانین ئەمەیانی چـی ؟ سیستیم ، وشەیەکی یونانی‌یە ، بەمانای (کل)ی پیکهاتوولە اجزاو روابـط و پیوەندی‌یە .

سیستم ،بریەتی‌یەلە عناصری‌متعدد کە پیوەندی‌لەگەل‌یەکتر هەیەو (کل) یاواحدیك پیك دەهینن .

زمان ، سیستیم و (کل)یکە لە کلمەکان پیکهاتوە ، کە هەرکامیك لەوانە خاوەنی شکلیکی خـارجـی صوتی و محتوایەکی سیمانتیـك و دلالەتی‌یە و مانایەك دەگەیەنی . تەنیا صوت و دەنك بە بی مانا، ناتوانـی کلمەبیت و لەزمان‌بژمیردری.انعکاسی واقعی‌یەتی عینی لەمانای کلمەدایە . ئەم‌مانایە لە دەنگەکانی کلمەدا ثبت‌و ضبط دەبیت وبوتەواوی ئەوئینسانانەی هاوزمانن یا ئەوزمانەدەزانن ، کلمە دەبیتە خاوەنی مانایەکی گشتی‌وا کە هەموان تی‌ی دەگەن و بەهوی‌ئەوەوە دەتوانن بیرورا و ئەو مفهومانـەی مەبەستیانە دەربرن و بەهـی‌تـری رابگەیەنن .

زمان ، وەکوسیستم و (کل) یك خصوصیاتیکی‌هەیە ، کە لەم بـاسەی ئیمە بەدەرە . کلمات و وشەکانیش‌کە اجزای‌زمانن، لەچوارچیوەی زمان‌دا **و لە پیوەندی لەگەل یەکترداو ئـەو ئـەرکەی** کە بە جی‌ی دەگەیەنن ، وە هەروەها خانەوادەی کلمەکانیش خصوصیات واحوالیکیان هەیە ، کـە زانینی‌ئەمانە ، کاری‌دەستورریزمانە.

بەم‌پی‌یە،روون‌دەبیتەوە کەریزمان، رستە قاعدە وقانونیك‌نی‌یە لەدەرەوەی زمان‌دانرابیت و بەسەرزمان‌داسەپابیت. بەلکو لە خودی زمان وەرگیراوە . یانی‌زمان ، خوی بەپی‌ی ئەو قـاعدە و قانونانە جەرەیانی‌هەیە ، وە ئیمـە هەول دەدەین ئەوانە بزانین . ئەوەی کوتمان ، لەبارەی زمانی کوردی و هەموو زمانەکانی دیکەش‌هەروایە .

ئەمە وەکو سەرەتایەك بوو ، پاشان دیینە سەر قسەکردن لەو قاعـدە و قانونانەی کە زمانی کوردی بە پی‌ی ئەوان جەرەیانی هەیە، وە پی‌ی‌دەلین «ریزمانی کوردی».

بەیان‌نامەی ریکخراوی چەریکەکانی ...

لە لاپەرەی ۲

کانی ئیمپیریالیزم‌و ریژیمی‌فاشیستی بەعس لە ناوچەکەدا دەزانین .

ئیمە تەواوی هیزە سیاسی‌یەکانی مەسئول‌لەکوردستان بانگ دەکەین بوخاتر کوتایی دان بەشەرری براکوژی ، وەدامە- زراندنی ئاشتی عادلانەلەکوردستان ،تەواوی تیکوشانی خویان بخەنەکار . پیویستەبـە قوولی بزانری کە دریژەدان بە وەزعی ئیستا ، کە لە لایەکەوە بیتەهوی پەرەسەندنی پیلانەکانی کەسانی سەر بە بەعس لـە ناوچەکەدا ، لەلایەکی دیکەش‌بە توندوتیژ- کردنی شەرری براکوژی ، جیایی وناکوکی نیوان خەلکی کورد و خەلکەکانی دیکـە فراوان دەکا و شورشی خەلکی ئیران‌تووشی خەتەری‌فەوتان‌دەکات وئیمەدەخاتەبەرامبەر دوورە دیمەنیکی زور خەفەتاوی ، چـونکە فەوتانی دەسکەوتەکانی شورش بە مـانای سەرکوت‌کرانی‌خەباتی دژی ئیمپیریالیستی، وەدامەزراندنەوەی‌سەر لە نوی‌ی‌دەستەلاتی ئیمپیریالیزمە لە نیشتمانەکەمان‌دا.

دیفاع‌لەماقەکانی‌کارگەران‌وزەحمەتکیشە- کان و خەلکەفەدرلیکراوەکـان تەنیا لـە ریگەی پتەوکردنی سەف وریزی هیزەکانی دژی ئیمپیریالیستی‌یەوە شایانی سەرگرتنە. بە بی ئامادەکردنی تەواوی هیزەکانمان لە دژی ئیمپیریالیزمی‌تاوانباری ئەمریکا ،دیفاع لەمافەرەواکانی‌خەلکی کورد ، لە خەلەتاندن بەولاوە هیچی دیکەنی‌یە . هەر زەبریك‌کەلە ئیمپیریالیزمی جیهانی - بەسەرکردەیـی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا بدری ، هەنگاویك خەلکەکەمان بولای پیکهاتنی مافەرەواکانـی نزیك‌دەکاتەوە . بو دیفاع کردن لەم‌ئوسولەیە کە ئیمە بەشیلگیری‌داوا لە دەولەتی‌کوماری ئیسلامی و شەخسی سەرکومار دەکـەین‌کە بو کوتایی‌دان بە شەرری براکوژی لـە کوردستان ، بەجیددی‌بکەوینەکار . گەماروی ئابوری ، دریژەدانی تەبلیغات و هان‌دانـی خراپ لە دژی هیزە سیاسی‌یەکان لـە کوردستان ، وە ناردنی هیزەکانی ئەرتەشی بو ناوچەکە ، هیچ کامیکیان چارەی‌کارنی‌یەو جگە لە شیرزەترکردنی وەزع ، نەتیجەیەکی دیکەی‌نابیت . بی‌گومان ئەگەر کاریك بـو کوتایی‌دان بەم وەزعەبکری ، گەلی‌کورد و هیزە سیاسی‌یەکانی مەسئول لە کوردستان بە جیددی پشتیوانی لەوکارە دەکەن وبە دامەزراندنی ئاشتی ، دەرەتانی پیویست‌بو فـەوتانی پیلانـەکانی کەسانی بەردەستی ریژیمی فاشیستی بەعس و ئیمپیریالیزمی تاوانباری ئەمریکا لە ناوچەکەدا پیك‌دیت، چونکە بەدامەزراندنی ئاشتی، ئەوان‌هەمـو- چەشنە زەمینەیەکی‌ەوام خەلەتینی‌یان‌لەناو خەلك‌دا لەکیس‌دەچی...»

● ئیسەلە هەمو و شەخسی یەتەکان وهیزە سیاسی‌یەکانی مەسئول لەکوردستان داوا دەکەین خەتی حیایی خوبان‌لە بەکریگیراوەکان وهیزەکانی سەربە بەعس ئەمریکا، وبوخەلك روون کە نەوە

حەوت لە سال شەهید بوونی

لەلاپەرەی ۱

هیچی دیکەیان لی نەبیست.

هاوری‌ی‌شەهید پەرویزحکیمەت‌جو، سالی۱۳۰۶، لە خیزانیکی روشن بیری ناوەنجی‌هاتە دنیاوە . سالـی ۱۳۳۱ رەگەل ریکخراوی ئەفسەری حیزبی تـودەی ئیران‌کەوت، وەدوای‌دوزرانەوەی ریکخراوی‌ئەفسەری توانی لە ئیران دەرکـەوی . سالی ۱۳٤۳ هـاوری **حیکمەت‌جو** لەگەل‌هاوری‌عەلی‌خاوەری بودامەزراند- نەوەی‌ریکخراوی‌حیزبی تودەی ئیران‌گەراوەنیشتمان، وە پاش ماوەیەك هەر دووهاوری گیران .

بیدادگای شای خاین تریبوونیکی تازە بوو ، بو دریژەپی‌دانی‌خەبات لەدژی‌ریژیمی‌تاوانبار. لەگەماروی سەر نیزەکانی‌شای‌لیکەوتوودا، ریژیم هەردووهاوری‌ی موحاکەمەکرد و حوکمی ئیعدامی‌دان. زەختی‌بیرورای گشتی و خەباتی شیلگیری حیزب لە ئیران و لەدەرەوە، حوکمەکەی کردە حەپسی‌ئەبەد . نگریس، لەتوانـەی ئەم پاشەکشە ناچاری‌یەدا ویستی‌پەرویز ، بەزەبـری ئازاردانی لە چەشنی سەدەکانی ناوەراست ، لە لوتکەی پالەوانیکی ئوستـورەیی‌یەوە ، بکیشیتە خـوارەوە . لەوەبەدوا ، تا ۲٥ی مانگی جوزەردانی ۱۳٥۳، خەباتی بی‌ووچانی هاوری **حیکمەت‌جو** لە دژی نگریسەکان لە زیندان دریژەی‌کیشا،وەلەم رۆژەدا هاوری **حکیمەت‌جو** بەفیداکردنی گیانی خوی ، ئوستورەیەکی دیکەی لە میژووی پرلەشانازی‌خەباتی گەلەکانی ئیران زیادکرد.

لە حەوتەمین‌سالی‌بیرەوەری شەهید بوونی‌هاوری **پەرویز حیکمەت‌جو** ، ئەندامی کومیتەی‌ناوەندی حیزبی تودەی ئیران‌دا ، تودەیی‌یەکان لەگەل خوینی هاوری‌ی شەهیدی خویان پەیمان دەبەستن کە تائاخری بەریگەی ئەودا بررون ، وەبەخەباتی بی‌ووچانی خویان ، لەگەل هیزەشورشگیررومەردمی‌یەکانی‌دیکە،ریشەی‌دەستەلاتی شەیتانی ئیمپیریالیزمـی جیهانی ، بـەسەرکردەیـی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ، لەخاکی ئەونیشتمانە هەلکەنن کە بەخوینی **«حیکمەت‌جو»** ئاودراوە .

زاراوەکانی سیاسی و کومەلایەتی

۳ دنیا:

زورە تیئوری مائـوئیستی «۳ دنیا» ماوتسی‌تونگ ، خوی تەدوینی کرد، هەرچەندهیندی لەوەشوینکـەوتوەکانی ئـەو تیئوری‌یەیان قەبوول‌نی‌یە . ئەم زورە تیئوری‌یە کە لەبـارەی بەشکردنی دنیای ئیستایە و لە سەربنچینەی‌چینایەتی و عیلمی دانەمەزراوە ، بەهەلەبـەرە و پررش و بلاوی دەنیتەوە .

بەپی‌ی ئەم تیئوری‌یـە ، جیهانی ئیستا بە «۳ دنیـا» بەش‌دەکری . دنیای هـەوەل « دوومەزن قودرەت »یانـی ئەمریکا و شورەوی کە هیـچ فەرقیکیشیان گویا لـەگـەل یەکترنی‌یە ، یەکیان ئیمپیر- یالیزم و ئەوی دیکە سوسیـال ئیمپیریالیزمـە ، وە بـەقسەی مائوئیستەکان‌ئەمی‌دوەم‌تەنانەت خەتەری گەورەتر و دوژمنـی ئەسلیشە . دنیای دوەم ، ولاتە سەرمایەداری‌یەکانی پیشکەو- تووی وەك بەریتانیا و ئەلمانی روژاوا و فەرانسە و ژاپـون وەهەروەها ولاتەسوسیالیستی- یەکانن (غەیری یەکیـەتـی شورەوی) ، کە مائوئیستەکان حاشا لە سوسیالیستی بـوونی ئەمانیش دەکەن . دنیای‌سی‌یە- میش پیکهاتوە لەولاتەکـانی فەقیروکەم بە خوداهاتـوو . سیاسەتگیررەکانی مـائوئیست لەم بررووایەدان‌کەدنیای‌سی‌یەم دەبی لەگەل جیهانی دوەمیانی لەگەلو لاتەئیمپیریالیستی‌یەکان وە هەروەها لەگەل بەردەستە- کانی ئیمپیریالیستەکان « وەك شای لیکەوتوو ، پینوشە،سادات و حوکومەتەکانی‌وەك‌ئیسرائیل وهی‌تر» یەکگرتووبن.تادنیای هەوەل — مەزن قودرەتەکان وە لە پلەی هەوەل‌دا دوژمنـی گەورەیانی یەکیەتی شورەوی سەرکوت کەن !!!

تیئوری «۳ دنیا» بەمانای نەفی‌فیرکردەکانی‌مارکسیستی‌یە لەبارەی چینەکانی کومەلایەتی و خەباتی‌چینایەتی وماهی‌یەتی چینایەتی ریژیمەکان ، نەفـی بنچینەی نیزامی‌سوسیالیستی‌یان مالیکی‌یەتی بە کومەلی‌ئەسپابی بەرهەم هینان و بەشینەوەیـە.

بەشکودنی جیهان لەسەردەمی ئیستادا بە چەشنیکی دیکەیە . لەلایەك ۳ هیزی یەکگرتووی بالقوەهەن : یـەکەم ولاتـە سوسیالیستی‌یـەکـان ، دوەم جولانەوەکانی کارگەری لـە دنیای سەرمایەداری ، سی‌یەم جولانەوەکانی رزگاری بەخشی میللی . لەلایەکـی دیکـەوە لەبەرامبەر ئەوان‌دا ، ئیمپیر- یالیزمی جیهانی بەسەرکردەیی ئیمپیریالیزمی ئەمریکاهەیە کە دوژمنی گەورەی‌هەر ۳ هیزە- کانی دیکە و دوژمنی تەواوی خەلکەکانی‌دنیایە .بوسەرکەوتن لە خەباتی دژی ئیمپیریالیزم‌دا دەبی ئەم سی‌هیزەیەکگرتووبن. تیئوری«سی‌دنیا»ئەمیەکیەتی‌یە هەلدەوەشینی ، دوژمنی گەورە لەبەر چاوان دەشاریتـەوە ، دوست‌لەجیگای‌دوژمن‌دەنوینی، یەکگرتوو دەکاتـە نیشانـەی ئەسلی هوروژم و پەلامـار . لەراستی‌دا ئەم‌زورە تیئوری‌یە، سیاسەتی دژی گەلی و پررش و بلاوی نانەوەوسەرلی‌شیواندن و دوست بە دوژمن‌دانـان ، دەرەنگینیت و دەخاتە قـالبی تیئوری‌یەوە .

www.zheen.org

ریزمانی کوردی

گەلی لەخوینەرانی نامەی «مەردم» داوایان کردوە قوژبنیک لە روژنامەکەمان بو «دەستوری زمان ــ ریزمان»ی کوردی تەرخان کەین و هەموو جاری شتیک لەبارەی ئەم مەبەستە بنووسین . هەرچەند مەبەستی روژ زورە و جیگاکەمە، سەبارەت بە پیداویستی خوینەرەکانمان ، ئەم کارە لە رادەی توانا دەکەین .

دیارە ، کەنووسینی ریزمانی کوردی لە بلاوکراوەیەکی ئاواتەنگە بەروکەم لاپەرەدا ، تەنیا بە چەشنی کورت و خولاسەوساد، دەلویت ، وە لەتواناداني یەپەرری لی هەلخەین و بە دریژی لی‌ی بدوی‌ین .

لیرەدا پیویستە ئەم دوومەبەستەش وەبیربخەینەوە: یەکەم ــ هیندی ئیستیلاح و زاراوەی کوردی لە چاپەمەنی کوردی‌داقەبوولکراون، بەلام خوینەرەکانی ئیمە هیشتا پی‌یان ئاشنانین . لەبەر ئەمە ، هەر زاراوەکانی عەرەبی کە لە فارسیش‌دا بەکارهینراون، بەکار دەهینین . دوەم ــ ئەو زاراوانەو، و ئەو وشانەی‌دیکەش کەعەرەبین و پیوەندی‌یان بە ئەم باسەوەهەیە، هەروەک خویان و بە ئیمـلای ئەسلی خویان‌دەنووسین .

سەرەتا

زمان هویەکی گرنگی‌راگرتنی پیوەندی‌یە لەناو ئەفرادی ئینسان‌دا . زمان بەرهەم و بەروبووی ژیانی کومەلایەتی‌یە .لەهەرجیگایەک کومەلانی ئینسان ژیاون ، زمانیش هەبوە .لەوەتی ئینسان‌هەیە بە میژووی دوور و دریژی خویەوە ، هیچ‌دەستەو تاقم یا کومەلیکی نەبینراوە کە زمانی نەبوبیت .

لە هەوەلی پەیدا بوونی ئینسانەوە، کار، بە چەشنی کومەلایەتی بـوە . ئینسانەکان ناچاربوون بەیەکەوە کاربکەن و بەهەرەوەزی هەول بدەن و بژیوی سەرەتایی خویان پەیدا کەن. تاقەوەکەوتن و جیامانەوە لە کومەل ، بو ئینسانی سەرەتایی بە مانای فەوتان و نەمان بوو.

ئینسانەکان لەرەوت وجەرەیانی کاروژیانی خویان‌دا ، هەرلە سەرەتاوە پیداویستیان‌بەوەبوو کە لەناوخویان‌دا پیوەندی‌دامەرزینن، بیرورا ومەبەستی خویان لەگەل یەکتر بهیننە ئـاراوە.

زمان لەگەل فکـر کردنـەوە ، لەسەربنچینەی کار پەیدابوو . ئینسان لە رەوتی دوور و دریژی بە ئینسان بوون‌دا ، توانی لەگەل ئامادەکـردنی دەست‌بو بەکارهینانی‌ئەسپاب وئامراز، زمانیش لەقوولکی دەم‌دا ئازادکات و

بی‌کاتە ئامرازیکی عەجایەب بوقسەکردن . زمان بەهوی‌وتەکان وهیجاکانەوە ، بە جیابوونەوەی ئینسان لە حەیوانات کومەکی کرد، وە یارمەتی بە خوداهاتنی تیگەیشتن وبـەرهـەم هینانی بژیوی‌دا .

فکری ئینسان بە هەر چەشنیک بی ، چ لەکاتی‌قسەکردن یانووسین‌دا، چ لە وەختی خەیال کردن وتصویری بەخەیال‌دا ، هەمیشە و بی هەلاواردن، لەگەل وشەیە . کلمە و وشەکان‌بەرگی ماددی‌فکروبیرن.شعورتەنیابەکومەکی زمان‌دەتوانی‌بگاتە نەسلەکان و وەچەو نەوەکانی پـاشەوە . ئینسان تـەنیا بە کومەکی کلمە و وشەکان توانی ، وە دەتوانی‌فکرەکانی‌خوی ونەتیجەی انعکاسی ئاگایانەی شتەکان ودیاردەکانی ماددی و بیروراو مەبەستی خوی ثبت وجیگیرکات،لەگەل‌هاونەوعەکانی خوی تەجرەبەو بیرورا بگوریتەوە ، بومەبەست و ئامانجیک خەریکی کاری، کومەلایەتی بیت‌وتەواوی‌دەسکەوتەکانی نەسل و وەچەیەک بو نەسل و وەچەی‌پاشەوە بە جی بهیلی . زمـان تەئسیریکی گەورەی لە بە خوداهاتنی شعور و پیکهینانی‌بیرکردنەوەی‌رووت (مجرد) و تیئوریک‌دا هەیە .

تیئوری لەمەرپیوەندی بیروکلمە، فکروزمان ، بە فیرکردی پاولـوف لەبـارەی **«سیستمی نیشانـەدەری »**، پایەیەکی عیلمی پتەوی پەیدا کردوە . شتەکان‌ودیاردەکانی‌خارجی (دەرەوەی زەینی ئیمە) بەچەشنی راستە و خوو بی‌واسطە ، لەسەر ئورگانەکانی هەست کردن و سیللولەکانی ، تاثیری خویان بە جی دەهیلن ، کە بەچەشنی هەستکراووومەحسوسات‌وتصوراتی‌ئیمە منعکس دەبی. وە ئەمە پی‌ی دەلی‌ین **«سیستمی نیشانەدەری واقیعی‌یـەت»** بەلام جگە لەم چەشنی تاثیری راستە و خوو بی‌واسطەیە ، هەر ئەو شتانەو ئەم دیاردانە ، **لەئینسان‌دا و تەنیا لـە ئینسان‌دا ، دەتوانن بەچەشنی ناراستەو** خوو بە واسطەش‌بە واسطەی کلمـە تاثیربکەن . وەختیک‌هەیە ئیمەبلیسەی ئاگر دەبینین و گەرمایی ئەو هەست دەکەین و هەبوونی ئەو ، راستە و خولە میشکی ئیمەدا منعکس دەبی جاریکیش‌هەیە کە بە بی‌هەبوونی‌ئاگر، بەوشەی «ئاگر» ئەو واقیعی‌یەتە لە میشکمان‌دا خوی دەنوینی . ئـەمە نیشانەیەکی تازە و هویەکی تازەیە . میشکی ئینسان بەکومەکی زمان بوـ تەخاوەنی **«سیستمی دوەمی نیشانەـ دەری»**.

کلمە و وشەدەبیتە نیشانەی دوەم، بو نیشانەی هەوەل‌کەتاثیری راستەـ و خوی شتەکان و دیاردەکان بوو.

لیرەدا بەجی‌یەوەبیـر بخەینـەوە کەزانایانی گەورەی قدیمیش‌بەشیوەی خویان لەم مەبەستە دواون . مەسەلەن

غەزالی لە«معیارالعـلوم»دا صورەتی شتەکان لە چوارپلەدا ، دادەنـی : صورەتی خارجی (دەرەوەی زەین)، صورەتی ذهنی ، صورەتی لفظـی ، صورەتی مکتوب.مەسەلەن ئەوئاگرەی بلیسەی لی هەلدەستی و گـەرمایی دەدا صورەتی خارجی ئەوە ، ئەوەی بەدتینی ئەودیتەزەینی ئیمەوەصورەتی ذهنی‌یەتی ، ئەوەی لە بیستنی و شەی ئاگرتی‌ی‌دەگەین‌صورەتی لفظی‌یەتی، وە وشەی «ئاگر» کە دەنـووسین صورەتی نوسراویەتی .

وەکو لە سەرەوە کوتمان زمـان «سیستیمی دوەمی نیشانەوەری»یە . جا ئیستا بابزانین ئەمەیانی چـی ؟ سیستیم ، وشەیەکی یونانی‌یە ، بەمانای (کل)ی پیکهاتوولە اجزاو روابـط و پیوەندی‌یە .

سیستم ،بریەتی‌یەلە عناصری‌متعدد کە پیوەندی‌لەگەل‌یەکتر هەیەو (کل) یاواحدیک پیک دەهینن .

زمان ، سیستیم و (کل)یکە لە کلمەکان پیکهاتوە ، کە هەرکامیک لەوانە خاوەنی شکلیکی خـارجـی صوتی و محتوایەکی سیمانتیـک و دلالەتی‌یە و مانایەک دەگەینی . تەنیا صوت و دەنگ بە بی مانا، ناتوانـی کلمەبیت و لەزمان‌بژمیردری.انعکاسی واقعی‌یەتی عینی لەمانای کلمەدایە . ئەم‌مانایە لە دەنگەکانی کلمەدا ثبت‌و ضبط دەبیت وبوتەواوی ئەوئینسانانەی هاوزمانن یا ئەوزمانەدەزانن ، کلمە دەبینە خاوەنی مانایەکی گشتی‌وا کە هەموان تی‌ی دەگەن و بەهوی‌ئەوەوە دەتوانن بیرورا و ئەو مفهومانـەی مەبەستیانە دەربررن و بەهـی‌تـری رابگەیەنن .

زمان ، وەکوسیستم و (کل) یک خصوصیاتیکی‌هەیە ، کە لەم بـاسەی ئیمە بەدەرە . کلمات و وشەکانیش کە اجزای‌زمانن، لەچوارچیوەی زمان‌دا **و لە پیوەندی لەگەل یەکترداو ئـەو ئـەرکەی کە بە جی‌ی دەگەیەنن ،** وە هەروەها خانەوادەی کلمەکانیش خصوصیات واحوالیکیان هەیە ، کـە زانینی‌ئەمانە ، کاری‌دەستورریزمانە.

بەم‌پی‌یە،روون‌دەبیتەوە کەریزمان، رستە قاعدە وقانونیک‌نی‌یە لەدەرەوەی زمان‌دانرابیت و بەسەرزمان‌داسەپابیت بەلکو لە خودی زمان وەرگیراوە . یانی‌زمان ، خوی بەپی‌ی ئەو قـاعدە و قانونانە جەرەیانی‌هەیە ، وە ئیمـە هەول دەدەین ئەوانە بزانین . ئەوەی کوتمان ، لەبارەی زمانی کوردی و هەموو زمانەکانی دیکەش‌هەروایە .

ئەمە وەکو سەرەتایەک بوو ، پاشان دیینە سەر قسەکردن لەو قاعـدە و قانونانەی کە زمانی کوردی بە پی‌ی ئەوان جەرەیانی هەیە، وە پی‌ی‌دەلین «ریزمانی کوردی».

بەیان‌نامەی ریکخراوی چەریکەکانی ...

لە لاپەرەی ٣

کانی ئیمپیریالیزم‌و ریژیمی‌فاشیستی بەعس لە ناوچەکەدا دەزانین .

ئیمە تەواوی هیزە سیاسی‌یەکانی مەسئول‌لەکوردستان بانگ دەکەین لەخاتر کوتایی دان بەشەرری براکوژی ، وەدامەزراندنی ئاشتی عادلانەلەکوردستان ،تەواوی تیکوشانی خویان بخەنەکار . پیویستەبە قوولی بزانری کە دریژەدان بە وەزعی ئیستا ، کە لە لایەکەوە بینەهوی پەرەسەندنی پیلانەکانی کەسانی سەر بە بەعس لـە ناوچەکەدا ، لەلایەکی دیکەش‌بە توندوتیژکردنی شەرری براکوژی ، جیایی وناکوکی نیوان خەلکی کورد و خەلکەکانی دیکـە فراوان دەکا و شورشی خەلکی ئیران‌تووشی خەتەری‌فەوتان‌دەکات وئیمەدەخاتەبەرامبەر دوورە دیمەنیکی زور خەفەتاوی ، چـونکە فەوتانی دەسکەوتەکانی شورش بە مـانای سەرکوت‌کرانی‌خەباتی دژی ئیمپیریالیستی، وەدامەزراندنەوەی‌سەر لە نوی‌ی‌دەستەلاتی ئیمپیریالیزمە لە نیشتمانەکەمان‌دا.

دیفاع‌لەمافەکانی‌کارگەران‌وزەحمەتکیشەکان و خەلکەفەدرلیکراوەکـان تەنیا لـە ریگەی پتەوکردنی سەف وریزی هیزەکانی دژی ئیمپیریالیستی‌یەوە شایانی سەرگرتنە. بە بی ئامادەکردنی تەواوی هیزەکانمان لە دژی ئیمپیریالیزمی‌تاوانباری ئەمریکا ،دیفاع لەمافەرەواکانی‌خەلکی کورد ، لە خەلەتاندن بەولاوە هیچی دیکەنی‌یە . هەر زەبریک‌کەلە ئیمپیریالیزمی جیهانی ــ بەسەرکردەیـی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا بدری ، هەنگاوریک خەلکەکەمان بولای پیکهاتنی مافەرەواکانـی نزیک‌دەکاتەوە . بو دیفاع کردن لەم‌ئوسولەیە کە ئیمە بەشیلکیری‌داوا لە دەولەتی‌کوماری ئیسلامی و شەخسی سەرکومار دەکـەین‌کە بو کوتایی‌دان بە شەرری براکوژی لـە کوردستان ، بەجیددی‌بکەونەکار . گەماروی ئابوری ، دریژەدانی تەبلیغات و هاندانـی خراپ لە دژی هیزە سیاسی‌یەکان لـە کوردستان ، وە ناردنی هیزەکانی ئەرتەشی بو ناوچەکە ، هیچ کامیکیان چارەی‌کارنی‌یەو جگە لە شیرزەترکردنی وەزع ، نەتیجەیەکی دیکەی‌نابیت . بی‌گومان ئەگەر کاریک بـو کوتایی‌دان بەم وەزعەبکری ، گەلی‌کورد و هیزە سیاسی‌یەکانی مەسئول لە کوردستان بە جیددی پشتیوانی لەوکارە دەکەن وبە دامەزراندنی ئاشتی ، دەرەتانی پیویست‌بو فـەوتانی پیلانـەکانی کەسانی بەردەستی ریژیمی فاشیستی بەعس و ئیمپیریالیزمی تاوانباری ئەمریکا لە ناوچەکەدا پیک‌دیت، چونکە بەدامەزراندنی ئاشتی، ئەوان‌هەمەو چەشنە زەمینەیەکی‌هەوام خەلەتینی‌یان‌لەناو خەلک‌دا لەکیس‌دەچی...»

● ئیسەلە هەمو و شەخسی یەتەکان وهیزە سیاسی‌یەکانی مەسئول لەکوردستان داوا دەکەین خەتی حیایی خوبان‌لە بەکریگیراوەکان وهیزەکانی سەربە بەعس ئەمریکا، وبوخەلک روون کەنەوە

حەوت لە سال شەهید بوونی

لەلاپەرەی ١

هیچی دیکەیان لی نەبیست.

هاوری‌ی‌شەهید **پەرویزحکیمەت‌جو**، سالی‌١٣٠٦، لە خیزانیکی روشن بیری ناوەنجی‌هاتە دنیاوە . سالـی ١٣٣١ رەگەل ریکخراوی ئەفـەری حیزبی تـودەی ئیران‌کەوت، وەدوای‌دوزرانەوەی ریکخراوی‌ئەفـەری توانی لە ئیران دەرکـەوی . سالی ١٣٤٣ هـاوری **حیکمەت‌جو** لەگەل‌هاوری‌عەلی‌خاوەری بودامەزراندنەوەی‌ریکخراوی‌حیزبی تودەی ئیران گەراوەنیشتمان، وە پاش ماوەیەک هەر دووهاوری گیران .

بیدادگای شای خاین تریبوونیکی تازە بوو ، بو دریژەپی‌دانی‌خەبات لەدژی‌ریژیمی‌تاوانبار. لەگەماروی سەر نیزەکانی‌شای‌لیکەوتوودا، ریژیم هەردووهاوری‌ی موحاکەمەکرد و حوکمی ئیعدامی‌دان. زەختی‌بیرورای گشتی و خەباتی شیلگیری حیزب لە ئیران و لەدەرەوە، حوکمەکەی کردە حەپسی‌ئەبەد . نگریس، لەتولـەی ئەم پاشەکشە ناچاری‌یەدا ویستی‌پەرویز ، بەزەبـری ئازاردانی لە چەشنی سەدەکانی ناوەراست ، لە لوتکەی پالەوانیکی ئوستـورەیی‌یەوە ، بکیشیتە خـوارەوە . لەوەبەدوا ، تا ٢٥ی مانگی جوزەردانی ١٣٥٣، خەباتی بی‌ووچانی هاوری **حیکمەت‌جو** لە دژی نگریسەکان لە زیندان دریژەی‌کیشا،وەلەم رەوژەدا هاوری **حکیمەت‌جو** بەفیداکردنی گیانی خوی ، ئوستورەیەکی دیکەی لە میژووی پرلەشانازی‌خەباتی گەلەکانی ئیران زیادکرد.

لە حەوتەمین‌سالی‌بیرەوەری شەهید بوونی‌هاوری **پەرویز حیکمەت‌جو** ، ئەندامی کومیتەی‌ناوەندی حیزبی تودەی ئیران‌دا ، تودەیی‌یەکان لەگەل خوینی هاوری‌ی شەهیدی خویان پەیمان دەبەستن کە تائاخری بەریگەی ئەودا بررون ، وەبەخەباتی بی‌ووچانی خویان ، لەگەل هیزەشورشگیرروەمەردمی‌یەکانی‌دیکە،ریشەی‌دەستەلاتی هەیتانی ئیمپیریالیزمـی جیهانی ، بـەسەرکردەیـی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا ، لەخاکی ئەونیشتمانە هەلکەنن کە بەخوینی **«حیکمەت‌جو»** ئاودراوە .

زاراوەکانی سیاسی و کومەلایەتی

٣ دنیا:

زررە تیئوری مائـوئیستی «٣ دنیا» ماوتسی‌تونگ ، خوی تەدوینی کرد، هەرچەندهیندی لەوەشوینکـەوتوەکانی ئـەو تیئوری‌یەیان قەبوول‌نی‌یە . ئەم زررە تیئوری‌یە کە لەبـارەی بەشکردنی دنیای ئیستایە و لە سەربنچینەی‌چینایەتی و عیلمی دانەمەزراوە ، بەهەلەبـەرە و پررش و بلاوی دەنیتەوە .

بەپی‌ی ئەم تیئوری‌یـە ، جیهانی ئیستا بە «٣ دنیـا» بەش‌دەکری . دنیای هـەوەل « دووەمزن قودرەت »یانـی ئەمریکا و شورەوی کە هیـچ فەرقیکیشیان گویا لـەگـەل

یەکترنی‌یە ، یەکیان ئیمپیریالیزم و ئەوی دیکە سوسیـال ئیمپیریالیزمـە ، وە بـەقسەی مائوئیستەکان‌ئەمی‌دوەم‌تەنانەت خەتەری گەورەتر و دوژمنـی ئەسلیشە . دنیای دوەم ، ولاتە سەرمایەداری‌یەکانی پیشکەوتووی وەک بەریتانیا و ئەلمانی روژاوا و فەرانسە و ژاپـون وەهەروەها ولاتەسوسیالیستی‌یەکانن (غەیری یەکیـەتی شورەوی) ، کە مائوئیستەکان حاشا لە سوسیالیستی بـوونی ئەمانیش دەکەن . دنیای‌سی‌یەمیش پیکهاتوە لەولاتەکـانی فەقیروکەم بە خوداهاتـوو . سیاسەتگیررەکانی مـائوئیست لەم برروایەدان‌کەدنیای‌سی‌یەم

دەبی لەگەل جیهانی دوەم‌یانی لەگەل‌ولاتەئیمپیریالیستی‌یەکان وە هەروەها لەگەل بەردەستەکانی ئیمپیریالیستەکان « وەک شای لیکەوتوو ، پینوشە،سادات و حوکومەتەکانی‌وەک‌ئیسرائیل وهی‌تر» یەکگرتووبن.تادنیای هەوەل ــ مەزن قودرەتەکان وە لە پلەی هەوەل‌دا دوژمنـی گەورەیانی یەکیەتی شورەوی سەرکوت‌کەن !!!

تیئوری «٣ دنیا» بەمانای نەفی‌فیرکردەکانی‌مارکسیستی‌یە لەبارەی چینەکانی کومەلایەتی و خەباتی‌چینایەتی وماهی‌یەتی چینایەتی ریژیمەکان ، نەفـی بنچینەی نیزامی‌سوسیالیستی‌یان مالیکی‌یەتی بە کومەلی‌ئەسپابی

بەرهەم هینان و بەشینەوەیـە. بەشکردنی جیهان لەسەردەمی ئیستادا بە چەشنیکی دیکەیە . لەلایەک ٣ هیزی یەکگرتووی بالقوەهەن : یـەکەم ولاتـە سوسیالیستی‌یـەکـان ، دوەم جولانەوەکانی کارگەری لـە دنیای سەرمایەداری ، سی‌یەم جولانەوەکانی رزگاری بەخشی میللی . لەلایەکـی دیکـەوە لەبەرامبەر ئەوان‌دا ، ئیمپیریالیزمی جیهانی بەسەرکردەیی ئیمپیریالیزمی ئەمریکاهەیە کە دوژمنی گەورەی هەر ٣ هیزەکانی دیکە و دوژمنی تەواوی خەلکەکانی‌دنیایە .بوسەرکەوتن لە خەباتی دژی ئیمپیریالیزم‌دا دەبی ئەم سی‌هیزەیەکگرتووبن. تیئوری«سی‌دنیا»ئەم‌یەکیەتی‌یە

هەلدەوەشینی ، دوژمنی گەورە لەبەر چاوان دەشاریتـەوە ، دوست‌لەجیگای‌دوژمن‌دەنوینی، یەکگرتوو دەکاتـە نیشانـەی ئەسلی هوروژم و پەلامـار . لەراستی‌دا ئەم‌زررە تیئوری‌یە،

سیاسەتی دژی گەلی و پررش و بلاوی ئانەوەوسەرلی‌شیواندن و دوست بە دوژمن‌دانـان ، دەرەنگینیت و دەخاتە قـالبی تیئوری‌یەوە .

www.zheen.org

ویستە رەواکانی وەرزیرەکانی گوندی «مەرجاناوا»

لەناوچەی مەهاباد

گوندی «مەرجاناوا» لە ٤٠ کیلومیتری شیمالی مەهاباد هەلکەوتووە، (٣٦) مالە و (٣٠٠) کەسی خەلک هەیە. ئەم دییە (١٠٦٠) هیکتار زەوی کیلگە و هیندی زەوی بەیاریشی هەیە. لە نزیک ئەم گوندە کوورەی خشت هەیە.

لەوەندە زەویە کیلگەیە، هەزار هیکتاری بەدەست ئەرباب (ئاغا) وەیە، (٦٠) هیکتاریشی بەدەست (٢٣) مالوەرزیرەوەیە. لەم ٢٣ مالەش، ٣مالیان (٣٠) هیکتارو بیست‌مالەکەی‌دیکەش بە هەمویان (٣٠) هیکتاریان بەدەستەوەیە. سیزدە مالەوەرزیری بی زەوی ئەم دییە لە کوورەخشتەکە کاردەکەن، یا لە گوندەکانی دراوسی بە ناوی کارگەری کشت و کال خەریکی کارن بو خاوەن زەوییەکان، یادەچنەشارەکانی دوور و نزیک و خەریکی‌کاری کوورەکاری دەبن.

لە زەمانی تاغوت‌دا خاوەن ملکی ئەودی‌یە توانیویەتی بە زور و بە پشتیوانی ژاندارمری و ساواک حەق و مافی ئەو وەرزیرەرەش و روتانەبخوات، وە هەرجورە رەخنە و خەباتی ئەوان سەرکوت‌کات و نەیەلی هاواریان بە هیچ‌کوی بگا. بەلام سەرەرای ئەوەش، وەرزیرەکانی ئەم گوندە، [illegible] بی زەوی و [illegible] کەم زەوی بەیەکەوە بو ئەستاندنی حەقی حەقانەتی خویان خەباتیان کردوە، وە تا ئەستاندنی‌حەقی خویان لە سەر ئەم خەباتە دەرون.

بەداخەوە، ئەم خەبات و تیکوشانە، سەرەرای قانونی تازەی‌ئیسلاحی‌ئەرزی پەسەند کراوی شورای شورش، لە لایەک لەبەر وە دواخستنی ئیجرای ئەوقانونە، لەلایەکیش لەبەر ئالوزی وەزعی ناوچەکە، تا ئیستا بی‌نەتیجە ماوەتەوە.

ئەو زولم و زورەی کە بە دریژایی چەندسال لەم‌وەرزیرە چارە رەشانە کراوە لە کەس ون نی‌یە. وەکو وەرزیرەکان دەلین مالیکە زالمەکەی ئەو گوندە لە سەردەمی تاغوت‌دا لەگەل ساواک هاوکاری کردوە، گەلی جار لە وەرزیرەکانی داوە و جنیوی‌پیداون‌وتەنانەت هەررەشەی کوشتنیشی‌لی کردون. بو نموونە روژی ١٨ر٢ر١٣٥٩ دەبینن ئاوی بەندەکە، کە بە جوگەدا دیتەسەرشیناوەردەکان، برراوە. کە دەچن بزانن‌بوچی وایە، تووشی کورری خاوەن ملکەکەدەبن‌کە، دەستی داوەتەدەمانچەوسەرریگای گرتوە، کەوەرزیرەکان‌دەبینی هەررەشەی کوشتنیان لی دەکا. وەرزیرەکان دەستەدەکەنەوە و کورری کابرای ئاغا چەک‌چن دەکەن.

یەکی لە وەرزیرە کەم زەوی‌یەکان کە زولم و زوری ئاغای زوردیوە، دەلی:

«لە زەمانی تاغوت‌دا و تا ئیستاش ئەزیەت و ئازارمان فرە دیوە، چاوە روانیمان لە شورش‌ئەمەبوو، کە وەرزیرەکان و کارگەرەکان بەلانی کەمەوە بتوانن بە ئازادی کاریکەن، زەوییان بدریتی و کاریان بو پەیداکری، نەک ئاغای زالم و مفتەخور کە بە دریژایی چەند سال نوکەر و بەرات خوری ساواک بووە، هەرووەک ئەوسا و تەنانەت خراپتریش‌لەوسا،زولممان‌لی‌بکا و ئەزیەت و ئازارمان بدات.»

ئەو وەرزیرەکە سکالای هەموان دەردەبرری، لە سەری دەرروادەلی:

«ئیمە زەویمان دەوی، ئەمە ویستی هەمیشەی ئیمە بووە، لە رابردودا خەباتمان بو کردوە و ئیستاش‌لەپیناوی‌دا خەبات دەکەین. دەبی ئەو وەرزیرانە کە لەبەر نەبوونی زەوی و بەناچاری ئاوارەی شاران و دیهاتی دیکە بوون، زەوییان بدریتی تا بتوانن لە گوندەکەی خویان خەریکی کشت و کال‌بن و لە ئاوارەیی و کویرەوەری رزگاریان بیت. ئیمە نەبروسکەمان هەیە، نە دەرمانگا وحەکیم ودەرمان. جادەوقوتابخانەشمان‌نی‌یە،بەدوو گوندتاقەمەدرەسەیەکمان‌هەیە.»

ئەو وەرزیرە دەلی:

«ئیمە نامانەوی مندالەکانیشمان‌وەک‌خومان‌نەخویندەوارین، دەمانەوی بخوینن وبە زمانی زگماکی‌خوشیان‌بخوینن. ئەمە ویستیکی حەق و رەوایەو بە پی‌ی‌قانونی‌کوماری‌ئیسلامی ئیرانە.»

ئەو وەرزیرە لە زمان هەموانەوە لە کوتایی‌دا ،دەلی:

«تەواوی ئەم‌چارە رەشیانە، بەدەست‌ئەربابەکان (ئاغاکان) و ساواکی‌یەکانی‌تاغوتی بەسەر ئیمە هاتوە، ئەوانە دەیانەوی لە کوردستان شەرربیت تابگەنە ئامانجە گلاوەکانی خویان. ئەوانە هەر روژەی گونگەلیک دەگیررن، ئاغای ساواکی هەزار فرروفیل‌دەکا،دەیەویست ٢ — ٣ هیکتارزەوی‌بدابەچەند کەس لەوەرزیرەکان و بیانکاتە نوکەری خوی و کیشە وهەرالە ئاومان‌داساز کات. بەلام وەرزیرەکان وریا بوون‌وئەمەیان قەبوول نەکرد.»

ئەو مندالانەچاوەروانی باشتربوونی ژیانیانن

کاری سەختی‌پاش مەدرەسە، دەرەتانی خویندن بومندالی لادی‌یەکان ناهیلی تەوە

www.zheen.org

وەزعی خەفەتاوی کارگەرانی حەمامەکانی مەهاباد

مەهاباد، (١٠) حەمامی هەیە، کارگەرانی خزمەتکار، کیسەکیش و موتورچی کە لەو حەمامانە کاردەکەن،وەزعی کار و ژیانیان زور شپرزەیە.

١ـ کارگەرانی خزمەتکار روژی ١٠ — ١٢ سەعات کار دەکەن، کە چی خاوەن‌کار هیچ حەق دەستیکیان ناداتی. تاقەداهاتی‌ئەوان، ئەوبەخششەیە کە حەمامکەرەکان دەیان‌دەنی. تەواوی رەنجو زەحمەتی‌حەمام لە ئەستوی ئەم کارگەرە بی بەشانەیە. هیندی‌لەمانەنزیکەی ٢٠ — ٣٠ سالە لەم حەمامانە کاردەکەن. هیندیکیشیان لە ٦ مانگەوە تا دووسالە خەریکی ئەم کارەن. سەیر ئەوەیە لە سەردەمی تاغوت‌دا، جگە لەوە کە حەق دەست بەم‌کارگەرانە، نەدەدرا، پوولی بیمەشیان لی دەستیندرا.

ئەم کارگەرانە دەلین: داهاتیکی‌وایان نی‌یە وشتومەکیش زور گرانە، لەبەر ئەوە ژیانیان‌زورشپرزەیە،داوادەکەن کە کار بەدەستەکانی کوماری ئیسلامی ئیران بە وەزعی‌ئەوان رابگەن و بیهداشت و دەرمان و بیمەیان بودابین کەن، وە دەیانەوی قانونی کار لە بارەی ئەوان ئیجراکری.

٢ـ کارگەرانی کیسەکیشیش وە دودەستەی‌پیشووی ئەرەکان شپرزەن، ئەمانیش خاوەن حەمام هیچیان‌ناداتی‌وداهاتیان تەنیا ئەوەیە، ئەوانەی حەمام دەکەن شتیکیان دەدەنی. لە سەردەمی ریژیمی تاغوتی‌دا، خاوەن کارروژی(٥٠) ریالی لی‌دەسەندن، بو ئەوەی‌بهیلی‌لە حەمامەکەی کاربکەن. بەلام پوولی‌بیمەی‌ئەم کارگەرانەی‌دەدا. گەلی لەم کارگەرەبی‌بەشانە کە هەمیشە لەناو حەمامی‌تەررو برر و پرر لەهەلم‌دا کاردەکەن، وە زوربەیان ١٥—٢٠ سالە خەریکی ئەم‌کارەن، تووشی نەخوشی‌وەک‌روماتیسم وسیاتیک و شتیوا هاتوون.

کارگەرانی کیسەکیش‌لەبەر وەزعی خراپی کاروژیان ،روژ بە روژلەرولاوازترونەخوش‌تر دەبن. وە شوینەواری رەنج و مەینەتی ژیان لە روخساریان‌دا دیارە، پتریان پیش ئەوەی بگەنە تەمەنی پیری لە نەتیجەی نەخوشی جور بەجوردا ئیفلیج دەبن و لە کار دەکەون. ئەم کارگەرانە روژی ١٠ — ١٢ سەعات کاردەکەن‌ولەلاتی‌کەمی دەرەتانی ژیان و ئاسودەیی بی بەشن. کزی‌ی قورسی خانوکە بە هیچ جوریک لەگەل داهاتەکەمەکەیان ریک ناکەوی لەلایەک، وەگرانی‌بژیولەلایەکی دیکەوە، وەزعی ئەوانی پتر شپرزە کردوە. ئەمانیش‌چاوەروانی‌ئەوەن‌کەشورش‌وکوماری ئیسلامی ئیران ئاورر لە ژیانی مەینەتباری ئەوان بداتەوە، لەقانونی کار و دەرەتانی ئاسوودەیی و بیمە و دەرمان و دابین کردنی خانودا، بەشدار و بەهرەمەندیان‌کات.

پیویستە وە بیرخریتەوە کە وەزعی کارگەرانی ژنی‌کیسەکیش لە حەمامەکانی مەهاباد، گەلی خراپترە لە وەزعی کارگەرانی پیاو. چونکە ئەم ژنە زەحمەتکیشانە هەرچەند کارەکەیان هەرووەک‌کارگەرانی پیاوە، کە چی بەقەدرئەوان حەق دەستیان نادریتی.

کیسەکیشی ژن لەو حەق دەستەکەمەی کە لە ژنانی حەمامکەر وەری دەگری‌دەبی ٥٠٪ی بدابە خاوەن‌کار. ئەم کارگەرە ژنانە کە روژی پتر لە (١٠) سەعات کار دەکەن ئەمە حالیانە، وە سەرەرای ئەوەش لە خیر و بیری بیمە و دەرەتانی‌دەرمانی وئاسودەیی بی بەشن و لە نەتیجەی کاری زور و لە وزە بەدەردا، زور زوولە کاردەکەون و خانەنشین دەبن.

٣ — وەزعی کارگەرانی موتورخانەی حەمامەکانی مەهاباد، کە لەجی‌ی «توونچی» زەمانی زووکاردەکەن لە کارگەرەکانی دیکەش‌شپرزەترە. ئەمان روژی ١٣ — ١٤ سەعات لە وەزعیکی زور دژواردا کار دەکەن، لەبەر ئەوە کە لە ناوگەرماودوو کەل‌دا کاردەکەن، تووشی گەلی نەخوشی دین، بیمەنین‌و دەستیان‌ناگاتەحەکیم و دەرمان. یەکی لەوانەدەلی: «من‌پینج سەرخیزانم هەیە، مانگی (١٥٠٠)تمەن‌وەردەگرم دەبی نیوەی بدەم بەکرری‌ی خانو، بیری‌لی‌بکەنەوە، بەپینج سەرخیزانەوە، لەم‌گرانی‌یە پشت‌شکینەدا، دەبی حالم چون بیت؟!»

ئەمانیش لە ناوشپرزەیی خویان هاواریانە، داوالە کاربەدەستەکانی کوماری ئیسلامی دەکەن بەحالی ئەوان رابگەن و قانونی کار لەبارەی ئەوان ئیجرابکری.

کونگرەی موسولمانەکانی یەکیەتی‌شورەوی، دەست تیوەردانی ئەمریکا و چین و پاکستانی لە ئەفغانستان مەحکوم کرد

هەشتەمین کونگرەی موسولمانانی کومارەکانی ئەرمەنستان، گورجستان و ئازربایجانی شورەوی لە شاری باکوپیک‌هات. لەم‌کونگرەیەدا دەستە نوینەرایەتی‌یەکانی ئیسلامی کومارەکانی دیکەی شورەویش‌هاوبەش بوون. ئەم کونگرەیە لە بەیان نامەیەکدا، لە زیاد بوونی ئالوزی وەزعی دنیا بەهوی‌ئەمریکاوە،نیگەرانی دەربرری.

لەبەیان نامەکەدا هاتوە: ئیمپیریالیزم هەول دەدا خوی بە مودافیعی ئیسلام بنوینی، کە چی هەرلەو کاتەدا لە دژی خەلکی ئیران، ئەفغانستان، وە میللەتە موسولمانەکانی دیکە و فەلەستینی‌یەکان‌پیلان‌دەگیرری.

لەبەیان نامەکەدا، دەست تیوەردانی ئەمریکا و چین و پاکستان، لە ئەفغانستان‌دا مەحکوم کراوە.